زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەکانی "صابری"دا
## لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی شیکارییە

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان کراوەلە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر  لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن
**شنۆ ئەحمەد غەفور**
بەکالۆریۆس لە زمان وئەدەبی کوردی -2009

بەسەرپەرشتیاری
**پ.د.عەبدوڵڵا ئاگرین**

تشرینی یەکەم 2015

**بەڵێننامە**

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتی یە لە (بنیاتی هزری وهونەری لە شیعرەکانی "صابری "دا) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: شنۆ ئەحمەد غەفور

بەروار:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەلەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو:پ.د. عەبدوڵڵا ئاگرین

بەروار: / /2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو:پ. ی. د. ئیدریس عبدالله

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار: / /2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو: پ.ی. عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی

بەروار: / /2015

هەولێرنامەی ئێستا

**بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە**

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (بنیاتی هـزری وهـونەری لە شـیعرەکانی "صـابری "دا) خوێنـدەوە و قوتابیەکـەمان کـە نـاوی (شنۆئەحمەد غەفور) بوو، لەناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەب تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. عوسمان دەشتی
ئەندام
بەروار: / /2015

واژوو:
ناو: پ.ی.ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ
ئەندام
بەروار: / /2015

واژوو:
ناو: پ.د.عەبدوڵڵا ئاگرین
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: / /2015

واژوو:
ناو: پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / /2015

واژوو:
ناو: پ.ی. شادان جەمیل عەباس
ڕاگری کۆلیژی زمان
بەروار: / /2015

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس وپێزانین

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ :

- پ . د. عەبدوڵڵا ئاگرین ،کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی تویژینەوەکەی گرتە ئەستۆ .
- د. ئازاد ئەمین باخەوان، د. لەیلا جەلیل عەباس، د.ئەرخەوان محەمەد عوبێد،کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی تۆیژینەوەکە بە هەموو شێوەیەک هاوکارم بوون.
- مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی زانکۆی کەرکووک وزانکۆی سەلاحەدین.
- هەموو ئەم بەڕێزانە :

د. سەردار گەردی ،د.فوئاد ڕەشید ،عەبدولستار جەباری

- ئەندامانی خانەوادەکەم .

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە بە**

- باوک و دایکی ئازیزم
- خوشک وبراکانم
- تەواوی ئەو مرۆڤانەی هەوڵ بۆ نەتەوە و نیشتیمان دەدەن .

هەواڵنامەی کتێب

## پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| Ii | بەڵێننامەی قوتابی |
| Iii | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| Iv | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| iv | پێشکەش |
| V | سوپاس و پێزانین |
| ix–vii | پێرست |
| 3–1 | پێشەکی : |
| 39–4 | **بەشی یەکەم / (ژیان وسەردەمی صابری) :** |
| 4 | تەوەری یەکەم / ژیانی صابری : |
| 5 | أ– ئاستی خێزانداری: |
| 5 | ب– ئاستی خوێندەواری ورۆشنبیری : |
| 9 | ج– پرسی ژیان وپرسی مردن : |
| 19 | تەوەری دووەم / سەردەمی صابری :دووەم/ سەردەمی صابری : |
| 19 | أ– بارودۆخی ناوچەکە : |
| 21 | ب– بارودۆخی کوردستان : |
| 23 | ج– ئاستی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: |
| 24 | تەوەری سێیەم / باری دەروونی شاعیر ورەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا: |
| 25 | أ––ململانی لەگەڵ نەفس : |
| 29 | ب– نامۆیی: |
| 32 | 1––نامۆیی خودی : |
| 32 | 2––نامۆیی جوگرافی : |
| 33 | 3– نامۆیی ئاینی – سۆفیگەری : |
| 34 | ج– ڕەشبینی : |
| 37 | د– خەمۆکی : |
| 89–40 | **بەشی دووەم /( بنیاتی هزری لەشیعرەکانی صابری) دا :** |
| 40 | تەوەری یەکەم / هزری کۆمەڵایەتی : |
| 40 | أ– هزری کۆمەڵایەتی : |

| | |
|---|---|
| ب–- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان : | 44 |
| 1–-پەیوەندی چینایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی: | 46 |
| 2– پەیوەندی خزمایەتی ونەریتی میوانداری : | 47 |
| ج– پایەی ژن لە کۆمەڵگادا : | 51 |
| تەوەری دووەم / هزری نەتەوەیی : | 57 |
| أ–-هزری نەتەوەیی : | 57 |
| 1– هزری سەربەخۆیی : | 59 |
| 2– هزری ئازادی : | 63 |
| ب– گاریگەری شاعیرانی کورد لە هزری شاعیردا : | 65 |
| تەوەری سێیەم / هزری ئاینی : | 72 |
| أ– هزری ئاینی : | 72 |
| ب– ئاین لە ڕوانگەی شاعیردا : | 73 |
| ج– تەسەوف و کاریگەری هەلاج (حەلاج): | 77 |
| د– عیشقی حەقیقی وعیشقی مەجازی : | 84 |
| **بەشی سێیەم / (بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی صابری) دا :** | 159–90 |
| تەوەری یەکەم / زمانی شیعری : | 90 |
| أ– ئاستی دەنگ : | 92 |
| 1– قرتاندن : | 93 |
| 2– دووبارە کردنەوە: | 94 |
| ب–-ئاستی وشە : | 97 |
| 1– سڕینەوە : | 98 |
| 2– دووبارەکردنەوە : | 100 |
| ج– ئاستی ڕستە : | 102 |
| 1– لادانی ڕستە لە نائاسایی واتادا : | 103 |
| 2– دیاردەی هاوتەریبی : | 105 |
| د– لادان بەرەو شێوازی ناوچەیی : | 107 |
| تەوەری دووەم / مۆسیقای شیعری : | 111 |
| أ– مۆسیقای دەرەوە: | 111 |
| 1– کێش (الوزن ) : | 112 |
| 2– سەروا (القافیە) : | 113 |
| ب– مۆسیقای ناوەوە : | 124 |

| | |
|---|---|
| 124 | 1– دووبارەکردنەوە : |
| 126 | 2– کەرت کردن : |
| 129 | 3– رەگەزدۆزی : |
| 131 | 4–-دوابەسەر : |
| 133 | 5–-دژیەک : |
| 137 | تەوەری سێیەم / وێنەی شیعری : |
| 139 | أ– وێنەی ڕوونبێژی : |
| 140 | 1– وێنەی لێکچواندن : |
| 143 | 2– وێنەی خوازەیی : |
| 146 | 3– وێنەی خواستن : |
| 148 | 4– وێنەی درکەیی : |
| 150 | ب– وێنەی ڕەمزی : |
| 151 | 1– وێنەی ڕەمزی کەسایەتی ئاینی : |
| 153 | 2– وێنەی ڕەمزی کەسایەتی ئەفسانەیی : |
| 155 | 3– وێنەی ڕەمزی مێژوویی : |
| 157 | 4– وێنەی ڕەمزی فۆلکلۆری : |
| 160 | ئەنجام : |
| R162-R177 | سەرچاوەکان : |
| I | کورتەی باس بە زمانی ئینگلیزی : |

## پێشەکی

**ناوونیشانی نامەکە :**

( بنیاتی هزری و هونەری لە شیعرەکانی صابری ) دا ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوە یە ، کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی خستنە ڕووی هزری ئاینی وکۆمەڵایەتی ونەتەوەیی ولایەنە هونەرییەکان ودەقەکانی صابری شیبکاتەوە، ئەدەب ئاوێنەیەکە زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانی تێدا دەردەکەوێت ،صابریش لە ڕێگای بەرجەستە کردنی هزرییەوە هەوڵی داوە تەواوی ڕووداو وبارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان بە گشتی وکەرکوک بە تایبەتی بخاتە ڕوو ، ئەو دەقانەش هەڵگری دەیان وێنەو زاراوەی تایبەتی ناوچەیین ،بەمەش بەڵگەیەکی مێژووی بۆ ئەو سەردەمە تۆمار دەکرێت ، چونکە ناوی دەیان کەسایەتی باش وخراپی ئەو کاتە خراوەتەڕوو، لە ژێر ئەم ناونیشانەدا سەردەمی صابری وکێشە دەروونییەکان و هەردوو بنیاتی هزری و هونەری تاوتۆی دەکرێت.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

بنیاتی هزری وهونەری دوو بنیاتی گرنگن لە توێژینەوەی ئەدەبیاتدا وبایەخێکی زۆری پێدراوە ، هیچ دەقێک بێ بەش نییە لە هزر و ڕەگەزە هونەرییەکان، ( صابری ) کە یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیزم وەکوو زەمینەی کار هەڵبژاردووە ،چونکە تاکو ئەمڕۆ هیچ نامەیەکی لەسەر نەنووسراوەو بە کەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە ،جگە لەو پەرتوەکەی لە فیستیڤاڵی صابری لە کەرکوک چاپ کرابوو ،ئەوەیش چەندلێکۆڵینەوەیەکی لە خۆگرتبوو،بەڵام لە ئاست شیعرەکانی صابری زۆر کەمە ،جگە لە شیعری کوردی ،شیعری فارسی وتورکیشی هەیە، شیعرەکانی لاسایکردنەوەو کاریگەر بوونی پێوە دیارە بەڵام زمان وڕێچکەی خۆی هەیە، ئێمەش لەم نامەیەدا (صابری ) وەک شاعیرێکی ناوچەگەری وسۆفی ونشتیمانپەروەر دەخەینە ڕوو، سەرەڕای کاریگەر بوونی بە ( نالی ومەحوی ) کۆمەڵێک شیعری بە جێهێشتووە ،کە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێت ، هۆی هەڵبژاردنی ئەم

ناونیشـانەش تـاکو صـابری بناسـێنین بە ئەدەب دۆسـتان وبیرکـردنەوەی ئـاینی ونەتەوەیـی وکۆمەڵایەتییەکانی بخەینە ڕوو.

**گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە :**

گیروگرفتی هەر سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی بوو لە نەبوونی سـەرچاوە لەسـەر صـابری و لێکـۆڵینەوە لە شـیعرەکانی ،جـگە لەو پەرتـووکەی کە لە فیسـتیڤالی (صـابری )لە کەرکـوک چـاپ کرابوو،هەروەهـا دەرنەکەوتنـی هەمـوو هـونەرە ڕەوانبێـژی ورەگەزە زمانەوانییەکان ،وەک ئەوەی لای شاعیرانی تر دەردەکەوێت .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

ڕێبازی ئەم لێکـۆڵینەوەیە: ڕێبـازی ڕەخنەی شـیکارییە ،لە هەڵسـەنگاندن وراڤەکردنی دەقەکاندا، ئەرکی دەرخستنی لایەنی جوانی وناشرینی دەق وشیکردنەوەی تێکستەکانە.

**پرۆگرامی نامەکە :**

ئەم نـامەیە دابەشـی سـەر سێ بەش کـراوە و تیـۆری و پـراکتیکیش لە خۆدەگرێت ، بەشی یەکەم :تـایبەتە بە سـەردەم وژیانی صـابری ودابەشـی سـەر سێ تەوەرکراوە :یەکەم ودووەمیان ژیان وسەردەمی صابری وپرسی ژیان ومردن لە خۆ دەگرێت، هەرچی تەوەری سێیەمە بـاس لە بـاری دەروونـی شـاعیر ورەنگدانەوەی لەدەقەکانـدا دەکات ،بەشـی دووەم : ئەم بەشە بەبنیاتی هزری لای صابری تایبەتکراوە و دابەش سەر سێ تەوەرکراوە، تەوەری یەکەم هـزری کـۆمەڵایەتی و پـایەی ژن لە کۆمەڵگـادا لە خـۆ دەگریـت ،لە تەوەری دوومـدا هـزری نەتەوەیـی خـراوەتە ڕوو وتێدا تیشـک خـراوەتە سـەر کـاریگەری شـاعیرانی کـورد لە هزری نەتەوەیی شاعیردا و هەریەک لە چەمکی سـەر بە خـۆیی وبیـری ئـازادی . لە تەوەری سێیەمیش هزری ئایینی خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە وباس لە چەمکی تەسـەوف وعیشقی حەقیقی وعیشقی مەجازی لای صابری دەکات ،بەشی سێیەم : بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی صابری دا بابەتی سـەرەکی ئەم بەشـەیە و لە سـێ تەوەر پێکهـاتووە، تەوەری یەکەم تـایبەتە

بە زمانی شیعری وتێدا تیشک خراوەتە سەر ئاستی دەنگ ( قرتاندن و دووبارە کردنەوە ) وهەروەها تێدا لادانی ڕستە لە نا ئاسایی واتادا و لادان بەرەو شێوازی ناوچەگەریی خراوەتەبەر باس ، تەوەری دووەمیش مۆسیقای شیعری گرتۆتەخۆ، مۆسیقای دەرەوە (کێش وسەروا ) ومۆسیقای ناوەوە وهونەرەکانی( دووبارە کردنەوەو کەرت کردن ودژیەک ورەگەز دۆزی و هێنانەوە ) لە دەقەکانی شاعیردا ڕاڤە دەکات .لە تەوەری سێیەمیشدا جەخت کراوەتە سەر وێنەی شیعری، تێدا وێنەی ڕوونبێژی وهونەرەکانی ( لێکچواندن-خوازە – خواستن - درکە) باسکراوەو هەر چی لە وێنەی ڕەمزیدایە ( ڕەمزی کەسایەتی ئایینی – ڕەمزی ئەفسانەیی -ڕەمزی مێژوویی – ڕەمزی فۆلکلۆری ) تیشکی خراوەتە سەر وتاوتۆی کراوە .لە کۆتاییشدا کورتەی ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا خراوەتە ڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم:

## ژیان و سەردەمی صابری:

### تەوەری یەکەم/ژیانی صابری:

تێگەیشتن لە ئەدەبیاتی کلاسیزم بە گشتی و شیعر بە تایبەتی کارێکی هێندە ئاسان نییە، وەکو ئاشکرایە لە نێو دەقی کلاسیزمدا دەیان مەغزا و وێنەی جۆراو جۆر بەدی دەکرێت، بۆیە پەیوەندی نێوان شیعر و شاعیر پەیوەندییەکی پێکەوە گرێدراوە، بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی هەر شاعیرێک دەبێت بگەڕێینەوە سەر ژیان و بارودۆخی ئەو سەردەمە،چونکە زۆرجار بایۆگرافیای شاعیر دەبێتە بەڵگەیەکی شیکار بۆ دەقەکان ،شاعیرانی ڕێبازی کلاسیزم*سەرەڕای گشتگیری ئەو یاسایانەی کە پەیڕەویان دەکرد ،بەڵام هەریەکەو شێوازی تایبەتی خۆیان هەبووە وهەندێ جاریش کارتێکردنی یەکتریان بەسەرەوە دیارە .

(صابری) یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیزمی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ،ئەم زاتە زمان وریچکەی تایبەتی بەخۆی هەبووە، بۆیە شوێن پەنجەی لەنێو ئەدەبی کوردیدا دیارە. لە هەندێک سەرچاوەی مێژووییدا ناوی هاتووە. د. مارف خەزنەدار سەبارەت بە ژیانی (صابری) دەڵێت: ((ناوی شێخ نەجمەدین کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ مەحموودی قوتبی شۆریجەیە))(1). سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی وەکو زۆربەی شاعیرانی کلاسیزم بۆچوونی جیاوازی لەبارەوە هەیە. د. مارف خەزنەدار پێی وایە :ساڵی (1882 ز) لە دایک بووە،بەڵام سەرچاوەکانی دیکە کۆکن لەسەر ساڵی (1881 ز). لە گوندی شۆریجەی ناوچەی قەرەحەسەن هاتۆتە دنیاوە صابری لە کوتایی ژیانیدا تووشی نەخۆشی لەرزۆکی

---

*ڕێبازی کلاسیزم :یەکەم ڕێبازی ئەدەبییە ،کۆمەڵێک یاساو دەستوور لەخۆ دەگرێت ،ئەو یاسایانەش لە دەقی ئەدەبیدا پراکتیک دەکرین ،ماوەی چەندین سەدە لەئەوڕپا هەر ئەم ڕێبازە بووە ،بە ڕیبازی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا ناوی دەرکردبووە چونکە زیاتر لە خزمەت ئەو چینەدا بوو ،لە ئەدەبی کوردیشدا لە بابا تاهیری هەمەدانەوە دەست پێدەکات .

(1) مارف خەزنەدار (د)،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، 2005هەولێر، ل 389.

دەبێت،ئەگەر چی لەناو خەڵک بڵاوبوویەوە بە نەخۆشی کۆچی دوای کردووە ، بەڵام صابری پێش نەخۆشی شیعرێکی نوسیووە،وەک ئەوەی ئاگادار کرابێتەوە ، ئەمەش تارادەیەک لای زۆربەی شێخەکانی تەریقەت باوە ، کەخاوەن کەراماتن پێش مردنیان کۆمەڵێک ئاماژە بەدی دەکەن یان خەون دەبینن و پێش بینی داهاتوو دەکەن،وشاعیریش خۆی بۆ ئامادە کردووە ئەم دوو دێڕەی پێش مردن نووسیووە و دەڵێت :

ئەز دەردی هیجرەت ئەی پەری
گشتم چوو قەیس عامری
ئەز لەطمە دەست پەری
شدەر لوای عاشقان.....(د.ص.ل21).

لە 1944/12/9 کۆچی دوای کردووە ولە دێی شۆریجە نێژراوە.

**أ – ئاستی خێزانداری:**

صابری لە ساڵی (( "1381ز" دا لە تەمەنی (18)ساڵیدا هاوسەرگیری دەکات و دەبێتە خاوەنی پێنج کوڕ و سێ کچ وتائێستاش چەند منداڵێکی لە ژیاندا ماوە، هەر لە گوندی شۆرجە لەلایەک بە کشتوکاڵەوە خەریک بووە و سەرپەرشتی ماڵ و منداڵی کردووە و لەلایەکی تریشەوە بووە بە پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گوندەکەیان بۆیە نەبووە بە مەلا ، بە میرات شێخێتی بۆ ماوەتەوە و بووە بە جێنشینی باو باپیرانی وتەکیێ قادری بە ڕێوە بردووە))[1].

**ب– ئاستی خوێندەواری وڕۆشنبیری :**

خوێندن وخوێندەواری لەهەر سەردەمێکدا جێگای بایەخدانی تاکەکانی کۆمەڵگایە ، زادەی پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەکیش بە خوێندەوارییەوە بەندە،(سەجادی) لەسەرەتای دیوانی صابری دا نووسیوویەتی: ئەگەر ئێمە سەیری نەتەوەکانی تر بکەین ،دەبینین هۆی مانەوەیان بەندەبە نووسەر وئەدیبانەوە ،هەر ئەوانن سۆزی دەروونیان کەوتۆتە کار ، بەرهەمی نەتەوەکەیان بە زمانی دایک پیشانی عالەمداوە.

(1)مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی پێنجەم ، ل389.



هەولاتی کتێب

میللەتـی کـورد لەمێـژەوە زیـرەک ولێهـاتووی زۆر بـووە، بەڵام خوێنـدەواری کەم بووە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ، کە نەتەوەی کورد تائەمڕۆش بەردەوام لەجەنگ و ڕوو بەڕووبـوونەوەی دووژمنـدایە ،ئەوە جگە لەوەی سـەردەمانێک خوێنـدەواری تەنهـا بـۆ پیـاو بـووە وئـافرەت عەیـب بـووە بخـوێنی ، تـاکو دامەزرانـدنی قوتابخـانەی کچـان ورێگەپێـدانیان بۆتەواو کردنی خوێندن ، ئەمەش دەرگای واڵاکرد بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواری وکەشێکی نوێی هینایەئاراوە .

خوێنـدن لەلای شـاعیران هەمیشـە وەک قەڵغانێک لەڕووی داگیرکەران تماشـا کـراوە ،خوێندنی ئەو سەردەمەش بەگشتی لە حوجرەو مزگەوتەکاندا بووە ،کتیبەکانی ئەو کاتەش کتێبی ئـاینی وفەلسـەفی و...هتد بنەماڵـەی صابری سەرەڕای سـەرقاڵ بوونیان بەکاری کشـتوکاڵەوە، بەڵام زانـا و مەلای لێهاتوویـان تێـدا هەڵکەوتـووە ، لەوانە :((شـێخ مەحمـوودی بـاپیری صـابری، چەنـدین کتێبی نووسـیوە، باشـترینی ئەوانە کتێبـی (بحـر الأنـاب) بـوو کە داوێنێکی تەواوکار (ذیل تکمیلي) بوو بۆ کتێبی (بر الألام)ی شێخ محی الدینی قولەی برازای شێخ حەسەنی گڵەزەردە))[1]هەر بە منداڵی قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی فارسی و عەرەبی و تـورکی خوێنـدووە، لەوانە :(سـمایل نـامە، ناگەهـان، ئەحـمەدی، گوڵشـانی) لە بـواری ئاینیـدا ((فـتح القریـب، عوامـل، شـرح مـوغنني خوێنـدووە))[2]. لەسـەرەتای دیوانەکەیـدا صـابری لەباسکردنی سەرگوزشتەی خۆیدا دەڵێت:ئەگەر چی قووەتی عیلم وخوێندنم زۆر نییە ،ئەمما لە هیممەت وبەرەکەتی چاکانەوە شیعرم بۆ دێت.بەڵام سەرەڕای توانا و لێهاتوویی صـابری، ژیان دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی پێ نەبەخشی، باوکی لەساڵی (1318 ک) کۆچی دوایی کـردووە ((دوای مردنـی بـاوکی دەس لە خوێنـدن هەڵـدەگرێت و دەچێـت بـۆ (شـۆرجە) بـۆ چێشتخانەکەی باوکی و لەوێ سەرپەرشتی ماڵ و منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی))[3].

صـابری جـگە لەشـیعرە کوردییەکـانی شـیعری فارسـی وتـورکی وکۆمەڵێـک لەشـیعری تێکهەڵکێشـی هەیەوهەنـدیک نـوکتەو قسـەی خـۆش هەمـووی لە دووتـۆیی دیوانەکەیدا چـاپ کراوە.

---

(1)محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی (پێنج خشتەکییەکی صابری و نـاری)، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (22)، 1992، ل40.

(2)هەمان سەرچاوە ،ل40.

(3) مـحەمەد سـەنگاوی ،(تیشـکێ لەسـەر ژیـانی شـاعیری خوانـاس صـابری ) ، ڕۆژنـامەی کـۆمەڵ ، 2005،ژمارە 168،ل3.

شــاعیر لەبەر زیرەکــی و بەردەوام خوێنــدنەوەی ســەرچاوەکانی زانیــاری، وەک ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی ناوبانگی دەرکردووە. لە هەمان کاتدا پیاوێکی قسە خۆش بووە. لە نێـو شـیعرەکانی دا دەیـان ئـایەت و حەدیـس و ئاموژگـاری و ڕەخـنە گـرتن بـوونی هەیە،کەبەڵگەن لەسـەر پێشکەوتنی ئەو سـەردەمەو وردبینی شاعیریش دەردەخات جگە لە ناوهێنانی دەیان کەسایەتی وزانای بەناوبانگ وڕووداوی مێژووی،دەڵێت:

بۆعەلی سینا*لەسۆز وئاهی سینەم عاجزە
لەم برینی بێ دەوا حەیرانە لوقمان** ئەی دریغ
(طب)ی جالینۆس*** ولوقمان وئەرستۆموشکلە
تێبگەن لەم عیللەتەیاخود لەدەرمان ئەی دریغ..(د.ص.ل122).

ئەم ئامـاژانە بۆخـۆی بەرفراوانـی مەودای زانیارییەکـانی صـابری ئاشـکرا دەکـات ،بەکارهێنـانی ئەم نـاوانەش لەپێنـاوی پێداویسـتی شـیعری ومەبەسـتی جوانکـاری نییە،بەڵکـو ئاسـتی زەخیـرەی ڕۆشنبیرشـاعیردەخاتەڕوو،جگە لەئامـاژەکردن بەچیرۆکەکـانی (شـیرین وخەسرەو ،لەیلا ومەجنون ،یوسف وزولەیخا...هتد)****

ڕۆشـنبیریی صـابری لە شـیعرەکانیدا دەردەکەوێ کەوا ناسـکی خەیـاڵ وتیـژی بیـرو وردی مەعنای زۆری تێدایە وزانیاری زۆری لەسەرتەسەوف هەبووە، هەروەهـا لە هەڵس و کەوت وگفت ولفتیشدا ڕۆشنبیرانە مامەڵەیکردووە ، وەک لای هەمووان ئاشکرایە ڕۆشـنبیری بەشـێکە لەکەلتـووری هەر میللەتێـک بـۆیە لە پێناسـەی کەلتـووری ڕۆشـنبیریی دا هـاتووە:

---

*عەلی سینا(980-1037ز)زاناوپزیشکێکی بەناوبانگەلەبخارا لەدایک بووە ،زیاتر لە 200کتێبی لەتەواوی بوارەکاندا هەیە. بروانە ویکیبیدیا –الموسوعە الحرە.

**جـالینۆس(129-200ز)پزیشـکێکی یۆنـانی بەناوبـانگە لەسـەردەمی کۆنـدا ،هەنـدێ لەزانایـان پێیـان وایە بەرهەمەکانی کەیشتۆتە 500بەرهەم. بروانە ویکیبیدیا –الموسوعە الحرە.

***لوقمان:یەکیکە لەبەندەسالیحەکان ،ناوی لەقورئاندا هاتووە لە وڵاتی"النوبە"ژیاوە ،بەوەسییەت وئامۆژگارییەکانی بەناوبانگ بووە وسورەتیکی قورئانی بیرۆز بەناوێوە نراوە.بروانە ویکیبیدیا –الموسوعە الحرە.

****(شیرین وخەسرەو):ئەم چیرۆکە نیزامی گەنجوی لەساڵی"1175" نوسـیوویەتی، بـاس لەخۆشەویسـتی دەکات ،لەیلاومەجنونیش دیسانەوە باس لەخۆشەویستی(قەیسی کوری ملوح ولەیـلا) دەکـات،ئەم چیرۆکە لە جزیـرەی عەرەبـی ڕوویداوە،یوسـف لە قورئانـدا ناویـان هـاتووە ئەم چیـرۆکە لە میسـر ڕوویـداوە ،بـاس لە عەشقی زولێخا بۆ یوسفی پێغەمبەر دەکات

((بریتییە لەکۆی نموونە رۆشنبیریەکانی کۆمەڵگا، کەنەوەکان لەیەکتر وەریدەگرن ، گرنگترین ڕەگەزی پێشــکەوتنی کۆمەڵگاکــانی مرۆڤــایەتییە وپــاڵنەری کۆمەڵگایەبۆهەنگاونــان بەرەو پێشکەوتن))[1] رۆشنبیری صابری تەنها لە زمانی کوردیدا نەبووە ،بەڵکو شارەزاییەکی باشی لەزمــانیعەرەبی وقورئــانی پیــرۆزدا هەبووە،لەدیوانەکەیــدا شــیعرە عەرەبییەکــانی چــاپ نەکراوە،بەلام دەیان ئایەت وفەرموودە بەڵگەی ئەو رۆشنبیرییەن :

صابری "لاتقنطوا" موژدەی تەواوی دا بە تۆ
حەیفە قەلبت"مطمئن"نابێ بەقورئان ئەی درێغ..(د.ص.ل122) .

لێــرەدا ئامــاژەیە بەئــایەتی(لاتقنطوا مــن رحمــة اللــه....)"الزمرد ،53" بــۆیە صــابری ســەرەڕای کەمــی ئاســتی خوێنــدەواری ، بەڵام رۆشــنبیرێکی زەمــانی خــۆی بــووە ،هەروەهــا کۆمەڵێــک نــوکتەی نووســیو، کە هەمــووی زادەی بەهــرەی خــۆیەتی وپــڕن لەپەنــد وحــیکمەت شایەنی ئەوەیە بخرێتە ناو کەلەپووری نەتەوایەتییەوە ، لەوانە:

(1):ئیشی ئێشی ڕێشی ریشەی جەرگە ریشم رەش نییە.(پرسیاریان لیکردووە بۆریشت سپی بووە ،ریشەی جەرگم زووخاوی لێ دەتکێ)..(د.ص.ل274)

(2)بیرمان کرد .بیرتمان کرد .(بیرمان هەڵکەند بۆ ئاو ،بیرمــان کردی بێی یارمەتیمــان بدەی ،ئەمەی بەمەلا جەمیل ترکەشکانی وتووە.(د.ص.ل276)

(3) مەڕمــا ســـی ماســـی مــا ســـی .واتە(مەڕ مــایەوە ســـی دانە وماســـیش مــایەوە ســـی دانە)..(د.ص.ل275)

(4)کــاچو مــادانی .ئەمە بــۆ خــۆی ئیــدیۆمێکی کــۆنە بەڵام لە دیــوانی صابریشــدا هــاتووە ، واتای(خەرمانێک شەن بکرێت کاکەی دەڕوات ودانەکەی دەمێنێتەوە)..(د.ص.ل275).

(5) سەر زل ئەکەی بە هەوری ومشکی ، سەر ئەنێیتەوە بە نانە وشکی . واتە( خۆڕازانەوە لەسەر برسێتی ونەبوونی شتێکی نارەوایە ) ..(د.ص.ل275).

---

(1) ابراهیم مدكور ،معجم العلوم الاجتماعية ،اعداد نخبه من الاساتذه الصربين والعرب ،الهيئة المصرية العامة،مصر ،ص139.

**ج- پرسی ژیان وپرسی مردن :**

ژیـان چەمکـێکە کەمتـرین وشـەی لەبـارەوە وتـراوە ، ئەو سـەفەرەیە کە بەبێ ئاگاداربوون لە چارەنووس ئەنجامی دەدەیت، لاپەڕەیەکە بۆ خۆت نووسینی تێدا تۆمار دەکەیت. لەبەر ئەوەی چەمکێکی فرەڕەهەند و ئالۆزە ،بۆیە جێگەی قسەلەسەرکردن و مشتومڕ بووە ، لە نێوان تەواوی چینەکاندا. پرسیارکردن دەربارەی ژیان تا ئەو ئەندازەیە قسە و باس لە خۆ دەگرێت ، کە دواجار دەبێتە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی تەواوی فەلسەفەوبنەما زانستی ومرۆڤایەتییەکان ، کە بەدرێژایی مێژووی خۆی پێی گەیشتووە.بوونی ژیان دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگە وکۆمەڵگاش تەواوی رەگەزکانی ژیان لەخۆ دەگرێت واتە پەیوەندییەکی بەتین پێکەوەیان دەبەستێتەوە،لە پێناسەی

ژیانی کۆمەلایەتی دا هاتووە :((ئەو شێوازەی ژیان وڕێگایانەی گوزەران وچەشنی ڕەفتار وپەیوەندییە کۆمەلایەتییانەیە ، کە تاکەکان لە ناو کۆمەڵگەدا پێکیان دەهێنن، جا ئەو کۆمەڵگەیە خۆجێیی بێت یاخود کۆمەڵگەی گەورە ،ژیانی کۆمەلایەتیش چەند رەگەز وبنەمایەک لە خۆ دەگرێت لەوانە:ئابووری ،هزری ،دەروونی ،کەلتووری ،ئاینی ،سیاسی....هتد ئەمانە مۆرکێکی تایبەت وجیاوازی پێ دەبەخشن))[1] .

ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا بیخەینە ڕوو ژیانی کۆمەلایەتی نییە ،بەڵکو تێروانینی سۆفییەکانە بۆ ژیان چونکە چەمکێکی ئالۆزو فرە واتایە، پرسی ژیان کاریگەری زۆری لەسەر ئاین و فەلسەفە و بوون هەیە.

گەر پێناسەی ژیان بکەین ، دەبینین چەمکی ژیان لە هەموو سەردەمێ دا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لە پێش ئیسلام ((ژیان واتە سەرکەوتن لە جەنگەکان و بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوت بووە کە مرۆڤ هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی داوە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بژیت))[2] ، لە (مجمع المعانی الجامع)دا هاتووە :((ژیان بە دوو شێوە لێک دەدرێتەوە: ژیانی دونیا و ژیانی کۆتایی، هەروەها بە مانای گەشەکردن و مانەوە دێت))[3].

---

(1)ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (د) ، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ، وەرگێڕانی : دانا مەلاحەسەن ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی ،2007،ل287.

(2) علی یوسف مفرح ، ذکر الحیاة والموت فی شعر طرفة بن العبد ، رسالة ماجستیر ، جامعة مالیزیا ، کلیة اللغات ، 2012،ل6.pdf.

(3) www.aimaany.com.

بەڵام ئەم واتایانە بەپێی ژینگەوتێپەڕبوونی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هات ، ئەمڕۆ ژیان سوهراب*وەتەنی: ((سێوێکە ئەبێ بە توێکڵەوە قەپی لێبگرین)) ، ژیان لای سۆفییەکان مەغزاو واتایەکی جیاوازی هەیە،ئەو ژیانە نییە کە ئێمە هەوڵی بۆ ئەدەین ،ژیان ودونیا لای سۆفییەکان تەنها مەیخانەیەکە گوزەری تێدادەکەن وتێدەپەڕێ، سۆفییەکان ژیان بە ماڵی حەقیقی نازانن بۆیە لای ئەوان واتای حەقیقی ژیان لە پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤەوە دەستەبەر دەبێت ، صابری هەر لە دیدگا فراوان وفرە ڕەهەندەکەی ژیان خۆیەوە دەڕوانێتە تەواوی شتەکان ،نەک شیعر بکاتە ئامرازێک بۆ ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت یان دیاریکراو،پرسی ژیان لەلای صابری بۆ خۆی پرسێکە کە تەواوی هێز و هزری داگیر کردووە، لە تەواوی شیعرەکانیدا لەبری وشەی (ژیان) وشەی (دونیا) هاتووە، بێگومان ئەم دوو وشەیەش هەر هەمان واتایان هەیە. ئەوەتا صابری دەڵێت:

زیکرو فیکری ئەهلی دونیا نان وئاشە(صابری)
یەعنی چی خۆ دوژمنیشیانەلە ئەسڵا نان وزاد
.......          .....
(صابری) دونیا لە تۆ بێزارە ئەمما مەیلی تۆ
هەر لەسەر ئەو ماوە بۆیە ناگری ڕێگەی ڕەشاد (د.ص.ل83).

لێرەدا شاعیر وەک شتێکی مایە پووچ وفانی ژیان دەخاتە ڕوو،کەچی سەرەڕای ئەزەل نەبوونی دونیا دەروونی صابری هەر تامەزرۆی خۆشییەکانی دەکات ،بۆیە لای شاعیر ئەوەی ئارەزووی دونیا وخۆشییەکانی لە دڵدا بێت هەرگیز ناتوانێت ڕێگای پەروەردگار بگرێتە بەر.شیعری صابری بانگەشەیەکە بۆئەوەی ئادەمیزاد بە چاوێکی تر

* سوهرابی سپهری : شاعیری هاوچەرخی ئێرانە ساڵی 1928 لە شاری کاشان لە دایک بووە ، کوڕی ئەسەدوڵڵا سپهرییە ،سوهراب خولیایەکی زۆری بۆ هونەر وئەدەب هەبووە ،نیگارکێش وخۆشنووس بووە ، لە پاش تەواو کردنی خوێندن لە زۆربەی دام ودەزگاکان کاری کردووە ، سەفەری وڵاتانی ئەوروپا وژاپۆن وهیندیستانی کردووە ، لە بەرهەمە نایابەکانی : دەنگی پێی ئاو، موسافیر ....، سوهراب جگە لە زمانی دایک ، زمانی فەرەنسی وئینگلیزی وژاپۆنیشی تا ڕادەیەک زانییوە ، لە ساڵی (1980)کۆچی دوایی دەکات .بڕوانە : سهرابی سپهری ، عاشق هەمیشە تەنیایە ، وەرگێڕانی : ئازاد بەرزنجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ،2006، ل16- 21.

بڕوانێته ژیان وبوون، رێزی لێ بگرین وخۆشمان بوێ و تەنها سەرقاڵی جوانییەکانی نەبین،چونکه هەر ئەو ژیانەیە داهاتوو واته قیامەتمان لێ ڕەش دەکات ،دەڵێت :

(صابری) دونیا پەرستی و نەو جەوانی تا به کەی
غافڵی تا کێوی عومرت ناگەهان دێنێ هەرەس (د.ص.ل103).

صابری له زۆربەی شیعرەکانیدا شێوازی دیالۆگ بەکاردێنێت ، واته پەیامێکه ئاراستەی بۆ نێردراوی دەکات بەلاّم بۆ نێردراوەکەش هەر خۆیەتی چونکه له زۆربەی شیعرەکاندا له سەرەتادا ناوی خۆی هێناوه به خۆی دەڵێت: تا بەکەی بەدوای سەفای ژیاندا ڕادەکەیت؟ تا بەکەی  له جوان پەرستی دوور ناکەویتەوە؟! وا تەمەن خەریکه بەرەوه پاییز دەچێ و کێوی تەمەن دێنێ هەرەس،زۆربەی نووسەرانی جیهان له باسکردنی ژیاندا تووشی سەرسوڕمان هاتوون هەندێکیان ژیان وەک شانۆگەرییەکی گەوره لێک دەدەنەوه،هەرتاکێکیش تێدا ڕۆڵی ئەکتەر دەبینێ،کۆمەڵێکی تر وەک شوێنی ئازار ومەینەتی لێک دەدنەوه ، وەک ئەوەی تروسکایی تیادا نەبێت ئەمەش زۆر جار دیدگای شاعیرو سۆفییەکانه ،بەلاّم کۆمەڵەی سێیەم ژیان وەک خۆشییەکی تەواو لێک دەدەنەوه وەک ئەوەی کۆتایی نایەت،گۆڕەپانی ژیان پڕه له وێنه و ڕووداوی جۆراجۆر،زۆر جاریش ئەو ڕووداوانه کارەسات وناخۆشی ونەهامەتی له پشتەوەیه ،بۆیه ژیان لای شاعیر تەنها وێنا کردنی دیگایەکی سۆفییانه نییه ،بەڵکو باس کردنی تەواوی ڕەهەندەکانیشی دەخاته ڕوو ،له وێنەیەکدا داد وبێداد دەکات له دەستی ژیان،سەرتاپای به ژەهراوی له قەڵەم ئەدات،دەڵێت :

لەزەتی دونیا هەموو زەهراوییه سەر تا قەدەم
(صابری) خۆت لاده گەر بووی به خاوەنی متاع (د.ص.ل120).

ژیان دۆستی وەک چەمکێکی گرنگ له ئاینه کۆنەکاندا تماشا کراوه،تەنانەت مەرجیش بووه بۆ مردن (کۆنفۆشیۆس)* دەڵێت :((ئەگەر له ژیاندا دەستەوەستانی له خزمەت کردنی

* کۆنفۆشیۆس :(551– 479 پ.ز) ، یەکەم فەیلەسووفی چینه ، که ئاینێکی دامەزراند هەموو داب ونەریت ویاساو رەوشتی گەلی چینی له خۆ گرت ، به هۆی بۆچوونه قووڵەکانییەوه به پێغەمبەری چین ناو دەبرێت . ئەم فەیلەسوفه زیاتر بایەخی به فەلسەفەی ئەخلاق وزانستی کۆمەڵناسی داوه ، له بەرهەمەکانی (عقیدة الوسط ، سجل المراسم ) ، بڕوانه : ویکیبیدیا .

خەڵک ، کەواتە چۆن لە کاتی مردندا دەتوانیت خزمەتی رۆحەکان بکەیت ؟ئەگەر تۆ ژیان ناناسیت ئەدی چۆن بۆت هەڵدەکەویت شتێک لە بارەی مردنەوە بزانیت ))[1] کەواتە ژیان

دۆستی مەرجی گرنگی ناسینی مردنە ،ئەفلاتۆن بە تێڕوانینێکی بێ هیوایانە سەبارەت بە ژیان دەڵێت :(ژیان هیوایە ،ئەوەشی هیوای لەدەست دا ،ژیانی لە دەست چوو)، صابری مرۆڤێکی بە قەناعەت وهیوای هەبووە بە داهاتوو ئەمە لە کۆمەڵێک ڕووەوە،بەڵام رووە ناشرینی وفانییەکەی دنیای فەرامۆش نەکردووە ،ئامۆژگاری مرۆڤەکان دەکات کە بێ خەبەر نەبن ،چونکە لە قیامەت تووشی دەردی بێ دەوا دەبن ،دەڵێت :

خالقت کێیە أطاعە ی پێ بکە ئەی خەبەر
حەیفە لەو عاصی ئەبی کەوتویە دوی نەفس وهەوا
خەوفی مەولا بێنە دڵ ئەی غافڵی بێ عەقڵ وهۆش
تانەبی رۆژی قیامەت تووشی دەردی بێ دەوا (د.ص.ل53).

کەواتە ئەگەر ژیانی دونیا لای عاریفەکان هەندێک بایەخی هەبێت وتیایدا هەوڵ دەن وماندوو بن ئەوە بێگومان لەبەرئەوەیە کە کێڵگەی ئاخیرەتە.

**پرسی مردن:**

حیکمەتی پان و بەرینی ژیان، مردنێکی چاوەڕوان نەکراوە تەواوی بوونەوەرەکانی ژیان سیس دەبن و پیر دەبن و بەرەو مەرگ دەچن، بەلام بێ ئاگان لە نهێنی مردن ئەوەی دەزانێ مردن چییە تەنها مرۆڤە. زۆرجار دەوترێ مردن هاوتای ژیانە، ئەمەش لەبەر حەتمییەتی مردنە، هەروەکو سوهرابی سپهری دەڵێت: (( ژیان پەڕوباڵی هێندەی مەرگە )) ، کەواتە مردن ئەو چارەنووسەیە کە هەرگیز ڕزگاربوون لێی نییە.(( چەمکی مردن یەکێکە لە نهێنییە هەرە گەورە و بەرچاوەکان، بە شێوەیەکە هیچ مرۆڤێکی فامیدە ناتوانێت خۆی لێ قوتاربکات، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان بیری لێنەکاتەوە، بیرکردنەوەی مرۆڤ لە مردن، مرۆڤی بە سێ ئاراستەی جیاوازدا بردووە : تاقمێک پێیانوایە مادامەکی مردن هەیە، ژیان زۆر هیچە ، بۆیە هەر زوو دەستبەرداری خۆشییەکانی ژیان دەبن. پێڕێکی دیش هەن دەڵێن:

---

(1) سلێمان مزهر ، چیرۆکی ئاینەکان ، وەرگێرانی : لوقمان حاجی قادر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ،2008،ل201.

ڕۆژێکمان لە پێشە هەر دەبێت بمرین، سا کەوایە با ڕابوێرین. تێزی سێیەمیش لە نێوان ئەو دووانەی پێشوودایە))[1].

بەڵام بۆچوونی ئێمە لە گەڵ ئەوەدایە کە مردن حەقە ومرۆڤ نابێت فەرامۆشی بکات، بەڵکو دەبێت لە ژیاندا کردەوەی چاکە بکات ، چونکە لە پاش مردن زیندووبوونەوە هەیە .

((ئەو خاڵەی کە هەموو کەس لەسەری کۆکە ئەوەیە کە مردن دوا وێستگەی ژیانە، بەڵام هەرکۆمەڵێکیش لە کۆتایی ژیانێکی بەریندا هەر مردنە، بۆیە ژیان دەرفەتێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی تێدا ئامادە بکات بۆ مردن. بەپێی بیروبۆچوون و شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ئەم دیاردەیە و دەوروبەرەکەی کردووە))[2]. ئەگەر لەڕووی ئاینەوە تەماشای چەمکی مردن بکەین ، ئەوا دەبینین کە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئایدیاکان، هەر ئاینێکیش ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ مردن و ناشتن و ... هتد. لە ئاینی ئیسلامداهاتووە : ((مردن بە حەق ناودەبرێ وبە قەدەرێک دادەنرێ ، کەهەموو کەس دووچاری دەبێتەوە وبە ڕێگایەکی دوورو درێژ دەشوبهێنرێ ، ئەوەش بە پێێ کردەوەی مرۆڤەکانە ))[3].

کەواتە مردن حەقە لەسەر هەموو مرۆڤێک وژیان بۆ کەس نامێنێت ،لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هاتووە کەهەوڵی زۆر دراوە لەلایەن شارستانیەتە کۆنەکان بۆ ئەوەی مرۆڤ هەمیشە بژیت بەڵام بێ سوود بوو چونکە ئەوە ئەمری پەروەردگاری لەسەرە ،بۆ نموونە (ئەنباد قلیس)*یەکێک بوو لەو کەسانەی هەوڵی ئەدا هەتا هەتایەنەمر بێت ،ئەم دیاردەیەش نەمری

---

(1) سەمەد ئەحمەد ،لەناو بازنەی دەقدا ،چاپی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ،سلێمانی،2003،ل116.

(2) ئەرخەوان محەمەد عوبێد ، ڕەمزو نووسینی سەر گۆڕەکان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ،دهۆک ،2008،ل7.

(3)بورهان محەمەد ئەمین ، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان ،چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری ،سلێمانی ،2004،ل5.

* ئەنبادقلیس : یەکێکە لە حەوت زاناکەی یۆنان وزۆر دەوڵەمەند بووە ، خەونی ئەوە بووە ببێتە خواوەند ،تاکو ناوی هەمیشە بە نەمری بمێنێتەوە ، بۆیە ڕۆژێک خۆی دەخاتە نێو کونی گرکانێکەوە تاکو خەڵک بڵێن ڕۆیشتووە بۆ ئاسمان وبیپەرستن ،بەڵام بە هۆی (نەعلەکانی ) کە جێمابوو لە تەنیشتی گرکانە ئاشکرابوو ، چونکە ئەو تاکە کەس بوو لەو سەردەمەدا نەعلی برۆنزی لەپێدەکرد.

ڕۆح لای (ئەهلی حەق – کاکەییەکان ) ، کە بە (دۆناودۆن )* ناوی دەبەن باو بووە، تا ئێستاش هەرماوە.لە ئاینی ئیسلامدا هاتووە :کە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ دێتە دونیاوە، ڕۆژی مردن و تەواوی ساتەکانی ژیانی لە "لوح المحفوظ" دا نووسراوە ، بۆیە مردن دەرگای گفتوگۆیەکی فراوانی کردۆتەوە، ئەم باسانەش لە هەموو کون و قوژبنی ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە ،چونکە ئەم چەمکە ترس وبەزەیی لەیەک کاتدا لە خۆ دەگرێ.

ئەفلاتۆن پێ وایە نابێت لەمردن بترسین چونکە ئێمە نایناسین ، بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر تەواو نییە چونکە ترسی مردن لە نەناسینەکەیدایە ، مردن لەیەک کاتدا مرۆڤ دیل ورزگار دەکات ،دیل بەو واتایەیی هزروفیکری ئینسان داگیر دەکات ، رزگارکەریش بەوەی مرۆڤ لە ئازارو ناخۆشییەکان نەجات ئەدات ،لە ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ مەرگ) دا هاتووە: ((ئەگەر ژیان کۆتاییەکەی مەرگ بێت، هەموو ژیان مەرگە))[1]. خەیامی شاعیریش پێی وایە کە هەمووان لە ژیان و خۆشییەکانی تێدەگەن، بەڵام لە ئاستی مردن دا تەنانەت کتێبە ئاسمانییەکانیش تێناگەن :

مردن چییە کەس تێنەگەیی تا وێستا
تەورات و زەبوور، تا دەگاتە ئاوێستا
زۆر کەس لە ژیان دواوە زانایانە
بۆ باسی مەرگ گێل و نەزان ڕاوێستا[2].

بەڵام ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکەی خەیامدا نیین ،چونکە قورئانی بیرۆز باسی هەموو شتێکی کردووە.مردن ومامەڵە کردن لەگەڵ مردوودا بەپێی داب ونەریت وئاینی کومەڵگاکان

---

* دۆناودۆن :پرۆسەیەکی رۆحییە بۆ باشتر کردنی خود ،واتای گەڕانەوەی رۆحە بۆ ژیان لە جەستەی بوونەوەرێکدا ، ئەمەش هزرێکی زانستی وفەلسەفی وئاینییە ، پەیوەستە بە رۆح وجەستەو خود ، ئەگەر رۆحەکە هی مرۆڤێکی چاکەکار بێت ئەوە لە گەڵ جەستەی ئاژەڵێکی باشدا تێکەڵ دەبێت ،بەڵام ئەگەر رۆحەکە هی خراپەکار بێت ئەوە تێکەڵی جەستەی ئاژەڵی پیس دەبێت .بڕوانە : الموسوعە الحرە .

(1)شێروان ئیبراهیم حەیدەری ،دەرچوون لە مەینەتییەکان وگەڕانەوە بۆ دنیای عیرفان، گۆڤاری ڕامان ،ژمارە (168) ،هەولێر،2011،ل154.

(2)هەژار ،چوارینەکانی خەیام ،چاپی دووەم ، چاپخانەی سروشی تهران ،1991،ل4.

دەگۆڕێت ،هەروەک (وێل دۆرنت) دەڵێت :((مردن سەرچاوەی هەموو ئایینەکانە))[1] ، واتە چەمکی مردن نهێنییەکە زۆر نهێنی تری حەشارداوە ، شاعیرە سۆفییەکان بە جوانترین شێوە باسی مردن دەکەن و بێ ترس بەرەو پیری دەچن. وەک ئەوەی مردن مژدەی رزگاربوونی پێ بێ ،دەڵێت:

وا لە دووری تۆ پەرێشانم سەعاتی سەد کەڕەت
ڕوو ئەکەم بۆ ئاسمان چیبکەم خودا مەرگێ نییە (د.ص.ل187).

شاعیرە ئاین دۆستەکان مردن بە بەشێک لە ژیان دەزانن ،چونکەهیچ کەسێک پێش ئەوکاتەی ،کە لەلایەن خوداوە بۆی دانراوە ژیان بە جێناهێڵێت ، چونکە قەدەرێکە ومرۆڤ هەر دەبێت ڕۆژێک ڕووبەڕووی بێتەوە، بۆیە لەوەتەی مرۆڤایەتی بوونی هەیە، مەرگ هزر و ناخی مرۆڤی بە خۆیەوە مژۆل کردووە. سۆفی وزاهیدەکان مردن بە کارەسات وناخۆشی لێک نادەنەوە ،چونکە کۆتایی هەموو شتێک نییە ،بەڵکو سەرەتایی ژیانێکی خۆش و ڕاحەتێکی ئەزەلییە، چونکە دەگەنە ژووانی پەروەردگار ،تەواو پێچەوانەی (نەهیڵستەکان)*کەوای بۆ دەچن مردن کۆتایی هەموو شتێکی ناخۆشە وئیدی دووبارە بوونەوەی ژیان نیە.

هەروەها (مەولانای ڕۆمی)یش سەبارەت بە مەرگ دەڵێت:

مرگ هر یک ای پسر همرنگ اوست
پیش دشمن دشمن و بر دوست دوست
پیش ترک ایینه را خوش رەنگی است
پیش زنگی ایینه هم زنگی است

---

(1)ویل دورانت ،مێژووی شارستانییەت ، وەرگێڕانی :عەبدوڵڵا رەسولی ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوار چرا ،سلێمانی ،2011،ل69.

* نەهێلیزم :زاراوەیەکی لاتینییە ، بەواتای نەبوون یان پووچگەرایی دێت ، ئەم چەمکە لە چەندین بواری سیاسی و فەلسەفی وئەدەبیدا دەرکەوتووە ، نەهێلیزم بەو واتایەی کە بریتییە لە ڕوانین ورامانێک ،کە لە ئەنجامی بێ ئومێدیی وجۆرێک لەشک وگومان لای مرۆڤ دروست دەبێت . بڕوانە : هیمداد حوسێن (د)،ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چاپی دووەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ،2010،ل276.

روی زشـت تسـت نـه رخسـار مـرگ
جـان تـو همچـون درخت و مرگ برگ[1].

واتە :مەرگی هەر کەسێک هاوڕەنگی خۆیەتی، لەلای دوژمن دوژمنە و لای دۆستیش دۆستە، لای جوانیش، ئاوێنە کەسێکی جوان پێشان دەدات و لای کەسێکی ڕەشپێستیش، کەسێکی ڕەشپێست پێشان دەدات. ئەوە ڕووی ناشرینی تۆیە نە ڕوخساری مەرگ، گیانی تۆ وەک قەدی درەختە و مەرگیش گەڵاکانی .هەمیشە ((کێشەی سەرەکی لە نیگەرانی و ترسی مردن لەوەدایە، کە لەیەک کاتدا هێزێکی تێکشکێنی و داهێنانێکی جاویدانییە))[2]. صابری لە شیعری (نەهاتی بۆ تەداوی زامانم) دا دەڵێت: ژیان سەرتاپای ستەم و ئازارە و پانتاییەکە ڕاحەتی و ئاسودەیی تێدا بەدی ناکرێت، بۆیە داوای مردن دەکات تاکو هەندێ بە ئاسوودەیی و ئارامی بنوێت:

بە چاوی تۆ گەیشتوومە بەحاڵی جـانیبی مەرگم
لەلام ڕاحەت ترە سەد جا ئەڵێم ئەم ژینەمە ناوێ (د.ص.ل197).

بێگومـان تەواوی ئەو ئەو هەڵوێسـتانەی کە سـەبارەت بە مـردن وتـراوە هیچـی ڕاستییەکی ڕەهای دانەپۆشیوە. هەر ئەوەندە دەزانرێت کە دابڕانێکی ئەبەدییە لە ژیان. لە قورئانی پیرۆزدا زۆر باسی مردن کراوە، بەڵام دیسانەوە هەر کەسێک بە پێی بیر وئایدیای خـۆی لێکـدانەوەی بـۆ دەکـات . هەر لە قورئانیشـدا هـاتووە ، کە کەس ناتوانێـت لە مـردن هەڵبێت: ﴿یدرککم الموت و لو کنتم فی بروج مشیده﴾(النسـاء 78)، خەمی گەورەی صـابری ئەوەیە، تەمەنی گەنجی خۆی بە فیرۆ داوە و بۆ خواپەرستی تەرخانی نەکردووە ،ئەمەش ترسی  قیامەت وحیسابی لادروست کرددوە، کەواتە مردن لای شاعیر خەسارەت نییە،بەڵکو ئەوتەمەنی کە بەبێ خواپەرستی سەرفی کردوە ئەوە بۆ خۆی گەورترین مردنە، دەڵێت :

---

(1)مولانا جلال الدین محمد بلخی ، مثنوی معنوی ،چاپ سوم ، انتشارات سایه نما ،1386،ص389.
(2)ئازاد عبد الواحدکریم (د)،ڕەنگاڵەکانی دەق ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شـەهید ئـازاد هەورامـی ،کەرکوک ،ل2011،ل78.

چــوو بـه زایه گەنجی عـومـرم لەم مـەراقە چاکە بمرم
ڕۆژ ئەڵێی سەرخۆشی خەمرم شەو لە خەودا وەک جەماد (د.ص.ل80).

مـردن هەرگیـز نابەزێنرێت ،بۆیە گرنگە کە مـرۆڤ لە ژیانـدا خـۆی بـۆ ئامـادە بکـات چونکە ئەم هێزە غەیبییەکەس ناتوانێت لێی بباتەوە،ئەمەش بێ هێزی مرۆڤ پیشـان دەدات ، هەر وەک مەحوی دەڵێت :(بە ڕۆچوونی ئاویَ دەکەی زیندەگی ، بەدەرچـوونی بـایەک دەبێ مردنـت ) ، کەواتە ئەوەی لە پـاش مـردن بەجـێ دەمێنێت تەنهـا یـادەوەرییە ،چـی باشـە بێـت یاخود خراپە ،لە دەمەتەقێیەکدا لەگەڵ شیعری صـابریدا ، دەپرسن ((مامۆسـتا ئەگەر مـردی ؟ ئەویش دەڵێت:

ئـەگەر چی من فەقیری شار و تو سولّتانی بێ دەورانـی
بەهـەر حالێ کە من مردم ! لە ناکاو ئەتوش ها مـردی
ئـــەگەر یارانی رابردوو بەخێر بێنەوە یـــاد ئـەمـرۆ
بەخێر یادت ئەکەن خەڵکی سبەو دوویەکە ڕابوردی
چیــە دونیـــا زستانە ئەجەل بوو رەخت و بارانـــە
لە هەوری قیبلەوە (صابر)بە توندی هاتوو هاوردی ))[1].

پیری،کەقۆناغێکە لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ ، بەشێکە لە تاڵییەکانی ژیـان و نزیـک بوونەوەیە لە مەرگ ،زۆربەی شاعیران لەم قوناغەدا تووشی جۆرە نائومێدی وبێ هیوایییەک دەبـن ، بـێ هیـوایی وتـرس لە داهـاتوو ونائومێـدیش لەو تەمەنەی کە تێپەڕی ، چـونکە ئەم زاراوەیە (پیری) زیـاتر لای شـاعیر سـۆفییەکان بـاس دەکـرێ ،شـاعیرانی کلاسـیزم بە گشـتی باسییان لێکردوە ، هەر کە مرۆڤیش دەگاتە قۆناغی پیری زیـاتر هەسـت بە تەنهـایی دەکـات ، وهەمیشـە حەزی بە گفـت وگـۆ دەبێـت ، وەک ئەوەی قسـەکردن لە بـارەی هەرچـییەوە بێـت ببێتە بەشێک لەکەم کردنەوەی ئازار وترس وخەمەکانی ، "نالی "لەم بارەیەوە دەڵێت :

(1)ڕەهبەر سەیدئیبراهیم ،دەمەتەقێیەک لەگەڵ شیعری صـابری ،گۆڤـاری خـاک ،ژمـارە(84)،سـاڵی حەوتەم ، 2004،ل31.

ئەی تازە جەوان !پیرم وئوفتادەو وکەوتووم
تاماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم ، کەبەسەرچووم
قوربانی وەفاتم (د.نالی .ل264).

صابریشکە دێتە سەر باسی پیری  زۆر بە کەساسی لێی ئەدوێ ، چونکە شاعیر لە تەمەنی پیریدا جگە لە نەهامەتییەکانی ژیان ، نەخۆشی بەرۆکی بەر نەداوە ،زۆرجاریش  لە کوردەواریدا دەوترێت: (خۆزگە مردن هەبوایە بەس پیری نەبوایە ) چونکە مرۆڤ ،کەپیر بوو ئیتر  خەم وپەژارە و ترسی زیاتر لە مردنە،شاعیر لە چەند دەقێکدا باسی پیری کردووە،دەقێکیشی هەیە بە ناوی (پیری ئاخر شەڕ ) ،پاشان  لەگەڵ پیریدا  دێتە گفتوگۆ ، دەڵێت:

شەوی گەنجی نەما ،هەڵسە لە خەو،سەیریکە ئاوێنە
ئەڵێ:ئەی پیری نازیرەک ،هەتا کەی خویی جاهیلی
....... .......
شەوێ پیری وتی: (صابر) جوانی بێ وەفا ڕۆیی
وتم: تۆش ئاخری عومرم ئەبێ ڕۆژێ بەجێم بێڵی (د.ص.ل201).

کەواتەلە هەموو سەردەمێکدا عاشقانی مەرگ بەدی دەکرێن،ئەوانیش زاهید وعابید و پیاوچاکانن،چونکە ئاسودەیی و یەکسانی لە مردندا بەدی دەکرێت.بۆیە پرسی ژیان و مەردن دوو چەمکن وئاوێتەی یەکترن وخاوەنی هەمان کەرەستەو هەمان ڕەهەندن ،مرۆڤ بە هەمان ئەو کەرەستانەی کە پێی دەژی، هەر بەوانەش دەمرێت.

**تەوەری دووەم/ سەردەمی صابری:**

**أ- بارووودۆخی ناوچەكە:**

صابری كە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، بیری لە دەوروبەری خۆی كردۆتەوە، بەتایبەت لەو سەردەمەی كە ئەوی تێدا ژیاوە، كوردستان لە ژێر دوو دەسەڵاتی زلهێزی تورك و فارسدا بوونە. ئەو سەردەمە كوردستان لە هەموو ڕویەكەوە ناهەمواری پێوە دیاربووە،بەتایبەت كە شاعیران و ڕۆشنبیران چاودێرییەكی توندیان لەسەر بووە. صابری وەكو یەكێك لە شاعیرانی كەركوك ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بەسەر ناوچەكەیا هاتووە لە شیعرەكانی دا ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵام مخابن لەبەر نەداری و ناهەمواری ژیان و بارو دۆخی ئەو سەردەمەزۆریان فەوتاون ، لە باسكردنی ژیاننامەی خۆیدا دەڵێت:(( لە ساڵی 1917 كە ناسراوە بە (سەفەر بەر لەك) ،هەر لەو كاتەوە كە نەخۆشی و برسێتی و گرانی و نەداری بەهۆی جەنگی جیهانی یەكەمەوە دنیای داگیر كردبوو، ناچار بووم گوندی شۆریجە جێ بهێڵم و ڕوو لە گوندی دیلێژە بكەم))[1]. شاعیر لە یەكێك لە شیعرەكانیدا وینەی ئەو مەرگەساتەمان بۆ دەخاتە روو،كە ئینگلیزەكان بەرپایان كرد پاش داگیر كردنی وڵات ئەمەش لە ساڵی "1918"دابوو كە ((نەقیب یولارد وەك حاكمی كەركوك ودەورووبەری دانرا،هەروەها "ئەحمەدئەفەندی"ش كە كورد بوو وپێشتریش قازی بوو لەسەردەمی عوسمانیدا ئەركی پێ سپێردرا بەڵام زۆری نەبرد ئینگلیز كشاییەوەو دووبارە گەرایەوە و"تۆئیل"وەك حاكمی سیاسی دانرا))[2].ئەمەش بێگوومان لە پاش دەوڵەتی عوسمانی بوو،عوسمانییەكانیش وەك مێژوو باسی دەكات زۆرترین بەشی كوردستان لە ژێر ركێفی ئەوان دابووە ، هەوڵیان بۆ لەناوبردنی شۆرش وخەباتی كورد كردووە، كەواتە دوو داگیركەری زلهێز بەدوای یەكدا ئەم ناوچانەیان داگیر كردووە، ناوچەی كەركوكیش بە

---

(1) عبدالجبار شێخ عبدالرحمن البرزنجی، سیرە مشایخ الشورجە، چاپخانەی ئاسیا، چاپی یەكەم،كەركوك ،2014، ل65.

(2) كامل صالە یی، موجزعن تاریخ كركوك ،مطبعە رۆژهەلات ،اربیل ،2010 ،ص50- 51.

حوکمی خاک ونەوت تائەمرۆش گۆڕەپانی ململانییەکانە،کەواتە ئەگەر کورد دۆستی هەبێت ئەوە بێگومان "تەنها چیاکانە"ئەم ڕووداوانەکاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوولە تێکچوونی وڵات و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و برسێتی وکۆچکردن ودەیان ڕووداوی تری بەدوای خۆیدا هێنا لەویداصابری دەڵێت:

بە تەقدیری خودا ساڵی سەفەر بەرلک کە مەشهورە
بە جـارێ عالەمێ شێوا وەکو هەنگێک بدا پـورە
جیهـاد دەسپێکرا ئینگلیز و ڕۆمــی بەشەڕ هـاتن
بە گولــەی تۆپ و تەیارە تەلەف بوو شارو مـەعموورە
گرانی کەوتە نێو مەخلوق وئینگلیزهات وورومی چو
نمونەی حەشرەنەفسی نەفسی یەئینسان کە مەخمورە(د.ص.ل231).

لەبـواری ئەدەبیـدا بەتـایبەت لە نـاوچەی کەرکـوک ((نووسـەران تووشـی تەنـگ وچەڵەمەی زۆر بوونەوە ،بەتایبەت پاش ئەوەی داود پاشا والی ئەو سەردەمەی عوسمانی ڕێگەی خۆش کرد بۆ رۆیشتنی نووسەران بەرەو شاری بەغدا چونکە ئەو سـەردەمە بەغدا ناوەنـدی ڕۆشـنبیری بـوو ،سـەرەرای قورسـی ژیـان ونەداری نووسـەرە کوردەکـان لەوسـەردەمە بەلام نەکەوتنە ژێر رکێفی دەوڵەتی عوسمانییەوە چونکە کورد بوونیان لا پیرۆزتر بوو ))[1] صـابریش وەک هەر تاکێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی دژی ئەو کۆمەڵ و جەمعییەتانە بووە کەلەدژی میللەتی کورد پێک دەهێنرا ،چونکە هەر ڕێککەوتنێک دوژمنان ئەنجامیان دابێت،میللەتی کورد تێدا بۆتە قوربانی ،لێرەدا دەڵێت:

لە سولەیمانی و کەرکوک وڵاتی کفری
نووری چاوانی ئەگەر تابیعی زوڵم وکوفری
وەرنە وەک "جەعفەری تەیار"بەباڵیش بفری
بەخودا بێهونەر وزوشت ولە خانەی سفری
تافەلەک سالاری ئەم کۆمەڵ وجەمعییەتە بێ.(د.ص.ل219).

(1) محمد على القره داغى ،هويه كركوك الثقافيه ،الطبعة الثانية، مطبعة ئاراس ،اربيل ،2007،ص114.

**ب- باروودۆخی کوردستان:**

له نێوان سالانی (1908-1914)((تەواوی جەمعییەتە سیاسیە کوردییەکان کەوتنە چالاکییەوە(شێخ سەلام یەکەم کەس بوو پەیوەندی پێوە کردن،ودەستیان کرد بە بڵاوبوونەی وتاری سیاسی ودەیاننارده بارزان ،لەوێشەوە هەوڵدرا شێخەکانی عیراق وسەرۆک عشیرەتەکان رازی بکەن بۆ یارمەتی دانیان ،شێخ سەلامیش پەیوەندی هەبووە بە شێخ "عبدالقادرالنهری"،بەڵام سوڵتاتی ئیتحادی ئەو سەردەمە لەموسڵ بەهەموو شێوەیەک رەتی کردەوە کورد مافی خۆی پێی بدرێ))[1].

هەر نزیک لەو ساڵانەدا له "1908" لەشاری موسڵ پلان دانرا بۆ لەناوبردنی شێخ سەعیدی حەفید ،کە لەسەرچاوەکاندا بە(فیتنەی موسڵ) ناوی هاتووە وشێخ سەعید لەشاری موسڵ شەهید کرا ،پێشتریش کۆمەڵێک رووداو سەری هەڵدا کاریگەری راستەخۆی لەسەر کودستان هەبوو لەوانە: ((له1847بەدرخان بەگی فەرمانڕەوای ئیمارەتە کوردییەکە نیمچە سەربەخۆکەی خۆی بەدەست عوسمانییەکانەوە دا هەروەها 1880دەست پێکردنی شۆڕشە سەرنەکەوتووەکەی شێخ (عوبەیدوڵڵای نەهری ) ،لەجەنگی جیهانی یەکەمیشدا کورد یارمەتی عوسمانییەکانی دا وبڕوای بە بەڵێنەکانیان کرد ))[2].

((لە ساڵی (1919) پاش ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدان بۆشێخ مەحموود دەرچوو، پاشان فەرمانەکە گۆڕا بۆ دە ساڵ زیندانی، لەو سەردەمانەدا بارودۆخی کوردستان دیسانەوە ڕوویان لە گرژی ونائارامی کردەوەوە و دەنگی ناڕەزایی ودیاردەی ڕووبە ڕووبوونەوە و بەرەنگاری کردنی ئینگلیز زۆر لە شوێنەکانی کوردستانی گرتەوە، پرسی گەڕانەوەی شێخی حەفید بۆ وڵات بوو بە خواستێکی جەماوەریی ،بۆیە ئینگلیزەکان درکیان بە مەترسی کرد وپاش سێ ساڵ زیندانی شیخ مەحموود گەڕایەوە سلێمانی ))[3]. ئەوە جگە لە ڕووداو شۆرشەکانی کوردستانی رۆژهەلات ، له هەموویان بەناوبانگتر شۆڕشەکانی "سمکۆ ئاغای شکاک " ، ( کاتێک درکی بە بێ هێزی حکوومەتی ئێران کرد ، هەوڵی دا لە رێگەی هۆزەکەی خۆیەوە لەچەندین جاردا زەپەری بە هێز بەرێتە سەر ئێرانییەکان ، پاش ئەم هەوڵانەشی بیری لە بوونی دەوڵەتی کوردی کردەوە، لە ساڵی 1919 هەوڵی دا ئێنگلیزەکان

هەواڵنامەی کتێب

---

(1) خلیل علی مراد،عبدالفتاح علی البوتانی(د)،صفحات من تاریخ الکرد وکوردستان فی الوثائق العثمانیه ،مطبعه الحاج هاشم ،اربیل،2015،ص46.

(2)مایکل گەنتەر،فەرهەنگی مێژووی کورد ،وەرگێرانی :مامکاک ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر ،2007،ل11.

(3)عومەر عەلی شەریف ،نۆ باس لە مێژووی کورد ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر،2010،ل23.

لە عێراقەوە یارمەتی بدەن ، بەڵام سەرئەنجام هیچیان بۆ نەکرد )[1] ، جگە لە وانەش ڕێککەوتنەکانی لۆزان (1923) ، کە کوردانی تورکیایی تووشی شۆک وبێ هیوابوونێکی گەورە کرد ، چونکە "ئەتاتورک " لە هەموو بەڵێنەکانی پاشگەز بووەو دیسانەوە دەستی کرد بە لە ناوبردنی کوردانی باکوور ، ورێککەوتنامەی سیڤەر لە (1920) ،تەواوی ئەم ڕووداوانە بەگشتی کاریگەریان کردە سەر خەڵکی کوردستان، و بووە هۆی کۆچکردن وبرسێتی وفەوتان ومردن و...هتد لە کارەساتەکان . شاعیرانیش کەلەهەموو باروقۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان غەم وئازاری گەلی کوردیان باس کردووە ،تووشی دەربەدەری وکۆچکردن بوون تەنانەت هەندێکیان نەگەڕانەوە نیشتیمان لەوانە(نالی ،مەولانا خالیدی نەقشەبەندی..) چامەکەی (نالی بۆ سالم)* باشترین بەڵگەی زەبروزەنگی ئەو سەردەمەیە، زاڵبوونی ئەم دیاردەیەش لە ئەدەبدا لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە ،کەبەدرێژایی مێژوو کورد تووشی چەوسانەوەی نەتەوەیی بووەوبەکارهێنانی توندوتیژی وەکو ئایدیاییەک خۆی سەپاندووە بۆ لەناوبردنی کورد، صابریش وەک نالی وئەحمەدی خانی وحاجی قادری کۆیی ،بارودۆخەکانی کورستانی خستۆتە ڕوو ، بەڵام بەزمانێکی سادەتر گوزارشتی لێکردووە وەک بەرهەمێکی هزری ، دژی داگیرکاری وچەوسانەوە خستوویەتیە ڕوو ، باش خاپوور کردنی گوندی شۆریجە ڕوو لە دێلێژە دەکات تاکو داڵدە بدرێت ، (دێلێژە)ش بەوە ناسراوە ،کە مەڵبەندی شێخەکانی تەریقەتی قادری بووە وچەندین شێخی بە ناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە دەڵێت:[0]

منیشی وا زەبوون وعاجز ورووت کردەوە "گێتی"
ئەپاردی مالمی هەپ بزبتون شو بێ وەفا گێتی
کە رووت وسوکی کردم ،مەقسەدی وابوو کە بمهاوێ
بەشاخ ودەربەنی دێلێژە دا بمدا وەیا "خاوێ"**..(د.ص.ل230).

(1)عزیز الحاج (د) ،القضیه الکردیه في العشرینات ، الطبعة الثانیة ، مطبعه الأنتصار ،بغداد، 1985،ص22-23.

*چامەکەی نالی:(مەلا خدری کوڕی مەلا ئەحمەدی شاوەیس)ە ،پاش ئەوەی لەئەنجامی تێکچوونی حوکمڕانیی بابانەکان ، کوردستان بە جێ ئەهێڵێ ، دەچێتە حەج ،پاش گەڕانەوەی لە حەج دەچێتە شام لەوێوە کەف وکوڵی عەشقی نیشتمان لە دڵیدا هەڵدەکوڵی بۆیە لەوێوە لە (43)بەیتی شیعریدا کە بە(قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور...)دەست پێدەکات بۆ سالمی شاعیری دەنێرێ وهەواڵی کوردستانی لێ دەپرسێ،ئەویش بەهەمان شێوە وڵامی دەداتەوە،بڕوانە :دیوانی نالی ،مەلا عبدالکریمی مدرس ،چاپی سێیەم ،کۆری زانیاری ،بەغدا ،1976،ل175.

** خاوێ : گوندێکە لە ناوچەی قەرەداغ ،زیاتر شوێنی گەشت وگوزارە ، بە هەنار بەناوبانگە.

**ج- ئاستی کۆمەڵگا وپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ،بەتەنها ناتوانێت بژیت بۆیە هەوڵی تێکەڵبوون ئەدات تاکو کۆمەڵگاییەک بنیات بنێن ((ئەو مرۆڤانەی پێکەوە دەژین هەڵسوکەوتیان وەک یەک لێدەکەن ،چالاکیەکانیان چالاکی چەند مرۆڤێکن ،کە پێکەوە پەیوەندیان هەیە))[1].

هەرکۆمەڵگایەکیش دابەشی چەند چینێک دەبێت وهەر چینێکیش یاساودەستوری تایبەتیان بەخۆیان هەیە ،کۆمەڵگاش لەو سەردەمەدا خاوەنی ئابوورییەکی خراپ بووە،تاڕادەیەکی زۆر خەڵکی بە هۆی هەژرایییەوە بەردەوام ئەم شوێن وئەو شوێنیان کردووە،زیاتریش سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ بوونە ،ئەوەشی کاری نەکردووە ، وەک کوڕی بەگزادە ودەوڵەمەندەکان خەریکی خوێندەواری بوونە لە حوجرە ، صابری شاعیریش لەو نێوانەدا بووە، کاری کردووە وخوێندوویەتی .

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو زەمانەدا زۆر بەهێز بوون، جیاوازیی نێوان چینەکان زۆر کەم بووە،خەڵکی تاڕادەیەک شێوازی ژیان وبار وگوزەرانیان هاوشێوەی یەک بووە ، تەنیا ئاغاو میرەکان نەبێ ، کەهەموو کات جیاواز بوونە لە خەڵکی ئاسایی ، بۆیە هیچ دەقێکی صابری بەدی ناکرێت باسی جیاوازی چینایەتی بکات (( تەکیە و دیوەخانی صابری هەمیشە ئاوەدان بووە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز بووە لەگەڵ پیاو ماقووڵانی ئەو سەردەمە، بەردەوام میوانداریيانی کردووە لەوانە: شێخ مەحموود، مەلا ئەحمەدی فورقانی ڕۆژبەیانی، سەید ئەحمەدی خانەقا... هتد))[2]، وەک دەیگێڕنەوە : لەگوندی شۆریجە کەس لەبەرامبەر ئەوی تر ساحیب ماڵ و موڵک نەبووە ،صابری وەکو پیاوێکی موسڵمان لە خەمی دین و ژیانی خەڵکدا بووە،بۆیە دەست نیشانی نەخۆشییەکانی کردووە و چارەسەری بۆ داناون، پێی وابووە ئەو هەموو نەخۆشییە کۆمەڵایەتیانە ،لە دەرئەنجامی دوور کەوتنەوە بووە لە پەیڕەو کردنی ئاینی ئیسلام،شاعیر وەک مەلا وپیاوێکی ئاینی بەردەوام بووە لە

(1) پیتەر کلۆس:ئەنترپۆلۆژی کلتووری ،وەرگێڕانی :خلیل محمد شلماشی،چاپی یەکەم ،چاپخانەی بەدرخان ،سلێمانی ،2002،ل48.

(2)مارف خەزنەدار (د) ،مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی پێنجەم ، ل389.

ئامۆژگاریکردن ، ئەوە جگە لە قسەخۆشەکانی ، کە تەکییەو دیوەخانی گەرم وبە جۆشتر کردووە .

لەشوێنیکی تردا باسی سەفەرەکەی دێلێژە دەکات ،کە سەرەرای میوانداری وپێشوازیکردن وخزمەت کردنیان ئیلهامی شیعریان بە جۆشتر کردووە،ئەمەش نیازپاکی ورەوشت چاکی وبەهیزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەمە پیشان دەدات، دەڵێت :

لەپاش فاتیحە خوانی وزیارەت کردن وتەعزیم
وتم یاشێخ (رەزا)ساهیمەتێ شیعرم بکەی تەعلیم
(بحمدالله) ئیتر لەو ساوە کارم شیعر دانانە
کەسێ میوانی سوڵتانە چ باکی ئاوە یا نانە ...(د.ص.ل230).

**تەوەری سێیەم/باری دەروونی شاعیر و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا:**

بەرهەمی ئەدەبی لە گوزارشت کردندا هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەند و پەیامی جیاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە نووسەر بەرهەمەکەی تێدا خستۆتە ڕوو،چونکە وەک دەزانین (ژینگە و سەردەم) دوو پێوەری گرنگن بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبی، (هەر دەقێکیش گوزارشت لە ئەزموونێکی هەستی یان ڕووداوێک ،یان پێویستییەکی دەروونییە،زۆر جاریش ڕەنگدانەوەی هەندێک شێوەی کەسایەتی ئەدیب وکۆمەڵگاکەیەتی ...بنەمای جوانی وئەخلاقی لە خۆ دەگرێت )[1].

لایەنی دەروونی و دەق "تێکست " لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ یەکتر،بۆیە ئەوەی کە ئەدەب دێنێتە بەرهەم بە شێوەیەکی سەرەکی لایەنی دەروونی نووسەرە رۆڵی تێدا دەبینێ ، نووسەریش وەکو هەر بوونەوەرێکی تر بە کۆمەڵێک ئەزموونی خۆش و ناخۆشدا تێدەپەڕێ و کۆمەڵێک بۆشایی لە ژیانیدا ڕوو دەدات، ئەو بۆشاییانەش لە نووسینەکاندا بە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ دەردەکەون ، بۆیە زۆرجار بە شاعیران وتراوە

(1)یاسین الایوبی (د)،فصول في النقد الشعر العربي الحديث ،منشورات اتحاد كتاب العرب ،دمشق 1989،ص21.

شێت (مجنون) گوایە (وشەی (مجنون) لە وشەی (جن)ەوە هاتووە و شاعیر وشە لە جنەوە وەردەگرێ)[1]. بێگومان ئەم جۆرە بۆچوونە لەو ڕەهەندە جیاوازانەوە سەرهەڵدەدات ، کە لەشیعرەکانیدا بوونیان هەیە،هەروەها ژیانی نووسەر و بەسەرهاتە ڕاستەقینەکان دەبنە خاڵی تێڕامان ورەنگدانەوەی دەبێت لە نێو دەقەکان (یۆنگ)* لە تیۆرەکەیدا دەڵێت:((هەر شتێک ئەمڕۆ لەلایەن کەسێکەوە دەوترێت دەشێ لە ئایندەدا هەر خۆی بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی ببێتەوە))[2].صابری وەکو شاعیرێک دەوروبەر بە تەواوی کاری تێکردووە ،هەر ئەزموونێکیش جۆرە وێنەیەکی شیعری هێناوەتە بەرهەم ، لە نێو ئەو وێنانەشدا ئەم چەمکە دەرونییانەی خوارەوە بەدی دەکرێت :

**أ- ململانێ لەگەڵ نەفس:**

لەگەڵ سەرەتایی دروست بوونی مرۆڤایەتی تائەمرۆ بەردەوام نەفس وهزر لە ململانێدان،وشەی نەفس پێش ئەوەی وەک چەمکێکی دەروونی سەیر بکرێت لە ڕووی ئاینییەوە لێکدانەوەی زۆری بۆ دەکرێت ، "الجوینی"پێی وایە :(نەفس واتە رۆح،بەڵام موعتەزیلەکان نەفس بەجەستە لێک ئەدەنەوە)[3] ،هەندێ لە زانایانی ئیسلامیش بەم شیوەیە پێناسەی رۆح دەکەن : ((توخم وماکێکی نادیارو نەبینراو ودانراوە ،کەسەرچاوەی بۆ خودا دەگەڕێتەوە ))[4] کۆمەڵێک زانای ئاینی لەوانە"ابن عباس وسعید بن جبیر"بەڵگە لەقورئان دێننەوە کە (نەفس ورۆح) یەکن (اللە یتوفی الانفس حین موتها والتی لم تمت فی

(1) عزالدین اسماعیل (د) ، التفسیر النفسی للأدب، الطبعة الأولی ،دار غریب للطباعة ،ص19.

*یۆنگ(1865لەدایکبووە):کارڵ گۆستاف یۆنگ لەگەڵ فرۆید "زانای دەروونناسی نەمساوی"وئەدلەر سێکوچکەی سایکۆلۆژیا پێک دێنن،لە سویسرا پزیشکی دەروونی خوێندووە،وپاشان دەبێتە لایەنگری فرۆید ،پاشان بەهۆی جیاوازی تیۆر وبۆچوونەکانیان ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان ،داهێنەری چەمکی (نائاگای کۆ _ اللاشعور الجمعی) یە ،لەکتێبە بەناوبانگەکانی :الاسس الوثنیە للمسیحیە ،علم النفس التحلیلی ..هتد بروانە :الموسوعە الحرە ،مصطفی سویف ،الاسس النفسی للابداع الفنی ،الطبعە الثانیة ،دار المعارف، مصر،ص201.

(2) احسان سابیر سەعید، ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لە دیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیی لە شیعری کوردیدا،گۆڤاری ڕامان، ژمارە 31، ئابی 2011،ل62.

(3)علی زیعور ،مذاهب علم النفس ،دار الاندلس ،بیروت ،ص31.

(4)مەولود ابراهیم حەسەن( د)،گەڕان بەدوای نەمریدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر2002،ل94.

منامها)(الزمر–24)، کەچی لە ئایەتێکی تردا هاتووە : (یا ایتها النفس المطمئنة ارجعی الی ربک راضیة مرضیة)(الفجر–28)، کەواتە نەفس ورۆح دوو چەمکی جیاوازن لەیەک.

لەڕووی دەروون شیکارییەوە چەمکی نەفس بەردەوام لە ژێر پرسیاردا بووە،چونکە دەروونناسی بۆخۆی تێگەیشتنە لە مەغزاکانی ژیان وخاڵە شاراوەکانی ، لەهەمان کاتدا گرنگی دانە بەخودناسی ،هەر مرۆڤێک بیەوێ لە ئاین وودەوروبەر وناخی بگات دەبێت "خۆی بناسێت"ئەم خودناسینە زۆر لەمێژەوەیە سوکرات* جەختی لەسەر کردۆتەوە،چونکە گەلەک جار بەتایبەت لەکاتی نووسینی دەقدا ،نووسەر لە پانتایی نەستدا دەنووسێت ،دەقی وا دەخاتە ڕوو ، کە لەشاکاری ئەدەبی دەچێت، بێگومان شاعیرونووسەر توانای باشتریشی هەیە ،بەڵام شەری نەفس بۆتە هۆی خەفە کردنی تواناکەی ،بێگومان شیعریش بەدەر نییە لە گۆڕانکاری سەردەم وژینگەو هەڵچوونە کاتێکان وەک سینوهە** دەڵێت :مرۆڤ هەرچەندە کەبڵێت خۆم باش دەناسم ،هێشتا هەر بەتەواوەتی خۆی ناناسێ وجاربەجار هەندێ شت دەکات ،کە لە دوای ڕوودانی کارەکەش ناتوانێت بڵێت کە بۆچی دەستی لەو کارە وەرداوە . تێڕوانینی صابری بۆ نەفس هێرش بەرە ،پێی وایە نەفس دەبێتە هۆی یاخیبوون ودوور کەوتنەوە لەخوا وگرتنە بەری ڕێگای شەیتان ،دەڵێت :

صابری نەفسی خەبیس ودز دەستەکی شەیتانی پیس
ڕێوییە گەر تۆ بە شێری صوم بۆی دێیە جیهاد
شێری پیری بەردە سەر نەفسی ڕێوی صابری
گەر تۆ (صیاد)ی بزانە هەم شکار وهەم جیهاد ...(د.ص.ل82).

صابری لەشەڕی نەفسدا شیعری لە پێناو شیعردا نەنووسیوە ،بەڵکو ویستوویەتی ئەو پەیامە بگەیێنێ کە: (بووکی دنیا شوو بە مێردی جاهیل وئەحمەق دەکا) ، واتە شاعیرلە

*سوکرات : (470- 400 پ.ز،فەیلەسوفێکی یۆنانی بەناوبانگە،دامەزرێنەری فەلسەفەی ڕۆژئاوایە ،مامۆستای ئەفلاتۆن بووە ،لە بواری زانستی ئەخلاقدا چالاکی زۆری نوادووە...هتد ،بڕوانە :الموسوعە الحرە.

**سینوهە: پزیشکی تایبەتی فیرعەونەکان بووە ،لەبواری پزیشکیدا زۆر لێهاتوو بووە،لە شاری میسر نیشتەجێ بووە سەردەمی دەگەڕێتەوە بۆ پێش حەزرەتی موسا ولەشاری فییەنا کۆچی دوایی کردووە.

ڕێگەی کوشتنی نەفسەوە دەگاتە پلەی خواناسین، بۆیەدەڵێت: ئەگەر هیز و ئیرادەی مرۆڤ وەک شێر دەرکەوت ،ئەوە بێگومان نەفس ڕێوییەکی ترسنۆکە زوو هەڵدێ ،لە شوێنیکی تریشدا نەفس وەک دووکەڵێکی رەش ناو دەبات :

دودی* نەفسی سوفلە غەم ودەرد وبەلایە
دوربێ لە لەشی نازکی تۆ عەینی بلوری..(د.ص.ل206).

نەفس زۆر جار بەسەر عەقڵ دا زاڵ دەبێت ،ئەمەش پەیوەندی بەلایەنی سایکۆلۆژی وپەروەردەیی ئەو کەسەوە هەیە ،بیگومان وەک شاعیر باسی دەکات هیزی شێری دەوێت بۆ روو بەرووبوونەوەی ،دەنا کۆنترۆڵ کردنی حەزو ئارەزو مەحاڵە.

دەروون شیکاری وەک زانستێک :((میتۆدێکە هەوڵی پەردە لادان دەدا لەسەر واقیعێکی نەستیانەی کەسێک لەکەسەکان ))[1] ئەکەر بەوردی سەیری دیوانی صابری بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکی نەفس لای شاعیر زیاتر پەیوەستە بە تەمەنی گەنجێتیەوە، واتە پێی وایە بە هۆی ئارەزووەکانی نەفسەوە گەنجێتی بە خۆڕا چوو،ئەم سەر زنشت کردنەی نەفس ، بێگومان کومەڵێک پرسیار دروست دەکات ،ئاخۆ صابری گەنجێکی بەد ڕەفتار بووە ،یاخود تەنها مەبەستێتی ترسناکی ئەم قۆناغەمان بۆ بخاتە ڕوو :

غافڵ وغەرقی گوناهم عاسی ونامە سیاهم
روو رەشی دیوانی شاهم عاجزی (یوم التناد)
گورگی نەفسم خستە ناو "اغنام"ی عومری خۆمەوە
ڕەنجەڕۆ خۆم وابەجارێ عومری گەنجیم دا بەباد...(د.ص.ل81).

ئەم شەڕە لای صابری جیهادی ئەکبەرە ،بۆیە ئامۆژگاری نەوەکان دەکات بە تەقوا روو بە ڕووی ببنەوەململانێ لەکەڵ نەفس یان خود لای شاعیران لە ئەنجامی کۆمەڵێک

*دود: واتە دووکەڵی رەش ،بڕوانە :فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کامەران ،سلێمانی ،1974.
(1) ئەریک فرۆم ،هونەری گوێگرتن ،وەرگێرانی :بەهزاد حەوێزی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆشنبیری ،هەولێر ،2011،ل16

خەونی خەفە کراوەوە دیتە دەرخستن ،خەونیش وەک فرۆید*باسیدەکات (دەربڕی هەندێک ناوەڕۆکە،کەسەرچاوەکەیپێشکەوتنی ژیان نییە، بەڵکو زیاتر لە کۆنەوە لە باپیرانەوە لە پێشینانەوە بۆمان ماوەتەوە )[1]، واتە ئەو ململانییە دەروونییەی نەفس هەر لە منداڵییەوە لەگەڵمانە ،هەندێ جار کۆنترۆڵ دەکرێت وجاربەجاریش زیاتر پەرە دەسێنێ ، ئەمەش زیاتر لە نەستدا خۆی حەشار دەدات ، صابری دەستبەرداری گەنجێتی دەبێت و بەرەو پیری دەڕوات ، کەچی هەر شەری نەفس دەکات،ناوهێنانی تەمەنی "پەنجا وهەفتا" ساڵی لای صابری گرنگی خۆی هەیە وای بۆ دەچێ ئیدی رۆیشتن بە دوای حەزو ئارەزووەکاندا تاپۆیە،ئەم بۆچونەش لای گەورە نووسەری ئێرانی "سادقی هیدایەت" ئاماژەی بۆ کراوە بەلام لە دیوێکی نائومێدانەوەیە ،کە دەڵێت :((ژیان لەو دیو پەنجا ساڵییەوە خەڵەفانیکی گەورەیە))[2]، صابریش دەڵێت:

لە رستی خێوەتی تۆ عالەمی شل بوو"تامل"کە
لە ڕەش ماری قیامەت تابەکەی مەغروری رەش ماڵی
حەیاکە"صابری"نەفست بناسە خوا شوناسێکە
لە پەنجا تێپەڕی عومرت لەخۆت وخوا نەبووی حاڵی (د.ص.ل202).

کەواتە شەری نەفس لای شاعیر وەک ئەحمەد شیخ نەجمەدینی کوڕی دەیگێڕێتەوە:بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی بووە ،بە مەبەستی پاککردنەوەی دەروونیان وراستکردنەوەی ڕەوشتیان .

---

*فرۆید: (1856)لە چیکۆسلۆفاکیا هاتۆتە دنیاوە ودایک وباوکی جوو بوونە ،یەکێکە لەناودارترین زانایانی بواری سایکۆلۆژی ،لە 1881بروانامەی بەکالۆریۆس لە پزیشکی وەردەگرێ ،لە 1895کتێبێ بەناوی (لێکۆڵینەوە لە هیستریا )بلاو دەکاتەوە،فرۆید کەسایەتی مرۆڤی دابەش سێ تەوەر کردووە( من ،منی بالا ،ئەو )وخاوەن تیۆرە لەشیکردنەوەی خەونەکان ،دواهەمین کاری تەواو نەکراوەی بریتییە لە(الموجز فی التحلیل النفسی) ،بڕوانە: سیجموند فرۆید،الموجز فی التحلیل النفسی،ترجمە:سامی محمود وعبدالسلام القفاشی ،مکتبە الاسرە ،القاهرە_ 2000،ص9_19.

(1) سیجموند فرۆید،الموجز فی التحلیل النفسی ،ترجمە:سامی محمود وعبد السلام القفاشی ،ص55.

(2) زمناکۆ برهان قانع،سادقی هیدایەت لەناو تۆڕی عەنکەبوتدا،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی ،2007،ل3.

**ب– نامۆیی :**

نامۆیی: یەکێکە لەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی کە لەمێژەوە بوونی هەیە، بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری لە پشتەوەیە، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا : (لاتینییە لە زمانی عەرەبی بە واتای "اغتراب"دێت لە زمانی لاتینیش بەمانای داماڵین یان لابردن دێت .

ئەریک فرۆم *پێی وایە نامۆیی :جۆرێکە لە تاقیکردنەوە،کە تێدا مرۆڤ وەک کەسێکی نامۆ لەگەڵ خۆی ودەورووبەرەکەیدا دەردەکەوێت )[1] ئەمەش نامۆ

بوونی مرۆڤە لەخودی خۆی ،ئەمەش لەخۆیەوە دروست نابێت بەڵکو (( لە ئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێت، لەوانە: هەژاری و لێقەومان و کارەساتی دڵتەزێن و نەبوونی هێز و پاڵپشت، چارەسەر نەکردنی گرفتەکانی ژیان بەشێوەیەک تاک هەست بکا پشت گوێ خراوەو هیچ بەها و نرخێکی لە ژیاندا نییە))[2]، لای فرۆیدیش (( نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندەی کە لە پێوەر و یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و لەسەر چالاکیە غەریزەیی و بایەلۆژیەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مادییەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ، ئەم نامۆبوونە لە سەرەتای منداڵیەوە دەست پێدەکات))[3].

نامۆیی جگە لە ڕووە سایکۆلۆژیەکەی دەشێت زۆر ڕاڤەی دیکەشی وەک دوورکەتنەوە لە وڵات جۆرێکە لە نامۆیی بەڵام لەبەر زۆری پێناسە و بۆچوونەکان ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی تردا ماناکانی تێکەڵ دەبن لەوانە: (( دابڕان لە کۆمەڵ، گۆشەگیری و ڕەشبینی، دابڕان لە خودا، دابڕان لەو بارودۆخەی کۆمەڵی تێدا دەژی، بێ توانایی، بێ

*ئەریک فرۆم ):1900_1980) زاناوفەیلەسوفێکی ئەڵمانییە لە شاری فرانکفۆرت لەدایک بووە پاشان چۆتە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ خوێندنی زانستەکانی کۆمەڵایەتی وفەلسەفی ودەروونی ،لە بەرهەمەکانی (الهروب من الحرية ،التحليل النفسى والدين ،اللغه المنسية ،رسالة سيجموند فرۆيد ،ازمه التحليل النفسى ،تشريح نزوع الانسان الى التدمير.بروانە :الموسوعه الحره .

(1)حسن محمد حسن (د)،الاغتراب عند أريک فرۆم ،الطبعه الاولى ،المؤسسات الجامعيه للنشر ،بيروت ،1995،ص37.

(2)کەریم شەریف قەرەچەتانی (د) ،نەخۆشی وگرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکان،چاپی دووەم،چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی ل18.

(3) محمد صالح عبدالرحمن، نامۆیی لە شیعرەکانی (ڕۆستەم باجەلان)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر، 2000، ل9.

ئاگـایی، هەسـتکردن بەوەی سـەر بە هـیچ لایەنێـک نـیە))[1].هەروەهـا (مـارکس)*یش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێکی دەداتەوە ، بەتایبەت لە کێبڕکێ وململانی نێوان چینەکان.

لە فەرهەنگـی دەروونناسـیدا بەم شـێوەیە بـاس لە نـامۆیی کـراوە: ((ئەم زاراوەیە بە مانـای نـامۆبوونە لە خـود وسـنوری تـاک دیـاری ئەکـات بـۆ هـۆگری لەگەڵ کەسـانی تـردا، وشـەی نـامۆیی لە یەک مانـا زیـاتری هەیە لە بـواری فەلسـەفە بەتـایبەتی لای مـارکس))[2]. کەواتە ئەم پێناسەیە نامۆبوونی مرۆڤ لەخودی خۆی دەگەێنێ ، واتە شاعیر هەست دەکات نـامۆیە بە بیـر و کـردەوەی خـۆی ئەمەش دیسـانەوە پەیوەسـتە بە لایەنـی نەسـتەوە ،چـونکە شاعیران زۆر جـار دەسـت بـۆ دەقـی وادەبەن،پاشـان پاشـگەز دەبـنەوە لیێ ئەمەش بێگومـان کارتێکردنی بارودۆخ وسەردەمە.ئەم حاڵەتە دەروونییە وەک هەر کردارێکی تر وایە، نـامۆیی جۆری زۆرە لەوانە ((نامۆیی سنوری جوگرافی، نامۆیی سیاسی، نـامۆیی سروشـتی، نـامۆیی ڕۆشـنبیری، نـامۆیی خـودی، نـامۆیی ئـاینی ... هتـد))[3] ،بـۆیە هەر دەقێـک کە دەنووسـرێت لایەنێک لە فراوانی ژیـان وڕەهەنـدەکانی دەگـرێتەوە ،زۆر جـار تـاکە هۆکـارێک کـار لەشـاعیر دەکـات کە نـامۆ بێـت چ لە ڕووی تیـۆرییەوە یـاخودلەڕووی پـراکتیکییەوە بێـت ، لەنێـو ئەم هەمـوو جـۆرە نـامۆییەدا دەبێـت شـیعرەکانی صـــابری ڕەنـگ و بـۆنی کـام جۆریـــانی هەڵگرتبێ؟بڵێ هەژاری وبێزاری دەورووبەری وایلێکردبێ ،یان هەست کردن بە کەمێتی ،یا ویستویەتی ژیان وەک مەنفایەک بۆ سۆفی وپیاوانی ئاینی پیشان بدات چونکە ((شیعر تەنیا

---

(1) شیرین سەعید، نامۆیی لای شێرکۆ بێکەس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2011، ل8.

*مارکس :(کارل هینریش مـارکس 1818_1883) فەیلەسـوف وخـاوەنی تیۆری مارکسـیزم وسۆشیالیسـتی جیهانییە ،لە ئەڵمانیا لە دایک بووە ،سەرەتا خانەوادەکەی جوو دەبن ،بەلام دواتر لە 1824دەبنە مەسـیحی برۆتستانتی ،مارکس کاریگەری هیگڵی لەسەر بووە ،لە زانکۆی بۆن وبرلین لەگەل ئانگلس دا خوێندوویەتی ،لە1848 مانەفێستی حیزبی شیوعییان بڵاوکردەوە،لە بەرهەمەکان (بؤس الفلسفە وراس المـال )،بڕوانە:عبد الوهـاب الکیـالی و کامـل زهیـری ،الموسـوعە السیاسـیە ،الطـبعە الاولـی ،المؤسسـە العربیـة للنشـر ،بیـروت ،1974،ص475.

(2)عبدالستار تاهر شەریف(د)، قاموسی دەروونناسی، چاپی یەکەم ،مطبعە علاء الوزیریە، ، 1985، ل22.

(3)هـاوژین صـلێوە(د)، ڕەهەنـدی دەروونـی لە شـیعرەکانی لەتیـف هەڵـمەت دا،چـاپی یەکەم،چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، ل49.

گوزارشــت کــردن نییه لە خــودی تــاکە کەســی بەرهەم هــێن ،بەڵکــو هەوڵدانیشــە بــۆ دوور کەوتنەوە لە خــودی ئەو تــاکە کەســە ))[1]،یــان بۆچــوونەکەی "مــحەمەد فەریــق حەســــەنە" کە دەڵێــت: ((ســەختترین نــامۆیی ئەو جۆرەیــانە کاتێــک تــاکی داهێــنەر لە وڵاتــی خۆیــدا تووشــی دەبێ))[2]، بۆیە لەرێگەی دەقەکانەوە نـامۆیی وجۆرەکانی دەخەینە ڕوو، شـاعیر لە زۆربەی دەقەکاندا جۆرە نـامۆییەکی لەشـێوەی پرسـیاردا بەرامبەر بەخـۆی هەیە ،کەتـاکەی سـەرقاڵی خۆشییەکانی دنیا دەبێت ،لەکاتێکدا وا تەمەن تەواو بوو وعیبادەتیشی لەدەست چوو:

بێ بەلآبی حەز لەیاری وکۆمەڵی ئەغیار ئەکەی
بۆ گروهی خۆشەویستت جارێکی ناکەی هەوەس
"صابری"تەعمیری نەقشی خانو مانو تابەکەی
کێوی عومر ودین ئەوا هەردووک هێنایان هەرەس .(د.ص.ل102) .

شاعیر وەک سۆفییەک تێڕوانینی جیاوازی بۆ دنیا هەبووە ، لەو ئێمەیە دادەبڕێت کە کۆمەڵگایە وبەدوای ئێمەیەکی نوێدا دەگەڕێت ،لەوێوە کۆمەڵێک دروست دەبێت ،کە لەگەڵ بیرو ڕای ئەودا بگونجێ ، تەواو وەک بۆچـوونەکەی (د.دڵشـاد عەلی):((جیـابوونەوەی مـن لە ئێمە درووست بوونی ئێمەیەکی نوێ یە ))[3] ، ئەمەش لە ئەنجامی نەهامەتییەکانی ژیانەوە سەرهەڵدەدات ،بۆیە ژیان لای صابری "دار الفانی"یە وشوێنی ماندوو بـوونی رۆحە ومـرۆڤ تێدا نامۆیەکە وهیچی تر، دەڵێت :

لەزەتی دونیا هەموو زەهراویە سەر تا قەدەم
"صابری"خۆت لادە گەر بو بە خاوانی "متاع"(د.ص.ل12) .

لە ئەنجــامی قورســی و ئاڵۆزیەکــانی ژیــان و پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــا و زانســت و زانیــاری، هەروەهــا ســەرقاڵ بــوونی مــرۆڤ بە شــتە مادییەکــان و دوورکەتــنەوەی لە بەهــا مەعنەوییەکـان،ئەمە وایکـردووە مـرۆڤ تووشـی جۆرێـک لە جۆرەکـانی نـامۆیی بێـت، بـۆیە

---

(1)عەتــا قەرەداغــی ،گەران بەدوای شــیعرو شــیعریەتدا ،چــاپی یەکەم ،چاپخــانەی شــڤان ،ســلێمانی ،2009،ل338.

(2)محمد فەریق حەسەن،هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر ،2008، ل43.

(3)دڵشــاد عەلــی (.د) ،گــۆران ، داهێنــان ونوێخــوازی ،گۆڤــاری زانکــۆی ســلێمانی ،ژمــارە 20،بەشــی ""B،2007،ل34.

ناکرێت سنورێک بۆ جۆرەکانی نامۆیی دابنرێت، ئێمە لێرەدا ئەو جۆرانە دەخەینە ڕوو کە کەم وزۆر لە شیعرەکانی صابری دا بوونیان هەیە، ئەوانیش:

**1- نامۆیی خودی :** ئەم جۆرە نامۆبوونە ڕێژەیەکی زۆر لەشاعیران وکەسانی ئاسایی تووشی دەبن "هیدجر"لەپێناسەی ئەم جۆرەنامۆبوونەدا دەڵێت:(ئەم جۆرە نامۆییە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات ،جۆرێک لە خۆ گێل کردن لە راستییەکانی بوون دەخولقێنێ)[1]، کەواتە مەبەست لێی لەدەستدانی خودە. نامۆیی خود کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتەوەیە، کێشەی دەروونی و نالەباری ژیان وهەژاری وتەنیایی ودوور کەوتنەوە لەیار ...هتد،صابری لەیەک کاتدا دووری لەیار ونالەباری ژیان لەوێنەیەکدا دەخاتە ڕوو:

یارەکەم مەیلی رەفیقی ناکەس وئەغیار ئەکا
ئەی دریغا ئارەزوو ناکا ببێتە یاری کەس
دائما کونجی دەروونم پڕ لەخاری بێ گوڵە
قەت بەدەستی خۆمەوە نەمدی گوڵی بێ خارو خەس..(د.ص.ل 101)

**2- نامۆیی جوگرافی:**ئەم جۆرە زیاتر لای ئەو شاعیرانەوە نووسراوە کە بەتەواوەتی نیشتمانیان بە جێهێشتوە وەک "نالی" واتە گواستنەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە یان لە شارێکەوە بۆ شارێک و شوێنێکی دیکە بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی نوێدا، یان هەندێ جار نووسەر لەخاک ونیشتمانی خۆیەتی وهەست بەتەنهایی دەکات وەک ئەوەی بەند کراو بێت لە نێو نیشتمانەکەیدا. صابری وەک پێشتر باسمان لێکرد لە چینی هەژاران بووەوسەرقاڵی کشت وکاڵ بووە بۆیە سەفەری هیچ شوێن وڵاتێکی نەکردووە بۆیە ئەم جۆرە لای صابری بەدی ناکرێت بەتەواوەتی بەڵام لە چەند دەقێکدا نیشتمانەکەی وەک زیندان دەشوبهێنێ، دەڵێت :

بولبول وگوڵ وشەمع وپەروانەهەموویان پێکەوەن
من وەکو یوسف بەتەنها حەپسی زیندان ئەی درێغ

---

(1)زکریا ابراهیم ،دراسات فی الفلسفة المعاصرة ، الجزو الاول ،الطبعه الاولی ،مکتبه مصر ،1968،ص436-441.

دڵ بە دوتا هات چاودێری کە یا بینێرەوە
بانەفەوتێ میحنەتی کێشاوە بۆمان ئەی دریغ ..(د.ص.ل121).

**3- نامۆیی ئاینی**- سۆفیگەرێتی :ئەم جۆرە وەک لە ناوەکەیەوە دیارە تایبەتە بەپیاوانی ئاینی و سۆفیەکان، چونکە ئەوان لە پانتایی وفراوانی ژیاندا ،هەست بە تەنهایی دەکەن،هەست دەکەن ، کە دونیا خەراباتێکە و شوێنی ئەبەدی و حەوانەوەی مرۆڤ نیە،تەواو وەک مەحوی دەڵێت :(شوکر هوشیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە...) ، کەواتە ژیان لای سۆفییەکان تەنها جێگای مەست بوونە (( سۆفی کە ڕێگەی پاککردنەوەی دەروون دەگرێتە بەر، مەبەستی ئەوەیە لەو واقیعە بترازێ کە لێی نامۆ بووە و دەیەوێ بگاتە جیهانێکی نمونەیی و پەیوەندی لەگەڵ خودایا ببەستێت))[1] سۆفییەکان بۆ ئەم مەبەستە خەڵوەت دەکەنە جێگای حەوانەوەو عیبادتوزیکر وپەیوەندی کردن بە خوداوە ، ئیتر لەوێوە جیهانێکی تایبەتی دەست پێدەکات، وەک دەروێشەکانی تەریقەتی قادری دەیگێڕنەوە :شیخ "کەریمی کەسنەزان "ماوەی چل ساڵ لە خەڵوەتگە بووە،ئەم جۆرە نامۆیە لەسەر پەیوەندی نێوان عاشق ومەعشوق دروست دەبێت ، واتە گەورە سۆفییەکان تەنها لە پێناو مەعشوقی گەورەدا وادەکەن .

صابریش کە خۆی سەر بەتەریقەتی قادرییە ،هەوڵی داوە لە میانی خواپەرستی وزیکرەوە ڕێگەی پاک کردنەوەی دەروون بدۆزێتەوە،لەم بارەیەوە (د. لەتیف سەعید بەرزنجی ) بۆی گێڕاینەوە :لە خوارووی دێ شۆریجە صابری کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکە کردبوو ،هەموو ئێوارەیەک تا دەمەو مەغریب لەسەری دادەنیشت،ئەم حاڵەتی تەنیاییەش لە خۆیدا تێفکرینە لە مەعشوق:

(صابری) عومرت بە زایع دا ئیتر وریابە
عومری ڕابردوو قەزاکە بێرە سەر ڕێگەی ڕەشاد
صابری دنیا لەتۆ بێزارە ئەمما مەیلی تۆ
هەر لەسەر ئەوە ماوە بۆیە ناگری ڕێگەی رەشاد(د.ص.ل83).

(1) ابراهیم احمد شوان (د) ،نامۆیی لە شیعرەکانی مەحویدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە 30، ل8.

لێرەدا صابری گفتوگۆ لەگەڵ خود دەکات ،کە بگەڕێتەوە و رێگەی خۆاپەرستی بگرێتەبەر ودەستبەرداری ئارەزووەکان بێت ،چونکە دنیاش لە شاعیر بێ مەیل وبێزار بووە،بۆیە دەتوانین بڵێین نامۆیی لای صابری زیاتر حاڵێتکی ڕووحی و سۆفیگەرانەیە،گرنگترین دیاردەکانی نامۆیی سۆفیش ئەمانەن:

((أ: نامۆیی زمانی سۆفیانە(رمز)، کە لە ناو ڕەهایی دا نوقم و فانی بووە ناتوانێ ئەوەی بۆی دەردەکەوێ دەری ببڕێت و وەسفی بکات.
ب:نامۆبوونی سۆفیانە،ناسینی سۆفیانەی ڕاستەقینە لە ڕێگە چەشتن و فووی خواییەوە دەبێ، سۆفیەکان پێیان وایە ناسینی خوا و بوونەوەرانی دیکە شتێکە دەخرێتە دەروونەوە.
ج: نامۆیی زەمانی سۆفی سۆفیەکان لایان وایە زەمان کاتێکی سەردەمییە))[1].

زاراوەی ژیان،کەهەمیشە ڕەمزێکە بۆ ئاسوودەیی و خۆشبەختی مرۆڤەکان و گونجاندنیان بەڵام زۆربەی شاعیران تەبا نین لەکەڵ ژیاندا ،هەمیشە بۆ کونجێک دەگەڕێن یەکیان خاتەوە،صابری دەڵێت :

گەر دەپرسی سەبەب وحیکمەتی ئەم بێ خەوییە
سەفەرو سوننەتی ئەو ماە رووە شەو ڕەوییە
حەز ئەکەی تێ بگەی لەزەتی شەو بێداری
لەهەموو لەزەتی دونیا کە جیایی ئەوی یە
لە شەڕ وفیتنەی نەفست مەبە ئەمین وەکو مار
لەملی هەرکەسێ ئاڵا سەری خووارو نەوی یە ..(د.ص.ل189).

کەواتە نامۆیی ئاینی سۆفیگەری لای شاعیر وەک حاڵەتێکی رووحی وایە ،کە تیایدا شاعیر بیزاری خۆی لە دنیای فانی رادەگەیەنێت .

**ج- ڕەشبینی:**

**ڕەشبینی** : یەکێکی ترە لەو کێشە دەروونیانەی کە لە قۆناغێکی ژیاندا تووشی مرۆڤ دەبێت، وا دەکات مرۆڤ تەواوی شتە جوانەکانی دنیا بە ڕەشبینی ببینێت و هەست بە ناخۆشی بکات، ئەمەش لای شاعیران زیاتر بەدی دەکرێت چونکە ئەوان زیاتر درک بە

(1) ابراهیم احمد شوان(د)، مەحوینامە، چاپی دووەم ، چاپخانەی منارە، هەلێر، 2010 ، ل131.

ناخۆشـی وئازارەکـان دەکەن ،لە فەرهەنگـی دەروونناسـیدا هـاتووە: ((ڕەشـبینی هەڵوێسـتێکە بەرامبەر ژیان، فەلسەی ژیان وا دەرئەبڕێ لەلایەن ئەو کەسەی وا ڕەشبینە کەوا باشتر وایە تاک نەبوایە و نەبوونی باشترە لە هەبوونی، هەروەها وا سەیری ژیـان ئەکەن کە مـرۆڤ بـۆ نـاڕەحەتی و ئـازار چەشـتن هـاتۆتە دنیـاوە، ئەم بۆچـوونە بە فەلسـەفەی (شـوپنهاوەر)* دادەنرێت))[1].کەواتە ئەم هەستی ڕەشبینیە کۆمەڵێک پاڵنەری لەپشتە، زۆرجار مرۆڤ بەرەو

تەنیـایی و گۆشـەگیری دەبـات، "هـانی سـلێمان "یـش دەڵێـت:(( ڕەشـبینی بـریتیە لە کێشـەی هزری، ئەویش بەوەی لایەنی خراپی هەمـوو شتێک وەردەگرێت، جگە لەو باسـی هیچـی تـر ناکـات، ئەمەش یەکێکە لەو حاڵەتـانەی بەرەو ڕووی دەروونـی مـرۆڤ دەبێتەوە))[2]واتە ئەم هەستە پەیوەندی بەلایەنـی بیرکردنەوەی تـاکەوە هەیە کۆمەڵێک پـاڵنەری ئـابووری و ئـاینی وسۆزداری لەپشتەوەیە ((شـاعیریش مرۆڤێکـی هەسـت ناسـکە و ئەو ڕەشـبینیانەی ژیـانی لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە))[3]،ئەم حاڵەتە دەروونییە زۆرجار مرۆڤ بەرەو تەنیایی و

گۆشـەگیری دەبـات و هەوڵـی جیـا بـوونەوەی دەدات لەکۆمەڵگـا، تەنـانەت دەگـاتە حـاڵەتی

خۆکوشـتن ،ئەمەش زیـاتر لە ئەنجـامی بێهیوابـوون لە ژیـان ونەداری ونـاهەمواریيەوە بەرپـا

دەبێـت ،ئەم گـرفتە دەروونیـیەش تـایبەت نیـیە بەچینێـک بەڵکـو تەواوی چینەکـانی کـۆمەڵ

ئەگەری تووشبوونیان بەم حاڵەتە هەیە ، هەر لەم بارەیەوە صابری دەڵێت:

(صابری) ڕۆژ و شەوێ خۆشی لە عومری خۆی نەدی
بەزمی ڕۆژی ناڵە ناڵە ئەشکی چاوی شەو چەرەس
(صابری)دونیا پەرستی ونەوجوانی تا بەکەی
غافڵی تا کێوی عومرت ناگەهان دێنێ هەرەس.(د.ص.ل103).

لێرەدا شاعیر سەبارەت بەناهەمواری وناتەبایی بوونی لەگەڵ ژیـان ئەدوێ ،کە شـەو و ڕۆژی وەک یەک بەئازارەوە بەسەر بردووە ،بێ ئەوەی تروسکاییەکی تێدا بەدی کردبێت ،

---

*شـوبنهاوەر : (1788- 1860) فەیلەسـوفێکی ئەڵمـانییە ،ناسـراوە بە ڕەشـبینی ،لە زانکـۆی بەرلـین وانەی وتۆتەوە،لە بۆچوونەکانیدا دژی ئافرەتـان بووە بەتـایبەت دایکی ،خـاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمە ،لەوانە:(الادارە فی الطبیعە ،اسس الزام الاخلاقی ،الحواشی والبواقی ).بڕوانە: الموسوعە الحرە.

(1)عبدالستار تاهر شەریف(د)، قامووسی دەروونناسی، ل155.

(2) هـانی سـلێمان(د)، دەروونزانـی گشـتی،وەرگێڕانی ئامـانج محمـد، چـاپی سـێیەم، چاپخـانە کـارۆ، 2011،ل150.

(3)هاوژین صلێوە(د) ،ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا،ل111.

خەم وئازار جێگیر بووە بەسەر کات و ژیانی صابریدا ، بۆیە (پێکەوە هاتنی ژیان ومردن لەیەک کاتدا ،پارادۆکسی هەستی ناوەوە و دەرەوەی شاعیر دەردەخات ، ئەم پارادۆکسە تەنها بەزارەکی نییە بەڵکو پارادۆکسێکە لە بوون وژیانی تاک دا سەر هەڵدەدات)[1]ڕەشبینی شاعیر گەیشتۆتە ڕادەیەک پەشیمان بێت لە ژیانی ڕابردووی ،واتە ڕەشبینیەکەی تەنها پەیوەست نییە بەئایندەوە، بەڵکو لە تەمەنی پێشوش پەشیمانە ، دەگاتە ڕادەیەک کە مردنی بە لاوە خۆشترو باشتر بێت، مردنیش وەک دەزانین واتە کۆتایی هاتن بە هەموو شتەکان،دەڵێت :

دەردەدارو بێ دەوا خۆم تابعی نەفس وهەوا خۆم
موستەحەقم بێ کەوا خۆم کردە جەوتی بەد نەژاد
چوو بەزایە گەنجی عومرم لەم مەراقە چاکە بمرم
ڕۆژ ئەڵێی سەرخۆشی خەمرم شەو لە خەودا وەک جەماد(د.ص.ل80).

مەرج نییە ڕەشبینی (صابری) پەیوەندی بە نەدارییەوە هەبێت، بەڵکو زۆر جارکۆمەڵێک ئازاری ڕووحی لە پشتەوەیە، بۆیە لێرەدا ڕاستەوخۆ ڕەشبینییەکەی ناخاتە ڕوو بەڵکو لە میانی کۆمەڵێک وێنەی ژەهراوییەوە ئەو حاڵەتە دەخاتە ڕوو،صابری یارەکەی وەک لوقمانی حەکیم دەشوبهێنێ کە چارەسەری ئازاری لایە ،بەڵام یار چارەی نەکردوو وتەمەنی کۆتایی هات،پاشان داوای لێدەکات دوای مردنی ئەشکی خوێنی بۆ نەڕێژێت،چونکە ئەو گریانە تەنها دڕک ودالّی پێ سەوز دەبێ ،دەڵێت:

ئەی تۆ لوقمانی حەکیم و من نەخۆش وبێ هەوەس
بۆ خودا چارەت نەکردم وا عیلاجم چوو لەدەس
ڕۆژی شینم دێیە سەر قەبرم ئەڕێژی ئەشکی سوور
فائیدەی چی کێلی قەبرم تەڕ بکەی یا خار وخەس .(د.ص.ل102).

(1) عبده بدوی(د) ،قضايا حول الشعر ،الجزء الاول ،مطبعةذات السلاسل ،الكويت ،1986،ص25.

**د-خەمۆکی:**

خەم و ناخۆشـییەکان لە هەمـوو سـەردەمێکدا بوونیـان هەیە، شـاعیریش مرۆڤێکـی هەستیارە ،بۆیە لە هەموو کەس زیاتر ڕووبەڕووی ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمە دەبێتەوە، لە ئـەنجامی ئـەو حـاڵەتە دەروونـیە کۆمەڵێک کاردانـەوە پەیدا دەبێت. لـە پێناسـەی خەمۆکیدا هاتووە:((خەمۆکی(depression) جۆرە کێشەیەکی دەروونیە کە کاریگەری توندی لەسـەر چۆنێتی بیرکردنەوە و چۆنێتی هەڵس و کەوت کردن دەبێت، ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی حـەز بە گۆشەگیری بکات))[1]. ئەم هەسـتە دەروونییە تایبەت نییـە بـە چینێک یاخود بە قۆناغێک لە قۆناغەکـان بەڵکو هەمـوو کەس دەگـرێتەوە ، بەپێـی ژیـان وگـوزەران وئیـرادەی مرۆڤەکان .

کاتێک (صـابری) ئەبینێ وڵاتەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بەڕێوە دەبرێت، کێشـەی نەخوێندەواری و هەژاری سەری هەڵداوەو ڕۆژ بەرۆژ ژیان بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت ، هەست بەئازار وخەمێکی گەورە دەکات . ئەو بارە دەروونییەی شاعیر تێدا دەقەکانی نووسیوە ، بە ڕووداوە تاڵەکانی ناوچەکە وشارەکەیدا تێپەڕیوە ، چونکە وەک لە زۆربەی سـەرچاوەکاندا هـاتووە صـابری کابرایـەکی خـەمخۆری نەتەوەکەی بووە.

د.هـاوژین صـلێوە (خەمـۆکی) دەگەڕێنێتـەوە بـۆ کۆمەڵێـک هۆکـار ، لەوانە :((هەسـت کـردن بە خەمـی زۆر و بیرکـردنەوەی ڕەشـبینی وبیرکـردنەوە لە مـردن، لە دەسـتدانی چێـژ وەرگرتن لە شتە خۆشەکانی دونیا وزیاتر قووڵبوونەوە لەشتە ناخۆشەکان ،بەخۆداشکانەوە و گۆشـەگیری و هەسـت کـردن بە نـامۆیی، هەروەهـا کەم خەوی یـان زۆر خەوی، هەسـت کـردن بە تـاوان و لـۆمەکردنی دەروون))[2].بۆیـــە خـــەم وئـــازار لـــە دیوانـــی شـاعیـــردا پانتاییەکی زۆری گرتووەچونکە صابری مرۆڤێکی هەست ناسک بووە ولەهەموو کەس زیاتر هەستی بە بار قورسی کردووە،خەمۆکی زیاتر وەک نەخۆشییەکی دەروونی بـاس دەکرێت ، بەڵام خەم دەشـێت بەرۆکـی هەمـوو کەس بگرێـت ،کە زیـادی کـرد دەبێـت بە خەمـوکی ،

---

.www. webteb.com(1)

(2) هاوژین صلیوە(د)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، ل171.

شیعرەکانی صابریش زۆر جار تەعبیر لە خەمێکی قووڵ دەکات ،بەڵام ئەو خەمە نەخۆشی نییە تاکو لە کۆمەڵگا داببڕێت ،لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دووری ونزیکی لەیار،بوون ونەبوون هەمووی بەلایەوە ئازار بەخشن ،تا دەگاتە ئەوەی بڵێ ژیان بەتەواوەتی خۆشی تێدا نەماوە:

بەخودا هەر غەم وئازارە چ دوور وچ نزیک
هەردوو هەر قاتلی دوڕاجە چ شاهێن وچ باز

وەکو دونیا غەم وئازارە چ بوون وچ نەبوون
مار هەر ماری زەهرداره چ کۆتا وچ دراز...(د.ص.ل91).

شوبنهاوەر پێی وایە :(پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان هونەر وژیاندا ،شیعریش بۆ خۆی راستگۆترین وێنە دەکێشێ بۆ مرۆڤەکان خەم وئازارەکانیش لوتکەی داهێنانی شیعری دەخولقێنن )[1] خەم لای سۆفیەکان روخسارێکی تریش دەنوێنی ،خەمی عابد وسۆفییەکان لە کەمتەرخەمی خواپەرستییەوە سەرهەڵدەدات ،صابری سەرزنشتی رەفتارەکانی خۆی کردووە ،تاکو لەوێوە بگاتە قۆناغی پاکبوونەوەی دەروون(کاثرسس)*ئەم چەمکەش (ئەرستۆ)** زۆر لە مێژەوە باسی لێکردووە و بە مەبەستی حەقیقی شیعر نووسین ناوی بردووە ، بۆیەزۆر جار وشەی "لەیلا" کە وشەی زاهید وسۆفییەکانە ،دەبێتەرەمزی مەعشوق لەوێشەوە عاشق خەم و ئازارە پەنگ خواردووەکانی بۆ مەعشوق دەردەبرێت .
لێرەدا صابری لەرێگەی هاوار وقورپێوان وگەڕان بەسەحرادا ئەو خەمانە دەگێڕێتەوە، کە لەرۆژی ئەزەلەوە بۆی نووسراوە،لەسەرەتایی دێردا باسی یار هاتووە کە خەمەکانی هێندە قووڵە ، مەگەر لە نێو بیابانەکاندا جێگەی بێتەوە،ئەمەش زیاتر خەمی عیشقێکی حەقیقییە، کە بە(الحب الالهی )[2]لێک دەدرێتەوە،دەڵێت :

---

(1)مصطفى سويف (د)،الاسس النفسيه للابداع الفنى،الطبعة الثانية ،دار المعارف ،مصر 1959،ص35.
*کاثرسس: مەبەست لە پاکبوونەوەیە ،پاکبوونەوەی دەروون لەدوو سۆزی ترس وبەزەیی ،بەهۆی پیشاندانی کاری تراژیدییەوە ،بەزەیی بەرامبەر کەسانێک کە تووشی بەڵا دەبن وشایەن نین ،ترسیش ئەو سۆزەیە بەرامبەر کەسێکی وەک خۆمان درکی پێدەکەین ،ئەم چەمکە لای ئەرستۆ پەرەی سەند.بڕوانە :مصطفى سويف(.د)،الاسس النفسيه للابداع الفنى ،ص34.
** ئەرستۆ:ئەرستۆ تالیس (384–322 پ.ز ) لە شاری مەکدۆنیا لە دایک بووە ،فەیلەسوفێکی یونانییە ،قوتابی ئەفلاتۆن بووە،ومامۆستای ئەسکەندەری گەورە بووە ،لەزۆربەی بوارەکاندا بەرهەمی هەبووە(فیزیا ، میتافیزیکا ،لۆژیک ،سیاسە ،رەوانبێژی ..هتد)،بە یەکێک لەدامەزرێنەرانی فەلسەفەی رۆژئاوایی دادەنرێت ، ماوەی بیست ساڵ لە ئەکادیمیا ماوەتەوە.بڕوانە:الموسوعە الحره.
(2)مارف خەزنەدار (د)،مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی سێیەم ،چاپخانەی ئاراس 2005، ل167.

له بەر دەرد و غەمی یارم نەخۆش و خانە بێزارم
وەکــو مەجنون دڵــم بۆ چۆڵ و سەحـرا هەڵخرا
خودا ڕۆژی ئەزەل گریان و قوڕپێوانی پێ بەخشیم
بە ئەمری حـــەق وجـودم هەڵنەکێشم چی بکـەم
قەڵەم رۆژی ئەزەل بۆ ئێمە هەر دەردو غەمی نوسی
هەموو رۆژ گەر نەناڵێنم لە ناو خاک وقوڕا چی بکەم .(د.ص.ل145).

کەواتە لایەنـــی دەروونـــی ڕۆڵێکـــی بەرچـــاوی هەیە ، لە دەرخســـتنی تەواوی ئەو نهێنیانەی لە دڵی نووسەراندایە، بۆیە ڕەهەندە دەروونییەکان پەیوەندییەکی بەردەوامیان لە گەڵ ئەدەبیاتدا هەیە، بە تایبەت لە گەڵ شیعردا ، چونکە ئەم ڕەگەزە زیاتر هەست وسۆز و جۆش و خرۆشان و ناڵە و فوغان زاڵە بەسەریدا .

## بەشی دووەم

# بنیاتی هزری لەشیعرەکانی صابری دا

### تەوەری یەکەم :هزری کۆمەڵایەتی:

أ- هـزری کـۆمەڵایەتی :ڕووداوەکـانی نێـو کۆمەڵگـا بەشـێکن لە وێـنەی دەقە شـیعرییەکان، چونکە ئەدەب پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگاوە هەیە،هەروەها بە گشتی هـزری هەر شـــاعیرێکیش هەڵگـــری خـــوو ڕەوشـــتی کۆمەڵگـــاکەیەتی، ئەدەب کە بەشـــێکە لە(سـەرخانی)*هەرکۆمەڵگایەک (چەکێـک بـووە لە نێـو چینەکـانی کۆمەڵـدا دژی دەسـەڵات وداگیرکاری وزوڵم وزۆر بەکارهاتووە)[1].

لە پێناسـەی کۆمەڵناسـیدا هـاتووە :((یەکـێکە لە لقەکـانی زانسـتە کۆمەڵایەتیەکـان کە گروپ و کۆمەڵگا مرۆییەکان دەخاتە بەر توێژینەوە و وردبوونەوەی سیستماتیک و هەروەها کۆمەڵناسی کـاریگەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکـان بەسـەر ڕەفتاری مرۆڤەکانـدا دەخـاتە بەر لێکۆڵینەوە،ئەم لقەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان هۆ و دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی، هەڵس و کەوتی مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە))[2]. کەواتە کۆمەڵناسی لە ژیـانی کـۆمەڵایەتی و دەرئەنجـام و هۆکارەکـانی ژیـانی تـاک وپەیوەنـدییە کۆمەڵایەتێکـان دەکۆڵێتەوە،هەر لە بارەی کۆمەڵناسی و هزری کۆمەڵایەتیەوە هاتووە:

(( هزری کۆمەڵایەتی سروشتی باوی ئەو تەرزەی بیرکردنەوەیە کە کۆمەڵگا یا خود گرووپ بونیـادی دەنێـت، یـاخود ئەو بەشـەی هـزرە، کە پەیوەنـدی بە ڕاییکردنـی کاروبـاری دامەزراوەکان و ڕێکخستنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، هزری کۆمەڵایەتی بایەخ بەو هـزرە کـۆمەڵایەتیە گەوهەرییـانە دەدات کە کۆمەڵگـا یـان گـرووپ بڕوایـان پـێ دەهێـنن))[3]. کەواتە هزری کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە چۆنێتی بیرکردنەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگاوخستنە

---

*سـەرخان :ئەم چەمکە لە لایەن مارکسـەوە بەکـارهێنراوە ،کۆمەڵێـک بـوار لەخـۆ دەگرێـت ،لەوانە:ئەدەب ،کەلتوور، مـاف ،سیاسـەت، مێژوو ...هتد،جگە لەمە چەمکی ژێرخانیشمان هەیە :کەمەبەست لێی ئابووری وڵاتە.

(1) انـور عبـد الحميـد موسـی ،علـم الاجتمـاع الادبـی ،الطبعـة الاولـی ،مطبعـة دار النهضـة العربيـة ،لبنان،2011،ص71.

(2)فەخرەدین ئامێدیان،فەرهەنگی شیکاری زاراوەکـانی کۆمەڵناسـی،چاپی یەکەم،چاپخـانەی شـەمیمی سـنە، سنە،2013،ل444.

(3) ئیحسان محمد ئەلحەسەن (.د)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ل597.

گـرى ئەو هـزرە لە پێنـاو بە جێگەیانـدنى كارەكـان ، بـێ گومـان ئەم هـزرەش (( زادەى پیشكەوتنى ژیانى كۆمەڵێكى دیارى كراون))[1]چونكە ئەگەر هزرى نوێ بڵاو نەكرێتەوە ،ئەوە كۆمەڵگا وەک خـۆى دەمێنێتەوەوپێشـناكەوێ و گەشـەناكات، دواجـار بـارى ئـابورى وڵاتـیش بەرەو كزى دەڕوات .

(گۆڵـدمەن)* پێى وایە :(( پەیوەندى هەیە لە نێوان بەرهەمى ئەدەبى و فاكتى كۆمەڵایەتیدا، بەڵام ئەم پەیوەندیە ئێجگـار ئـاڵۆز و فرە لایەن و هەرگیـز بە شـێوەى سـادە و ڕاسـتەوخۆ نیە))[2]. كەواتە پەیوەندى نێوان ئەدەب و كۆمەڵناسى فرەلایەنە ئەم فرەلایەنەش پەیوەندى بە جیهانبینى تاكەوە هەیە.

سۆسـیۆلۆژیایى ئەدەب پەیوەنـدى نێـوان ئەدەب وبـاروودۆخە كـۆمەڵایەتییەكەى ڕوون بكاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەى دوو ڕواڵەتەوە وەک (هانس نۆربێرت فۆگین) ئاماژەى پێدەكات : (( دوو ڕواڵەتى سەرەكى هەیە، لایەنێكیان كار لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە كۆمەڵایەتیە دەكا كە بەرهەمە ئەدەبیەكە دێنێتە كایەوە و لایەنەكە دیكە بە هۆى كارە ئەدەبیەكەوە ڕێگاى هـاتنە پێشەوەى هەل و مەرجە كۆمەڵایەتیەكە خۆش دەكات كە مەبەسـت لێى كاریگەرى ئەدەبە لە خـوێنەر و كـۆمەڵ))[3]،هەربەرهەمێكى ئەدەبى پشـكێكى زۆرى بـۆ كۆمەڵگا دەگەڕێتەوە،هەر لەبەر ئەمەشـە (تیـۆرى ڕەنگدانەوە)**سـەرى هەڵدا،ویسـتى واقیعـى كۆمەڵگا وئەدەبیـات بە یەكەوە ببەسـتێتەوە،چونكە((ئامانج وپێـوەرى زانیـارى ،كـارامەیى كـۆمەڵایەتى ومێـژوویەک ڕەگەزى ئادەمیزاد بەدەستیهێناوە)) [4].

---

(1)ئەریـک فـرۆم، چەمكـى مـرۆڤ لاى مـاركس،وەرگێڕانى ئـارام جەمـال سـابیر،چاپى یەكەم، چاپخـانەى چوارچرا، سلێمانى،2005، ل53.

*گۆڵـدمەن :(1913_ 1970) بیرمەنـد ورەخنەگرێكـى فەرەنسـییە ،لە سـاڵى 1934دەچێـتە پـاریس بـۆ بەدەستهێنانى بروانامەى دكتۆرا بە یارمەتى زانا جان بیاجێ لە بوارى ئـابورى سیاسى ،دواتر لە زانكۆى جونێـف دامەزرا ،دپـاش ئـازاد بـوونى فەرەنسـا گەرایەوە نیشـتمان ،لەتەواوى بوارەكانـدا خـۆى بە قوتـابى "ماركس وجۆرج لۆكاش "داناوە لە زۆربەى بوارەكاندا بەرهەمى هەیە لەوانە:(ابحـاث جدلیـة ،العلـوم الانسـانیة والفلسـفیە،البنیات الـذهنیە والابـداع الثقـافى ،مـن اجـل سۆسـیۆلۆجیا الروایە...)هتد .بـروانە :انـور عبـد الحمید الموسى (.د)،علم الاجتماع الادبى ،ص103.

(2) كۆمەڵێـک نووسـەر، كۆمەڵناسـى ئەدەبیـات، وەرگێڕانـى هـادى محمـد،چاپى یەكەم،چاپخـانەى بینـایى سلێمانى،2009،ل467.

(3)پیتەر هالبێرک ودانەرانى تر ،تیۆرى ئەدەب وشێوازناسى ،وەرگێڕانى :ئەنوەر قـادر محەمەد ،مەڵبەندى كۆردۆلۆجى ،سلێمانى 2010 ،ل172.

**تیۆرى ڕەنگدانەوە:یەكێكە لە تیۆرەكانى ئەدەب لە سەدەى نۆزدەهەم سەرى هەڵداوە ،جەخت دەكاتە سەر بەستنەوەى ئەدەب بە كۆمەڵگاوە ،لە رابەرانى "هیپۆلت تین " كەپێى وایە سێ هۆكارى سـەرەكى هەن كار لە ئەدەبیـات دەكەن ئەویـش بـریتین لە :(رەگەز ،ژینگە ،سـەردەم ).بـڕوانە :شـكرى الماضـى (.د)،تیـۆرى ئەدەب ،وەرگێڕانى :سەردار گەردى (.د)،ل 243.

(4)شـكرى الماضـى (د)،تیـۆرى ئەدەب ،وەرگێڕانـى :سـەردار گەردى (د)، چـاپى یەكەم ،چاپخـانەى مـاردین ،هەولێر ،2010،ل 243.

بەدرێژایی مێژوو بابەتەکانی نێو کۆمەڵگا بەگشتی کەرەستەی سەرەکی ئەدەب بوونە،پارێزەری ئەو کەرەستانە بووەو هەوڵی داوە بە هەموو شیوەیەک ئەوەی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت بەرجەستەیان بکات ،بۆیە دەبینین لە جیهاندا دەیان بەرهەم بڵاوکرایەوە شۆرشی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا لەوانە :رۆمانی (دایک)*ی "مەکسیم گۆرگی" ئەو بەرهەمە شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 هەڵگیرساندا ،تەنانەت پاڵپشتییەک بوو بۆ ئەوەی ژنان بەشدار بن لە بڕیارەکانی کۆمەڵگادا، لە هزری کۆمەڵایەتی دا دەبێت ڕەچاوی قۆناغە مێژووییەکان بکەین ،چونکە هەر کۆمەڵگایەک لە هەر سەردەمێکدا شێوازی بیرکردنەوە و یاساو رێسای تایبەتی بە خۆی هەیە ، ئەم هزرەش بۆ خۆی هزرێکی زیندووە پەیوەستە بە گەشەو گۆڕانی کومەڵگاوە ،تەواوی فاکتەرەکانی ژیان کاری تێدەکەن،بەتایبەت ململانی نێوان چینەکان .

زانای فەرەنسی (کۆنت)**پێی وایە :هزرەکان لە ناویشیاندا هزری کۆمەڵایەتی بە سێ قۆناغدا گوزەر دەکات ((قۆناغی ئاینی ،قۆناغی میتافیزیکی ،قۆناغی زانستی واقیعی ...کۆمەڵناسیش بەر ئەنجامی هزری کۆمەڵایەتی زانستییە ئەو قۆناغە ئاینییەی کۆمەڵگەی مرۆیی بە خۆیەوە دەیبینێت ،زۆر بە خێرایی پەرە دەسێنێت ودەگۆڕێت بۆ قۆناغی زانستی واقیعی ))(1). کەواتە هزری کۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەوەی بە فاکتەری ئابووری زۆر کاریگەر دەبێت بەڵام لەئاست ژینگەوپەیوەندییە مرۆییەکان وەک هزرێکی داکۆکی کار خۆی پیشان داوە. لە کاتێکدا شیعر کە بۆ خۆی ((جیهانبینییەکی گەردونییەو ژیان بەگشتی دەکاتە مەیدان وماناکانی هەڵگری شتێکی دیاریکراو نییە ،دەبینی شاعیر بە پێی پێگەی کۆمەڵایەتی

---

* دایک :ئەو رۆمانەیە ،کە لەلایەن نووسەری روسی ماکسیم گۆرگییەوە(1968_ 1936) نووسراوە ،ئەم بەرهەمە باسی شۆرشی 1905دەکات کەتیادا شوعییەکان شکستیان هێنا ،بەڵام بڵاو کردنەوەی ئەم رۆمانە شۆرشی ئۆکتۆبەر سەری هەڵدا وسەرکەوتن، جگە لەم بەرهەمە گۆرگی بەرهەمی تریشی هەیە لەوانە :روایە الطفولة ،الطفولة والاعداء ومسرحیة الحضیض ..هتد .بڕوانە :جریدە المدی العدد3266لسنه،WWW.2015.

** ئۆکست کۆنت (1798_ 1857) لە فەرەنسا لەدایک بووە ،کاتێک تەمەنی دەبێتە (16)ساڵان پەیوەندی بە قوتابخانەی "پۆلیتکنیک" ەوە دەکات ،لەوسەردەمەدا ئەم قوتابخانەیە ناوبانگێگی زۆری دەبێت،کۆنت هەر لەسەرەتایی لاوییەوە گرنگی وبایەخی بەم لێکۆڵینەوانە دەدا لە زانستەکانی :فیزیا ،کیمیا ،گەردووناسی ،پاشان لە بواری سۆسیۆلۆژیادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ،بەدرێژایی تەمەنی بایەخی بەتەواوی بوارەکان دا ولێی کۆڵییەوە ،بۆیە بوو بە داهێنەری "فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم "،بروانە : ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (.د) ،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ،ل48.

(1) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (د) ،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ،وەرگێرانی :دانا مەلا حەسەن ،ل441.

دەڕوانێتە واقیع ودیدو بۆچوونەکانی دەگۆڕێت ،لە بەر ئەوە واقیع بەڵگەیەکی مێژووی کۆمەڵایەتی نییە ،بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکە وهەڵگری کاری ئەدەبی خودی مرۆڤە وهەڵچوونەکانیشی دەربڕی رێگایەکی تایبەتە بەرامبەر کۆمەڵگە ،کە لە ئەنجامی بە یەکدا چوونی خود وبابەتدا هاتووە،بەمجۆرە باسی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری دەبنە بنەمای بەرهەمی هونەری کاری ئەدەبی شاعیر یان نووسەر ))[1].

بۆیەشاعیران ونووسەران چەند بیانەوێ خەیاڵیان دوور لە کۆمەڵگا بهاوێژن ،هەر لایەنە کۆمەڵایەتی ومرۆییەکە بە ناراستەوخۆش بێت تێدا دەردەکەوێت ،چونکە واقیع وکۆمەڵگا جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئەدەب وهونەر وزانست لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بن ،"رۆمان"یش وەکو رەگەزێکی ئەدەبی زۆرترین پشکی بەرکەوتووە ، لەوەی فرەترین وینە لە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا بخاتە ڕوو. صابری تا کۆتایی ژیانی لە کۆمەڵگاکەی دانەبڕاوە و بەخۆشی وناخۆشییەکانی هاودەنگیان بووە، لە نێو شیعرەکانیدا دەیان وینەی واقیعی کۆمەڵایەتی تیادا بەدی دەکرێت ، صابری لە چەند دێرێکدا پەیوەندی پێچەوانەی نێوان دنیا ومرۆڤەکان دەخاتە ڕوو ،چۆن باری ئابوری کاریگەری بەسەر باری کۆمەڵایەتییەوە هەیە،لە دێری دووەمیشدا باس دوور کەوتنەوە لە رێچکەی باو باپیران دەکات ، کەپێی وایە ئەو دوورکەوتنەوەیە بەرەو نەهامەتی وهەژاری دەمانبات ودواجاریش هەموو شتێک لە دەست دەدەین .

دەڵێت :

ئێمە دونیامان نەخست وئەو هەمووی خستینە ژێر
ئیعتبار ودەسەڵات وپاڵەوانیمان نەما
ناخەڵەف بووین ورەوشتی باب وباپیرمان نەگرت
خوا شوناسی وئیفتخار وخانەدانیمان نەما
روو لە چۆڵی غەفڵەت وپشتمان لە کەعبەی مەقسەدە
ئەی موسڵمانینە کەڵکی ئاوەدانیمان نەما
...........

(1) عبدالقادر حمە امین (د) ،بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشک ،سلێمانی ،2008،ل54.

خاوەنی خەرمان ومێگەل بووین وروتبە و"اعتبار"
ئێستە باشاری شوانی وئاشەوانیمان نەما ..(د.ص .ل52).

وەک دەزانین ئاین لە دەقەکانی صابریدا مەودایەکی فراوانی گرتووە ،بە چەندین شێوە خستویەتە ڕوو ،بۆیە هەوڵی داوە لە"بووکی دونیا"دا هەردوو هەزری ئاینی وکۆمەڵایەتی پیکەوە بخاتە ڕوو ،دونیا بەجەهەنەم دەچوێنێ کە پڕ بووە لەخراپە کاران وکاڵفامەکان ،ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەهلی حەق نەماون ، ئیتر ژیان پڕدەبیت لە ناداد پەروەری وناحەقی ، نەیاسای دین ونەیاسای دەوڵەت هیچیان ڕەواجییان نییە ،دەڵێت :

بووکی دونیا شوو بە مێردی جاهیل وئەحمەق ئەکا
حەقیەتی بێزوو بەخوێنی جەرگی ئەهلی حەق ئەکا
واجەهەنەم پڕ لە جاهیل "لهو لعب "ی خۆی ئەکا
تێگەیشتوو بۆچ لە ژێر عەباوە لێی ئیرەق ئەکا
ئەی درێغ ئێستاکە ئەهلی حەق نەما ئەولادییان
غەیبەتی دین پەروەران وکردەوەی ناحەق ئەکا
..........
حەق وتن قانوون نییە ناحەق وتن بێ شەرعییە
شەققی شەفە "صادق" و"كاذب"نزیكە شەق ئەکا .(د.ص.ل57).

### ب- پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان:

پەیوەندی کۆمەڵایەتی :پەیوەندییەکە لە نێوان دووکەس یان زیاتر ڕوودەدات ،لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێک یاخود تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو تاکانەیە کە پەیوەندییەکە پێکدەهێنن ،وەک پەیوەندی مامۆستا وقوتابی ،یان نەخۆش وپزیشک ...هتد .

ئەدەب پەیوەندی بە تاکەوە هەیە، تاکیش بەشێکە لە کۆمەڵگا، کەواتە ئەدەب هەموو جوانی و ناشرینیەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات. لە پێناسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا

هـاتووه :((بـریتیه له پەیوەنـدی نێـوان دوو کەس یـان زیـاتر که به هـۆی گرێیبەسـتێکی کـۆمەڵایەتیەوه دروسـت دەبێت، ئه و گرێبەسـته هاوسـەرگیری بێت یـان بەرژەوەنـدی یـان پیشه))[1]، ئەمەش هەروا له خۆیەوه دروست نابێت ،بەڵکو سێ مەرجی سەرەکی هەیه :

((1:بـوونی ئەو ڕۆڵه کۆمەڵایەتییـانەی ئەو تاکـانه دەیـانگێڕن که پەیوەنـدییه کـۆمەڵایەتییەکه پێکدەهێنن .
2: بـوونی کۆمەڵێـک سـومبولی ڕەفتـاری وگوفتـاری وزمـانەوانی که لایەنەکـانی پەیوەنـدییه کۆمەڵایەتییەکه بەکاریان دەهێنن .
3:بوونی ئامانج یان مەبەستێک که پەیوەندییه کۆمەڵایەتێکه هەوڵی تێرکردنی دەدات وسـەر ڕاست بوون بەرامبەر پابەندبوونەکانی ))[2].

واته هەر کۆمەڵگـایەک دەبێـت ئەو سـێ مەرجەی تێـدا بێـت وپاشـان پەیوەنـدییه کۆمەڵایەتییەکـان دروسـت دەبێت ،شـایەنی باسـه هەر پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی کۆمەڵێک هۆکـاری لەپشـتەوەیه :هۆکـاری ئـابوری ،سیاسـی ،کـۆمەڵایەتی ،خێزانـی وپەروەردەیـی ..هتد،مەرجیش نییه هەمیشه ئەو پەیوەندییانه پۆزەتیڤ بن بەڵکو زۆر جار پەرتەوازە بوون ولێکترازان وهەڵوەشانەوەی لێ دەکەوێتەوە.

زۆربەی توێژەرانی بواره کۆمەڵایەتییەکان ،پەیوەندی کۆمەڵایەتی له ڕووی واتاوه به (کـارلێکی کـۆمەڵایەتی)* لێـک ئەدەنەوە، گـوایه ئەم دوو زراوەیه له ڕووی واتـاوه زۆر لێـک نـزیکن وهـاو واتـای یەکتـرن ،پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی هەنـدێ جـار پەیوەسـته به چینـی کۆمەڵایەتییەوە،بەڵکۆ دەبێته مەرجی سەرەکی بەتایبەت لەپەیوەندی هاوسـەرگیری ،واته ئەو تاکانه که پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێکدێنن دەبێت له ڕووی چینـایەتییەوه سـەر بەهەمـان چین بن ،تاکو تێگەیشتن وگونجاندن له نێوانیاندا دروست بێت ، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی ڕوویەکی

---

(1)حەسـەن یوسف کەریم، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی له ڕۆمانەکان (عەتـا نەهـایی)دا، نـامەی ماسـتەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2012، ل67.
(2) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (.د) ،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ،وەرگێرانی :دانا مەلا حەسەن ،ل113.
*کارلێکی کۆمەڵایەتی :پرۆسەیەکه که تێیدا لەگەڵ ئەو کەسانەی که له دەورو بەرماندان کارو کاردانەوەمـان هەیه ،هۆی گۆڕانه کۆمەڵایەتییەکانه ،به هەموو ئەو ڕووداوانه دەبێژرێ که لانی کەم دوو کەس له بەرانبەر یەکدا هەیانه وهەر یەکیان به زمان و ئاماژە و جووڵه سیمبۆڵییەکان هان دەدەن تا بەسـەر هەڵس وکەوت و ئەندێشەی یەکتردا کاریگەر بن ،ئەم چەمکه هەر یەک له (گیدنز ،پارسۆنز ،تۆسلی )باسیان لێکردووە .بڕوانه :فەخرەدین ئامێدیان ،فەرهەنگی زاراوەکانی کۆمەڵناسی ،ل424.

سایکۆلۆژی هەیە ئەم بارە دەروونییەش زۆر جار پەیوەندییەکان نزیک دەکاتەوە، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، شاعیران بەشێک بوونە لەگاریگەری سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ،هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ،کە (ئەفلاتۆن) شاعیرانی لە کۆمارەکەی دەرکرد ،چونکە دەیانتوانی کاریگەری لەرەفتارو هەڵسووکەوتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بکەن . بێ گومان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان زۆرن، ئەمەش لە مێژەوە بە پێی سیستمی چینایەتی نێو کۆمەڵگا دابەش کراوە ،چونکە هەر کۆمەڵگایەک چەندین چین لە خۆ دەگرێت ،لەوانە :(چینی دەسەڵاتدار،چینی هەژار وکرێکار ..هتد) تەواوی پەیوەندییەکانیش لە نێو ئەم کۆمەڵانەدا ڕوودەدات، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لەو پەیوەندییانە دەکەین کە صابری باسی لێکردووە ،جار جارەش رەخنەی توندی ئاڕاستەیان کردووە :

1- پەیوەندی چینایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی.

2- پەیوەندی خزمایەتی و نەریتی میوانداری.

### 1: پەیوەندی چینایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی:

کۆمەڵگای کوردی پڕە لە چینی جیاواز ،خۆشی وناخۆشی وململانێیەکان بەشێکن لە بارودۆخی نێو چینەکان صابری هەندێ جار زمانی زبر ورەخنە وێنا دەکات، (شێخ) کە پێکهاتەیەکە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا و زۆرجار سەر بە چینی دەرەبەگ هەژمار دەکرێت، وەک دەزانین کاری دەرەبەگیش زوڵم و چەوسانەوەیە،لای شاعیر بە کەسانی خراپەکار ناودەبرێن، بەتایبەت ساتێ (شێخ) دەبینێ تەکیەیەکی گەورەی کردۆتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا عەقڵ سووک و ڕەزیلە، زوڵم دەکات وموڵک ومالی خەڵک بەناوی ئاینەوە دەخوات ، بێگومان ئەمەش لەگەڵ شێخایەتی یەک ناگرێتەوە،دەڵێت:

ئەی شێخی تەکیە زل و خان و مانی دین بچوک
وەی پیری دەعیە زل و گران جان و عەقڵ سووک
بۆ مەنفەعەتت ئەچیتە پێشەوە برا گەورەکەم
ڕۆژی سەفا ئەکەوێتە دووا وەک برا بچووک

ئەمڕۆ بە باڵ وپەڕی دەوڵەمەندی ئەفڕی وسبەی
باڵ وپەڕت لە دۆزەخا ئەبێ هەڵەپڕووک...(د.ص.ل128).

وەک ئاماژەمان پێکرد پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە دوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵدا دەگەڕێ. لەمەشدا داهێنانی نووسەر ڕۆڵ دەبینێ کە بتوانێ ئەو چالاکیانە بە ڕێکی بخاتەڕوو، صابری چینێکی دیکەی کۆمەڵگامان بۆ دەوروژێنێ کە ئەوانیش چینی (میرەکانن) ،شاعیر دژی ڕەفتاریان بووە،چونکە کاریان خەڵەتانی خەڵکی فەقیر وهەژار بووە، ئەوە جگە لەوەی کەبەردەوام لەلایەن خەڵکی عەوامەوە خزمەتی تایبەتی دەکران،دەڵێت:

ئەی پیری ئێسک وگوێ گران عەقل وحۆقە سووک
وەی میری تەکیە زل وخانەی دین بچووک
پووکت نەما گوێزی پووک مەنێ بەدەم بەدە
بۆ پیر وڕیش سپی جووان نییە تازە بووک
ڕۆژی تیجارەت وتەمەع خۆت بە برا گەورە عدئەکەی
مەیدانی نوێژ وجەماعەت ئەبی بە برا بچووک.(د.ص.ل130).

لێرەدا شاعیر ڕەخنەی توند لە میر وبەگزادەکان دەگرێت ، سەرەڕای بە سەرچوونی تەمەنیان ،خەریکی قسەی زل وساختەکارین ، ،شاعیر وشەی گوێزی هیناوە وەک ڕەخنەیەک لەمیرەکان دەڵێت : گوێز بۆ کەسانێکە پووک ودانیان هەبێت ، ئێوەش دانتان نەماوە گویز و تیجارەت ئیتر داوی ئێوە نادات .

## 2 – پەیوەندی خزمایەتی و نەریتی میوانداری:

وەک دەزانین هەر میللەتێک تیتاڵی تایبەتی بەخۆی هەیە، لە نێو یەک میللەتیشدا خزمایەتی ونەریتی میوانداری دەگۆڕێت ،چونکە جیاوازی چینایەتی وسەردەم لەوێدا دێتە

ئاراوە، خزمایەتی :((پەیوەستبوونێکی دان پێدانراوە ، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەش لەسەر بنەمای خوێن ورەچەڵەک لە نێوان باوک ودایک ونەوەکان دەوەستێ ، لەنێوان براو خوشکیشدا ،هەروەها دەبێتە پەیوەست بوونێکی گریمانە کراویش وەکو ئەو حاڵەتەی لە نێوان تاکە کەسانی کۆمەڵەی خزمانی گەورەدا نموونەی خێڵ وهۆز بەدی دەکرێت ))[1]

(1) ریبین رەسوڵ ودیار عەزیز ،ئەنترۆپۆلۆژیا ،چاپی یەکەم ،دەزگای ریبین ،2004،ل252 .

واتە خزمایەتی شێوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو ، ئەم نەریتە لە ناو میللەتی کورد دا زیاتر لەناو نێرینەکاندا کورت دەبێتەوە،وەک دەوتریت :لە باوکەوە خزمین،

لەمرۆڤناسیدا زاراوەی خزمایەتی تەنها ((بەمانای پەیوەندییە خێزانی وهاوسەرییەکان نایەت، بەڵکو بە مانای ژن ومێردایەتیش دێت ،بەڵام خزمایەتی پەیوەندییەکی خوێنییەو ژن ومێردایەتیش پەیوەندییەکی هاوسەرییە ،پەیوەندی باوک بە کورەکەیەوە پەیوەندییەکی خوێنییە ،لە کاتێکدا پەیوەندی مێرد بە ژنەکەیەوە پەیوەندییەکی ژن ومێردایەتییە،لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا منداڵ بە زادەی دایک وباوکی هەژماردەکرێت ))[1]واتە پەیوەندی خزمایەتی زیاتر پەیوەندییەکی خوێنییە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا خزمایەتی دەبێتە هۆی بەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەو پێکەوە ولە چوارچێوەی خێزانێکدا کۆیان دەکاتەوە وگەورەتر دەبن هۆزونەتەوەی لێ پەیدا دەبێت، خزمایەتیش دوو جۆرە :

((1: خزمایەتی سەرەتایی :ئەو پەیوەندییە خوێنیە کۆمەڵایەتییەیە کە دایک وباوک بە منداڵەکانیانەوەدەبەستێتەوە.
2: خزمایەتی لاوەکی :ئەو پەیوەندییە خوێنیە کۆمەڵایەتییەیە کە باپیر بە خاڵ وبە کچی براوە دەبەستێت ))[2].

خێزان بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵایەتی وکەلتووریە لە هەموو جڤاکەکاندا ،کێ لە ژێرسایەی ئەو چەمکەدا (خزمایەتی ) کۆدەبێتەوە، ئەوە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازی دەنوێنێ ،کەلتوور* ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە دروست بوونی پەیوەندی خزمایەتی بۆیە ((کەلتووری کۆمەڵگا یەکێک لەو هۆکارانەیە کە بایەخی ئەم پەیوەندییانە روون دەکاتەوە،بەواتایەکی تر ،کەلتووری کۆمەڵگا ئەرکی ئەندامە خزمەکان لە بەرانبەر یەکتردا دیاری دەکات ودامەزراوە و پەیوەندی ئەندامانی دامەزراوەی خزمایەتی ڕوون دەکاتەوە))[3]،

---

(1) ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن ( د) ،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ،وەرگێرانی :دانا مەلا حەسەن،ل197.
(2)هەمان سەرچاوە، ل197.
*کەلتوور :ئەم وشەیە لە بناغەدا لاتینییە ولەوشەی "Colere" وەرگیراوە ،ماتیۆ ئارنۆڵد کە بە بناغەی کەلتوور ناسی هەژمار دەکرێت دەڵێت:بە گشتی کۆمەڵێک زانین ،یان باشترین کردەوەی مرۆڤە ،کەدەبێتە هۆی زاڵ بوونی ئەقل وئیرادەی خوایی لە جیهاندا .بڕوانە :ئەرخەوان محمد عبید ،"دیاردە کەلتوورییەکان لەمەم وزیندا ،نامەی دکتۆرا ،زانکۆی سلێمانی ،2014،ل7.جگە لەمەش بەواتایی میرات ومال وخوو ورەوشت وجوانکاریش دێت .
(3) فەخرەدین ئامێدیان،فەرهەنگی زاراوەکانی کۆمەڵناسی ،ل236.

واته کەلتوور ئەرکی روون کردنەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەکەوێتە ئەستۆ ،مەرجیش نییە هەمیشە خزمایەتی خێزان پێکەوە ببەستێتەوە بەڵکو پەیوەندی هاوڕێییەتی وپەیوەندی ئیش وکار وبەرژەوەندی ئەمانەش لەدەرەوەی ئەو سیستەمە جۆرە خێزانێکی بچووک پێکدێنێ .

میوانداریش کەبەشێکە لە سیستمی کومەڵگا ، لەمێژەوە لەلایەن تاکی کوردەوە زۆر بایەخی پێ دراوە ئەمەش پەیوەندی بە بەخشندەیی ودەست بڵاوی ئەم میللەتەوە هەیە ، "نوئێل"* لە ساڵی (1920) وتارێکی دەربارەی "خوو ورەوشتی کورد لە پەندی پێشینان وقسەی نەستەقدا بڵاوکردۆتەوە: (( تێدا هاتووە میللەتی کورد خاوەن وتارو سروشتی کۆمەڵایەتییە وەک ئازایی وکەرامەت وماڵداری ومیوانداری وقوربانی دان لە پێناو ڕاستی وپاکیدا ))[1] واتە

کورد نەک تەنها خۆی باس لە بتەوەی پەیوەندی خزمایەتی وڕێز گرتن لەمیوان وخزمەت کردنی ،بەڵکو ئەوە نووسەرانی بیانی لەوسەردەمەوە شایەتحالی سیفەتەکانی تاکی کوردن،نموونەیەکی زیندووی حاڵی حازریش ئەمڕۆ دەیان سەدان ئاوارەی عەرەب لە ژێر سایەی ماڵی کوردان وخزمەت دەکرێن .

خزمایەتی ومیوانداری بەشێکن لە سیستمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمە ئەم نەریتە یاخود ئەم پەیوەندییانە زۆر گەرم و گوڕتر بوونە لەئەمڕۆ، ئەمەش بۆ سادەیی ژیانی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، صابری لە شیعرێکدا بەناوە (بەخێرهاتنی خۆشەویست) ئەو پەیوەندییەمان بۆ دەخاتە ڕوو،دەڵێت: [:]

– جزاک الله– کە تۆ هاتی بکەی سەردانی بیمارت
شفات هێناوە یەعنی میوە هاتی رووی گوڵزارت ..(د.ص.ل64).

---

*نوئێل :"ئیدوار ولیەم چارلس نوئێل" (1886_ 1974) ئەفسەرێکی بە ناوبانگی ئینگلیزە بۆماوەی شەش ساڵ بەشداری هەڵمەتەکانی بەریتانیای کردووە لە میزۆپۆتامیا ،شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسیدا هەبووە ،لە 1918 وەکو ئەفسەرێکی سیاسی دێتە کوردستان ،هەر لەگەڵ گەیشتنی بۆ شاری سلێمانی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا لە ساڵی 1920 کتێبێکی لەسەر پەند وقسەی نەستەقی کوردی نووسیوە .بڕوانە جریدة الاتحاد ،العدد 3826/7/12 ،لسنه 2015.

(1)شوکریە رەسول ئیبراهیم (د) ،ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی ،بەشی دووەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،1984،ل11.

سـەردانی نەخـۆش لەو هەمـوو دەمێکدا نەریتێکـی بـاوە ،بەڵام لەو سـەردەمەدا وەک ئاماژەمان پێکرد زیاتر بووە،جگە لەوەش لە ئاینی ئیسلامیشدا جەختی لەسـەر کراوەتەوە، شاعیر لێرەدا ڕوخساری میوانەکەی بە گوڵزار وێنا دەکات ،کە لە نێو هەگبەی دا شـیفای بۆ هەڵگرتووە.

ساڵی گرانی کە ناسراوە بە سەفەر بەرلک ، قات و قڕی ئەو ساڵە تەواوی شارەکانی گرتبوو، صابری بە ناچاری دەچێتە دێلێژە لەوێ ڕوو دەکاتە لای (شـێخ ڕەزا سـورە) تاکو داڵدەیان بدات، شێخی دێلێژەش بە جوانترین شێوە پێشوازی لێ دەکات لە پای ئەم چاکەیەی شێخی دێلێژە، صابری دەڵێت:

لە سایـــەی لوتف و ئیحسانی خـودا و هیممەتی پیری
لە زەربـــەی تیغی چەرخی بێ سەر و پا نەمری تەئسیری
عەجەب قوتبی عەجەب پیری کە ناوی (شێخ) رەزا سوورە
مـــەقام و مەرقـــەدی دێلێژەیە مەعلـــوم و مەشهورە
............
کەداعی ساڵی قاتی چوومە دەرگا ومەرقەدی پاکی
دڵی تەنگم موفەڕەح بوو نەما ئاساری غەمناکی...(د.ص.ل230).

ئەگەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەو سـەردەمە ئەوەندە بەهێز نەبووبێ صـابری چـۆن دەتوانێ ڕوو لە کەسێک بنێ کە تەنها ناسیاوێتی. شـاعیر لەم دوو دێڕەدا بـاس لە باشـی و دەس کراوەیـــی خەڵکـــی دێلێـــژە دەکـــات، ئەمەش وەفـــاداری و بە ئەمەکـــی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتیەکان لەو سەردەمەدا دەگەیێنێت،جگە لەمانەش صابری تا لە گوندی شـۆریجە بـوو تەکیـیەی کـراوە بـووە بـۆ هەمـوو کەسـێک جیـاوازی نەکـردووە لە نیـۆان گەداو سـوڵتان، هەموویـان بە یەک شـیوەک خزمەت کـراون وپێشـوازیان لێکـراوە ،پـاش خۆشـی شـێخ "عبد الرحمن " ی کوڕی تەکییەی بە رێوە بردووە .

**ج – پایەی ژن لە کۆمەڵگادا :**

ژن بەشـێکی هەرە گرنگـی هەر کۆمەڵگـایە ،ڕۆڵـی گرنـگ دەبینێـت لە پێشـکەوتن وژیـاری هەر نەتەوەیەک ،بـۆیە پـایەی لە نێو کۆمەڵگـادا دیـار بـووە ،ئەگەر بگەڕێینەوە بـۆ سـەدە کۆنەکـان و سـەرنج بـدەینە یاسـا کۆنەکـان درک بەوەدەکەیـن هەریەک لەو یاسـایانە بەشێوەیەکی ناشرین سەیری ژنیان کردووە وسـووکایەتیان پێکردووە ،کەتاڕادەیەکی زۆر لە نرخیان کەم کردۆتەوە.

لە یاسای (أشنونا) دا ، ژن تەنها بۆ بەخشینی چێژ بووە، لە یاسـای (عشـتار) تەنها ئەو ژنانە مافیان هەبووە کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، یاسای (حمـورابی) تـا ڕادایەک مـافی زۆرتـری دا بە ژن لەوانە مـافی ئیشـکردن ، لە کۆمەڵگـای کـۆنی یۆنانـدا ژن هـیچ مـافێکی نەبووە، تەنها ئەو ژنانە نەبێت کە لە کۆشکی شـاهدا بوون، ئەوانیش مافی گۆرانی وتن و سـەماکردنیان هەبـووە. لە کۆمەڵگـای ڕۆمانیشـدا ژن مـافی دەسـەڵاتداری و کـاری کـڕین و فرۆشـتنی هەبووە، لە سـەردەمی فیرعەونییەکانـدا ژنـان گەیشـتن بە پلەی دەسـەڵات، بەڵام هەموو ساڵێک جوانترین ژنیـان دەخسـتە نـاو روبـاری نیلەوە گوایە پێشکەشـی خواوەندیان دەکرد. لەپێش ئیسلامیش واتە لە سەردەمی جاهیلیدا ژنیان زیندە بەچاڵ دەکرد، گوایە ژنـان نابێت بمێنن تەنها پیاوان دەمێنن، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئـاینی ئیسـلامدا هەمـوو ئەو ڕەفتـارانەی دەرهەق بە ئافرەت کرا ڕەت کرایەوەبە چاوێکی بەرز تماشای ژنان کرا، تەنانەت لە قورئـانی پیـرۆزدا سـورەتێک بە نـاوی (النسـاء)هـاتووە. هەر لە ئـاینی ئیسـلامدا ژن تەواوی مافەکـانی بەدەست هێنا مافی خوێندن و کارکردن و شوکردن بە ڕەزامەندی خۆیان و بەشداری کردن لە شەڕەکان تەنانەت دەسەڵاتداری وەکو (شجرە الدر)*[1].

ژن لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت بەشێکە لە جوانیەکـان، بەشـێکە لە داهێنـان و ئەفرانـدن، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە زۆر ژینگەدا ژنان نەک هـەر ڕێزیـان لـێ نەگیـراوە، بەڵکـو

---

* شجرالدر : نازناوی (عصمە الدین ،ام خلیل) بووە ،لە رەچەڵەکدا خوارزمی بووە ،هەندێک بۆچوون دەڵێت ئەرمەنـی بـووە ،بۆچـوونیش هەیە کەتـورکی بـووە ،خزمەتکارێـک بـووە ،دواتـر لەلایەن سـوڵتان (صـالح نجـم الدین ایوب ) ەوە کڕدرا وپاش نزیک بوونەوەی لە سوڵتان ،سوڵتان خواستی ،لە پاش مردنـی سـوڵتان وتـاقە کوڕەکەی "خلیل"،بەیارمەتی مەمالیک ولایەنگرانی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەشاە وحوکمڕانی میسری کرد بـۆ مـاوەی هەشـتا رۆژ،دواتـر پۆسـتەکەی بـۆ میـردی دووەمـی بە جێهێشـت ،ئەم ژنە لەشـەری فەرەنجییەکانـدا رۆڵێکی بالای هەبووە. بڕوانە :الموسوعە الحرە .

(1) زيد محمد العقايلة، مجلة الفكر، العدد الثامن، حقوق المرأه العاملة، جامعه الأمارات العربية المتحدةpdf.

بەشێک بوونە لەو چینەی بوونەتەژێر دەستە و زوڵم لێکراو، بۆیە (( ژنان یەکەم کۆمەڵن کە تووشی چەوسانەوە بوونە))[1]. ئافرەتان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا کەم تا زۆر لە تەک پیاودا کاریان کردووە ، بەڵام ئەم کارکردنەیان نەبووەتە مایەی هەستکردن بە وشیاری وەکو تاکێکی کارا، بەڵام لەگەڵ تێپەڕ بوونی رۆژگاردا وگۆڕینی ئایدۆلۆژیای خەڵک ،تاڕادەیەک ژیانی ئافرەتان گۆڕانی بەسەر هات وجۆرە ئازادییەکی وەرگرت ،ئیتر لەتەواوی بوارەکاندا ئەدەبی، کۆمەڵایەتی ،سیاسی ،ژنان ڕۆڵی خۆیان نواند ،تەنانەت ڕۆمان خوێنەری نەبوو تائەو کاتەی ژن تیایدا بوو بە پاڵەوان ،(ژن بوو بەڕەمزی دەربڕینی تەواوی ئەو ناخۆشی ونەهامەتییانەی کە تووشی مرۆڤەکان دەهات )[2]بۆیە( ئەو شۆڕشە رۆشنبیرییەی سەدەی بیستەم ،کە گۆڕانکاری بەرپا کرد لە تەواوی بوارەکاندا نەدەهاتە ئاراوە ،ئەگەر ڕۆلی ژننەبووایە)[3]، شۆڕشی" پیشەسازی "* ئاڵووگۆڕی بنەڕەتی لە هەموو بوارەکاندا هێنایە ئاراوە ، هەلێکی فراوانی لە بەردەم ئافرەتاندا کردەوە ، تاکو لێزانی ولێهاتوویی خۆیان لە هەموو مەیدانەکاندا بخەنە ڕوو و بە تەواوی بەرجەستەی بکەن .

لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ژن تا ڕادەیەک پلە و پایەی بەرزی هەبووە، بەڵام ئەمەش ڕێژەیی بووە، بەپێی کات و سەردەم و شوێن و تاک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کاتێک کۆمەڵگای کوردی لە گوند نشینەوە ڕووی کردەشار نشینی ((ئەم ڕوو کردنە تا ڕادەیەک ڕۆڵی لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی هەڵس و کەوتی تاکی کوردا بینیوە، بەو جۆرەی ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت توانیویەتی لە زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ ڕزگاری بێت و

---

(1) نورە فرج المساعد، فیمینیزم ،وەرگێرانی : عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی ، چاپی یەکەم، چاپخانە یاد، سلێمانی، 2006، ل31.

(2) طه وادی (د) ،صورة المرأة في الرواية المعاصرة ،مطبعة مخيمر ،القاهرة ،1973،ص99.

(3) سوزان كمال شمس الدين ،المرأة في شعر فوزي الأتروشي ،الطبعة الاولى ،مطبعة خانى ،دهوک،2006،ص23.

*شۆڕشی پیشە سازی : ئەم شۆڕشە لە سەدەی هەژدەو نۆزدە لە ئینگلترا سەری هەڵدا ، چونکە ئەو وڵاتە لە ڕووی ئابورییەوە زۆر بەهێز بوو ، پاشان ئەم شۆڕشە تەواوی وڵاتانی گرتووە ، وایکرد کە ئەورووپا بووژانەوە بە خۆیەوە ببینێت .

سەربەستانە بژی))[1]. نەتەوەی کورد ئافرەتی وەکو کەسێک و بوونەوەرێکی بە نرخ تەماشا کردووەهەرچەندە لە نێو پەندی کوردیدا نموونە هەیە لەسەرناشرین کردنی وێنەی ئافرەت ، بەڵام کەمن وگشتاندنی بۆ ناکرێت . ((گەر گوزەرێک بکەین بە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بەشێکی زۆری فۆلکلۆری نەتەوایەتیمان لەسەر زاری ئافرەت وتراوە، هەل و مەرجی بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی ئابوور ی و کۆمەڵایەتی و رامیارییەوە وای پێویست کردووە ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵگا بە سەربەستی چی لە دڵدایە بیخاتە ڕوو))[2]. شیعری کلاسیکی کوردیش مەودایەکی فراوانی لە بارەی

ئافرەتەوە لە خۆگرتووە، بەجۆرێک بەشی هەرە زۆری شاعیران شیعریان لەسەر ئافرەت نووسیوە،تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەیەک شاعیر نیشتمانەکەی لە دوای خۆشەویستەکەی بە جێبهێڵێ ،هەندێکیان بە ئاشکرا ناوی یاریان هیناوە وەک (حەبیبەی نالی)، ئەوانی دیکەش بەرەمزو مەغزاوە ناوی یاریان بردووە .

ژن لای صابری وێنەیەکی جوانە ، بە چاوی سووک سەیری نەکردووە ، بە هیچ جۆرێک لە نێو دەقەکاندا بە خراپی باسی لێنەکردووە ، بەڵکو کۆمەڵێک وەسفی خستۆتە ڕوو، دەشێت هاوشێوەی کەم بێت ، دەڵێت:

نەمـــامی قەدی تۆ بەڵکو هەمیشە تازە و تەڕبێ
وەرە جانا لەسەر ئـــەم دیدەیی پاراوە بینێژە
کەسێ خاری تەریقی عەشقی چاوی تۆی بە دڵدا چوو
وەکو وشتر بە ناچاری دەکا ئەم نەوعە کاوێژە ...(د.ص.ل164).

لێرەدا صابری باس لە یارەکەی دەکات و بە نەمامی دەچوێنێ. دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەو نەمامە هەمیشە تەڕ و جوان بێت وەرە لەسەر چاوەکانی من بینێژە، چونکە بەردەوام

---

(1) ئاوارە کەمال صالح ،گورانی و هەندێ ڕوانگەی ڕەخنەیی سەبارەت بە کۆمەڵگا ،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2010، ل12.

(2)کەمال مەعروف (د) ، ئەدەبیاتی کلاسیک و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 2003، ل11.

تەڕ و پـڕ لە فرمێسـکە. ئاشـکرایە دەقـی ئەدەبـی مێـژووی داب و نەریتـی سـەردەمەکان دەگێڕێتەوە. صابری تێڕوانینی بەرزی بۆ ژن هەبووە، بۆیە لەسـەر دیـدەی خـۆی دای دەنـێ، تەنانەت لەبەر عەشقی چاوی ئەو دولبەرە وەکو وشـتر بەسـەحرادا دەڕوات ولەبەر خـویەوە وتی وتی عیشقێتی وەک خۆی دەڵێ (دەکا ئەم نەوعە کاوێژە).

کاتێک نەریتی کۆمەڵگا باڵا دەست دەبێت ، دەبینین جیاوازی نێوان نێر و مـێ دێتە ئـاراوە،لەو سـونگانەوە کەپێویسـت ناکـات جیـاوازی تێـدا بکرێـت ((بێگومـان ئەوەی ئەم جیاوازیـانە دروسـت دەکـات خـودی کۆمەڵگـایە، بیرکـردنەوەو ڕەهەنـدە زاڵەکـانی ئەندێشـەی تاکە))[1]. صابری نەک هەر تەنها دژی ئەو جۆرە جیاوازیانەیە، بەڵکو خـۆی دەکـاتە قوربـانی ڕەقیب و دڕک و داڵەکانی ،لە کاتێکدا کە یارەکەشی بە گوڵ دەچوێنێ:

ڕەقیبم دی لەبەر پێتا وتم خۆزگەم بەخۆی جانا
کە تۆ گوڵبی بە قوربـــانی هەموو خار و ڕەقیبت بـــم
بەسەیران و- تفرج – چویە نێو گوڵزارەوە جانا
بەسەرگەردی گوڵ وگوڵزاری نەغمەی عەندەلیبت بم ..(د.ص.ل137-138).

ژن لە کۆمەڵگـای کوردەواریدا تەنهـا ڕەمـزی جـوانی و ئەدەب نەبـووە، بەڵکـو دەیـان ژنـی قارەمانیشـمان هەبـووە کە لە کاروبـاری وڵاتـدا ڕۆڵیـان گێـڕاوە لەتەواوی بوارەکانـدا، لەوانە :(عادیلە خانم "ژنـی وەسـمان پاشـای جـاف ودایکـی ئەحمەد موختـاربەگی جـاف ، مـاە شەرف خان "ژنی شەرف خان میری بەتلیس ، خـانزاد" شـاژنی میـری سـۆران....هتد ) ،بـۆیە زۆربەی ئەو بیانیـانەی هـاتوونەتە کوردسـتان بە شـانازییەوە سـەیری کۆمەڵگـای کوردییـان کـردووە، ئێسـتاش کۆمەڵگـای کـوردی پـڕە لە ژنـی خەبـات کـار لە هەمـوو کـۆن وقوژبنێکدا شوێن دەسـتیان دیـارە ،لە دەقـی شـیعری کوردیدا ئـافرەت بە زۆر شـت چـوێنراوە بەتـایبەت شتی جوان وبەنرخ ،صابری لەم شیعرەدا بـاس لە تیغـی بـرۆی یـار دەکـات،تیغی هێنـدە تیـژە ڕۆسـتەمی زاڵ و بەهرامـی عـاجز کـردووە، لەدەقـدا زۆر جـار (( (ئەبـرۆ) بە (کەوان) یـان بە

(1) دانا عەسکەر، مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانە سەردەم، سلێمانی، 2009، ل86.

(میحراب) چوێنراوە، چونکە هەرسێکیان کەوانەیین، بەڵام لە پیرۆزیدا میحراب لە هەمویان زیاتر بە پیرۆزتر دادەنرێت))[1]:

ماه ڕوو دەرکــەوت و خورشیدی جیهان هاتــە کزی
شەکەر و هەنگوین لە حەسرەت لێوی دوو لێوان گەزی
تیغی ئەبرۆی ڕۆستەم* و بـــــەهرامی **عاجـز کردووە
تیری غەمـــزەی چاوی دی سەعدی بنی وقــاص*** بەزی.(د.ص.ل202).

صـابری لێرەدا یارەکەی بە مانگ وەسف دەکات شـەکەر و هەنگوین لە تاو لێوی شیرینی یار،لێوی خۆیـان گەزتووە، تیغی ئەبرۆی لە ڕمەکەی دەستی ڕۆستەم و بەهرام تیژترە ، غەمزەی چاوەکانی تیرەکەی سەعدی کوڕی وەقاصـی بەزاند. ئەگەر ئێمە سەرنج لەم دێڕی صابری بدەین دەبینین وێنەیەکی زۆر جوانمان پێ دەبەخشێ بە تایبەت کاتێک (شەکەر و هەنگوین) وەکو دوو گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

شـاعیرانی کلاسـیزم سـەرەڕای ئەوەی زۆربەیـان مەلا و مەلازادە بـوونە، بەڵام لە شـیعرەکانیاندا زۆر بە جـوانی و بە وردی  ئافرەتیـان وێنـا کـردووە، بێگومـان ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کۆمەڵگا لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە کە ئافرەتی لەلا بە نرخ بووە. صابری ئەمجارە دەست بۆ جوانییەکانی ئاسمان دەبات تاکو وەسفی یار

---

(1)حەمە ساڵح فەرهادی، خۆ بەکەم زانینی شاعیرە کلاسیکیەکانمان بەرانبەر بە ژن، فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،2013 ، ل61.

*رۆستەم : مەبەست لە ڕۆستەمی زاڵە ،کە زیاتر ناوی وەک پاڵەوانێکی نێو ئەفسانەکان دەکردووە ،لە شاهنامەدا هاتووە کە "کەیکاوسی " پاشای رزگار  کرد ودواتر پاشا دەسەڵاتی چەندین وڵاتی پێ بەخشی . بڕوانە :شرف خان البدلیسی ،شرفنامە ، ترجمە :محمد علی عونی ،الجزوالاول ،دار الزمان ،سوریا ،ص61.

**بەهرام :بەهرامی کوڕی چوبینە ساڵی (591ز)کۆچی دوایی کردووە،یەکێک بووە لەسەربازە بەهێزەکانی وڵاتـی فـارس بە رەچەڵەک کوردە،لەسـەردەمی هرمـزی چـوارەم تـوانی لە (خاقـانی تـورک ) ببـاتەوە وسەرکەوتنێکی بەهێزی بۆ دەوڵەتی ساسانی تۆمار کرد .بڕوانە :شرف خان البدلیسی ،شرفنامە ، ترجمە :محمد علی عونی ،الجزوالاول ،دار الزمان ،سوریا ،ص61.

*** سەعدی کوڕی وەقاص : یەکێک بووە لە سەحابییەکانی ئیسلام ،لەتەمەنی 17 ساڵییەوە موسڵمان بووە،یەکەم کەس بوو کە لەپێناو خوادا تیری وەشاند ،لە زۆربەی جەنگەکاندا بەشداری کردووە،لە شەڕی قادسییە سەرکردەی سوپا بوو وبەسەر فارسدا سەرکەوت.

بکات ،دەیکات بە(بەدر) واتە مانگ کاتێک بە خڕی دەردەکەوێ و ڕۆحی بە قوربانی خەت وخاڵی روخساری یارەکەی دەکات ،دەڵێت :

بــەو ئومێدە تا شەوی بەدری جەمالت دەرکەوێ
جان فیدای ئەو خاڵەکەم بەو ڕوومەتی مەهتابەوە
چەرخی دون رۆژێ لە گەڵ کەس مەیل وفکری چا نەبوو
سەد خەڵاتی وابەشانی دوونی ناکەس بابەوە
ناکەسان سەرمەستی بەزم و وەسڵی یارو کەس هەموو
دڵ پەرێشان وبەداغ حەسرەتی ئەحبابەوە..(د.ص.ل166).

لێرەدا گلەیی لە زەمانە دەکات ،کە لەگەڵ چاکەکاران ناتەبایە،بەڵام خراپەکاران هەر پۆست وپایە وەردەگرن ،صابریش بەحەسرەت وداخی یارەوە واخەریکە سەر ئەنێتەوە .

بۆیە دەتوانین بڵێن صابری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە دەقی جوانی بۆ ئافرەت نووسیوە ولە پایەو قودسیەتی کەم نەکردۆتەوە، هەر دێڕێکی دەخوێنیتەوە وەسفێکی جوانی ئافرەتی تێدایە.

**تەوەری دووەم/ هزری نەتەوەیی:**

**أ- هزری نەتەوەیی :**

نەتەوە یاخود میللەت و گەل ، کۆمەڵە وشەیەکن هەمان چەمک و واتا لە خۆ دەگرێت، چەمکی نەتەوە بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن زۆربەی میللەتانی دنیاوە پێناسە کراوە ، لەوەتەی نەتەوە هەیە هزری نیشتمان پەروەریش لەگەڵیدا لەدایک بووە ،نەتەوەی کورد : یەکێکە لەو نەتەوانەی کە ناوبانگی لەهەموو کتێبە مێژووییەکاندا بەئازایی وخەباتگێڕی ونیشتیمان پەروەری دەرکردووە،هزری نەتەوەیەیی هەروا لەخۆیەوە دروست نابێت ،بەڵکو پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە لەوانە(زمان ،کەلتوور ،ئاین ،فەرهەنگ ، شوێن ...هتد )، (ئەرنست گیلنەر)* پێی وایە:(( نەتەوە چوارچێوەیەکە هەردوو یەکەی سیاسی و نەژادی نەتەوەیی پێکەوە دەبەستێتەوە، نەتەوە فەرهەنگ و ئیرادەیە))[1]واتە نەتەوە فەرهەنگ ونەژادی هەر میللەتێک پێکەوە گرێدەدات، نەتەوە هەمیشە وەک بەهایەکی بەنرخ تماشا دەکرێت ،وەک دەزانین تاکیش سەرچاوەی نەتەوەیە ، بۆیە بوونی نەتەوە لە ژیانی تاکدا زۆر گرنگە وبەهایەکی نیشتمانی هەیە ،بۆیە بایەخدان بەنەتەوەو یەک پارچەیی میللەت لەسایەیی پەرەسەندن وگەشەکردنی زانست وزانیاریدا دێتە ئاراوە. هزری نەتەوەیی یەک واتای نییە ،بەڵکو وەک دکتۆر "عەبدوڵلا ئاگرین " ئاماژەی بۆ کردووە زیاتر لە چەمک و واتایەک لە خۆ دەگرێت :

1-زاراوەیەکە بە هەڵگرانی خودی بیرو باوەڕەکە دەوترێت .
2-مەبەستێکە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی ورزگاریخوازی وئازادی بەخشی کوردی[1].

---

*گیلنەر : ئەرنست گیلنەر (1925- 1995)مامۆستای فەلسەفە لە کۆلێژی ئابووری لەندەن، بیرمەندێکی ناودار و شارەزای کۆمەڵناسی، لە زۆربەی نووسین و بەرهەمەکانی دا گرنگی زۆری بە ناسیۆنالیزم داوە،دوو بەرهەمی هەیە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم (بیرکردنەوە گۆڕان )،(نەتەوەو نەتەوایەتی ).بڕوانە الموسوعة الحرة.

(1) ئەکرەمی میهرداد ،ناسیۆنالیزم ،بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری "ی.ن.ک" ،سلێمانی ،2006،ل209 .

کەواتە هـزری نەتەوایەتـی بیروبـاوەڕێکە کەتـاک هەڵگرێتـی ،هەسـتێکە بـۆ یەکگرتنـی مـیللەت ،لەهەمـان کاتـدا مـیللەت بەرەو ئـازادی وبنیـات نـانی دەوڵەتـی کـوردی دەبـات ،بەگشـتی قۆناغەکانی دروستبوونی بیری نەتەوایەتی کوردی دابەشی سەر سێ قۆناغ دەکرێت:

((1- هەست پێکردنی نەتەوەیی یان قۆناغی خۆ جوداکردنەوەی کورد لە نەتەوەکانی تر ،ئەم قۆناغەش لە سەدەی (16)دەستپێدەکات تا کۆتایی سەدەی (19) .
2-سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوی نەتەوەیـی کە لەدەرچـوونی رۆژنـامەی کوردسـتانەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دەخایەنێت
3-قۆناغی دەست پێکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی))[2].

هزری نەتەوەیی تاکی کورد لەوەتەی هەیە ،لە ژێر کاریگەریی نەژاد پەرستی تورک وفـارس وعەرەب دایە ،هەر هەنگـاوێکی بـۆ جـوولانی هـزری نەتەوەیـی نابێـت پووچەڵکراوەتەوە،جگە لەمانەش جوگرافیایی کوردستان کەلەنێوان سێ دوژمنی سەرەکیدا دابەش بووە،کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر بیروباوەری تاکی کورد هەبووە.

میللەتـی کـورد هەر لە دێـرِ زەمـانەوە بە ئـازایی وهەسـتی نیشـتیمان پەروەری ناسـراوە،لە شـاهنامەدا هـاتووە( کەنـاوی کـورد لە بەر زیرەکـی وبەهیـزی وخەبـات کـردن لە پێناو نیشتمان ،لەمیللەتی کورد نراوە)[3]بێگومان تەواوی دەست نووسە کۆنەکان شـایەتحاڵن ، کە هەستی نەتەوەی لای تاکی کورد زۆر بەهێزە.صابری سەرەرای ئەوەی شیعری زۆری بـۆ عیشـق نووسـیوە،بەڵام هەسـتێکی قـووڵی نەتەوەیشـی هەبووە،بـۆیە بەپێـی دەرکەوتنـی چەمکەکانی بیری نیشتمان پەروەری لەدەقەکاندا ،لەم رەگەزانەدا هـزری نەتەوەیی دەخەینە ڕوو:

---

(1) عەبدوڵلا ئاگرین ( د) ،کاریگەری بیری نەتەوەیی لەگەشەسـەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق (1961- 1970)،چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر 1999،ل35.
(2) دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس ،نەتەو نەتەوایەتی ،گۆڤاری "زانکۆ" ،هەولێر ،سـاڵی سـێیەم ،ژمـارە "7" ،1999،ل12.
(3) شرف خان البدليسى ،شرفنامه ، ترجمة :محمد على عونى ،الجزء الاول ،دار الزمان ،سوريا ،ص60.

## 1- هزری سەربەخۆیی :

سەربەخۆیی: وەکو چەمک واتە ئازادی گەل، بەهێزی شەڕ یاخود هەر هێزێکی تر بەدەستی بێنێت، ئەمەش وادەکات بڕیاری ئەو وڵاتە لەژێر دەستی خۆیدا بێت و هیچ هێزێکی دەرەکی کاری تێنەکات.

ئەگەر تەماشای سەربەخۆیی لە وڵاتانی دنیا بکەین کە چۆن بەدەست هاتووە، ئەوا دەبینین زۆربەیان بەزەبری شۆڕش و بەرخودان سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، یاخود خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو بوونە.

سەربەخۆیی لە وشەی (independence)ی ئینگلیزییەوە هاتووە[1]سەربەخۆیی وەک چەمک تەنها لایەنی سیاسی ناگرێتەوە واتە تەنها پەیوەست نییە بە سەربەخۆی وڵات ودەسەڵات،بەڵکو سەربەخۆی تاک وسەربەخۆیی خێزان وسەربەخۆیی ڕاگەیاندن و ...هتد.

((سەربەخۆیی تاک لە سەدەی چواردەیەم و پانزەیەمدا پەرەی سەند و لە سەدەی حەڤدەدا سەربەخۆیی بوو بە مافێکی سەرەکی داواکراو بۆ هەر تاکێک ، ئەمەش وایکرد کە پرسی سەربەخۆیی تاک لە تەواوی کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا بە چاوی بەرز تەماشا بکرێت))[2].

بۆیە ئەمرۆ دەبینین رۆژئاوا نموونەیە بۆ سەربەخۆیی کۆمەلایەتی بێت یاخود سیاسی بێت ،هەر لەمیانی سەربەخۆییەوە،تاک مافی تایبەتی خۆی وەردەگرێ .

سەربەخۆیی وەک بەشێک لە هزری نەتەوەیی لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە بوونی هەیە،بۆیە ئەم چەمکە سەردەمانێک بیر و هۆشی تاکی بە خۆیەوە مژۆل کردبوو ،ئێستاش دەبینین پرسی سەربەخۆیی پرسێکی گرنگی گۆڕەپانی کوردییە ، بەڵام جۆرێک گۆڕانکارییەک بەسەر خەبات وخەباتکاری تاکی کوردا هاتووە .

---

(1) www.kalema.net

(2) سامیول . پ. هەنتیگتۆن، وەرگێڕانی: مامەند ڕۆژە، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی، 2005، ل64.

ئەمــڕۆ دەبینــین ئەم هــزرە بەتەنهــا لەو بــوارانەدا کە ئاماژەمــان پێکــرد قەتــیس نەمــاوە،بەڵکو تــێکەڵ بەبەشــەکانی کەلتــوور و ئــاین و ئەدەبیــات ومێــژوو ... هتــد بــووە و ڕاستەوخۆ لەو بوارانەدا دەردەکەوێت. سـەربەخۆیی کە بەشێکە لە هزری نەتەوەیی لە نێو ئەدەبــی کوردیــــدا ســــەرەتا لای "ئەحــــمەدی خــــانی"* لە داســــتانی (مەم و زیــــن) دەرکەوتووە،پێشــتریش لای "باباتــاهیری عوریــان"**بەڵام بەو شــێوە زەقەی خــانی نەبــووە ،پاشان ئەم بیرە گەشەی سەند و تاکی کورد هەستی بە بەرپرسیارێتی کردو کەم تـا زۆر لە نێــو دەقەکــانی پــاش خــانی دەرکەوت ،وەک ئاشــکرایە هــزری ئــاینی لەو دەمــانەدا بەهێــز بووە،ئاین کۆنترۆڵی کۆمەڵگای کوردی کردبوو وهەموو کارێک لە پێناو ئایندا دەکرا بۆیە زۆر جــار بیــری نەتەوەیــی لە بــۆتەی هــزری ئــاینی دا تواوەتەوە،تەنــانەت هــزری ئــاینی فــاکتەرێکی ســەرەکی بــوو بۆ شکســت هێنــانی زۆربەی شۆڕشــەکان چــونکە بەهــۆی ئاینەوە کــورد دۆســتی لە دوژمــن جیــا نەکــردۆتەوە بە بەهــانەی ئەوەی پەیــڕەوی هەمــان ئــاین دەکەن.پاشان لای حاجی قادری کۆیی هەستی نەتەوەیی سەری هەڵدایەوە، حـاجی تەواوی ململانێ و ستەمکاری و داگیرکاری ئەو سەردەمەی خستۆتە ڕوو. کەرکوک وەکو تەواوی پارچەکــانی تــری کوردســتان هەمــوو دەمێــک ڕووبەڕووی مەینەتــی ونەهــامەتی بــۆتەوە ،

*ئەحمەدی خانی :ئەحمەدی کوڕی ئەلیاسە ،باوکی خانی لە1644بۆتە نوسەر لە کۆشکی میری بایەزید ،لە 1650 لە دایک بووە ،خانی لەسەرەتاوە تا بەکۆتا هاتنی داستانی مەم وزین سی ساڵی ڕەبەق خەریکی نووسین بووە ،ئەحمەدی خانی بۆ خوێندن زۆر شوێن گەڕاوە ،لە 1671لە بایەزید لەبەر ئەوەی خانی هەرسێ زمانی فارسی تورکی وعەرەبی زانییوە ،ماوەیەک لە کۆشکی میر بووە ،پاشان دەبێتە وتار خوین وپێش نوێژ ،لە گەڕانیدا زۆربەیکتێبەکانی فەلسەفەو تەسەوف وکتێبە ئاینییەکانی لەبەر دەستدا بووە،هەر بۆیە توانیویەتی بەو شیوەیە داستانی (مەم وزین) بنوسێتەوە،جگە لە داستانە فەرهەنگی نەوبەهاری فێرکاری وعەقیدا ئیمانی نووسیوە،خانی لە 1707 کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:فەهمی شوکر عەبدوڵلا ،نەتەوەو دەوڵەت وئاین ،لە هزری ئەحمەدی خان دا ،نامەی دکتۆرا ،زانکۆی سەلاحەدین ،2009.

**بابا تاهیر : (1000-1058) لە شاری هەمەدان هاتۆتە دنیاوە ، لەسەدەی (11) ژیاوە ،.بەیەکەم شاعیری کورد دادەنرێت ،بۆ چوون هەیە گوایە پێش بابا تاهیر شاعیری تر هەبووە بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە،تەواوی شیعرەکانی بە زاری لوڕی داڕشتووە بە شێوەی چوارینە،بە پێی لیکدانەوەی چوارینەکانی بە یەکەم شاعیری ریالیزمی کورد ئەژمار دەکرێت .

شـاعیرانیش  که خەمـی گەورەیـان نیشـتیمانە لە هەمـوو سـەردەمێکدا ئەو نەهامەتیانەیـان خستۆتەڕوو.

صابری بەشێکی فراوانی شیعرەکانی بابەتی  ئاینی  وعیشق لە خۆ دەگرێت ، بەڵام وەکو هەر تاکێکی کورد هەستی بە کێشە و دوژمنەکانی میللەتەکەی کردووە و لە چەندین دەقدا باسـی سـەربەخۆیی و ئـازادی و تـاکی کـوردی سـتەم لێکـراوی  کـردووە ، سـاڵی (1336ک) کە بە (سەفەربەلک) بەناوبـانگە و وێنەی قات و قڕی و برسێتی خەڵکی گوندی شـۆڕیجەیە لەو کـاتەدا ، کە ئینگلیـز هـاتووە و برسـێتی ڕووی لە وڵات کـردووە ،صـابریش لەبەر هەژاری و نەداری ڕووی لە دیلێژە کردووە ،دەڵێت:

تاریخی هەزار و سێ سەد و سی و شەش کە مەشهورە
سـەرفەربەر چوو گرانی هات و شێوا شار و مەعمورە
گەلێ شاە و ئەمیر و قازی و موفتی کە سوورگون بوون
گەلێ زەنگین و حاجی نا عیلاج موحتاجی هاموون بوون.(د.ص.ل229).

ئینگلیز هەر لە دێر زەمـانەوە خەریکی داگیرکـردن وئـاژاوە نـانەوە بووەو هەمـان ڕەفتاریـان دەرهەق بە گەلـی کـورد نوانـدووە (مێجەرسـۆن) وەکـو سـیخوڕی بەڕیتـانی چەنـدین سـاڵ لە کوردستان ژیاوە و دژی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر پلانی دارشتووە، صـابری پێـی وایە مێجەرسـۆن و سـەرکردەکانی دوژمنـی سـەرەکی گەلـی کـوردن و لە خـوا ئەپـاڕێتەوە کە دەرگایان لێ بکاتەوە و لەو دوژمنانە ڕزگاریان بکات:

(یـا الـهی فتح بـابی) نیمە تابی سێ عەدوو
ئەوەڵەن مەندوب و سانی جۆرج و سالس مێجەرە.(د.ص.ل181).

صابری  لە دژی ئەوە بووە،کە میللەتی کورد باوەر بە کەسانی دوور لە ئاین بکەن، پۆلیس کە لەو سـەردەمەدا لەژێـر دەسـت و فەرمـانی داگیـرکەردا بـووە و بە چەتە ناویـانی بـردووە، دوژمنـی میللەت بـووە و تـاکی کوردی چەوسـاندۆتەوە، ئەمەش وایکـردووە خـێڵە کوردەکـان لە سـاڵی (1924) دا مـانگرتن ڕابگەیەنـن. بێگومـان ئەم هەڵوێسـتەی خـێڵە کوردەکانیش لە پێنـاوی ئـازادی و سـەربەخۆیی و لە دژی ژێردەسـتەیی بەرپـا بـووە ، جگە

لەوەش لەو دەمانەدا کەسانی دوو ڕوو وکافر ڕەواجیان هەبووە ،موسڵمان وپیاو چاکانیش بەشیان زیللەت بووە ،صابریش ئەمەی لە وێنەیەکی شیعریدا خستۆتەڕوو:

ئومـەرا کافـر و سـادات و موسڵمان چەتە بێ
قوڕ و بۆیاغی دوو عالەم بەسەر ئەم میللەتە بێ
چـونکە پۆلیس و چـەتە دوژمنی دین و ماڵن
ئوسەرا با ئیشی ئەم دەردی سەر و زیللەتە بێ
.............
لـە وڵاتـێ کە گـوزەرگاهـی چـەتـە و پۆلیسـە
موختەسەر کەس نییە بێ وەسوەسە و خت ختە بێ .(د.ص.ل217).

خستنەڕووی ئەم هەستە لەلای صابری، بەسە بۆ ئەوەی بڵێین شاعیر تەنها شیعری بۆ عیشق نەنووسیوە، بەڵکولە خەمی نەتەوەشدا بووە.

زۆرجار (ژێرخان ـ ئابوری) فاکتەری سەرەکی بووە لە نەهامەتییەکانی تاکی کورد، نەبوونی ئابورییەکی باشیش بۆتە لەمپەر لەبەردەم سەربەخۆبوونی کورد و کوردستان ، هەر گۆڕانکارییەکیش لە ژێرخاندا ڕوودەدات ،سەرخان کە ئەدەب وزمانی وبەشەکانی تر دەگرێتەوەو گۆڕانی بەسەردا دێت وگەشە دەکات وکۆمەڵگا بەرەو بووژانەوە دەڕوات ،بۆیە صابری لەو زەمانەدا بە هۆشیارییەوە درکی بەم حاڵەتە کردووە. دەڵێت :

تاقمێ گەرچـی نیزاعیانـە لەسـەر ئیستقلال
ناویان دەرچـووە بێ چارە بە سوئی ئیستعمال
چونکە بێ پارەن ئەگەر لیرە بکەن (استحصال)
لـە کنم وایـە بـە تـەیـارە دەکەن (استدلال)
ئەم نییەتە چاترەعالەم لەسـەر ئـەو نیەتە بێ.(د.ص.ل219).

شاعیر وای بۆ دەچێ تاکی کورد کە هەمیشە شەڕی بووە لەسەر سەربەخۆیی و بوونی دەوڵەت ،ئەگەر پارەی خۆی هەبووایە ئەوەلە مێژەوە گەیشتبووە مەقسەد، کەواتە صابری وەکو مرۆڤێکی حەق بێژ بەبێ ترس بۆچوونی خۆی خستۆتەڕوو و خزمەت کردنو دڵسۆزی بۆ نیشتمان وەکو ئەرکێکی ئاینی تەماشاکردووە.

## 2-هزری ئازادی:

مرۆڤ لەوەتەی هاتۆتە سەر زەمین بە ئازادی هاتۆتە دنیاوە ،هەروەک ئیمامی "عومەری کوڕی خەتاب " دەڵێت :( متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم امهاتهم احرارا ) "رۆسۆ"*ش دەڵێت (مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت) .

ئەم بیری ئازادییە وایکردووە بەردەوام تاکەکان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و لە پێناویدا بە هەموو شێوەیەک خەبات بکەن، چونکە زۆرجار لەلایەن کەسانی ترەوە ئازادی زەوت دەکرێت ،مەرجیش نییە ئازادی پەیوەست بێت بە وڵاتەوە بەڵکو ئازادی تاک وئازادی راگەیاندن وبڕیاردان ...هتد هەیە ، لە پێناسەی ئازادیدا هاتووە: ((حاڵەتی ڕزگاربوونە یاخود ئازاد بوونە لەو کۆت و بەندەی کە هێزی تاک داگیر دەکات))[1]. کەواتە ئەرکی ئەم هزرە ئازاد کردنی بیرو ڕای تاکە ،چ لە لایەن کۆمەڵگاوە بێت ،یان لە لایەن هێزی داگیر کەرەوە بێت ،کەواتە پێش ئەوەی ئازادی هەر شتێک بێت دەتوانین بڵێین حاڵەتێکی ڕووحیە، "هیگڵ"** دەڵێت:((هەروەک چۆن کرۆکی ماوە قورساییە،بەو شێوەیەش کرۆکی ڕوح باشتر بڵێین چیەتی ڕوح ئازادییە))[2]. بوونی ئازادی کاریگەری ئیجابی لەسەر کیانی تاک بەرپا

---

*رۆسۆ :(1712- 1778) نووسەرو وفەیلەسوفێکی سویسرییە ،بە فەیلەسوفی مەزنی سەدەی هەژدە دادەنرێت ،بەرهەمەکانی بوونە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنساله 1789 ،جگە لە بایەخ دانی بەسیاسەت ،زۆر گرنگی بەمۆسیقا و پەروەردە داوە،هەرلەمنداڵییەوە ژیانی دەربەدەری ژیاوە، چونکە پاش مردنی دایکی ئیدی لای باوکە تورەکەی نەماوەتەوە،لەبەرهەمەکانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی ،اللزوميات ،غراميات ،مبادى حقوق الاساسيه ،الاميل ...هتد).

(1)www.maqalaty.com

**هیگڵ :جۆرج فیلیهام فردیش هیگڵ(1770- 1831) لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانی لە خێزانێکی بورژوازی لە دایک بووە،هیگڵ ی لاهوتی زان وفەلسەفی کار وفەیلەسوف خاوەن کۆمەڵێک بەرهەمی فەلسەفییە لەوانە :(ژیانی مەسیح ،ڕەوشی ئاینی مەسیحی ،جیاوازی نێوان مەزهەبی فیختە ومەزهەبی شلینگ ،ئیمان ومەعریفە ،فینۆمینۆلۆژیای رۆح ..هتد).

(2) سامان محمد، خوێندنەوەی چەن دەقێکی ئەدەبی و فیکری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ل211.

دەکات. ((ئازادی مەرجی یەکەمی گەشەسەندن و پێشکەوتنەکانە))[1]. ئەم چەمکە بەشێکە لە سیاسەت زۆرجار وەکو زاراوەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش وایکردووە ئەدەب و سیاسەت لە گۆشەنیگایەکدا یەک دەگرنەوە کە ئەویش "ئەدەبی بەرگرییە"*. هۆی ئەم دیاریکردنە یەک گۆشەییە لەوێوە دەست پێدەکات، کە بارودۆخی سیاسی ئەدەبی بەرگری وەک پێداویستییەکی گرنگ سەپاندە سەر ئەدەب، ئەمەش ئەنجامی ساڵەها زوڵم و چەوسانەوە بوو ، وایکرد نووسەری کورد چەمکی سیاسی لە ڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە بخاتە ڕوو .

ئازادی : وەکو چەمکێکی سیاسی ئەدەبی لە هەموو سەردەمەکاندا خەمی گەورەی ئەدیبان بووە، ئەو خەمەش لە ئازادی و تراژیدیای میللەتێکەوە سەری هەڵداوە کە بە درێژایی مێژوو ستەم لێکراو بووە ،چونکە ((ئازادی تاک بەرەو پانتاییەکانی دونیا دەبات و روئیاکانمان بەرفراوانتر دەکات))[2].شاعیر هیچ دەقێکی بۆ ئازادی نەنوسیوە ،تاکو هانی خەڵک بدات و جۆش وخرۆشیان بهەژێنێ ،بەڵام شیعرەکانی بە زمانی کوردی نووسراوە ، ئەوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر گرنگی دانی شاعیر بە ئازادی ،چونکە شیعر بۆ خۆی پرۆسەیەکی ئازادە،هەروەها هەڵوێستەکانی دژی دوژمنان وێنەی ئەو دڵسۆزییەن کە شاعیر بۆ نەتەوەکەی هەیبووە، لە سەردەمی ئینگلیزدا لە ڕێگەی "ئەحمەد ئەفەنی" قازی دادگای موسڵ کە برادەر و خزمی صابری دەبێ داوای لێدەکەن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا وەکو (وەرگێڕ) بۆ زمانی فارسی بە پارەیەکی زۆر کار بکات. بەڵام صابری هەرچەندە دەست کورت دەبێت،

---

(1)شۆڕش حەمە سالح. (گرفتەکانی ڕوحی ئێمە، هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە ڕیشەکانی گەندەڵی)، گۆڤاری کەوانە ژمارە( 4)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2011، ل227.

*ئەدەبی بەرگری :کەدەڵێن ئەدەبی بەرگری تەواوی رەگەزە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە،هەریەک لەو رەگەزانەش روویەکی بەرگری کارانەی هەیە ،بەڵام لیرەد شیعری بەرگری ڕوون دەکەینەوە کە بەبۆچوونی مەحموود دەرویش (دەربڕینێکە لە ڕەتکردنەوەی واقیع وپێویستی گۆڕینی وباوەڕهێنان بە شیانی ئەو گۆڕینە ..بەڵام بۆ ئەوەی ئەم شیعرە ببێتە هۆی گۆڕان دەبێ خۆی بە تیۆرییەکی شۆڕشگێڕیی خودانناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی چەکدار بکات ) .بڕوانە :عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی ،هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ،لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری ،هەولیر ،2005،ل21.

(2)سەردار جاف، شیرین تر لە دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، 2012، ل33.

کەچی ڕەتی دەکاتەوە، چونکە بیرە نەتەوەییەکەی هێندە بەهێزبووە ڕیگەی نادات خزمەت بە دوژمنی نەتەوەکەی بکات ،بۆیە بەم شێوەیە وەڵامی قازی دەداتەوە:

کڵاوی ســـەردڕاوی خۆم بە تــاجی پادشا نــادەم
کەلاوەی دوکەڵاوی خۆم بە قەسر و گەنجی شا نادەم
پڵاوی سەر بەکشمیشی فەقیری یەعنی ئاسایش
خودا بیدا لەمەولا ڕووو بەترشی وشۆربا نادەم
کەلاوەی خۆم بە دەستی خۆم گوڵاوم لێ بپەرژێنێ
ئیتر حاشا وکەللا دەس لە داوێنی (صبا) نادەم
بە خــوێنی جیفە بەرگی زاهیدی ئالودەکەم شێتم
بە تـــەوفیقی خودا دینم بە دوو نـــان و عەبا نادەم.(د.ص.ل141).

لەم دەقەدا بە ئاشکرا هەڵوێستی نیشتمان پەرەوری شاعیر دەردەکەوێ ،کەکەلاوەی دوکەڵاوی بە قەسرو تاجی شاە ناگۆڕێتەوە ،نان وخواردنەسادەکەشی بەخواردنی پادشا ناگوڕێتەوە ،لە دێڕی کۆتاییش هزری ئاینییەکەی زاڵ دەبێت ،کە دینی بە پۆست وپایەیەک لە لایەن ئینگلیزەوە پێ ببەخشرێ ناگۆڕێتەوە، شاعیر لە دێڕێکی تردا ڕەخنە لە تاکی کورد دەگرێت و بە بێ خەبەر ناوی دەبات ،چونکە دوژمن زنجیری ئامادەیە بۆ دەست وپێی میللەتی کورد، دەڵێت :

پاوەن وزنجیری دائم وا لە پێت دابێ خەبەر
دائیمەن کلیلی مەربەند و وەیا پابەندە پێت .(د.ص.ل246).

کەواتە ئــازادی گەلــی کــورد لە هەمــوو ســەردەمەکاندا وەک خەونێکــی ئەزەلــی دەرکەوتووە ، هەر لەو پێناوەشدا میللەت بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە تووشی زەبرو زەنگ ونەهامەتی بوونەتەوە .

**ب – کاریگەریی شاعیرانی کورد لە هزری شاعیردا :**

کاریگەربوون و کارتێکردن لە نێو دەقی شاعیران بەگشتی وپەیڕەوکەرانی ڕێبازی کلاسیزم بەدی دەکرێت، ئەمەش لە میانی ئەو بارودۆخە هاتۆتە کایەوە،هەمان کەش وبارودۆخبەسەر زۆربەیاندا زاڵ بووە،هەندێ جاریش لەبەر جوانی و بەرزی دەقێک شاعیرانی دیکە لاساییان

کردۆتەوە،مەرج نییە کارتێکردن تەنها پەیوەست بێت بە ئەدەبیاتەوە بەڵکو لە نێوان ئەدەب و زانستەکانی دیکەش روودەدات((گرنگترین سیفەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم وبیستەم بایەخ دان بوو بەلایەنی زانستی ،گرنگترین تیۆریی زانستی کە شوێن پەنجەی لەسەر لێکۆڵینەوەکانی بەراوردی ئەدەبی هەبووبێت تیۆریی داروینە لە گەشەکردن وریبازی هەڵبژاردن وکاریگەری بەسەر چەندەها زاناوە هەبووە))(1)پرۆسەی کارتێکردن مەرج نیە تەنها پەیوەست بێت بەکاریگەر بوون بە دەقی هەمان زمان ونەتەوە،بەڵکو کاریگەری ئەدەبیاتی تریش لەسەر ئەدەبی کوردی دەگرێتەوە،ئەمەشبە "بەراوردی ئەدەبی"*ناودەبرێت.

ئەوەی ئیمە لێرەدا دەیخەینەڕوو زیاتر قاڵبی "هاوسەنگی ئەدەبی" ** گرتووە، گومانی تێدا نییە کە((هاوکێشەکان لە نێوان ئەدیبانی یە ک زمان بەهایەکی زۆر مەزنی هەیە وسوودێکی گەورە بە تێگەیشتنی هێڵی ئەدەبی ئەو زمانە دەبەخشێ کە لەسەری دەڕوات))(2) لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەیان وێنەی بەرچاوی کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی کوردی، عەرەبی کوردی ،تورکی کوردی بەدی دەکرێت ،هزری نەتەوەیش لە نێو دەقی کوردیدا سەرەتا بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە، بەڵکو ئەوکات زیاتر هەستی نەتەوەیی زاڵ بووە کردنی بەرژەوەندی گشتی نەتەوە لە دیارترین سیماکانی ئەو هەستەن))(3).

(1) ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د)،بەراوردی ئەدەبی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر،2014،ل55- 56.

*بەراوردی ئەدەبی : پێناسەی ئەدەبی بەراورد بە پێی قوتابخانەکان دەگۆڕێت ،لای فەرەنسیەکان ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندییە لێکچووەکانی ئەدەبیاتە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە ،لای ئەمەریکیەکان لە پەیوەندییە لێکچووەکانی ئەدەبیاتە جیاوازەکان وپەیوەندییان بە زانست وهونەرەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە.بڕوانە :ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د)،بەراوردی ئەدەبی ،ل17

** هاوسەنگی ئەدەبی :لە نێوان ئەدەبیاتی یەک زماندا دەکرێت ،وهەمان ژانەری ئەدەبی ،وەک هاوسەنگی نێوان مەحوی وصابری ...هتد.

(2) کەمال مەعروف (د) زانستی ئەدەبی بەراوردکاری ،چاپی یەکەم،چاپخانەی یاد ،سلێمانی 2008،ل15-16.

(3)جلال الطالباني، كردستان و الحركه القومية الكردية، بيروت، 1969، ص68.

پاشان هەستی نەتەوەیی پەرەی سەند و بەرەو پێشەوە چوو وتێکەڵ بوو بەدەقی شاعیران وداکۆکی لەسەر کرا ،دەقەکانی (مەلای جزیری)* بەڵگەن لەسەر ئەوەی کوردی وەک نەتەوەپیشان داوەو مافی خۆیەتی ئەدەبی تایبەتی هەبێت ، هەر بۆیە ئەم هزرە لە نێو ئەدەبیاتدا بە تایبەت لە ڕێبازی کلاسیزم دا بووە خاڵێکی گرنگ و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە،هەر لەسەر پرۆسەی کاریگەربوون (پۆل ڤالیری)** دەڵێ:((هەر ئەدیبێک هەناسەی ئەدەبەکانی تری بۆ نەیەت وسەر لە نوێ خۆی دانەڕێژێتەوە کروشکە دەکات و هەڵدەپروکێ)).

صابری شاعیرهزرو زانینێکی فراوان وهەمە لایەنی هەبووە ،شیعرەکانی لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە تەواوی بوارەکانی بە باشترین شێوە لە خۆ گرتووەوبالا دەستی نواندووە،سەرەڕای ئەمانەش کاریگەر بوونی بە شاعیرانی پێش خۆی دیارو ئاشکرایە بە تایبەت (مەحوی ونالی ) ئەمەش تۆزقاڵێک لە ئاستی شاعیرکەم ناکاتەوە،بەڵکو فرە لایەنی زانیارییەکانی وقووڵ بوونەوەی لە ئەدەبیاتی کلاسیزمدا دەخاتە ڕوو. کاریگەربوونی صابری بەشاعیرانی تر تەنها پەیوەست نییە بە هزری نەتەوەییەوە، بەڵکو زیاتر ڕووە کۆمەلایەتی وئاینێکەی دەگرێتەوە،صابری دەڵێت :

ئەگەر تۆ موشتەری مەرجان و دوڕڕی
بە گیانی تـۆ وەرە هەرزان فرۆشم(د.ص.ل144)

نالیش دەڵێت:

---

*مەلای جزیری : ناوی ئەحمەد نیشانییە ،یەکێکە لە کەڵە شاعیرانی کلاسیزم ،سەبارەت بە لەدایکبوون ومردنی بۆچوون زۆرە لە کۆتایی سەدەی یانزەهەمدا لەدایک بووە خەڵکی جزیرەی بۆتانە،خوێندنی هەر لەوێ تەواو کردووە ،پاشان هەر بۆ تەواوکردنی خوێندن چووە عێراق وسوریا ومیسر ،فیری زمانی فارسی وتورکی وعەرەبی بووە ،پاشان دەچێتە دیاربەکر ودواجار دەگەڕێتەوە جزیرە لە ساڵی (1160)کۆچی دوایی ئەکات ،دیوانەکەی بەناوی خۆیەتی.بڕوانە :عیزەدین مستەفا ڕەسوول ، مەلای جزیری وهەندێ دەربارەی ژیان وبەرهەمەکانی،چاپخانەی دار الحكمة،هەولێر1990،ل11.

**پۆل ڤالیری (امبروز تۆسان ڤالیری1871- 1945) ،شاعیری گەورەی فەرەنسایە ،لەزۆربەی بوارەکاندا دەست پێشخەری نواندوە،بەیەکێک لەشاعیرانی قوتابخانەی رەمزی هەژمار دەکرێت .

عومرێکه بـــه میزانی ئەدەب توحفه فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێ نەگەیی ئێسته خەمۆشم (د.نالی .ل280).

هەمـان وێـنه و هەمـان مەبەسـت که نـالی باسـی لـێ کـردووه لەو دێـڕەدا صـابری دووبـارەی کـردۆتەوه، دیـاره نـالی مەبەسـتیەتی ئەدەبەکەی وەکو تـوحفەیەک نمـایش بکـات، بێگومان توحفەش هەموو کەس ناتوانێ بیکڕێ،کڕیاری تایبەتی خۆی هەیه که نرخی دەزانن، بەڵام له دێڕی دووەمدا دەڵێت ئێسته خامۆشم بێ دەنگم چونکه کەس له مەبەست وپەیامی مـن ناگـات، کەواته لای هەردوو شـاعیر مەبەسـتی سـەرەکی وشـه و پیـرۆزی وشـەیه، له دێڕێکی دیکەدا صابری دەڵێت:

گەر دەپرسی شەو لەبەر چی تابەیانی ناخەوم
دڵ به ئومێدی نەسیمه چاوەڕێی مزگێنیه .(د.ص.ل186).

نالیش دەڵێت :

گەر دەپرسی من له بەر چی کەم دەخۆم
من به برسی قەت مەزانه ،غەم دەخۆم .(د.نالی .ل295).

جگه له (نالی ) (مەحوی)ش کاری کردۆته سەر صابری ،دەڵێت :

سەد نەهاتی هات و سەد هەیهات هاتی تۆ نەهات
ئاخ له جـــەور و زوڵمی یـــار و تالعی غەدارەکەت (د.ص.ل69).

مەحویش دەڵێت:

دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی!
نەهـاتی هەر نەهـاتی هەر نەهاتی (د.مەحوی .ل342).

ئەم دوو دێـڕه شـیعرەی مەحـوی و صـابری یەک وێـنەی شـیعری ناسـکی له خـۆ گرتووه و به هەمان بیر و وشه داڕێژراوه به تایبەت له دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا. صـابری دەڵێت :

تۆ کە دەرکەوتی ئەزانی چی بەسەر دێ مەردومان
خۆرهەڵات تێفکرە حاڵی شەونم و میسقالە زەڕە .(د.ص.ل89).

مەحویش دەڵێت:

تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە چی بەسەر دێ جان و دڵ
حاڵـەتی شەونـــم تەماشاکە بە وەقتی ڕۆژهـــەڵات .(د.مەحوی .ل91).

وشە لای صابری و مەحوی هەر تەنها کەرەسەیەکی خاوی شیعر نین، یان تەنها بۆ پڕکردنەوەی دێڕەکان نییە، بەڵکو تەواوی وشەکان لێوان لێون لە ڕوحی هەردوو شاعیر ،بێگومان هەردوولا باس لە دەرکەوتنی یار دەکەن، هەردوو شاعیریش کە روخساری یار دەردەکەوێ وەکو شەونم وان کە خۆر دەرکەوت دەتوێنەوە، (مەحوی و نالی) وەکو دوو شاعیری گەورە کاریگەرییان لەسەر بیری صابری هەبووە، ئەمەش لە زۆربەی دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم کاریگەرییە لە سەر هزری صابری لە شیعرە نەتەوەییەکانیشدا بوونی هەیە ،بەڵام کەمترە لە چاو شیعرە کۆمەڵایەتی وغەزەلییەکان ، لە شیعرێکی نەتەوەییدا صابری دەڵێت:

صـــابری کوردە حەکیمانە هونەر ئەنوێنێ
هـــونەرت زشتە*ئەگەر تازیە یا پەهلەوییە
کەرەنێر حاکمی ئیسلام و کەریم بەگ چەتەبێ
حـــاڵی ئەم میللەتە کوردە ئەبێ زیللەت بێ
........ ........
ئـــەم جـــــا دەنووسم عەریزەی کوردی
بەڵکـــو تـــەواوی بـــێ بە دەست و بردی .[1]

شاعیر لێرەدا شانازی بە هونەری خۆیەوە دەکات کە هونەرێکە بە زمانی شیرینی کوردی نووسراوەتەوە،صـــابری وەکـــو کوردپەروەرێـــک حەکیمـــانەهونەرەکەی پیشـــان ئەدات،تەنانەت ئەگەر ئەو هونەرە بەلای دوژمنانەوە ناپەسەندیش بێت ، چ بەکوردی بێت

* زشتە :ناپەسەند یاخود ناحەز دێت ،بڕوانە :هەژار ،فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە،انتشارات سروش،ایران ،ل378.

(1) عبدالجبار شوریجە،صابری وبەرهەمی بڵاونەکراوە،گۆڤاری کەرکوک33،ژمارە یەک ،2007،ل166.

یاخود بە پەهلەوی بێت ،ئەم جۆرە شانازی کردنە لای (نالی) بە جوانترین شێوە دەردەکەوێ ،کە دەڵێت :(تەبعی شەکەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا...) بۆیە((هەر شاعیرێ یان نووسەرێ پێش بڵاو بوونەوەی هەست و بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی بە زمانی زگماکی خۆی نووسیبێتی یان وتبێتی ئەوە هەڵوێستێکی جوامێرانەی شاعیر یان نووسەرە بەرامبەر نەتەوەکەی نواندبێتی، یان ئەو ئارەزوو بەکوردی نووسینە))[1].

خەبات و تێکۆشانی شیخ مەحموود لە پێناو گەلی کوردستان و ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی ڕزگاری خوازی وگەیشتن بە قۆناغی دەسەلاتی کوردی ،ئەمانە و دەیان هەڵوێستی تری شێخی نەمر لە پێناو کوردستاندا وایکرد کە شێخ ببێتە سومبولی قارەمانێتی لای تەواوی خەڵکی کوردستان ،بۆیە لەپاش مردنی صابری شیعرێکی بۆ دەنووسێ بە ناوی (مەزبەتە بۆ جەنابی حەق ) ،بێگومان وشەی حەق لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ دادپەروەری شێخودەربڕینی راستی ،تێدا دەڵێت :

لە موسڵمانەوە بۆ جەنابی حەق مەزبەتەبێ
چ ڕەوای حەقە عەدوو حاکمی ئەم میللەتەبێ
مەلیک و سەید و بەگزادە فیرار و چەتەبێ
فوقەراو ئوسەرا هەر بەشی ئەم زیللەتەبێ
عولەما و قازی هەم موفتی ئەم بیدعەتەبێ.(د.ص.ل218).

شاعیر لەم چەند دێڕەدا بە شێوەیەکی هونەریانە پەیامەکەی ئاراستەی شێخ دەکات وەک ئەوەی شێخی نەمر لە ژیاندا مابێت ،شکات لەو سەردەمە دەکات کە کەی ڕەوایە دوژمن وڵات بەڕێوە ببات کەچی ئەوانەی هزری نیشتیمان پەروەرییان تێدایە هەڵهاتوون وبە چەتە وڕێگر ناویان دەرکردووە،هەژارەکانیش تەنها بەشیان مەینەتییە،عولەماو قازیش تەواوی قسەو فەرمانەکانیان لە بەرژەوەندی دوژمنانە ،ئەم دەقە سەرەڕای زمانە سادەکەی باشترین بەڵگەیە لەسەر بارودۆخی کوردستان ودەربڕینی هزری نەتەوەیی .

---

(1)محمد ئەحمەد سەعید(د) چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆمان ، ،سلێمانی ،2008،ل133.

هەروەک ئاماژەمــان پێـدا "مەحـوی ونــالی " کــاریگەری زۆریــان لەســەر هــزری نەتەوەییوکـۆمەڵایەتی صـابری بە جێهێشـتووە،بەڵام لە هەمـان کاتـدا صـابریش کـاریگەری هەبووە لەسـەر شـاعیرانی پاش خـۆی ولاسـاییانکردۆتەوە،لەوانە (جاهید، مامۆسـتا جەمیـل ڕۆژبەیانی، هەوری ،خالید جاف ....هتد) ئەمەش بێگومـان ئاسـت بەرزی شـاعیر دەردەخـات ،ئێمەش چەند نمـوونەیەک دەخەینە ڕوو،شـیعرێکی صـابری کە لە لایەن(جاهـد)ەوە تەخمـیس کراوە :

وەفـــای یارێکی دڵسۆزم بە یـــەک دوو مەرحەبا نادەم
نــــەخۆش بووم گــەر بپرسی لێم بە دەرمان و شا نادەم
جەفا ئەی یار گەر نەبڕی لێم بە هیچ خۆشی و سەفا نادەم
کـــڵاوی ســــەردڕاوی خـۆم بە تـــاجی پادشا نـــادەم
کـــەلاوەی دووکــەڵاوی خۆم بە قـەسر و گەنجی شا نادەم.(د.ص.ل289).

هەروەها "هەوری " پێنج خشتەکییەکی لەسەر شیعرێکی صابری داناوە، تێدا دەڵێت :

دڵ مائیلی سەیرانە لەناو ئەو چەم وباغە
بەینێکە دووچاری غەمە شێواوە نەساغە
وەک بولبولی بێچارە لە نێوان قەل وزاغە
ئەودولبەرە قەد عەرعەرە ئەو ڕوو گوڵەباغە
ئارامی دڵ وجان وفەرەح بەخشی دەماغە .(د.ص .ل301).

لەم دەقـانەدا بە ئاشـکرا هـزری نەتەوەیـی و عیشـقی نیشـتیمانپەروەری و هەڵوێسـتی صابری بەرامبەر زمان و نەتەوەکەی دەردەکەوێت .

**تەوەری سێیەم/هزری ئاینی:**

**أ- هزری ئاینی :**

ئـاین : وەكـو وشـە بەرامـبەر بە (مبدأ،عقیـدة، ایمـان ،دیـن ... هتـد) دێت. لە زۆربەی فەرهەنگەكانیشـدا هەر بەم واتایـانە هـاتووە، لە ئینسـكلۆپیدیای بەریتانیـدا هـاتووە: (( ئـاین هۆكاری پەیوەندیە لە نێوان خەڵک و خـودا))[1]. بـۆیە دەتوانیـن بڵێیـن هـزری ئاینـی ئـەو هزرەیە كە دەستور و یاسا و بیری ئاینی لە نێو دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەكات ،ئەم هزرە لە بـوونی مـرۆڤەوە تـاكو ئەمـرۆ وەک خـۆی مـاوەتەوە،لە نەوەیەكەوە بـۆ ئەوی تـر دەگوازرێتەوە،بەدرێژایی مێژوو تەواوی هزرە ئاینییەكان بەربەست وبەرهەڵستكاری هەیە،

بەڵام ماركسییەكان پێیان وایە :(ئاین لە قۆناغی گەشەكردنی مرۆڤدا پێویستە ، بەڵام خزمەتی كۆمەڵگـا ناكـات ،بـۆ بەرەو پـێش بردنـی ئێسـتایی ، لەكـاتی پەیڕەوكردنیشـدا مـرۆڤ بەرەو قۆناغێک دەگەڕێنێتەوە كە كاتەكەی بەسـەرچووە)[2].بەڵام هەمیشـە كەسـانێک هەن پاڵپشـتی هزری ئاینییان بە باشترین شێوە كردووە.

نووسـەران وشـاعیرانیش بەردەوام بایەخیـان بە هـزری ئـاینی داوەو ڕێزیـان لێگرتووە،چـونكە سـەرچاوەی خوێنـدن و خوێنـدەواری لە حـوجرە و مزگەوتەكانـدا دەسـتی پێكردووە،ئەوەش بە خوێندنەوەی كتێبی ئاینی و قورئـانی پیرۆز سـەری هەڵداوە. صـابری شاعیر لە بنەماڵەیەكی ئاین پەروەر هـاتۆتە دنیـاوە، ئـاین و قورئـانی پیـرۆز لە شیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە،شاعیر خۆی دەروێشی (تەریقەتی قادری) بووە،ئەمەش ڕێگەخۆشكەربووە بۆ ئەوەی شیعرەكانی ناوی خودا و ڕەوشتی ئیسلام وباس كردنی تەریقەت لە خۆبگرێت ، لە زۆربەی شـیعرەكاندا دا دەیـان ئـایەتی قورئـان هـاتووە، ئەوە جـگە لە نـاوی گەورە سۆفییەكان ، هەڵبژاردنی نازناوی (صابری) یش هەر پەیوەندی بە هەستی ئاینی شاعیرەوە هەیە وەک خـۆی دەڵێت : لە پـاش هەزار ئـازار و ژاری مـار كە بە دڵـی هەژارم گەیشـت و چەشـتی، بە غەیـری (صـبر) چـارەی نەبـوو، نـاوم ملقب بە (صـابری) كرد،((شـایەد جەنـاب (صبار) جەزای (صبر) ـ إحسـان ـ بكات،هەروەكو خۆی دەڵێت:

---

(1)فەهمـی شـوكر عەبـدوڵڵا ،نەتەوەو دەوڵەت وئـاین لە هـزری ئەحـمەدی خـانی دا ،نـامەی دكتـۆرا ،زانكـۆی سەلاحەدین ،2009ل60.

.WWW alawan. Com(2)

شێواوم وێنەی قەیسی عامری
ناوم نەجمەدین لەقەب صابری
ئـومێدم وایــە ستار العیوب
بداتە صابر سەبرەکەی ئەیوب
یـا دڵ غەمگین بێ بە وێنەی یەعقوب
عــاقیبەت ڕۆژێ بگاتــە مطلوب .(د.ص.ل38).

کەواتە هـزری ئـاینی لای شـاعیر گرنگـی زۆری پێدراوە ورێـگەی ژیـانی بـۆ خـۆش کردووە، لەم بەشانەی خوارەوە هزری ئاینی لای صابری دەخەینە ڕوو :

**ب – ئاین لە ڕوانگەی شاعیر دا:**

ئـاین : دیـاردەیەکی مرۆیـی گەردوونییە ،کۆمەڵگـا ناتوانێت بە ئاسـانی دەسـتبەرداری بێـت،یەکێکە لەو بابەتـانەی تەواوی لایەنەکـانی ژیـانی لە خـۆ گرتـووە ، وزەیەکـی غەیبییـە پەیوەستە بە بیر وباوەڕی تاکەوە ولە هزری کەسەکاندا چەسپاوەو هەر میللەتێکیش خاوەنی ڕێوڕەسمی تایبەتین بۆ بەڕێوبردنی پرۆسـە ئاینییەکان،(ج.م.یینگێر ) دەڵێت :((زاراوەی ئـاین زۆر ڕەهەنـدی جیـاواز دەگـرێتە بەر کە زۆربەیـان بـریتین لە قەوارەی بچـووک ،گەڕان بە دووی ئەزموونێکی عیرفانی ))[1]، واتە مەسەلەکە بڕوا بوونەو نەوەکان لەیەکتر وەریدەگرن بەبێ ئەوەی بزانن چییە،بۆ نموونە: منداڵ ئاین لەدایک وباوکەوە فێر دەبێت ،بێ ئەوەی هیچ لە بارەی ئـاینەوە بزانێت ، لە قورئـانەوە فێـری خوێنـدەواری دەبێت بۆیە حـاڵەتێکی ئاسـاییە ئەگەر ئاینی ئیسلام لەهزری کۆمەڵگای کوردیدا باڵا دەست بێت ، لەهەمـان کاتدا لە تەواوی بوارەکاندا پەیڕەو بکرێت ، میللەتـی کورد جگە لەئـاینی ئیسـلام پەیڕەوی ئـاینی زەردەشـتی ومەسـیحی وئێـزدی و...هتـد لەئاینەکـان کـردووە ودەکـات ،هەر یەک لەمـانەش ڕێورەسـمی تایبەتیان بە خۆیان هەیە.

ئــاینی ئیســلام لە کۆمەڵگــای کوردیــدا لەهەمــوو ئاینەکــان بــاڵاترە ،قورئــانیش سـەرچاوەیەکی گـرنگە بـۆ خسـتنە ڕووی ڕووداو وێنەکـان ،چـونکە لە نێـو قورئـانـدا دەیـان

(1)فەخرەدین ئامێدیان ،فەرهەنگی زاراوەکانی کۆمەڵناسی ،ل47 .

چیرۆکی نەوەکانی پێش خۆمان بەدی دەکرێت ،بێگومان هزری ئاینیش بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت، ئەمەش لە ئەنجامی لێکدانەوە جیاوازەکانە، کەبۆ دەقە ئاینییەکان دەکرێت ،وەک ئەوەی ئەمرۆ هەیە ،کە چەندین گروپی ئاینی هەیە ،ئەوانیش چەندین لقیان لێبۆتەوە. بیروباوەڕی ئاینی شتێکی زگماکییە لە مرۆڤدا و رۆڵی وروژێنەرێکی دەروونی وکۆمەڵایەتی قووڵی لە دەروونی تاکەکاندا هەیە ،کە رەفتاری تاک وژیانیان دیاری دەکات،لەهەمان کاتدا ئاین بەرەنگاری زۆرداری وکۆیلایەتی دەبێتەوە ،کەواتە ئاین هێڵی پەیوەندییە لە نێوان خودا و مرۆڤەکاندا ،لە هەمان کاتدا جیهانی تایبەتی خۆی هەیە ((جیهان بینینی ئایینی جیهان بینینێکی ئایدیالیستیە ،چونکە هەموو ئایینەکان لەهەر رێگەیەکەوە بێ وبەهەر شێوازێک راگەیاندرابێ ،باوەڕیان بەوە هەبووە ،کە مرۆڤ خۆ بەخۆ نەهاتۆتە بوون ،بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی هەبووە کە جیهان ودیاردەکانی سروشت ومرۆڤی ئەفراندووە ))[1]،کەواتە مەسەلەی بوون گەورەترین بابەتە کە مرۆڤ بە ئاین دەبەستێتەوە ،لەهەمان کاتدا( ئاین وکۆمەڵ وئاین وئەقڵ ) پەیوەندی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە وکارلێکی کۆمەڵایەتی باشترین رێگەیە بۆ نوێبوونەوەی بیرو باوەڕ وبەها ئاسمانییەکان ،(ماوەردی)* لە پەرتووکی (ئەدەبی دونیا وئایین) دا دەڵێت :(( دەزانم هەموو چاکە کارییەک بنچینەیەکی هەیەو هەموو ئەدەبێکیش سەرچاوەیەکی هەیە ، بنچینەی چاکەکارییەکان وسەرچاوەی ئەدەبەکان ئەو ئەقڵەیە کە خوای گەورە کردوویەتییە بنەچەی ئایین وکۆڵەکەی دونیا ، بەجێهێنانی فەرمایشتەکان بە جوانترین شێوە فەرز کردووە وای لە دونیا کردووە بە فەرمانەکانی ئەو بڕوا بەڕێوە بەهۆی ئەقڵەوە بەندەکانی بە یەکدی هۆگر کردووە))[2].

(1)هاشمی کەریمی ،ئایین ودەسەلات ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئۆفسێتی قانع ،سلێمانی 2005،ل25.
*ماوەردی :ئەبو ئەلحەسەنی ماوەردی ساڵی (947ز ) لەبەسرە لەدایک بووە،بەشی زۆری ژیانی لە بەغدا بەسەر بردووە ،یەکێک بووە لە لایەنگرانی خەلافەتی عەباسی ولە دژی "بوەیهییەکان " و"سەلجوقییەکان " وەستاوە ،زۆر جار قسەی لەسەر خەلافەت کردووە ،هەرگیز بیری لە جیاکردنەوەی ئاینی لە دونیا نەکردۆتەوە،لە بەرهەمەکانی :ئەدەبی دونیا وئایین .بڕوانە الموسوعة الحرة.
(2)دانا مەلا حەسەن ،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ،ل27.

کەواتە ئایین وەک پەیوەندییەکی رۆحی سۆزداری هۆکاری گەیشتنی مرۆڤە بەخودا ،چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی ئایینەوە خوا دەناسێت وعەشق وپەیوەندی لەگەڵ دەکات ،ئاین وەک میتۆدێکی باڵا دەست کاریگەری بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا هەیەو لەنێویشیاندا ئەدەب

بەتایبەت شیعر (لەسەردەمی جاهلیەتدا واتە پێش بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام شیعر راستترین زانست بوو ،بەڵام لە گەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام چیتر شیعر ئەو ڕۆڵەی نەما بەڵکو قورئان بوو بەسەرچاوەی زانست وڕاست ودروستی )[1].

صابری لە وەسفی خوداو پێغەمبەر دا دەقی جوانی نووسیوە، هەروەها چەندین ئایەت وحەدیسی تێهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە ،ئەمەش دانایی شاعیردەردەخات، لە شیعرێکدا دا کە بۆ وەسفی پێغەمبەر (د.خ) نووسیویەتی دەڵێت:

خوا کە خەلقی کرد حەبیبی خۆی لە نووری زاتی پاک
ئـــەو زەمەنە هیچ نـــەبوو (لا آدم ولا ماء وخاک)
ئـــایـــەتی (ما ینطق عن الهوی) صـــابر چیـــە ؟
هـــەرچی پێغەمبەر ئەڵێ بێ شک کـــەلامی ڕەبیە .(د.ص.ل42).

ئەم دەقە ئاماژەیە بەوەی کە لە پەرتوکی (السیرة النبویة)دا هاتووە: کاتێک کە خودا حەزرەتی ئادەمی دروست کرد ،تماشای کرد لە قیبلەوە(شایەتمان) نووسراوە ،ئەویش لە پەروەردگـــاری پرســـی ئەو (محمـــد)ە "د.خ"کێـــیە؟ پەروەردگـــاریش وەڵامـــی داوەتەوە :ئەگەر(محمد،د.خ) نەبوایە ئەرز وئاسمان وبەهەشت ودۆزخ وتۆشم دروست نەدەکرد.

لە شیعرێکی تردا باس لە گەورەیی یەزدان دەکات ودەڵێت :

"حمد"ئەکەم بۆ "خالق" وپەروەردگاری ئینس وجان
وا بە لوتفی خۆی بە ئێمە داوە"عقل " ودین وجان
ئەو خودا وا تاکو پاک وبێ شەریک وبێ غەمە
بێ نیاز ورازقی هەشتا هەزار نەوع عالەمە.(د.ص.ل39).

---

(1) أدونیس ، الثابت والمتحول ،الاصول ،الجزء الاول ،الطبعة الاولی ،دار العوده ،بیروت ،1974،ص65.

صابری شیعری تەنها لە پێناو شیعر نەنوسیوە واتە تەنها مەبەستی جوانکاری نەبووە ،بەڵکو ویستوویەتی شیعر لە خزمەت ئاین وچاکە کاریدا تەوزیف بکات ،بۆیە لە دێڕێکدا تێهەڵکێشی ئایەتێکی قورئانی کردووە،دەڵێت :

خەلقی کرد (فی ستە ایام ) ئەرز وئاسمان
هەم بەقودرەت ئەو محەمەد مصطفای بۆ کرد بە جان.(د.ص.ل39).

شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێت ئامۆژکاری نەوەکان بکات ،کە نابێت لە پێناو پۆست وپایە ئاینی خۆیان لە دەست بدەن وبەشوێنی دنیا بکەون ،دەڵێت :

ئەی موسڵمانان خودا لیمان قبوڵ ناکات کەوا
وا بەجارێ دینی خۆمان نایە سەر نان و کەوا
حوبی دونیا زەوقی دینداری لە دڵمانا نەهێشت
شەرمەزاری هەردوو دونیا تابیعی نەفس وهەوا.(د.ص.ل48).

شیعر لای صابری پەیامێکە ئەو پەیامەش دەبێت لە خزمەتی ئایندا بێت، چونکە ئاین سەرچاوەی ژیانەوەیە.

**ج- تەسەوف وکاریگەری هەلاج (حەلاج):**

تەسەوف: یەکێکە لە بابەتە دێرین و ئاڵۆزەکان کە بۆ سەرەتای ژیاری مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتە بابەتێکی ڕۆحیە و لە قوڵایی ڕوحی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ و تەنها بە ئاینی ئیسلامەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە زۆربەی ئاینەکانی دیکەش بوونی هەیە بە تایبەت لای (بودایەکان وهیندۆسییەکان)* بەڵام ئەمەش بەپێی شوێنکەوتوانی ئاین و ڕێبازەکان دەگۆڕێت.دەربارەی سەرهەڵدانی تەسەوف لەتیف هەڵمەت دەڵێت: ((بە بڕوای من سۆفیکەری ئیسلامی لە ئەنجامی ئەوەدا هاتۆتە کایەوە، کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی جڵەوی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامیان گرتە دەست ،ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان کرد بە هۆکارێک بۆ داگیر کردنی وڵاتان وچەوسانەوەی گەلان ))(1)واتە تەسەوف لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئاینی ئیسلام بە تایبەت لە سەردەمی ئەمەوی وعەباسیدا لە دژی ئەو جۆرە ڕەفتارانە هاتە ئاراوە، تەسەوف وەک بزوتنەوەیەک لەو سەردەمە ناکۆکە پەیدا بوو، کە ململانێی نێوان فەیلەسوف و زانا و باوەڕداران بەرپابوو، فیداکاری بە خود یەکەمین ڕەگەزی پێکهێنەری تەسەوفە وپاشان گەڕانەوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام. واتە(( سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵەکانی لەوانە (ابی ذر الغفاری، حذیفە ابن ایمان). بۆیە شۆڕشی تەسەوف کە سەری هەڵدا شۆڕشی مەزڵوومەکان بوو بە سەر زاڵمەکاندا، ئەمەش لە ئەنجامی قوربانی دان بە گیانی سۆفیەکان هاتۆتە ئاراوە))(2). تەسەوف:(( بە تێکڕای ئەو ڕێبازانە دەوترێ کە مرۆڤ دەگەیەنێ بە حەق تەعالا،سۆفییەکان دەیگرنە بەر، لایەنە تیۆریەکەی لایەنی حەقیقەت دەگرێتەوە، بەڵام پراکتیک و کرداری تەسەوف بە واتای عەودالی و موریدی دێت، هەروەها بەلایەنی تیۆری تەریقەتیش دەوترێت :(زانستی سۆفیگەری) و بە بوارە کرداری و پراکتیکیەکەش دەوترێ (تەنەسوک) واتە موریدی و دەروێشی))(3). کەواتە گەیشتن بە پەروەردگار یان توانەوە لە زاتی پەروەردگاردا کاری سۆفیەکانە.

---

*بودایی وهیندۆس :بە دوو ئاینی گرنگ ئەژمار دەکرین ،زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات باوبوون ،بەڵام بە هەموو دنیادا بڵاو بوویەوە،ئاینی بودایی لەلایەن "هارتا جواتاما"ی هیندییەوە بناغەی دانرا ،دابەش دەبێتە سەر دووبەش "پیرافادا ،الماهایانا". هیندۆسیش تارادەیەک نزیکە لە بوداوە پێی دەوترێت "البراهمیە" ،ئاینی سەرەکییە لە هند ونیپال ،لە سەدەی پێنجی پێش زاینەوە دامەزراوە ،بۆیە هەندێ جار بە کۆنترین ئاین ئەژمار دەکرێت ،لە کتێبە گرنگەکانی ئاینی هندۆس"الفیدا ،البوراناس ،رامایانا ...هتد ،بڕوانە :الموسوعة الحرة.

(1) لەتیف هەڵمەت ،سۆفی وسۆفیگەریتی ،چاپی دووەم ،چاپخانەی سایە ،سلێمانی ،2009، ل9.

(2)عبدالوهاب عبدالله الچروستانی (.د) ،شعر التصوف بین الأدبین العربی و الکردی، الطبعە الأولی، مطبعة روناه، سلیمانیة ،2009، ص83.

(3)محمد فتح الله گولەن، بەرەو ژیانی دڵ و گیان ، وەرگێڕانی حەسەن حەمە کەریم ، چاپی یەکەم، 2013، ل15.

که باس له تەسەوف دەکرێ دەبێت ئەوە بزانرێ پێش ئەم زاراوەیە زوهد هەبووە، زوهدیش دوورکەتنەوەیە لە چێژ و خۆشیەکانی دونیا و پاڕانەوە لە خوداو بەدەست هێنانی ڕەزامەندییە تاکو لە ئاگری دۆزەخ بە دوور بێت ،سۆفیزم کە لایەنی ڕوحی و گیانی دەگرێتەوە.لەزمانی عەرەبیدا چوار بۆچوون هەیە سەبارەت بە زاراوەی سۆفی:

((1- لە وشەی (الصفه)وە هاتووە کە چۆڵییەک بووە لە نزیک مەدینەی منەوەرە.
2-لە وشەی (الصوفه)وە هاتووە، بەوانە دەوترێ کە کارگوزاری کەعبەن.
3- لە وشەی (الصوف)ەوە هاتووە کە بە واتای خوری دێت.
4- لە وشەی (الصفا)وە هاتووە، واتە پاکی و ڕوونی دڵ))[1].

لە پێناسەیەکی تری تەسەوف دا هاتووە: ((تەسەوف یان سۆفیگەری ــ بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون بە چەشنێک کە هەرگیز ناپاک نەبێتەوە، هەرگیز لاوازی و زەبوونی بۆی نەگەڕێتەوە و ڕووی تێ نەکا))[2]. ئەمەش لەگەڵ پێناسەیەکی "سوهرەوەردی "یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت:(( سۆفی ئەو کەسەیە کە بەردەوام هەوڵ بدات دەروونی خاوێن بکاتەوە لە نەخۆشیەکان))[3]. صابری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تەسەوف لە شیعرەکانیدا پانتاییەکی گرتووە، بەڵام ئەو چەمک و زاراوانەی لە شیعرەکانیدا هاتووە باس لە تەسەوف دەکەن ، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە شاعیر سەر بە (تەریقەتی قادرییە)(*).وەک پێشتر باسمان کرد تەسەوف لە زوهدەوە پەیدابووە، بێگومان لە بنەماکانی زوهدیش عەشق و خۆشەویستی و ناسینی خودا و پێغەمبەرە ،بۆ ناسینی خوداش پێویستە مرۆڤ سەرەتا خۆی بناسێت و بزانێت ئەو فەرمانانە چییە کە پێویستە جێبەجێ بکات.

ئەگەر مرۆڤ خۆی ناسی ئەوکات خوداش دەناسێ چونکەوەک دەوترێ : (من عرف نفسە فقد عرف ربە). دەڵێت:

ئـــەی لە چۆڵی غەفڵەتا هەر ڕەوکەوانی چاڕەوا

---

(1)محمد وەسمان، فەلسەفەی سۆفیگەری ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، ل106.
(2)ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبەندی، تەصەوف چیە، دار الحرية، بەغدا، 1985، ل83.
(3)یەحیا یەسریبی(د) ، عیرفان و شەریعەت، وەرگێڕانی حسەین ئەدهەم، گۆڤاری هەژان، ژمارە 25، ل108.

*تەریقەتی قادری :ئەم تەریقەتە دەگەڕێتەوە بۆلای عەبدول قادری گەیلانی ، پەنا دەبەنە بەر زیکرو های وهوو وشمشێر لە خۆدان وپرچ درێژ کردن ،لە کوردستاندا تەکییەیان،تەواوی رابەرانی ئەم تەریقە وەک خۆیان دەڵێن خاوەنی علیمی (باطن )ن ،بڕوانە :محمد علی العلابی(د) ، عەبدولقادری گەیلانی، وەرگێڕانی دارا ڕەشید محمد، چاپی دووەم، چاپخانەی سارا، 2012، ل13.

ڕۆژ و شەو وێردی زوبانت ئەم بەرخە وا ئەو کارە وا
ئـــەسڵ و نەسلی خۆت بزانە هـاتووچوونت تێبگە
بابە گەورەت حەزرەتی ئادەم (صفی) داکت حەوا .(د.ص.ل53).

صـابری وەکـو مەحـوی و ئەوانـی تـر درک بەو غەفـڵەتە دەکـات کە مرۆڤەکـانی گرتـووە، بێگومان ئەو غافڵ بوونەش هۆکەی سەروەت و سامانی دونیایە، سەروەت و سامانیش لەو سەردەمە زیاتر (مەڕ و ماڵات) بووە بۆیە صابری دەڵێ: نەژادی خۆت بناسە کە باوکی تۆ ئادەمی پێغەمبەرەو دایکیشت حەوایە، لەو غەفڵەتە دەربچۆ و هۆشیار ببەوە. (د.ابراهیم احمد شوان ) ئاماژە بەوە دەکات کە زاراوە گەلێکی زۆر لە بابەتی تەسەوف لە دیوانی صابری دا بـوونی هەیە، لەوانەش: ((وجـود، فەنـا، بـاطین، ئیحسـان، شـوکر، ئەهلـی دونیا،عەشـق ،رەجـا، باقی، مەست، حەق))[1]ئەمانەش بەڵگەن لەسەر سۆفی بوونی صابری ،دەڵێت :

صابری فەقر و قەناعەت فەخرە بۆ دین پەروەران
سەد شوکر وا مـــەرتەبەی دونیـای فانیمان نەما (د.ص.ل52).

ئەم دێڕە شیعرە یەکێکە لەو شیعرانەی کە بەڵگەی سۆفی بوونی صابری دەسەلمێنێ. چەن زاراوەیەکـی تەسـەوف لەم دێـڕەدا بەدی دەکرێـت، ئەوانـیش:( فەقـر، قەنـاعەت، شـوکر، دنیای فانی). لە دێڕێکی تردا باس لە (وەسڵ) دەکات:

گەر دەپرسی حاڵی دەردی عاشقی روخسارەکەت
حاڵەتی بولبول تەماشاکە لە نێو گوڵزارەکەت
(صبح)ی دەم بادەی (صبا) موژدەی ویصالی دا بەدڵ
جـــانی شیرینم نپاری پەیـــک خۆش ڕەفتـــارەکەت (د.ص.ل68).

سۆفی هەمیشـە عاشـقە ،عاشـقی روخسـارێک کەهەرگیـز نەیدیوە ،بەو عیشـقەوە چـاوەڕوانی دیدارو ژووانە.

وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێدا صابری شـێخایەتی لە بـاو بـاپیرانیەوە بـۆی مـاوەتەوە، بۆیە لە تەواوی شیعرەکانی دا ناوی ڕابەرانی تەریقەتەکـان بەدی ناکرێت.هەرچەنـدە سـەر بە

(1) ابراهیم احمدشوان (د) ،صـابری لە دووتـوێی چەن لێکۆڵینەوەیەکدا،چاپی یەکەم ،چاپخـانەی کوردسـتان ، کەرکوک، 2009.ل6.

تەریقەتی قادرییەو بنەمای ئەم ریبازەش :زیکر کردنە بە دەنگ ، لێدان و شمشێربازی ، پرچی درێژ ... هتد ، بەڵام صابری لەگەڵ ئەم جۆرە کردارانەدا نەبووە ودژی وەستاوە ،لەم بارەیەوە دەڵێت :

هایوو هویو پرچ وریش وتەپڵ ودەف بێ "حاصل" ە
حوسنی نیەت وعەمەل تەوبەی نەسوح ئەتکا "خلاص" .(د.ص.ل113).

لەدێڕیکی تردا بە هەمان شێوە دژایەتی زیکر ی بەدەنگ ولە خۆدان دەکات ،هایوو هوویەکەیان وەک قیرە قیرێ بۆق ناو دەبات :

تۆ ئیجازەی زیکری بێ دەنگی لە ماسی وەرگرە
قیرە قیرێ شەو وەکو قورباقە نادات فائیدە .(د.ص.ل173).

هەلاج (حلاج )(*) : کە رەمزی عیرفانە لە جیهاندا، یەکێکە لە زانا گەورەکانی جیهان لە بواری تەسەوفدا حەلاجی عاریف بەهۆی بیر و بۆچوونە قووڵ و سۆفیگەریەکەیەوە، کە بە ڕێگەی(شطحات) دەری بڕیوە دەیان جار ڕووبەڕووی بەندیخانە بۆتەوە تاکو دواجار لە سێدارە ئەدرێ. دونیا بینی حەلاج لە تەواوی جیهاندا ڕەنگی داوەتەوە گەورە سۆفیەکانی وەک :سوهرەوەردی، عەتتار، محێدینی عەرەبی و مەولانای ڕومی بە حەلاج سەرسام بوونە ((حەلاج پێی وایە ڕێگای چوون بەرەو خوا و پێگەیشتنێکی یەکتاپەرستی ڕاستەقینە لە دوو هەنگاودایە، یەکەم: دونیا بکێشێت بە ڕووی عاشقانیدا، دووەمیش: ژیانی دوا ڕۆژ و خۆشیەکانی بەهەشت بە دۆستەکانی بسپێری))[1].

کەواتە ئەو عیشقەی حەلاج باسی لێدەکات، بوو بە هۆی ئەوەی تەواوی نهێنیە قووڵەکانی عیرفان بدرکێنێت، وتەنانەت لای ئەو کەسانەش کە جێگای متمانە نەبوون. حەلاج کاتێ دەیگوت (انا الحق) هەمووان بە کافریان دانا، چونکە (الحق) یەکێکە لە ناوەکانی خودا،

* حەلاج : ناوی حسێن کوڕی مەنسوری حەلاجە.لە(858ز-309ز) لە گوندی توری نزیک بەنیرای فارس لە ئێرانی ئەمڕۆ لە دایک بووە. هەر لە منداڵیەوە دەچێتە واسگ، پاشان دەچێتە بەغدا، دواتر دەچێتە بەسرە بۆ لای شێخی ناسراو عەمری کوڕی عوسمان مەککی، هەژدە مانگ قوتابی ئەو زانایە بووە.بڕوانە: سەبور عەبدلکریم (شکار)، حەلاج ،چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2009، ل97.
(1) لویس ماسینیۆن و کراوس بول، اخبار الحلاج او مناجیات الحلاج، التکوین للطباعە والنشر، دمشق، 2006،ص73.

ئەویش کە دەیگوت من حەقم ،چونکە لەگەڵ حەق یەکیان گرتبوو، بەڵام ئەوان بێ ئاگا بوون لەحالی حەلاج ، وەک خۆی دەڵێت:(خودام بینی و خۆمم لەدەس چوو). ئەم درکاندنانە بوو بەهۆی لەسێدارەدانی ، فەریدەدین عەتتار* دەڵێت: کە دەست و قاچی حەلاج دەبڕنەوە بە خوێنی دەستە براوەکانی ڕوخساری ڕەنگ دەکات، لێی دەپرسن بۆچی وات کرد ؟ دەڵێت چونکە خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشتووە، دەزانم ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە، گوتم نەک واهەست بکەن ڕەنگ زەردییەکەم زادەی ترسنۆکییە، کە لێی دەپرسن بۆچی هەردوو باسکیشت بە خوێنی خۆت سوور کردووە، دەفەرموێت ئەوە دەست نوێژی ئەوین هەڵدەگرم، ئاخر دەست نوێژی ئەوین بەخوێن هەڵدەگیرێت. صابری وەک شاعیر و سۆفییەکی لە خوا ترس ئاگاداربووە لە ڕەهەند و بیرە قووڵەکانی حەلاج، تەنانەت لە هەندێ دێڕدا بە ئاشکرا ناوی هێناوە:

(صابری) حەق وێژە گەر خوێنی برێژن (فی المثل)
نەقش ئەکا ڕووی زەوی مانەندی مەنسوری حەلاج.(د.ص.ل75).

وەک دەڵێن :(خودا ڕاستەو ڕاستی خۆشدەوێت ) صابریش مرۆڤێکی ڕاستگۆ بووە وحەزی بە ڕاستی گوتن بووە ،تەنانەت ئەگەر خوێنی برێژن بەشێوەیەک ئەگەر ڕووی زەوی نەقش بکات،تەواو وەکو حەلاج ، صابری کە وشەکانی باران ڕێژن لە خۆنەویستی (زوهد) و پاشان بەرەو تەسەوف پەردە لەسەر فریودان و ناشرینی کەسێتیەکانی وەک : زاهد ،دەروێش ، سۆفی و شێخ و ... هتد هەڵدەماڵێ، ئەمانە و کۆمەڵێک بابەتی تر شاعیری بەرەو ئاشنابوون بە دونیا بینی حەلاج بردووە:

ئەی شێخی تەکیە زل و خان و مانی دین بچوک
وەی پیری دەعیە زل و گران جان و عەقڵ سووک (د.ص.ل128).

---

*عەتتار :محەمەد فەریدەدین عەتتار لە شاری نیسابوور ساڵی (513کۆچی )لەدایک بووە عارف وسۆفییەکی گەورەی جیهانە ،خۆی وباوکی هەمان پیشەی فرۆشتنی دەرمانیان هەبووە بۆیە پێیان وتراوە عەتتار ،لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی (منطق الطیر ،منظومە الرمزیة ،تذکرە الاولیاء،شرح القلب ،مظهر العجائب)ساڵی (589کۆچی )کۆچی دوای کردووە.بڕوانە :مندیات یاحسین .ویکیبیدیا.

.......            .......

(صابری) ئەگەر چی قسەت ڕاستە بەسیەتی مەڵێ
تەعـــزیزی ناس مەکە لە مەساکین تـــا ملوک (د.ص.ل130).

عیشقی خودا حەلاجی گەیاندە سێدارە، لای صابریش عیشق هێندە نهێنییەکی پیرۆزە درکاندنی مەحاڵە تەنها لای مەعشوق نەبێت ،هەر لە پێناو ئەو عیشقەدا دڵ بەرەو فەنابوون دەچێت ، صابری دەڵێت:

هـــەموو کەس (صابری) لەم ئاستانە بەهرەوەر نابێ
مەگەر بێ دەنگ و خامۆشان و ڕووت و بێ سەر و ماڵان (د.ص.ل151).

......            ......

جان و دڵ غەرقی (فنا فی النور)ی ڕوخساری حەبیب
عوسرەتی دووری موبەدەل بوو بە وەسڵ و مەیسەرە (د.ص.ل162).

شوێن لە سۆفیگەریدا بایەخی تایبەتی هەیە، بۆیە تەماشا دەکەین لای شاعیرە سۆفیەکان باس لە ( خەڵوەت ،تەکیە،خانەقا) ئەمانە شوێنی پیرۆزی نزاو وپاڕانەوەن ،بەلام عاریفە گەورەکانی دنیا لەو شوێنانەدا دانەنیشتوون وزیکر بکەن بەڵکو بە چۆڵ وبیابانەکاندا هەڵهاتوون تاکو ماڵی یار بدۆزنەوە،بەڵام ماڵی مەعشوق لە ناخیاندایە هەر وەک سەعدی*دەڵێت :(ساڵانێکی زۆر بە گیان دوای مەبەست کەوتم ،نەمزانی یار لە ماڵەو من بە دوایدا بە دەوری دنیادا سوڕامەوە) ، (باباتاهیری هەمەدانی)ش ئەوەمان پێدەڵێت کە خودا لە هەموو شوێنێک دایە :

(( بەصحرا بنگرم صحرا تەوینم
بەدەریابنگرم دریا تەوینم
بەهەرجا بنگرم کوهـ درو دشت

---

*سەعدی : شاعیری وسۆفی بە ناوبانگی ئێرانە ،(1210-1291)،لە قوتابخانە نیزامی خوێندنی تەواو کردووە ، سەعدی بایەخی زۆری بە زمانی عەرەبی داوە بۆیە زۆربەی رەخنەگران بە یەکێک لە کارتێکەرەکانی قەسیدەی عەرەبی ئەژمار دەکرێت چونکە لەتەواوی بەرهەمەکانیدا تێکهەڵێشێکی زۆری دێڕە شیعری عەرەبی کردووە ،سەرەڕای شیعر بایەخی بە سۆفیگەری وفەلسەفە داوە ،لە بەرهەمەکانی گوڵستانی سەعدی ،بۆستان .بڕوانە:الموسوعة الحرة .

نشـان از قامـت رعنـا تەوینم )) ،صـابریش لێرەدا  بە سـەحراو سـارادا وێڵە بەدوای لەیلا ، دەڵێت :

لەیلێ کە لە تۆی خەیمەوە تیرێکی لە من دا
لەو ڕۆژەوە مەجنون سیفەتم مائیلی سەحرام (د.ص.ل136).

((حەلاج دەڵێ خودا یەک جار خۆی پیشانی ئێوە ئەدا بۆیە ئێوە ئەتوانن بەرگە بگرن، بەڵام من هەمیشە خۆیم نیشان ئەدات و دەیبینم ، ئیتر چۆن هۆش و ئارامیم بمێنێ))[1]. صابریش

وەک حەلاج لە شیعری (ئاگری دووری بەربوو لە زەل و پووش) دا خۆی بە کۆمەڵێک زەل و پووش دەچوێنێت ، دیسانەوە وەکو حەلاج سەری لێ شێواوە و ئارامی لێ براوە، چونکە شـەوێ نـووری خـودای بینی،مەبەسـت لێـی دەرکەوتنـی نـووری خـودایە لە کێـوی (طـور) ، دەڵێت:

تا توری دڵم موحریقە بەو نووری جەبینە
والله لە دڵمدا نییە ئارام وسەبووری
سەرگەشتە و شێواوە شەوێ شێوەی تۆی دی
(صابر) بـــە یەقین تێگەییوە کۆمەڵێ نووری (د.ص.ل206).

حەلاج کە دەست و پێی دەبڕنەوە دەست نوێژی ئەوین هەڵدەگرێت، بە ئەوپەڕی ئازاییەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. صابریش دەڵێت ئێمە وەکو حەزرەتی یەعقوب دەبێت صـابر وشوکرانە بژێر بین :

راحەتی ئینسان لە بێ دەنگی ئەبێ (صابر) خەمۆش
تۆ کە عەبدی ڕووناکەی بەلای مەولاتەوە
(صابری) یەعقوب ئەگەرچی (هیجر)ی یوسف کوێری کرد
حەمـد و سەبری کرد بـە عادەت (یوسف)ی بۆ هاتەوە (د.ص.ل178).

---

(1)لویس ماسینیۆن و کراوس بول ،اخبار الحلاج او مناجیات الحلاج،  ص17.

**د– عیشقی حەقیقی و عیشقی مەجازی:**

یەکێک لەوبابەتانەی زۆرترین کات هەستی مرۆڤ داگیر دەکات عەشق وخۆشەویستییە ،ئەمەش وەک هەر بابەتێکی مرۆڤایەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە، تەنها پەیوەستیش نییە بە مرۆڤەوە بەڵکو تەواوی گیانلەبەران هەڵگری

ئەو هەستەن ،هەر تاکێکیش ئازادە چۆن دەیخاتە کار ،لە پێناسەی عیشقدا هاتووە: (ئەو هەستەیە کەوا لە دڵدار دەکات گوێی لە هیچ شتێک نەبێت ، تەنیا وتەی خۆشەویستەکەی نەبێت ،هیچ شتێک نابینێت ،تەنها دیمەنی ئەو نەبێت ،هیچ قسەیەک ناکات ،تەنها ناوهێنانی ئەو نەبێت ،دڵی دڵدار دا دەخا وکەسی تیادا نامێنێت تەنها یار نەبێت )[1]چەمکی عیشق و شیعر دوانەیەکی ئامێتە و تێکچرژاون و هیچیان بێ ئەوی تر مانای نیە، گەر ئەو عیشقە مەجازی بێت یان حەقیقی. عیشقی ژن بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە دەچێتە خانەی عیشقی مەجازیەوە، عیشقی خوداییش دەچێتە خانەی عیشقی حەقیقیەوە (( بەلای هەندێ لە سۆفییەکانەوە عیشقی مەجازی پردێکە بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی))[2] (ئیبن عەرەبی)* سەبارەت بە عیشق دەڵێت:

(( هەر کەس پێناسەی عیشق بکات، عیشقی بە جوانی نەناسیوە، کەسێکیش لە بارەی ئەو قومێکی تام نەکردبێ ، ئەوە ئەوی نەناسیوە، هەر کەسێکیش بڵێ من لە جامی ئەو تێراوبووم ئەوی نەناسیوە، چونکە عیشق شتێک نیە کەسێک تێراو بکات))[3]، هەروەها سێ جۆر خۆشەویستی جیاکردۆتەوە:خۆشەویستی خوا بۆ عەبدەکان وخۆشەویستی رۆحی

---

(1) أدونيس ،الصوفيه والسريالية ،دار الساقى ،بيروت ،2006،ل96.

(2)ابراهیم احمد شوان(د)، ئەدەبی کۆنی کوردی ،چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،2012،ل235.

*ئیبن عەرەبی :محێدین محەمەد بن عەلی عەرەبی ،یەکێکە لە عاریفە گەورەکانی جیهان ،نازناوی شێخی گەورەیە ،بۆیەبە دامەزرێنەری تەریقەتی ئەکبەری دادەنرێت لە ئەندلس ساڵی (1164ز)لەدایک بووە، وساڵی (1240ز)کۆچی دوایی کردووە،لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی (فصوص الحكم ،فتوحات مكيه ،تفسير ابن عربى وديوان ترجمان الاشواق.)...هتد.بڕوانە الموسوعةالحرة.

(3)يحيى يثربى(د) ، فلسفه عرفان ،چاپ چهارم، مركز انتشارات، دفتر تبليغات اسلامى، رقم، 1377، ل55.

وخۆشەویستی سروشتی ، کەچی لای شاعیر عەشق موناجاتە ، بەرامبەر بە شـۆخ وشـەنگی ئافرەتێک کە هەموو دەزانین ئەو جوانییە رۆژێک دادێ وکۆتایی پێدێت ، بۆ ئافرەتێکیش هەر هەمان شتە بەڵام بەرامبەر بە پیاوێک ،عیشق هەمیشە کاری لەو دیوی کات وشـوێنەوەیە ،لە بۆشاییەکی نەزانراوەوە سەر هەڵدەدات ودەبێتە بەشێک لە بوون وئـاوێتەی رۆح دەبێت ،و دواجار وەک مەحوی دەڵێت :ئاگرێکە مرۆڤ دەسوتێنی ودەیکاتە کەسێکی تر ،کەواتە عیشـق جـۆرێکە لە جێگـۆڕکێ لە نـاخی مرۆڤـدا وهەڵهـاتن بـۆ لای مەعشـوق ، زۆربەی عـاریفە گەورەکـانی جیهـان پێناسـەی عیشـق نـاکەن ،چـونکە ئەگەر پێناسـە کـرا گەوهەری جـوانی وقودسـییەتی خـۆی لە دەسـت ئەدات ، لای ئەوان عیشـق تێپەڕ بـوونە لە خـود واز هێنـانە لەدونیـا،واتە پـاکبوونەوەی جەسـتەو رۆحە ،تـاڕادەیەکیش لای شـاعیرانی کلاسـیزم عیشـق هەمان مەبەستی لە خۆ گرتبوو جگە لە دەقێکی نالی ، کە بۆ"مەستورەی ئەردەڵانی " کە بە مەبەسـتی شـکاندنی کەسـێتی مەسـتورە نوسـیبووی ، بەڵام لە پـاش دەقـی شـاعیرانی ئەو سەردەمە ،ئیدی عیشق پیرۆزی لەدەست دا چ لەناو دەقی ئەدەبی وچ لەکۆمەڵگادا ، بـوو بە چەمکێکی ئیرۆتیکی*، وەک ئاماژەمان پێکرد عیشقی حەقیقی تەنها بۆخـودایە ،بەڵام عیشـقی مەجازی بۆچوون زۆرە لەسەری بۆیە لە نێو عیرفانی ئیسـلامیدا پێگەی عیشـقی مەجازییـان دیاری کردووە:

((یەکەم :عیشقی مەجازی وەک هەستێکی مـرۆییە،ئەویش خـۆی لە نێو بـۆ نموونە جـوانی دا دەبینێتەوە.

دووەم :عیشـقی مەجـازی هەنگـاو بە هەنگـاو بە قۆنـاغی جیـاواز مـرۆڤ ڕاپێچـی عیشـقی حەقیقی دەکات .

سێیەم :عیشقی مەجازی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی زمانی عیرفانی ))[1].

لای صابریش عیشق پەرستن و ناسینی زاتی خودایە، ڕێگایەکە بۆ توانەوە و خۆ سڕینەوە لە زاتـی پەروەردگـاردا. شـاعیر لە میـانی عیشـقی ئـافرەتەوە باسـی وەصـلی (عاشـق و مەعشوق) دەکات، واتە صابری دەیەوێ بەو عیشقە بگاتە وەصلی زاتی ئیلاهی، دەڵێت:

چ خۆشە کە ڕوخساری جانان خودایا
ببینـم فیداکەم دڵ و جـان خودایا
چ شیرینە خەسرەو بە چاوانی پڕ خەو

---

*ئیرۆتیک )الشعر المکشوف):ئەم جۆرە شیعرە باسی سێکس وخۆشەویستی ودەکات وجیاوازە لە شیعری دڵداری وسۆزداری ،چونکە جۆری دووەمیان ناچێتە ناو وردەکاری رەگەزی بەرامبەر تەنیا چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت و شیعری ئیرۆتیکیش بە پێچەوانی شیعری دڵداریە، بناغەی پەیدابوونی بۆ هیـند وعـەرەب دەگەڕێتەوە ،بڕوانە: dictionary of literary terms and literary theory_ p284

(1)یەحیـا یەسـربی(د)،عیرفان وشـەریعەت ،وەرگێڕانـی :حسـەین ئەدهەم ،گۆڤـاری هەژان ،ژمـارە (25)،چاپەمەنی سیما،2012 ،ل109 .

نــەزەر کە لە ڕاڕەو بە دەربان خودایا
غـەریب و گـــەدایم غەریقی بـــەڵابم
نــــەوا لــەو جودابم بە گریان خودایا(د.ص.ل45)..

عیشقە مەجازییەکان جۆرێک ڕاهێنانی بچووکن بۆ ڕۆح ودەروون بۆ تـاقیکردنەوەی گەورەتر ،کەواتە سودی عیشقی زەمینی ئەوەیە مرۆڤ لە خۆویستی وخودگەرایی بە دوور دەبێت ، زۆر جار لە ڕێگەی عیشقەوە ئەو شوێنانەی لە جەستەی خۆیدا نەیبینیوە دەیبینێ ،هەروەک ئیمامی غەزالی*دەڵێت:عیشق وەک ئاوێنە وایە ونموونەی ئەمەش ئەوەیە ، کە ئێمە ناتوانین پشتە ملی خۆمان ببینین ،بەڵام بە هۆی ئاوێنەوە دەیبینین .

عاشـقبوون یەکێکە لە پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ ئیدی عەشـقی ئاسمانی بێت یـاخود زەمینی ،یەکەم کەس کەعیشقی خوایی هێنایە نێو ئیسلامەوە (رابیعەی عەدەوی)** بوو ، کە دەیگوت :خودایە من لەبەر خۆشی جەنەت ولەترس ئاگر تۆ ناپەرستم ، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی عاشـقت بـوومە ، کەواتە مەسـەلەی عیشـق بـوون هەروا سـانا نییە هەمـوو کەسـێک باسی لێبکات ، چونکە ئەوە پەیوەستە بەجوانی پەروەردگارەوە ، واتە پەیوەندییەکی بە تین هەیە لە نێوان عیشـق وجوانیدا ،زۆر جـار مـرۆڤ بیـر لەوە دەکاتەوە ئەم ئاسـمان وزەمینە جوانە ئەبیت چی جوانێکی باڵا دروستی کردبێت هەر لەبەر ئەو جوانییە عاشقی خودا دەبیت. دیوانی صابری پڕە لە ڕەنگ وبۆی ئافرەت چی حەقیقی یاخود مەجازی بێت ،ئەو عیشـقەش لە دەقەکانـدا بەدی دەکرێـت چێژێکـی تـایبەت و وێنەیەکـی جـوان بە شـیعرەکە دەبەخشـێت. صابری ،کە باس لە عیشق دەکات هەمان ڕێچکەی شـاعیرانی پێش خـۆی گرتـۆتە بەر وەک مەحوی و بێسارانی و جەزیری و ئەوانی تر،دەڵێت :

---

*ئیمامی غەزالی:ئەبو حامدی غەزالی (450- 505ک)لە ناوچەی تۆس لە خوراسـان هـاتۆتە دونیـاوە،یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئیسلام ،دژی دەسـەڵاتی ستەمکاری بووە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی (احیاء علوم الدین ،تهافت الفلسفە.)..هتد.

**رابـــیعەی عەدەوی : خەڵکـــی بەســـرەیەویەکێکە لە زاهیـــدە گەورەکـــان ولەجیهـــانی ســـۆفیگەریدا بەناوبانگە(717-796ز) بە دامەزرێنەری قوتابخـانەی (عیشـقی خـوایی ) بەناوبـانگە،ئەمەش لەو سـەردەمەدا دەنگی دایەوە ، رابیعە جگە لەوەی بۆچونی زۆری لەسەر زوهد نوسیوە لەهەمان کاتدا شیعرێکی زۆریشـی هەیە،یەکەم ژنە کە بانگەشەی عیشقی خوایی کرد.

عاشقان دڵیان بەدائیم پڕ خەیاڵ وپڕ مەلال
بۆیە رۆژ وشەو دەکەن بەحسی جەمال وزوڵف خاڵ
……… ……..
عاشقان ناڵان وبێ سەبرو قەرار وگوفتوگۆ
عاقڵان دڵشاد وخورەم نیکتەدان وخۆش مەقاڵ.(د.ص.ل135).

عیشق کات وشوێنی بۆ نییە ،کۆشک وتەلار ناپرسێت، حیساب بۆ ناڵەو فوغان ناکات ،بۆیە زۆر جار ئەو دەقەی باس وخواسی عیشق دەکات داهێنانی گەورەی لە پشتەوەیە، صابری لەناڵەو گریاندا خۆی دەچوێنێ بە پیری کەنعان (حەزرەتی یەعقوب)،کە چۆن عیشقی یوسف کوێر وپیری کرد ،لەتەنیایشدا وەک حەزرەتی یوسف ،کە لەبەندیخانە بوو ، تەنانەت دڵیشی بەجێهێشتووەو بەدوای یار کەوتووە،دەڵێت:

پیری کردم دەرد و زامی عەشقی جانـــان ئەی درێغ
تـــووشی من بۆ داستانی پیری کەنعـــان ئەی درێغ
بولبول و گوڵ شەمع و پەروانە هەمویان پێکەوەن
من وەکو یوسف بە تەنها حەپسی زیندان ئەی درێغ
دڵ بەدوتا هات وچاودێری کە یا بینێرەوە
بانەفەوتێ میحنەتی کێشاوە بۆمان ئەی دریغ (د.ص.ل121).

قوربانیدان بەگیان وتەواوی خۆشییەکان بەشێکە لە ماهییەتی عیشق ،عاشقیش لە پێناو وەسڵی یاردا گرنگی بە هیچ شتێک نادات ، تەنها ئەوەندەی لا مەبەستە بە یاربگات ، ئەمەش لە ڕاز وداستانە ئەڤینداریەکاندا بە ئاشکرا دیارە ، زولێخا لە بەر جێگرتنی مەیلی یوسفە کۆتایی بە ژیانی ناهێنێت ، هەر لەبەر ئەمەشە کۆتایی هێنان بە ژیان بە ناشوکری دێتە ئەژمار ،بۆیە عاشق بۆی نییە داوای مەرگ بکات لە پێناو نەجات بوون ،صابریش وەکو عاشقێک داوای مردن ناکات ،بەڵکو یاری کۆمەڵێک نوورە سەر لەنوێ ڕۆحی پێ دەبەخشێتەوە،دەڵێت :

(صابری) هەر چاوەڕێی جەژنی ویساڵی دولبەرە
کاشکێ ڕۆژێ دەبوومە قۆچی قوربان ئەی درێغ (د.ص.ل122).

یان دەڵێت :

"یاطبیبی "انتیزارم _ اتصالت_ کەی دەبێ
زەهری دوری کوشتمی شەهدو ویصاڵت کەی دەبێ(د.ص.ل196).

عیشق وەک حاڵەتێکی ڕۆحی دەروونی ، کەدێت لەکەس ناپرسێت ،تەنها پەیوەستە بە دڵەوە،هێزێکی تایبەتی بە دڵ دەبەخشێت ،بۆیە هەموو عاریفەکانی دنیا سەرەتا بە عیشق دەستیان پێکردووە،عیشق پەیوەستە بە رۆحەوە،روحیش لە قورئاندا هاتووە (وقل الروح من امر ربی )"سورة الاسراء 85 "، بۆیە حالەتێکی ناوازە نابێت گەر مرۆڤ لە کۆتایی تەمەندا ، ڕاستترلە تەمەنی پیریدا لە عیشق بدوێ ، چونکە رۆح پیر بوونی بۆ نییە ، دەڵێت:

کە تۆ هاتیت و ڕوحم چوو کە ڕۆیشتی دڵت بردم
ئیتر بۆچی بکا (صابر) تەمەننا و موناجاتێ (د.ص.ل213).

ئەو عیشقەی لێرەدا دەردەکەوێ عیشقێکی ئیلاهی پاکە ، باس لەدەرکەوتن ورۆح بردن ونەمانی موناجات دەکات ،بێگومان ئەمانەش پەیوەستن بە پەروەردگارەوە.
چەمکی عیشق وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد هاوشێوەی هەر چەمکەکانی تری ژیان گۆڕانی بە سەردا هات ، و بەشێک لە پیرۆزی خۆی لە دەست دا ، چونکە گۆڕان لە چەمکی ئیماندا ڕوویدا (( بەم شێوەیە چەمکی عیشقی ئەفلاتۆنی گۆڕا بە چەمکی عیشقی فرۆیدی ، ئەم گۆڕینی گۆشەیە لە گرنگترین ئەو گۆڕانکاری وگۆڕانەیە ، کە لە مەودای بۆنە مرۆییەکان و ئەو وێنا نوێیەی، کە مرۆڤەکان بۆ خۆیان هەیانبوو ڕوویدا ، گرنگترین جیاوازیش لە نێوان عیشقی ئەفلاتۆنی وعیشقی فرۆیدی ، پەیوەست دەبێت بە رۆڵی جەستەوە ، لە بۆنە مرۆییەکاندا ، لە ڕوانینی ئەفلاتۆنیدا رۆح حەقیقەتی مرۆڤەو جەستەی مرۆڤ وەکو سێبەرێک لێڵی وتەمومژ لەسەر رۆح دروست دەکات ، کەواتە لە عیشقی ئەفلاتۆنیدا گەیشتن و ویساڵ بە مەعشوق لە پشت کەشفکردنی قووڵترین لایەن وبواری ، کە هەمان ئەو رۆحەیە دێتە دی ))[1]، کەواتە تەواوی ئەو دەقانەی خستمانە ڕوو زیاتر

(1) فاتیمە ئەدهەم ،لە عیشقی مرۆییەوە تا عیشقی عیرفانی ، گۆڤاری هەژان ، ژمارە (25)،بەهاری 2012.

هەڵگری پەیامی عیشقێکی حەقیقی ئەفلاتۆنی بوو ،بەڵام شاعیر دەقی عیشقی مەجازیشی هەیە،دەڵێت :

باڵا گەردانی چاووت بم ئەڵێ ی نجم ی گەلاوێژە
دەمێ عیساو لوقمانە ،دەمێ سەفاک وخوێن رێژە
........ ......
لەبەر ئێشی برینی دڵ دەکەم فریادی بێ حاسڵ
بە شێتم ناو دەبەن خەڵکی ،زەمانێ پێم ئەڵێن گێژە(د.ص.ل164).

شاعیر لەم دەقەدا وەسفێکی جوانی یار دەکات ، یار دەچوێنێ بە ئەستێرەی گەلاوێژ، پێی وایە وەک چارەسەر ودەرمانی ئازاری لایە ، لە هەمان کاتدا بە سەفاک وغەدار ناوی دەبات. کەواتە عیشق لای صابری مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەردەوام بوون لە ژیان .

## بەشی سێیەم

## بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی صابری دا

### تەوەری یەکەم/ زمانی شیعری:

زمان کۆڵەکەی بنیاتنانی ئەدەبیاتە، بێ زمان هیچ دەقێک نایەتە ئاراوە، چونکە پێشکەوتنی ئەدەبیاتی هەر میللەتێک بە پێشکەوتنی زمانەکەیەوە بەندە. ئەوەشی میللەت بە نەمری دەهێڵێتەوە هەر زمانەکەیەتی، بۆیە ((دەورێکی ئێجگار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ بۆ هەر لایەک دەچین و بە هەر لایەکدا دەڕوانین دەبینی زمان بۆتە شتێکی وا هەرگیز لە مرۆڤ جیا نابێتەوە و بووە بە ناسنامەی مرۆڤ))[1]. کەواتە زمان تایبەتمەندییەکی مرۆڤە کە لە بوونەوەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە، هەروەها ناسنامەی میللەتێک لە میللەتێکی تر جیا دەکاتەوە، "مصطفی ناصف " دەڵێت:(شیعر زمانە)[2]، بێگومان ئەو زمانەش دەبێت هەڵگری خەیاڵ و واقیع و مۆسیقا و پڕ لە داهێنان بێت بەوەش لە زمانی ئاسایی جیا دەکرێتەوە، ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە زمانی شیعر دەبێت جودابێت لە زمانی قسەکردن((چونکە شاعیر مافی ئەوەی هەیە کە زمانێکی تایبەتی بەکار بهێنێت جودا لە زمانی ئاسایی))[3]. زانای زمانەوانی (دی سۆسێر)* پێی وایە(( زمان سیستەمێکی نیشانەیە بە

---

(1)محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی ئاداب، 1990، ل3.

(2) طاهر بومزير، التواصل اللساني والشعري ، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم الناشرون، الجزائر، 2007، ص62.

(3) ارسطو طاليس ،فن الشعر، ترجمه عن اليونانية: عبدالرحمن بدوى، الطبعه الثانيه، دار الثقافة ،بيروت، 1973، ص61.

*سۆسێر :فردينان دی سۆسێر (1857– 1913) زانایەکی زمانەوانی سویسرییە،لە بەناوباگترین زاناکانی سەدەی نوێیە ،یەکەم کەس زمانەوانی وەک بەشێک لە سیمۆلۆژیا دانا ،لە توێژینەوەکانیدا دیراسەیەکی وەسفی زمانەکانی کرد ،چونکە پێشتر زانایانی زمان خوێندنەوەی مێژووییان بۆ زمان دەکرد ،ئەم هەوڵەی سۆسێر بووە هۆی دۆزینەوەی زمانی سانسکریتی ..هتد ،بڕوانە :الموسوعة الحرة.

هەمان شێوەی سیستەمە هاوشێوەکانی تری وەک (ئەلفبای لاڵ و نیشانەی سەربازی و ... هتد) گوزارشت لە هزر دەکات، بەڵام لە ناو ئەم سیستەمە نیشانانەدا زمان گرنگترینیانە))[1].

بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر زمانی سەرەکیمان هەیە:

((1- زمانی سروشتی: ئەم زمانە زمانی یاسایی چەسپاوە، لە ڕێگەی یاساکانی پارێزگاری لە بنەما چەسپاوەکانی بەڕێوەبردنی زمان دەکات، زمانێکی پێوانەییە و هیچ لادانێک لە خۆیدا جێناکاتەوە.

2- زمانی گشتی: ئەمە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و میللییە، زمانی نووسینەوەی یاساکانە.
3- زمانی تایبەتی: ئەو زمانەیە کە ڕێژەی لادانەکانی زیاترە، یان نزیکە لە ڕێژەی دەربڕینەکانی زمانی سروشتی، شاعیر و ئەدیبە داهێنەرەکان بەرهەمی دەهێنن))[2].

زمانی شیعری بەوە دەناسرێت کە زمانێکی هێمادارەو کۆمەڵێک مەرجی هونەری لەخۆ دەگرێت، لە هەمان کاتدا زمانێکی فراوان خەیاڵ و خاوەنی دەیان گۆشە نیگای جیاوازە، ئەمەش بە پێی تاکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە هەر تاکێک گوزارشت لە ئایدیایەک و جیهانبینینێکی جیاواز دەکات. (شێخ نووری شێخ ساڵح) کە یەکێکە لە ڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، زمانی شیعری بە زمانی ئیستاتیکا ناودەبات:((ئەساسی ئەدەبیات جوانییە))[3]، (فەرید زامدار) یش سەبارەت بە زمانی شیعری دەڵێت:(( زمانی شیعر زمانێکی موتڵەق و سەربەستە و خۆی بە کۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە، دەڵێن زمان (سحر اللغه)یە ، مەبەست لەمە زمانی شیعریە، هەر ئەم خاسیەتە ئەفسووناوییەشە زمانی شیعر دەنوێنێت و لە زمانی ئاساییدا نابینرێت))[4]. شیعر بۆخۆی

---

(1)بسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی محمد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، 2011، ل249.

(2)ئیدریس عبداللە(د) ، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر، 2010،ل64-67.

(3) م. نووری، ادبیات کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە 24، 1926، ل1.

(4) پەرێز سابیر(د) ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2006، ل293.

پرۆسەیەکی ئازادە بۆیە جوانی و ئازادی وەک دوو بنەمای سەرەکی زمانی شیعری تەماشا دەکرێت، چونکە ڕەچاوکردنی ئەم دوو بنەمایە چێژێکی ئەفسووناوی دەبەخشێتە دەقی شیعری.

کۆمەڵێکی تر لە زانایانی زمانناسی زمانی شیعری وەکو لادان لە زمانی پەخشان ئەژمار دەکەن ، (جون کوین) دەڵێت :((زمانی شیعری لادانە لە زمانی پەخشان، بۆیە لادان بناغەی چوونە نێو زمانی شیعرە))(1).

(یاکپسۆن )*یش وەکو زمانناسێک سەیری دەقی شیعری دەکات و پێی وایە شیعر بەشێکە لە زمانەوانی و لێی جیا نابێتەوە ،کەواتە شیعر لای یاکۆپسن ((بەشێکە لە زمان و سۆسیۆلۆژیا))(2).واتە دەتوانین بڵێین شیعر بە پلەی یەکەم زمانە، زمان چێژ و جوانی دەبەخشێت. ئەگەر شیعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت ، تەنیا ئەوەیە گوزارشتێکیان تێدا بخوڵقێنێ کە مرۆڤ هەست بە ئینسان بوونی خۆی بکات، بۆیە زمانی شیعری جۆرە لادانێکە لە تەواوی ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات.

**ئەو ئاستانەی لادانی تیادا ڕوودەدات:ـ**

**أ- ئاستی دەنگ:**

پێش ئەوەی باس لە ئاستی دەنگ بکەین ،واتای وشەی ئاست دەخەینە ڕوو : ((وەکو زاراوەیەکی زانستی زمان بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زماندا بۆ دابەشکردنی بەشە جیاوازەکان بە کاردێت ویەکێک لە بەشوئاستەکانە بۆ شیکردنەوەی ئاستی دەنگ ووشەو ورستە بە کاردێت ))(3) دەنگ وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە زماندا ڕۆڵی گرنگی لە بنیاتنانی زمانی شیعریدا هەیە((بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ ))(4)، هەر گۆڕانێک لە دەنگدا واتایەکی نوێ دەبەخشێتە وشەکانی زمان ، لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی ئەو دەنگانەی کەبڕگەی درێژ و کورت پێک دێنن ،پەیوەندییان بەدەروونی نووسەرەوە هەیە و تەعبیر لە دڵخۆشی یان دڵتەنگی نووسەر دەکات، (ئەبو مازی) کاتێک

---

(1) اللغة الشعرية في رواية (ذاكرة الجسد) احلام مستغانمي.www.el.jassed.pdf،ص64.

*یاکپسۆن :(1896- 1982)لە نێو بنەماڵەییەکی یەهودیدا ژیاوە ، زانایێکی زمانەوانی و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی روسییە ،یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فۆرمالیستی رووسی، یەکێکە لە رابەرانی بواری زمانناسی لە سەدەی بیستەمدا ،لە بەرهەمەکانی :النظرية الالسنية ،الشعر الروسي ،ابحاث في اللسانيات العامة...هتد .بڕوانە:الموسوعة الحره.

(2)خليل الموسى (د) ،جماليات الشعريه، مطبعه اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2008،ص15.

(3) ڕەفیق شوانی (د)،وشە سازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر،2011،ل14.

(4) لاوین تەحسین رەشید ،فۆنۆلۆژی زمانی کوردی ،گۆڤاری زمانناسی ،ژمارە (4_5)،2009،ل54.

باسی (سەلما) دەكات ((كۆمەڵێك بڕگەی درێژی بەكارهێناوە، تاكو لەگەڵ خەم وئازارەكانی شاعیردا یەكانگیر بێت ))[1]. واتە هەر گۆڕانێك لە ئاستی دەنگدا ڕوودەدات كاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر واتای شیعر ،چونكە هەر دەقێك بارگاوییە بەهەست وناخی شاعیر ، صابری شاعیرێكی فرە وێنا و فراوان خەیاڵە، بە ئامادەبوونی ڕەگەزە بنچینەییەكانی دیكەی هونەری شیعر نووسین(وێنە، كێش و سەروا ... هتد) خەرمانێكی لە شیعر بۆ بەجێهێشتووین بۆیە ئێمەش لێرەدا بە پێی دەركەوتنی ئەو ڕەگەزانە لە نێو دەقەكاندا ،لادانەكان دەخەینەڕوو:

**1- قرتاندن:**

یەكێكە لەو شێوازانەی لە كۆنەوە لە ئاخاوتن وئەدەبدا بەدیكراوە ،ئەم ڕەگەزە لابردنی كەرەستەیەك جا دەنگ یاخود وشە یان گرێی دەگەیێنێت ،ئەم هونەرە لە زۆربەی كەرەستەكانی ڕستەدا ڕوو دەدات وزۆر جار شاعیر كرتاندن وەكو بنەمایەكی هونەری و داهێنان لە وشەدا بە كار دەهێنێت ، ئەم هونەرە تەنها پەیوەستیش نییە بە شیعرەوە، بەڵكو لە چیرۆك ورۆمانیشدا دەردەكەوێ ، بە هۆی ئەم هونەرەوە نووسەری رۆمان دەتوانێت ((كۆمەڵێ ڕووداو بگێڕێتەوە و دەس لە كۆمەڵێكی تر هەڵبگرێت هەروەها بەهۆی كورتكردنەوە زەمەنی گێڕانەوە لە زەمەنی حیكایەت كورتتر دەكرێتەوە))[2]،لە پێناسەی قرتاندندا واتا ناسەكان دەڵێن : ((لابردنی هەندێ وشەیە كە بە هۆی (قەرینە) پەیوەستێكی لەفزی یان واتاییەوە لە ماناكەی دەگەین ))[3]، ئەم هونەرە جگە لەوەی مەبەستی جوانی دەگەیێنێت ، لە هەمان كاتدا بەهێز كردن وكاریگەر بوونی دەقیشە ، هەر نووسەرێكیش لە بەكارهێنانی وشەدا جۆرە سەلیقەو تایبەتمەندییەكی هەیە ،ئەوەی تێبینی دەكرێت لە كردەی قرتاندن زیاتر كەرەستە سەرەكییەكان بەر قرتان دەكەون ،لە كردەی قرتاندنیشدا دەبێت وشەكە هەر لەسەر هەمان واتای بنجی بمێنێ وگۆڕانی بەسەردا نەیەت ،هەروەك (تەفتازانی)

---

(1) احمد مداس(د) ، لسانيات النص، الطبعه الأولى، مطبعه عالم الكتب الحديث، الأردن، 2007، ص129.

(2) نەجم ئەڵوەنی :سێ لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیكاری ، چاپی یەكەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر،2011،ل40.

(3)عەزیز گەردی ،رەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا ،واتاناسی، بەرگی سێ ،چاپخانەی كاكەی فەلاح ،بەرگی سێ ،بەغدا ،1979،ل53.

دەڵێت : قرتاندن (( ئەوەیە وشە کەمتر بێت لە مەبەستی بنجی  و واتاشی تەواو بێت ))[1]لای شاعیر لە ئاستی دەنكدا  لە چەند دەقێكدا دەرکەوتووە ،دەڵێت :

بە خەبەر هاتم و زوو سەجدەی شوکرم هێنا
کە هەموو زامی دڵم خۆش بووەوە کۆنەو تاز .(د.ص.ل91).

لە کۆتایی دێڕی دووەمدا شاعیر وشەی (تاز) ی هێناوە ، ئەمەش لە زمانی کوردیدا هیچ واتایەکی نییە ،وشەکەی پێشی (کۆنە)یە،  کەواتە دەبێت ئەم وشەیە (تازە) بێت ودەنگی (ە) قرتێندراوە ئەمەش لەبەر سەروای شیعرەکەیە.

لە دێرێکی تردا دەڵێت :

خۆ بە ئومێدی (وصال )ت وا حەیاتم باقییە
وەرنە دووریت دەم بەدەم دەمخاتە گێژاوی هیلاک (د.ص.ل127)

لە سەرەتای لەتی دووەم وشەی (وەرنە) هاتووە ، کە کورت کراوی وشەی (وەگەر نا،یاخود ئەگەر نا) یەصابری لە دێرێکی دیکەدا دەنگی (ک) دەقرتێنێ  ،دەڵێت:

((ترفه العین)) ی بەناهەق سەد برینم لێ ئەکا
تیرەکەی ئاخر لە ((اول)) دەفعە چاتر کار ئەکا(د.ص.ل47).

لە دێـڕی دووەمـدا شـاعیر لە وشـەی (چـاتر) دەنگـی (ک)ی قرتانـدووە ، کە دەبـوو (چاکتر)ی بەکار بهێنایە. صـابری سـەرەڕای ئەوەی زۆرجـار لە بـازنەیەکی نیمچە داخـراوی زمانـدا هـاتووچۆی کـردووە، بەڵام ئەو زەخیـرە زمـانەی کە هەیبـووە لە هەر شـیعرێکدا ، بە شێوازی جوانتر و جیاوازتر  توانا و دەسەڵاتی هونەری شاعیرانەی خستۆتە ڕوو .

**2- دووبارە کردنەوە:**

لە شیعردا دەنگێک یـان زیـاتر سـەرنجی خوێنەر بۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێ، ئەمەش بە هـۆی دووبـارەبوونەوەی ئەو دەنگـانەیە،  کە لە پـاڵ یەکدا دەرکەوتـوون و مۆسـیقایەکی تایبەتیـان

(1) ئیدریس عەبدوڵلا (د)، شێوازگەری لادان ،چاپخانەی لەریا ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ،2013،ل164.

بۆ دەقەکە دروست کردووە، زۆرجار دووبارە بوونەوەی دەنگەکان لە خۆوە هاتوون بێ ئەوەی شاعیر بە ئەنقەست بەوجۆرە ڕیزبەندی بکات. لە ئەمڕۆدا دووبارەکردنەوە وەک بنیاتێکی شێوازگەری ئیستاتیکی گرنگ تەماشا دەکرێت. د.(منذر عیاش )دەڵێت :(زۆر جار کۆمەڵە وشەیەک لە شیعرێکدا سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێ ئەوەش بەهۆی دووپات کردنەوەی ئەو دەنگانەوەیە کە خاوەن ترپە و ئیقاعێکی تایبەتن)[1]، هەروەها دووبارە کردنەوە مەبەستێکی هونەری وسایکۆلۆجی لە پشتە ،زۆرجار مەبەستی جەخت کردن ، یان ئاگادارکردنەوە دەگەیێنێت.

(نازک الملائکە)*، کە یەکێکە لە ڕابەرانی نوێکەرەوەی شیعری عەرەبی دوو یاسای بۆ دووبارەکردنەوە داناوە :((یاسای یەکەمیان لەسەر بنچینەی عاتیفە و هەست و باری دەروونی دروست دەبێت، واتە دووبارەکردنەوە سووربوون و پێداگرتنی شاعیرە لەسەر لایەنێکی گرنگ لە دەستەواژەکە کە مەبەستی شاعیرە بۆیە زۆر زیاتر لەوانی دیکە گرنگی پێدەدات. یاسای دووەمیان لەسەر بنەمای ئەندازیاری دانراوە کە هۆی دووبارەکردنەوەکە هاوسەنگییە، چونکە لە هەموو دەستەواژەیەکی ئاساییدا جۆرێک لە هاوسەنگی شاراوە هەیە کە شاعیر دەبێت لە هەموو بارودۆخەکاندا ئاگاداری بێت و پارێزگاری لێ بکات))[2]. کەواتە دووبارە کردنەوە حەزێکی دەروونی خەفە کراوی لە پشتەوەیە و لە هەمان کاتدا جۆرە هاوسەنگییەک لە نێو دەقدا بەرپا دەکات، چونکە ئەگەر زاناکان کۆک بن لەسەر ئەوەی کە (گوتن جەستە و ڕووحی هەیە، ئەوا جەستە لە وتن و ئاواز و ڕووحیش لە واتادایە، بۆیە شاعیر دەبێت شیعرێک بنوسێت ئیستاتیکا و چێژ بەخشینی لە پشتەوە بێت)[3]، کەواتە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان دەنگ و واتادا ((نابێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکرێت کە دووبارە کردنەوەی دەنگەکان لە ناو دەقی شیعریدا بە هیچ شێوەیەک دابڕاو نییە لە بنەماکانی دیکەی بنیاتی دەقی شیعری ، بۆیە دەتوانین بڵێین دیارەدەی دووبارەکردنەوەی دەنگ هەندێ جار وشیارانەو هۆشمەندانە و هەندێ جار ناهۆشمەندانە بەدی هێنراوە و خودی تاقیکردنەوە شیعرییەکە دایباراندوونەتە ناو دەقەکەوە تا ئاوازێکیان لێ پێکبهێنرێت کەچ لەسەر ئاستی جوانکاری بێت یان لە سەر ئاستی دەربڕینی بابەتەکەدا بێت ورۆڵی

---

(1)منذر عياش(د)، الأسلوبيه وتحليل الخطاب، دار المحبة، دمشق، 2009، ص78.

*نازک الملائکە : (1923– 2007) لە شاری بەغدا ژیاوە، زۆربەی توێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە ، کەیەکەم شاعیربووە شیعری ئازادی نووسیوەلە 1947بە ناوی (کۆلێرا) کەباس لە کۆلێراکەی شاری میسر دەکات لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت: ئەوشەوەی نەخۆشەکان لەسەرپشتی گوێدرێژو ئەسپەکان دەگوێزرانەوە نەخۆشخانە، تابەیانی گوێبیستی دەنگی پێی ئەسپ وگوێدرێژەکان بووم ،لەسەر ئیقاعی پێی ئەوان شیعری "کۆلیرا" م نووسی ...

(2)ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم ،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی، 2013، ل157.

(3)ابی الحسن محمد بن طباطبالعلوی ،عيار الشعر، مطبعه اتحاد الكتاب، العرب ،دمشق، 2005، ص 203.

ئـاوازەیی خۆیـان ببیـنن ))[1]. ئەگەر سـەرنجی ئەم شـیعرانەی صـابری بـدەین ، دەبینـین دووبارەکردنەوی دەنگێک چەن جارێک ترپە و ئاوازێکی جوان لای خوێنەر دروست دەکات، ئەمەش وادەکـات هەر جارێـک ، کە خـوێنەر دەیخـوێنێتەوە چێژێکـی جیـاوازتری لەوەی پێشووی پێ ببەخشێ ،دەڵێت :

وەرە جـانا بەڵا گـەردانی ڕووی دڵ فریبت بـم
هەتاکەی دڵ نەخۆش و چاوەڕێی چاوی تەبیبت بم
هەتـاکەی ئینتیزاری چاوی عەییار و تـەبیبت بم
ئـــەوا کردم منیش بێگانە بـا ساتێ (قریب)ت بم
ئـەوا چـاوم بەشارەیە ئـەوا ڕووحم لەسەر لێوە
هەتاکـــەی عاجز و بیماری چـــاوانی غـــەریبت بم (د.ص.ل137).

کاتێ ئەم دەقە دەخوێنینەوە هەست دەکەین دەنگ (چ) لەناوندی دێڕەکان پێنج جار و دەنگی (ب،ت،م) لە کۆتـایی دێڕەکـان پێنج جـار دووبـارەبوونەتەوە، بۆیە کە خـوێنەر تەماشـای ئەم دەقە دەکات تێبینی ئەوە دەکات ، کە ئەو دەنگانە زاڵ بوونی خۆیـان دەگەیەنن. لە شـیعرێکی تردا دەڵێت:

ئەی برۆ شمشێر و لێو مەرجان و پەرچەم خاوەکەم
قەد نەمامـــی عەرعەر و ڕومەت ترێ کاژاوەکـــەم
دولبەری گوڵ ڕەنگەکەم تەن نازک و دڵ سەنگەکـەم
نازەنین و شەنگەکەم مـــەست و خـــودا پێداوەکەم
یاخـــودا زوو بێتەو ڕووحی ڕەوان و نـــووری چـــاو
یـەعنی کەو ڕەفتارەکـــەم دڵ نـازک و تۆراوەکـــەم (د.ص.ل139).

لێرەدا دەنگەکانی (ه ،27) جار ،(ک ،12) جار، (م ،15)جار دووبـارەکراونەتەوە،لێرەدا لە ئاست تاکە دێر نـەکراوە، واتە ئەو دەنگانە مۆسـیقا وجوانی دەقەکەیـان گـردۆتە ئەسـتۆ، زمانی شیعری لای صابری پێش ئەوەی لەنێو هەگبەی دا هەر مەبەستێکی هەڵگرتبێ لایەنی سادەیی وجوانی لەخۆ گرتووە، لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی چەند دەنگێکەوە جا بزوێن بێت یاخود نەبزوێن ، کە بە دەنگی بەهێز ناودەبرێن، شاعیر دەڵێت:

---

(1) ئاڤـــان عەلـــی میـــرزا ،چنینـــی دەق لە شـــیعرەکانی نـــالی دا ،چـــاپی یەکەم ،چاپخـــانەی کەمـــال ،سلێمانی،2012،ل81.

تـا غوباری ڕێگەکەی دێـنم بە چـــاوا بۆ شەرەف
چـــاوەکەم بێ مەیل دڵ کەیلە لە ئـــازار و ئەسەف
شــەو کە سوڵتانی خەیاڵی حەملە دێنێ سەبری دڵ
نایەڵی مانەندی حوزن و دەنگی چەنگ وناى و دەف (د.ص.ل154).

شاعیر لەم دێڕانەدا پێنج جار دەنگی (د) و سێ جار دەنگی (ف) ، کە کەوتۆتە کۆتایی دێـــڕ دووبـــــارەی کـــــردوونەتەوە، ئەمەش وێنەیەکـــــی جـــــوانی خولقانـــــدووە، ئەو دووبارەکردنەوەیەش بۆتە مایەی ئەوەی ، کە زمانی ئەو شیعرە چڕ و پڕتر خۆی بنوێنێ. شیعرلای صابری ، کەوینەی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرێت لە دوو ڕێگاوە کار دەکاتە سەر هەستی وەرگر :((یەکەم: ڕاستەوخۆ واتە لە ڕێگای مۆسیقا و ڕیتمی واژە و ڕستەکانەوە. دووەم: ناڕاستەوخۆ لە ڕێی وێنەگەلی خەیاڵی و ئیماژیکەوە))[(1)].

لە هەردووڕێگاکەشدا زمان دەوری باڵا دەبینێ ،هەروەک (بارت )*دەڵێت :(ئەدەب جگە لە زمان شتێکی تر نییە )، هەر بۆیە زمانیشیعری لای صابری باڵادەستی خۆی نواندووە، بەڵام هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی وشێوازگەری لە دەقەکاندا بەدی ناکرێت ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ئەدەبی شاعیر.

**ب- ئاستی وشە:**

بنیاتی وشە ڕۆڵی تایبەتی لە فەرهەنگی زماندا هەیە، کۆمەڵێک سیستمیش لە لێکدانی وشەدا بوونی هەیە کە ((لە وشەسازیدا بە یاسای تایبەت چەسپاوە و پارێزگاری لەو ویاسایانە دەکات بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی زمان پارێزراو بێت، بەڵام ئەدەب بۆ ئەوەی شێوازی نوێ بەرهەم بهێنێ یان تیۆرەکانی شیعر بەجێبهێنێ زۆرجار دەستکاری ئەو سیستەمە دەکات))[(2)]. مەبەست لە وشە سازی :((زانستێکە لە وشەو مۆرفیمەکانی زمان وپێکهاتنی وشە بە پێشگرو پاشگرو ناوگر وڕەگ دەکۆڵێتەوە ))[(3)]، مامۆستا ئەحمەدحەسەن فەتحوڵڵا کە پسـپۆڕە لە زمـانی کوردیـدا لە زانکـۆی کەرکـوک، لە پێناسـەی بنیـادی وشـەدا دەڵێت:((مەبەست لە بنیادی وشە دیراسەکردنی پێکهاتنی وشە و چۆنێتی دروست بوونێتی بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژیەکانی زمانی کوردی)). وشە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ڕوونکردنەوە

---

(1) عەبـدولخالق یەعقـووبی، دەنگـی بلـورینی دەق، چـاپی یەکەم ، چاپخـانەی ڕاز، سـلێمانی، 2005، ل132_133.

*بـارت : (1915- 1980) فەیلەسـوف وڕەخنەگرێکـی ئەدەبـی فەرەنسـییە ،لە زۆربەی بوارەکانـدا کـاری کردووە لە بنیاتگەری وپاش بنیاتگەریش ، لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی : چێژی دەق ...هتد.

(2) ئیدریس عبدالله (د) ،شێوازگەری لادان ، ل156.

(3) ڕەفیق شوانی (د) ،وشە سازی زمانی کوردی ،ل23.

و خستنە ڕووی روخسارو ناوەرۆکی شتەکان ،چونکە گەر وشـە نەبـایە، مـرۆڤ نەیـدەتوانی بیر وهەستەکانی دەربخات ،ئەو وشانەی کە لە دەقی ئەدەبیدا بەکار دێت جیاوازە لە وشـەی زمانی ئاسایی ،نووسەران کە دەست پێدەکەن بە نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی ، سـەرەتا لە وشـەوە دەسـت پێدەکەن ،هەروەک (رۆلان بـارت ) دەڵێت :(( دەق بـریتییە لە چنـین ودانـانی کـۆمەڵە وشـەیەکی ڕێکخـراو لە پـاڵ یەکـدا ، کە گونجـان وشـێوەیەکی جێگیـر پێـک دێنێـت ، ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە ،کە نووسەر بە پێویستی دەزانێت وپەی پێ دەبات ))[1].

صابری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بایەخێکی زۆری بە وشـەی ڕەسـەن و خۆماڵی داوە، تاکو گوزارشت لە ناخی بکات ، وشە لە عەمباری مێشـکی صـابری دا یەکجـار زۆرە، چـونکە ئەزموونی لەو واقیعەی دەوروبەری وەرگرتووە ، کە ئەندێشـە و هەسـت و سـۆزی هێنـاوەتە خرۆشـان، وەک لە پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا صـابری لە ڕووی زمـانەوە کـاریگەری "مەحـوی ونـالی " زۆر لەسـەر بـووە، بەڵام ئەو هـونەرانەی کە ئەوان لە شـیعردا نوانـدوویانە صـابری نەیکردووە، بەڵکو هەوڵی داوە ڕێچکەی تایبەت بە خۆی هەبێت وگرنگی بە زەخیرەی زمـانە شیعرییەکەی و گەشە بە بەرهەمە شیعرییەکانی بکـات . شـاعیر خولیـا و هەسـت و ئـارەزوو بـۆ خـزمەت کردنـی زمـانەکەی وەگەر خسـتووە ، لە ئاسـتی وشــەدا دیسـانەوە هـونەری سڕینەوە و دووبارەکردنەوە وەردەگرین، چونکە هونەرەکانی تر زۆر بەدەگمەن دەردەکەون وزیاتر لەنموونەیەک دەست ناکەوێت ،بۆیە باسمان لێنەکردووە :

**1- سڕینەوە:**

سڕینەوە :وەک پێویستییەکی واتایی بۆ زیاتر دەرخستنی لایەنی ئیستاتیکی (جوانیناسی ) و داهێنانە لە شیعردا، چونکە داهێنان بۆ خۆی ((دروست کردنی زمانە لە نێو زماندا ئەمەش پەیوەندی بە توانای شاعیرەوە هەیە کە بتوانێت وشە لە کۆت و بەندەکان ئازاد بکات))[2].

سـڕینەوە وەکـو بنەمـایەکی هـونەری داهێنـان لە وشـەدا دروسـت دەکـات، لە ئاسـتی دەنگدا پێناسەمان کرد ، بۆیە لێرەدا زیاتر لەسەری ناڕۆین و دەچینە سەر نمونەکان:

(1) ناز ئەحمەد سەعید ، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا ،ل203.

(2)یوسف حسن نوفل (د)، نقاد النص الشعری، الطبعه الاولی، دار نوبار للطباعه، القاهرة، 1997، ص59.

1- سـڕینەوەی جێنـاو : زۆرجـار شـاعیر جێنـاوی سـەربەخۆ کە وەک بـکەر دەردەکەوێ ، دەیقرتێنێ وجێناوێکی لکاو شوێنی دەگرێتەوە :

وتم کەی دێی فەرمـووت (یا نصیب عنـد الله)
هەتا کەی دڵ بە داغ و ئینتیزاری یا نصیبت بم.(د.ص.ل138) .

دێڕە شیعرەکە لە شاڕستەو پاڕستەیەکی ئاڵۆز پێک هاتووە ،لێرەدا صـابری هەردوو جێناوی (من ، تۆ) سەربەخۆی لابردووە و جێناوی لکاوی لە شوێنی داناوە، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە زمانی ڕۆژانەشدا زۆر بەدی دەکرێت. دەبوایە لەتی یەکەمی دێڕەکەبەم جۆرە بـوایە:(من وتـم کەی دێـی تـۆ فەرمـووت (یـا نصـیب عنـد اللـە) ،بەگشـتی دێـڕەکە جـۆرە بانگهێشتنێکی پێوە دیارە

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

شەو نییە شاهی خەیاڵی شاری سەبرم مات نەکا
ڕۆژ نییە روحم وەکو شەونم نەکا مەحوو تەلەف (د.ص.ل123).

لە دێـڕی یەکەمـدا شـاعیر جێنـاوی (ئەو)ی کرتانـدووە وجێنـاوی لکـاوی (ی)بەکارهێنـاوە ودەبوایە لەتی یەکەم بەم شێوە بوایە :(شـەو نییە شـاهی خەیـاڵی ئەو شـاری سـەبرم مـات نەکا).

2- سڕینەوەی ناو : زۆر جار شاعیر لە کاتی نووسیندا ناوێک یـان زیاتر دەقرتێنێ ،چونکە بوونی بە زیادە ڕۆیی دەزانێت وماناکەی لە ڕستەکەوە دیارە.

دەڵێت :

هەتـاکو تۆ نەیەی تەسکینی نایـێ
بە ڕۆژ و شەو دەمێکە غەم ئەنۆشم .(د.ص.ل144).

ئەم دێڕە شیعرەش لە شاڕستەو پاڕستە پێک هـاتووە ،لێرەدا شـاعیر وشـەی (دڵ)ی کرتاندووە، چونکە دەڵێت (هەتاکو تـۆ نەیەی تەسـکینی نـایێ) ئیتـر ناڵێت ئـارامی و تەسـکینی بۆچ شوێنێک کە بێگومان مەبەست لە (دڵ)ە.

له دێڕێکی تردا دەڵێت :

شەو نخونی خۆشە بەو ئومێدە (صبح )ی تەلعەتی
دەرکەوێ هەرچەندە نامەعلومە (ایام )ی فیراق (د.ص.ل125).

له لەتی یەکەمدا شاعیر وشەی (ڕووی یار )ی قرتاندووە چونکە لە پاش وشەی تەلعەت دەبوایە وشەی (ڕووی یار) بهاتبایە بەڵام کرتاندوویەتی لەبەر ئەوەی خوێنەر ئەوکات مێشکی بۆ دەرکەوتنی زۆر شت دەچێت ،ئەمەش خودی داهێنانە .

3- سڕینەوەی گرێ : (یار) ئەو وشەیەیە کە زۆربەی شیعرەکانی صابری داگیرکردووە،بەڵام هەندێک جار ناوی ناهێنێ وناوەرۆکی دێڕەکە واتا دەگەێنێت ، دەڵێت :

تاکەی دڵی سەودا زەدە بیماری غەمت بێ
مەحروومی گوڵی باغی جەمالی ئیرەمت بێ .(د.ص.ل205).

دەبوو لەتی یەکەم بەم شێوەیە بێت (ئەی یار تاکەی دڵی سەودازەدە بیماری غەمت بێ)، بەڵام (ئەی یار) قرتێندراوە لە بەر ئاواز وکێشی شیعرەکە ،دێڕەکەش جوانتر دەرکەوتووە.

## 2- دووبارەکردنەوە:

دووبارەکردنەوە : ((وەکو یەکێک لە هونەرەکانی شێوازگەری و ڕەوانبێژی لای زۆربەی شاعیران بەکار هاتووە، لای صابریش ئەم گەمە زمانییە بە شێوازێکی فراوان بەدی دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیر لە توانایدایە بەهۆی دەسەڵاتی زمانەوە لە چەن گۆشەنیگایەکەوە بڕوانێتە دەرەوەی شتەکان و ناخی شتەکان))[1]. لە ئاستی دەنگدا چەن پێناسەیەکی دووبارەکردنەوەمان خستەڕوو بۆیە لێرەدا تەنها نموونەکان دەخەینە ڕوو،دەڵێت:

تا نەهاتم بوو نەهاتی تا (تبین) بێ بە هات
تازە هاتی هاتنت هەیهاتە بۆ غەمبارەکەت (د.ص.ل65).

(1) ئازاد ئەمین باخەوان(د) ، صابری لە دووتوێی چەن لێکۆڵینەوەیەکدا، ل109.

لەم بەیتەدا وشەی (هات) پێنج جار دووبارە بۆتەوە، دووبارە بوونەوەی وشە سەرەڕای ئەوەی مۆسیقایەکی ناوەکی جوانی بەخشیوەتە دێڕەکە لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی واتایی دروست کردووە. (هاتی) یەکەم بە واتای نەداری و قات و قڕی دێت، (هات)ی دووەم کردارە و (هات)ی سێیەمیش بە واتای ئابوری فرەو خێرو خۆشی دێت ، ئەوانی تریش پەیوەندی بە دەرکەوتنی (یار)ەوە هەیە. کاتێک سەرنجی ئەم دێڕە دەدەین شاعیر هەست بە نائومێدی بەرامبەر بە یارەکەی دەکات ، وەکو لە دێڕی دووەمدا دەڵێت (تازە هاتی هاتنت هەیهاتە بۆ غەمبارەکەت). لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

چاوو قوبڵێم بۆ پەیاکە تەرکی ئیمان و حەیاکە
ڕوو لە جەردەی پادشاکە بێنە هەرچی بادباد (د.ص.ل81).

وشەی (بادباد) لە کۆتایی دێڕی دووەم فرێزێکی دروست کردووە و دووجار دووبارە کراوەتەوە، ئەمەش زیاتر بۆ جەخت کردن و سەروای شیعرەکەیە.

(نەفس) ئەو چەمکەیە کەشاعیر ناتەباو ناکۆک بووە لەگەڵیدا، لە نێو دیوانەکەیدا دەیان جار دووبارەی کردۆتەوە. لە شیعری (پەشیمانی)دا لە تەواوی دێڕەکان دا دووبارە کردنەوەی ئەنجام دراوە:

نا میزاج و بێ دەوا خۆم دڵ حەزین و ناموراد
تابیعی نەفس و هەوا خۆم گەنجی عومرم دابەباد
گورگی نەفسم خستە ناو (اغنام)ی عومری خۆمەوە
ڕەنجەڕۆ خۆم وا بەجارێ عومری گەنجیم دابەباد
موشی نەفس و گەنمی ئەعمال و کوردی دۆ نەدیو
عەرەب و حەلوا دز و جەردە خەراپی و فەساد
نەفسی بەدخو دائیما هەرپێت ئەڵێ بێنە و بخۆ
چەور و شیرین و تورش و ئەنواعی ئاش و نان وزاد(د.ص.ل81-82).

لەم شیعرەدا حەوت جار وشەی (نەفس) و سێ جار وشەی (باد) دووبارە کراوەتەوە. ئەم دووبارە کردنەوەیە پەیوەندی بە دەروونی شاعیرەوە هەیە. چونکە کاتێک مرۆڤ شتێک چەند جارێک دووبارە دەکاتەوە ئەو شتە بێگومان واقیعێکی لای دروست

کردووە ، یاخود خەیاڵی هەژاندووە چونکە شاعیر ((مرۆڤێکی ئاسایی نیە کە هەموو خەمە پەنگ خواردووەکانی ناخی بکات بە بازنەیەکی داخراوی نەبینراو، بەڵکو لە دەسەڵاتیدا هەیە پەیوەندیە داخراوەکانی خۆشی پێوە بەند بکات و دەریببڕێت))[1]. لە دوا نمونەداصابری وێنەی پیرە پیاوێکمان بۆ دەکێشێ،کە پیری ڕووی تێکردووە، تەنانەت توانای شکاندنی گوێزێکی نییە، بەڵام سووک سووک لە دەوری بووک دەسوورێتەوە. صابری بووک یاخود یاری بە گوێز شوبهاندووە، بێگومان گوێزیش بۆ کەسانی گەنجە، چونکە شکاندنی ئاسان نیە، تازە پیاو کە پیربوو دەکەوێتە دۆڵێک و گوێزیش لە دۆڵێکی تر. لەوێشدا وشەی (پووک)ی چوار جار دووبارە کردۆتەوە و ڕیتمێکی جوانی بەخشیوەتە شیعرەکە:

هەر پووکە پووکتە گوێزی پووک ناشکێ بە پووک
ئەی پیری سەر سپی سووکە مەکە لە دەوری بووک (د.ص.ل129).

**ج- ئاستی ڕستە:**

ڕستە: گەورەترین کەرەستەی زمانە لە کۆمەڵێک وشە پێکدێت ، ئەو وشانەش بەپێی سیستەم ویاسای ئەو زمانە ڕیز دەکرێن ، بەڵام لە دەقی شیعریدا مەرج نییە هەمان یاسا پەیڕەو بکرێت ، شیعر هەوڵ دەدات سیستمی زمان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بۆیە بە ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری تیادا دەکات و سنوری یاسا ڕێزمانیەکان دەشکێنێت ، ئەم سنور بەزاندنە دەبێتە هۆی دەرخستنی توانای شاعیر چونکە بەگشتی ((پرۆسەی بە هونەری کردنی زمان لە نێو شیعردا بە دامەزراندنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دروست دەبێت. هەر لەو ڕێگایەشەوە لادان* دروست دەکرێت و زمانێکی تایبەتی دێتە ئاراوە))[2]. سیستمی سینتاکسی کوردی بەم شێوەیە (SOV) ( بکەر+بەرکار+کردار) لە زمانی ئاساییشدا زۆرجار

---

(1) ئازدا ئەمین باخەوان(د)، پەیوەندی زمانی و جۆرەکانی لە شیعری صابری دا ،گۆڤاری گزنگ، ژمارە 87، چاپخانەی کارۆ کەرکوک، 2011،ل30-38.

*لادانی زمانی :بریتییە لە بەکارهێنانی داهێنەر بۆ زمان وشەو دەربڕین وێنەکانی ،بەکارهێنانێک دەربیبێنێ لەوەی باوەو ئاشنایەتی لەگەڵدا هەیە ،بە شێوەیەکی وەها ،ئەو لادانە ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی زمانێک ...بڕوانە :ئیدریس عەبدوللا(د) ،شێوازگەری لادان ،ل36.

(2) فوئاد ڕەشید (د) ،ڕووبەرێکی ڕەخنەیی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ، کەرکوک ، 2011، ل 55.

ئەم پێوەرە بەکار ناهێنرێ، چونکە هەر ناوچەیەک بە شێوازێکی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن و گفتوگۆ دەکەن بەبێ ڕەچاو کردنی سیستەمە ڕێزمانیەکە. جان کوهن* لە (بنية اللغة الشعرية) دا دەڵێت:(ڕستەسازی ئەو خاڵە گرنگەیە کە واتا پشتی پێ دەبەستێ، هەر کاتێک لادان لە یاساکان ڕوبدات ئەو کات ڕستە بەرەو توانەوە دەچێت)[1]. کەواتەڕستە بنیادی تەواوی ئاستەکانی زمان لە خۆ دەگرێت . (کوهن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (شیعر لە ئاستی ڕستەبێت یاخود لە ئاستەکانی تردا بەلادانی بەردەوام لە زمانی ئاسایی دروست دەبێت)[2]. لادان لە زمان گرنگە بۆ پرۆسەی شیعربوون، بگرە مەرجێکی گرنگی ئیستاتیکایە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکەین، کە (( هەموو یاریکردنێکی ناو زمان دەق ناگەیەنێتە ئاستی شیعربوون، هەروەها چاو نەترسی لە پرۆسەی وێران کردن و شکاندنی فۆرم و چێوەکانی پێشوو لە هەموو کاتێکدا نوێخوازییەکی داهێنەرانەی لێ ناکەوێتەوە))[3]. لە باسکردنی ڕستەدا لادانی ڕێزمانی لە دەقی شیعریدا دەبێتە جێگای بایەخپێدان ،ئەو لادانەش لە ریزبەندی بەشە ئاخاوتنەکانی ڕستەدا ڕوودەداتو لەم چەمکانەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو:

**1.لادانی ڕستە لە نائاسایی واتادا:**

ڕستە هاوشێوەی ئاستەکانی تری زمان بە هەموو شێوەیەک لادانی تێدا دەکرێت، وەک باسمان کرد ڕستە بەپێی سیستەمێکی ڕێزمانی دروست دەبێت، لە هەمان کاتدا دەبێت هەڵگری واتابێت، بەڵام زۆرجار ڕستەکە لادانی واتایی تیادا دروست دەبێت واتە هەردوو

---

*جان کوهن :(1919- 1994) فەیلەسوف ومامۆستای زانکۆی سۆربۆن بووە ،لەبەرهەمەکانی (بنیاتی زمانی شیعری).

(1)جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة محمد الولي و محمد العمری، الطبعه الآولی، دار توبقال للنشر،المغرب ،1986،ص178.

(2) جان کوهن ، بنية اللغة الشعرية ،ص182.

(3)فوئاد ڕەشید(د) ، دەقی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2007، ل101.

لادانی ڕستەسازی و واتاسازی پێکەوە دێتە ئاراوە ، ئەوەش بۆ زیاتر کارتێکردنە لەسەر وەرگر و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی زمانی شیعری شاعیر دەخاتە ڕوو. صابری دەڵێت:

مەحاڵە عەندەلیبی دڵ بکا تەرکی گوڵی حوسنت
چ دەربەستە نیهایەت مەرتەبەی هەر سەربڕینێکە.(د.ص.ل162).

صابری لێرەدا لە ڕووی ڕێزمانیەوە لادانێکی زۆری لە ڕیزبەندی وشەکاندا کردووە، بۆ نمونە لە دێڕی یەکەمدا (بکات) کەکارە لە ناوەڕاستی دێڕدایە، لە دێڕی دووەمیشدا لادانی واتایی گونجاندووە چونکە دەڵێت: من باکم نیە کۆتایی من هەر سەربڕینە، بێگومان سەربڕین بۆ ئاژەڵە نەک بۆ مرۆڤ،، ئەم وێنەیەش تا ڕادەیەک هاوشێوەی چیرۆکی حەزرەتی "ئیسماعیلی " پێغەمبەرە ، لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت:

نەمامی قەدی تۆ بەڵکو هەمیشە تازە و تەڕبێ
وەرە جانا لەسەر ئەم دیدەیی پاڕاوە بینێژە (د.ص.ل164).

صابری لێرەدا نائاسایی بوونی لە واتادا دروست کردووە، ((بەشێوەیەک دەبێ خوێنەر یان گوێگر لە ئاستێکی بەرزدا بێت تا لە وشە و واتای تەواوی شیعرەکە تێبگات، وێڕای ئەو تەم و مژەی کە لە هەندێک لە وشەکان دادەبینرێت))[1]،صابری باڵای یارەکەی بە نەمام دەشوبهێنێ، ئەمەش لادانە لە شێواز چونکە وشەی (نەمام) وەکو ناو لە نێو ڕستەدا دەرئەکەوێ وداریکی تازە پێگەیشتووە ، نائاسایی بوونی لە دێڕی دووەمدا دێتە ئاراوە ، شاعیر دیدەی خۆی کە هەمیشە فرمێسکی لێ دەبارێ بۆ یارەکەی بەگونجاوترین شوێنی دەزانێ بۆ چاندنی ئەو نەمامە، چونکە ئەو شوێنە هەمیشە تەڕە بۆیە ئەو نەمامە هەرگیز وشک نابێت، لێرەشدا لادانی لە چۆنیەتی کردووە چونکە بە زیادەڕۆییەوە باسی یارەکەی دەکات، لە دێڕێکی دیکەدا ڕاستەوخۆ کاریگەر نالی بەسەریەوە دیارە ،دەڵێت:

گەر بە قەسدی کوشتنم هاتی دەسم بە دامانی تۆ
چاکی نازک هەڵکە، خوێناوی نەبێ دامەنی پاک .(د.ص.ل127) .

---

(1) هێمن عومەر خۆشناو، نائاسایی لادانی واتایی لە شیعری (حەنایی کردووە پەنجەی،،،،،)، گۆڤاری واتە، ساڵی یەکەم ،ژمارە یەک ، چاپخانەی ئاراس ،هەولێر،، 2008 ،ل105.

شاعير لێرەدا داهێنانی خوڵقاندووە و لە ئاستی ڕستە لایداوە، واتایەکی نائاسایی دروست کردووە، (کوشتن) کە کاری ڕستەکەیە و شوێنی کۆتایی وشەکانە لە ناوەڕاستی دێڕی یەکەمدایە، (تۆ) ، کە بکەرە کەوتۆتە کۆتایی. ئەمانە بۆ خۆی لادانە لە یاساکانی ڕستەی زمانی کوردی، لە دێڕی دووەمیشدا هەمان لادانی ڕستەیی و واتایەکی نائاسایی هاتۆتە ئاراوە ،چونکە مەحاڵە (یار)ی صابری هێندە دڵ ڕەق بێت بۆ کوشتنی هاتبێت. لادان لەم دێڕەدا بەم چەند شێوەیە دروست بووە:

1.لادان لە چەندێتی: صابری دەیتوانی بە یەک دێڕ بڵێت :( لە کاتی کوشتنم ئاگاداربە جلەکەت خوێناوی نەبێ).

2. لادان لە چۆنێتی: سەرەڕای جوانی وێنەکە، بەڵام زیادەڕۆیی دەکات، چونکە کەسێک بۆ کوشتنت هاتبێت چۆن پیس بوونی جلەکەیت بەلاوە گرنگە.

3. لادان لە گونجاندن: (یار و کوشتن) دوو زاراوەن پێکەوە نەگونجاون. شاعیر دەڵێت: بۆ کوشتنی من هاتووی دەسم بە دامانت جلە ناسکەکانت هەڵکە نەبادا لە کاتی سەربڕینی مندا خوێنی بەرکەوێ و پیس بێت و بشێوێ ،کاتێ شاعیر خۆی ئەشوبهێنێ بە ئاژەڵ لادان لە گونجاندن دێتە ئاراوە.

## 2- دیاردەی هاوتەریبی:

هاوتەریب (التوازن) وەکو دیاردەیەکی زمانەوانی شێوازگەری ڕۆڵی جوانکاری لە نێو دەقی شیعریدا دەبینێ، لە پێناسەی هاوتەریبدا هاتووە ((لێکچوونە لە نێوان بنیاتی دێڕە شیعرەکاندا، زۆرجاریش دێڕە هاوتەریبەکان هەمان گرنگی و واتایان هەیە))[1].هاوتەریب بوون دوو تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت:

((1.تایبەتمەندییەک کە بریتیە لە : (وەک یەکی) نێوان دوو لایەن یان زیاتر لە سەر ئاستێک لە ئاستەکانی زمان.

2. پەیوەندی ئەو دوو لایەن لە سەر بنەمای لەیەکچوون و دژایەتی ، ئەگەر هەر لایەنێک لەگەڵ لایەنەکەی تردا لە یەکیش بچن جیاوازی هەر دەمێنێت))[2]. ئەوەی مەبەستمانە

---

(1)www.google.com

(2)ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق ،چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، ل208.

بیخەیــنە ڕووو هــاوتەریبی ئەو ڕســتانەیە کە بە شــێوەی چــونیەک کەرت دەکــرێن ، ئەم دیاردەیەش زۆرجار لە سنوری زانستی دەقدا (text linguistics)* باس دەکرێت، وەک ئاشکرایە دوو جۆرە هاوتەریب هەیە:

1. هاوتەریبی ئاسۆیی.

2. هاوتەریبی ستونی.

**1. هاوتەریبی ئاسۆیی:** ئەم جۆرە لە هاوتەریب بوون بە شێوەی ئاسۆیی لەتاکە دێڕێکدا ڕوودەدات ،ئەم جۆرەش بە ڕوونی لای صابری بەرچاو دەکەوێت ، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شیعرانە:

| |
|---|
| پایـزی پیری پـەیابوو / نـەوجەوانیمان نەما<br>نەوبەهاری عەیش و نۆش / کامەرانیمان نەما .(د.ص.ل51) |

......... ........

| |
|---|
| جەژن و تەرەب و شادییە/ ئەییامی بەهارە<br>وادەی گوڵ و بادەی موڵ و/ ناڵینی هوزارە.(د.ص.ل184) |

......... .........

| |
|---|
| ئەو دولبەرە قەد عەرعەرە/ ئەو ڕوو گوڵەباغە<br>ئارامی دڵ و جان و فەرەح / بەخشی دەمـاغە.(د.ص.ل161) |

........ .......

| |
|---|
| ئەی شێخی تەکیە زل و خانوومانی دین بچووک<br>وەی پیری دەعیە زل و گران جان وعەقڵ سووک ...(د.ص.ل128). |

......... ..........

لەم بەیتانەی خوارەوەشدا هاوتەریبی لە نێوان تاکە بەیتێکدا بەدی دەکرێت:

| |
|---|
| لەبــەر دەرد و غەمی یـارم / نەخۆش و خــانە بێزارم |

وەکو مەجنون دڵم بۆ چۆڵ و سەحرا هەڵخرا چی بکەم .(د.ص.ل145).

| |
|---|
| هایوو هیو / پــرچ و ڕیش و /تەپـڵ و دەف /بـێ حـاصڵە |

حوسنی نیەت و عەمەل تەوبەی نەسووح ئەتکا خلاص.(د.ص.ل113).

---

*زانستی دەق : زانستێکە لە ڕێگای زانستییەوە لە زمانی دەق لەتەواوی ئاستەکاندا دەکۆڵێتەوە، هەروەها بایەخ بەزمانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەدات. بڕوانە: ویکیبیدیا .

| |
|---|
| ئەگەر تۆ سالّح و چاکی / لە شەڕ و فیتنە بێ باکی |

وەگــەرنا تــالحی دونیا بەتــاراجی تۆ مەئمووره .(د.ص.ل231).

2. هاوتەریبی ستونی: ((مەبەست لە هاوتەریبی ستونی وەک یەکی ( لێکچوون)ی تەواوە ، لە نێوان سەرجەم یان چەند یەکەیەکی بنیاتی ڕستە هاوتەریبەکاندا لەسەر ئاستی ستونی، واتە لەنێوان دووبەیت یان کۆمەڵە بەیتێکی بەدوای یەکدا هاتوو کە بۆخۆی چەشنە یەکێتیەک لەنێوانیانادروست دەکات))[1]. وەک لەم بەیتانەی خوارەوەدا دەبینرێ چەند نمونەیەک دەخەینە ڕوو:

| |
|---|
| وەرە جــانا بەڵا گــەردانی ڕووی دڵ فرییت بـم |
| هەتا کەی دڵ نەخۆش و چاوەڕێی چاوی طبیبت بم |
| هەتا کــەی ئینتیزاری چــاوی عەییار و طبیبت بم |
| ئەوا کــردم منیش بێگـانە بــا ساتێ (قریب)ت بم .(د.ص.ل137) . |

| |
|---|
| ڕەحمێکی خودا بێنە دڵ ئەی ڕوحی شیرینم |
| دوا گیانمە فــەرموو قــەدەمێ بێنە سەرینم |
| دەستێ بخە سەر جەرگ و دڵ و زامو برینم |
| بــەو دەستــە بلوورینەوە کۆتا کە گرینم .(د.ص.ل140) . |

**د- لادان بەرەو شێوەزاری ناوچەیی:**

زمان بەوە ناسراوە ناسنامەی نەتەوەیە ،هەر لە نێو زمانیشدا کۆمەڵێک زار بوونی هەیە ، هەر یەک لەو زاراوانەش تایبەتمەندی خۆیـان هەیە ، لە نێـو زمـانی کوردیـدا چـوار زاری سـەرەکیمان هەیە: (کـوردی بـاکور ،کـوردی ناوەڕاسـت ،کـوردی باشـوور ،کـوردی گۆرانی) ،ئەم دابەشبوونەش هەندێک جار ناکۆکی لەسـەر دەکەوێتەوە ، زارەکـانیش چەندین لق وپۆپیان لێ دەبێتەوە، هەریەک لەو زارانەش لەلایەن ناوچەیەکەوە بەکاردێت ،نووسەران وشـاعیران ، کە بەشـێکی گرنگـی کۆمەڵگـان زۆر جـار لە نووسـینەکانیاندا ڕەنـگ وبـۆنی ناوچایەتی بەدی دەکرێت ، چونکە ژینگە و کۆمەڵگا و دەوروبەر کاریگەری لەسەر شاعیران هەیە ،هەندێ جار نووسەر کۆمەڵێ وشە بەکار دەهێنێ ،کە واتای تایبەتی لەلای ئەو ناوچەیە

(1) ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق(د) ، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا،ل219.

هەیە و (پەیوەندی بە کات و شوێن و قسە بۆ کراو نیە)[1]. ئەمەش تایبەتمەندی و خاڵێکی جیاکەرەوەی شاعیرێکە لەوانی دیکە.

زمانی ناوچەیی چێژ و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بەتایبەتی گەر لە زاری شاعیرێکی وەک صابری دەربچێت. شاعیر سەرەڕای توانا و دەسەلات فراوانی بەسەر زمانی ئەدەبیات و ڕەنگاورەنگی گەمە زمانەوانیەکان و وەگەڕ خستنی بەهرە بێ سنورەکەی، بەلام ناسنامە و ژینگەی خۆی فەرامۆش نەکردووە بەمەش جۆرە لادانێک لە زمانی ئەدەبی دروست دەکات بەرەو شێوەزاری گەرمیانی(شۆریجەیی) دەچێت ،وەک لەم دێڕانەدا دەردەکەوێ ، دەڵێت :

یەک ئیشارەی کافیە لەو چاوە دڵ ئەگرینجە بۆچ
دەیگەزێ وەک ئەژدەها جارێ وەکو دووپشک بە نێش
یـــاخوا زوو بێتەوە بەڵکـو بـدا پێم مـەرهـەمێ
زووبـــەزوو دانێمە سەرچـــاوەی دڵـی بیمـار و ئێش.(د.ص.ل109).

لەم دوو دێڕەی سـەرەوەدا تێبینـی ئەوە دەکەیـن کە ناسـنامەی گەرمیـان بەڕوونـی دەرئەکەوێ، هەریەک لە وشەکانی (ئەگرینجە، بدا پێم، دانێمە) تایبەتن بە ناوچەی گەرمیان.لە دێڕێکی تریشدا دەڵێت :

کەوتـوونە لەبـــەر قاپیەکـەت تونی و برسی
سەیرێکە هەموو (واجب الأحسان)ن و دڵ ڕێش .(د.ص.ل111).

صـابری باس لەو دەروێشـانە دەکات کە لەبەر دەرگای شێخ کەوتوون، هەرچەندە نـاوی هـیچ ڕابەرێـک ئاشـکرا ناکـات ، وشـەکانی (قـاپی ،تـونی ) دوو وشـەن تـایبەتن بە گەرمیانوروخسارێکی ناوچایەتی پێوە دیارە .لە دێڕێکی تردا باس لەو شێخ ودەروێشانە دەکات کە خەریکی زیکری بەدەنگن دەڵێت : فێری بێدەنگی بن ، پەند لە ماسی وەربگرن ،

(1) محمد علی الخولی ، علم الدلاله ، دار الفلاح للنشر و التوزیع، الأردن، 2001، ص51.

چـونکە هـاوار و دەنگەدەنـگ وەک قیڕەقیـڕی ( بـۆق) وایە، بـێ سـوودە و ناگـاتە مەبەسـت. لێرەدا وشەی (قوڕباقە)ی هێناوە کە مەبەستی (بۆق)ە، دەڵێت :

تۆ ئیجازەی زیکری بێدەنگی لە ماسی وەرگرە
قیڕەقیڕی شـــەو وەکو قورباقە نادا فائیدە .(د.ص.ل173).

زمـانی نووسـین لە زۆربەی ناوچەکـانی کوردسـتان تـاڕادەیەک کـاڵبوونەوەی پێـوە دیـارە ،چـونکە گەشـەکردنی سـەرخان وژێـر خـانی کۆمەڵگاکـان گـۆڕانی لەگەڵ خـۆی هێنـا وایکرد تا ڕادەیەک زمانی نووسین یەک بێت ،بەڵام دەربارەی زمانی ئاسایی تاکو ئێستاکەش (خانقین) وەک ناوچە زۆر پابەندن بە شێوەزاری خۆیانەوە.لە دێڕی دیکەدا وشەکانی (گوم ، تاوسان )هاتووە ،کە وشەی تایبەتی گەرمیانن:

ئەی یوسفی گوم گەشتە سەرێ دەرکە لە پەردە
ئیحسانە نیشاتی بە دڵ و جـــــانی بەسەردە .(د.ص.ل183).
......... .........
پایزە و عالـەم لە تەعمیرات نەقشی خـانەیە
عاشقی ڕووت هەرمەکانی کەپری تاووستانەبێ .(د.ص.ل211).

بەگشـتی شـێوەزاری نـاوچەیی لە دیـوانی صـابریدا بەئاشـکرا دیـارە ،ئـێمەش لەم خشتەیەدا تەواوی ئەو زاراوانەی ، کە تایبەتن بە گەرمیان لەنێو دیوانەکەیدا دەخەینە ڕوو :

| وشەکان بە گەرمیانی | واتاکەی | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| ئامووشۆ | هاتوچۆ | 39 |
| زام | بڕین | 41 |
| غاریدا | هەڵهات، ڕایکرد | 43 |
| سبحەینێ | سبەینێ | 49 |
| لەتۆی | لەنێوان | 51 |
| کاشکی | خۆزگە | 56 |
| دەلوو بیبەر | بیبەری توون | 57 |
| ئاو ڕشتن | ئاوپرژێن | 66 |
| قاپی | دەرگا | 67 |
| کەڕەتێ | جارێ | 66 |

| | | |
|---|---|---|
| 75 | بیکرێ | بسێنێ |
| 77 | بینیتان | دیتان |
| 91 | گسک بدە | بماڵە |
| 99 | درک | خار |
| 105 | کەم زۆر | کەم وبێش |
| 109 | ئەگریجە | ئەگرینجە |
| 109 | دای نێم | دانێمە |
| 131 | بەڵا | ئافات |
| 133 | وشەیەکی تورکیە بە واتای نوێژ | نماز |
| 147 | تێ گرتن | وەشاند |
| 148 | لە وشەی (التهلکە) عەرەبییەوە هاتووە | تالوکە |
| 157 | چۆلەگە | پاساری |
| 169 | ئارەزوو | هەوەس |
| 173 | بۆق | قوڕباقە |
| 176 | جۆرە ڕشاشێکە | مەترەلۆزی |
| 178 | تێگوشین | بووڵاوە |
| 183 | بزربوون | گوم |
| 192 | ئەستوور | قەوی |
| 109 | پێم بدا | بدا پێم |
| 111 | تینوێتی | تونی |
| 203 | لۆکە | پەموو |
| 211 | هاوین | تاووستان |
| 216 | زستان | زمستانە |
| 228 | ئاساییە | چ قەید |
| 191 | پێیان دام | داپێمان |
| 215 | شووتی | شامی |
| 192 | توور | ترپ |
| 237 | مێش | مەگەس |
| 154 | هاوڕێ | وێڵداش |
| 99 | نەهاتووی | نەهاتیتە |

**تەوەری دووەم / مۆسیقای شیعری :**

شیعرو مۆسیقا پەیوەندیەکی بەتین  لە نێوانیاندا هەیە، هەرچەندە هەر یەک لەو ڕەگەزانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، مۆسیقا بۆ خۆی (( هەست کردنی خوێنەر یان گوێ گرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان وجۆری هەست وسۆزی دەروون ومانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی برگەکانەوە پێکهاتنی پێ یەکان دا بە کێشی هەڵبەستەکەی دەدەن ))[1] شیعریش هونەرێکە لە ڕێگەی  کۆمەڵێک وشەوە دێتە ئاراوە، "ڕۆسۆ " لە مێژەوە وتوویەتی:( مۆسیقای لە زمانەوە سەر هەڵدەدات  ، تەنها جیاوازیش لە نێوان وتن لە کاتی هەڵچوون ومیلۆدی دا دەگەڕێتەوە بۆ ریتمی وشەکان  لەو  کات و زەمەندا ، چونکە ڕیتم وئیقاعی زمانەکان ، مۆسیقای ئەو میللەتە دەخەنە ڕوو )[2].

ئەم بۆ چوونەی ڕۆسۆ لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرگای بە ڕووی دەیان توێژینەوەی سایکۆلۆجی سەبارەت بەم بابەتەکردوە چونکە مۆسیقا توانای لاسایکردنەوەی دۆخگۆڕینەکانی ڕۆحی مرۆڤی هەیە هەروەکو "یۆنان ورۆمان"* لە کۆندا دەیانگوت ( هونەر لاسایکردنەوەی سروشتە )[3]،کەواتە پەیوەندی نێوان شیعرو مۆسیقا زۆر بەتینەو هێندە پێکەوە ئاڵودەن زەحمەتە پەیوەندی نێوان هونەرەکانی تر وەک پەیوەندی شیعرو ومۆسیقا بێت ، چونکە (( نەبوونی ئاوازو مۆسیقا لە شیعردا دەبێتە هۆی لاوازبوونی وسستی دەقە شیعرییەکە ))[4] شیعر ، کە بۆخۆی لە دەنگ پێکهاتووە هەر ئەو دەنگەش مۆسیقا دەخولقێنێ ،چونکە (( عەرووز زانستی مۆسیقای شیعرە، بۆیە پەیوەندییەک هەیە پەیوەندییەکی پتەویش کە عەرووز ومۆسیقا بەیەکەوە دەبەستێتەوە ))[5] هەر لەم بارەیەوە "د.عەبدولرەزاق محێدین " دەڵێت :(( ئەو کەسانەی هەستێکی مۆسیقییان نییە کە بتوانێ وشەکان بکێشێ چەند ژیانیشیان لە خوێندنی عەرووزدا سەرف بکەن هێشتا هەر لە توانایاندا نابێت وشەکان بکێشن وهەر لە شوێنی خۆیاندادەچەقن ))[6]، کەواتە مۆسیقای شیعری لەوتنەکەیدا

---

(1) عبدالرزاق بیمار ،کێش ومۆسیقای هەڵبەستی کوردی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی دار الحریه،بەغداد – 1992 ل11.

(2) الفرد ایتشتین ،الموسیقی فی العصر الرومانتیکی ،ترجمه:احمد حمدی محمود،دار التالیف ،القاهره،1973 ص 523-524.

*یۆنان ورۆمان :مەبەست هەردوو شارستانیەتی کۆنی گریک ورۆمانە ،کە تاکو ئیستاش ئەو بناغەیەی ئەوان بۆ زانست وبوارەکانی تر دایاننا ،هەر ئەوە پەیڕەو دەکرێت .

(3) الفردایتشتین ، الموسیقی فی العصر الرومانتیکی ، ص 522.

(4) مارف خەزنەدار(د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپخانەی ئاراس هەولێر ،2004 ،ل3 .

(5)عەزیز گەردی ،کێشی شیعریی کلاسیکی کوردی  وبەراورد کردنی لە گەڵ عەرووزی عەرەبی وکێشی شیعری فارسیدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ،هەولێر ،1999 ،ل75.

(6)ئەحمەد هەردی ،عەرووز لە شیعریی کوردیدا ، وەرگێڕانی :ئاسۆس هەردی ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی 2009،ل222-223.

دەردەکەوێ و پەیوەند لەگەڵ پیتەکاندایە ولە نێو پیتەکاندا درکی پێ دەکریت ، ئەمەش خۆی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە :

**أ– مۆسیقای دەرەوە**

**ب– مۆسیقای ناوەوە**

هەر یەک لە مانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەیەکەوە مۆسیقای شیعری دێننە ئاراوە :

**أ : مۆسیقای دەرەوە:**

ئەم جۆرە بە یارمەتی هەردوو ڕەگەزی ( کێش وسەروا ) دێتە ئاراوە ،کە هەر یەکەیان ڕۆڵی باشیان لە بنیاتی ئاوازی دەرەوەی شیعردا هەیە ، هەروەها ئاوازی دیوی دەرەوەی هۆنراوەزۆرجار پەیوەستەبەلایەنی بایولۆجی ودەرونییەوە (د.کامل البصیر)دەڵێت:

(( لێدانی دڵ ودەمارەکانی لەش ئادەمیزاد بە گوێرەی چەشنی سۆزو هەڵچوون دەگۆڕێت ، ئەگەر سۆز ئاکامی ڕووداوێکی خۆشی وکامەرانی بەخشندە بوو ئەولێدانە خێراو یەک بە دوای یەکدا دەبێت بەڵام ئەگەر هاتو سۆزەکە ماتەمین وخەفەت باربوو لێدانەکە سست وخاو لەسەر خۆدەبێت))[1] کەواتە مۆسیقا چ دەرەوە بێت یاخود ناوەوە بارگاوییە بە باری دەروونی نووسەر .صابری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆر بایەخی بە مۆسیقای شیعری داوە وەک دەیگێڕنەوە : لە تەکیەدا خەلیفەیەکی زۆر دەنگ خۆش هەبووە ، لە زیکرکردندا مەدیحی دەخوێندەوە ، صابریش شیعرە تازەکانی پێ دەدا بۆ ئەوەی بە دەنگەوە بیخوێنێتەوە ، پاشان صابری گوێی لێ دەگرت بۆ ئەوەی بزانێت شیعرەکە لە کوێدا لەنگە، ئەمەش وشیاری شاعیر دەخاتە ڕوو چونکە شیعر بەبێ مۆسیقا وەک جەستەیەکی بێ ڕۆحە. لەڕەگەزەکانی مۆسیقای دەرەوە :

## 1- کێش (الوزن ) :

کێش بە بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگران ڕەگەزی سەرەکی شیعرە، مەبەستمان شیعری کلاسیکە، کێش شیعر لە لەنگی وپەرتی دەپارێزیت تەنها تایبەتیش نییە بەنەتەوەیەک، بەلکو لە هەموو شیعری جیهاندا بەدی دەکرێت . هەر زمان ونەتەوەیەکێش بۆ کێش، یاساو

(1) کامل حسن البصیر(د)، ڕەخنە سازی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کوری زانیاری ، بەغدا 1983،ل193.

ڕێســـای خویـــان هەیە، نابێــت لەم ڕەگەزشـــدا زەمەن لە بیـــرکەین ، چـــونکە ئەو (کـــێش) ویاسایانەی ئەمڕۆ دەیان دیوانی لەسەر چاپ دەکرێت ، مەرج نییە پاش چەند ساڵێکی دی هەمان گڕوتینی هەبێت ،کێشی کلاسیکی کوردی کە کێش عەرووزی عەرەبییە سەردەمانێکی زۆر پەیڕەوکرا بەڵام دواتر هێدی هێدی بەرو کزی ڕۆیشت ، بۆیەکێش :( ئاوازێکە پێویستی بەساتەوەختێکی دیاریکراو هەیە)[1]، لەمێژەوە عەرەب وتوویەتی :( الشعر کلام موزن و مقفی)، ئەمەش بۆ گرنگی کێش وسەروا دەگەڕێتەوە لە شیعردا، (نازک الملائکە ) کە یەکێکە لە ڕابەرانـــی شـــیعریی نـــوێی عەرەبـــی ( داوا لە نەوەی نـــوێ دەکـــات بـــایەخ بەدەریـــا عەرووزییەکان بدەن ، چونکە لە ڕێگەی ئەو دەریا عەرووزییانەوە نووسەرەکان ئەتوانن بە سەربەستی تەعبیر لە ژیانی خۆیان بکەن )[2] ، کەواتە کێش (( بریتی یە لەسەر جەمی ئەو پـێ یـانەی دێـڕە هەڵبەسـتێک دروسـت دەکەن ، کە لە عەرووزی عەرەبیـدا تەفعیلەی پـێ دەڵێن))[3] ، لـە هۆنـراوەی کوردیـدا بـە گشتی دووجۆر کێش هـەیـە،کە ڕەگەزی سـەرەکی شیعرن ،ئەویش : کێشی عەرووزی عەرەبی (چەندی ) کە لەلایەن ( خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی ) ەوە دانراوە لە ( 16 ) دەریا پێک دێت ، ئەم جۆرە کێشە لە شیعری کلاسیزمدا پەیڕەو دەکرێت، جۆری تریشیان کێشی خۆماڵییە ، کە تاڕادەیەکی زۆر لە ئەدەبیاتی نوێدا بەکاردەهێنرێ، صابریش هیچ هۆنراوەیەکی نییە کێشی خۆماڵی تێدا بەکارهاتبێت ، بۆیە باسی لێناکەین ودەچینە سەر کێشی عەرووزی :

**کێشی عەرووزی (چەندی ) :**

( عەرووز ): وەک وشە عەرەبییە ولەلایەن ( فەراهیدی )وە بەحرەکانی دانراوە، مەبەست لە عەرووز ( العـروض ) :( لێکـۆڵینەوەیە سـەبارەت بە کێشـی دێڕەکـانی شـیعر ،ئەمەش بـۆ دەرخستنی مۆسیقاو دەریا عەرووزییەکانە ، کە شاعیر پەیڕەوی دەکات ،لە هەمان کاتدا توانـای شـاعیر لەبەکارهێنـانی دەریاکـان دەردەخـات ، چـونکە ئەو دەریایـانە مۆسـیقای

---

(1) صفاء خلوصی (د) ،فن التقطیع الشعری والقافیه ،منشورات مکتب المتنبی ، بغداد 1977 ،ص245.
(2) نازک الملائکه ، قضایا الشعر المعاصر ، الطبعه الخامسة ، دار العلم ، لبنان 1978 ، ص70.
(3)عبدالرزاق بیمار ، کێش ومۆسیقای هەڵبەستی کوردی ،ل 10

شیعرەکەی لەسەر دەوەستێ )[1] ، دەریا عەرووزییەکان  شیعری عەرەبیان لە لەنگی وپەرت وبڵاوی پاراست بۆیە لە لایەن  فارس وکوردیشەوە هەمان دەریای عەرووزی بەپێ یاساو ڕێسای ئەو دووزمانە پەیڕەوکرا،  ئەم جۆرە کێشە بە پێی کورت و درێژی بڕگەکان دەستنیشان دەکرێت و دێڕی شیعریش ( یەکەیەکی مۆسیقیە بە شێتەڵ کردنیشی چەند یەکەیەکی  تر بەدوای خۆیدا دێنێت)[2]  ، کەواتە عەرووز بەگشتی ( زانستی مۆسیقای شیعرە، لەم نێوانەشدا پەیوەندییەک هەیە پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەم پەیوەندییەش لە بنیاتی دەنگدایە، مۆسیقاش ڕستەکان دابەشی چەند بڕگەیەکی دەنگی کورت ودرێژ دەکات ، بێ ئەوەی ڕەچاوی سەرەتاوکۆتایی وشەکان بکات ، عەرووزیش بە هەمان شێوە دێڕی شیعر دابەشی یەکەی دەنگی دەکات بە بێ ڕەچاوکردنی سەرەتاو کۆتایی وشەکان ، ئەمەش پێی دەوترێت " تەفعیلە" )[3] ، صابری بەپێی زەمەن وسەردەم ولێکدانەوەی شیعرەکانی سەر بە ڕێبازی کلاسیزمە ، پەیڕەوی کێشی عەرووزی کردوە ، ئەم کێشە پێشترلە لایەن بابا تاهیر وشاعیرانی پاشی پەیڕەوکراوە ، ماوەیەکی زۆر شاعیرانی کورد لە ژێر کەشی ئەم ڕێبازە ، شیعریان نووسیووە، تاکو سەردەمی ( صابری ) ودوای ( صابری )ش .شاعیر لە دیوانە شیعرێکەیدا پەیڕەوی کێشی چەندی ( عەرووزی ) کردووە ، زیاتریش کێش ڕەمەڵ وهەزەجی بەکارهێناوە ، سێ نموونەی شیعریش بەپێی کێشی عەرووزی لێک دەدەینەوە:

---

(1)شعبان صلاح (د) ، موسیقى الشعر بین الاتباع والأبتداع ، دار غریب للطباعە والنشر ، القاهرە 2007 ، ص11.

(2) ج.س.فریز ،الوزن والقافیة والشعر الحر ،ترجمة :عبدالواحد لؤلؤە ،دار الرشید للنشر ،العراق ،1980،ص13.

(3)عبدالعزیز عتیق (د)،علم العروض والقافیة ،دار النهضە العربیة ،لبنان ، ص12.

**یەکەم : شیعری ( بە چاوی مەستت ) ، ل144 :**

**1- بە/ چا/ وی/ مەس /ت و/ بی /ما/ ری نە/خۆ/شم**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**نە/ ما/ وە*/ ئیخ / تی /یا / رو / ئەق / ڵ و/ هۆ / شم**

مفاعلن مفاعیلن فعولن

**2- بە / زا /هیر / گەر / چی / مس /کی / ن و/ فە /قی / رم**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**لە / با / طن / دا / دو / ڕو / مەر / جان / ف / رۆ / شم**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**3- دو / ڕو / مەر / جان / چی */ یە / یع / نی / د/ ڵ و/ جان**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**بە / چا / وی / تۆ / لە /چاو /ئەر / ژێ / تە / کۆ /شم**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**4- ئە / گەر / تۆ / موش / تە / ری / مەر / جا / ن و/ دوڕ / بی**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

بە / گیا / نی / تۆ / وە / رە* / هەر / زان / ف / رۆ / شم

**5 - ئە / گەر / عا / ج / زو / بێ / دەس / تە / ڵا / تم**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**بە / جا / ن و / دڵ / بە / قور / بان / تێ / ئە / کۆ / شم**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**6 - هە / تا / کو / تۆ / نە / یەی / تەس / کی / نی / نا / ڕێی**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**به / ڕۆ/ ژو / شەو / دە / مێ / كە / غەم* / ئە / نۆ / شم**

مفاعیلن مفاعلن فعولن

**7- گە / لێ / نا / ڵان / د / م و / سو / دی / نە / بە خ / شی**

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

**لە / مەو / لا / صا / ب / رو / ما / ت و / خا / مۆ / شم ***

مفاعیلن مفاعیلن

ئەم دەقە لەسەر كێشی هەزەجی شەشی مەحزووفە ، ئەم خاڵانەی خوارەوەشی تیادا بە دی دەكرێت :

1- دێڕی سێیەم وچوارەم پێویستی بە ئیشباعە لە خوێندنەوەی (چییە) و( وەرە) دا .

2 – پێی یەكەمی لەتی دووەمی دێڕی یەكەم وپێی دووەمی لەتی دووەمی دێڕی شەشەم قەبز هاتۆتە سەر پێیەكە . مەبەست لە قەبز (( لە زماندا مانای گۆشین وگرتن دێ ، وەك زاراوەش بریتییە لە فڕێدانی تیپی پێنجەمی وەستاوی پێ ،كە دووەم بێ لە سەبەبدا ، دەچێتە سەر "فعولن " دەیكا بە "فعول " و "مفاعیلن " دەیكا بە "مفاعلن " ))[1].

3- لەتی یەكەمی دێڕی سێیەم ،زەربەكەی مەقسورە .مەبەست لە زەرب (( دوا پێتی لەتی دووەم ))[2] .

4 - لەتی دووەمی دێڕی حەوتەمی هۆنراوەكە ، لە عەرووزەكەی كێشە هەیە ، چونك "خامۆشم " دەبێتە " مفعولن " واتا پێیەكە ئەخرەبی مەحزووفە ، بەڵام دەشێ خەمۆشم بێت وئەوە هەڵەی چاپ بێت لە دیوانەكەی ، ئەوكات پێیەكە وەك ئەوانی تر مەحزووفە .مەبەست لە ئەخرەب ((بریتییە لە "خەرم + كەف" دەچێتە سەر مفاعیلن و دەیكا بە فاعیل – مفعول )) و حەزفیش (( فڕێدانی سەبەبی سوكە لە كۆتایی پێدا ))[3].

---

(1)عەزیز گەردی ، كێشی شیعری وبەراورد كردنی لە گەڵ عەرووزی عەرەبیدا وكێشی شیعری فارسیدا ،ل123.

(2)هەمان سەرچاوە ،ل114.

(3)هەمان سەرچاوە ،ل127،130.

دووەم : شیعری (لە خۆشی چاوت ) ،ل211 :

1- نە / خۆ / شی / چا / وی / بی / ما/ رت / هە / تا / کەی / ئین / تی / زا / رت / بێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

سە / ری / تەس / لی / می / دا / ئیم / بەر / دە / با / زی / رێ / گو / زا / رت / بێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

2- لە / شوک / ری / شەو / کە / تو / شا /هی / خو / دا / پێ / تی / عە / تا /فەر /موو

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

دە / بێ / فیک/ رو / مە / شو / رە / تی / بێ / نە / وا / یا / ن و/ هە / ژا / رت / بێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

3- صە / با/ بێ / نێ / ئە / گەر / بێ / نێ / لە / با/ غی / جەن / نە / تی / حوس / نی

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

سە / رو / جا / ن و/ د / ڵم / قور / با / ن و/ شا / با / ش و/ نی / پا / رت / بێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

4- دە / مێ / کە*/ دەس / بە / جا / ن و/ چاو / لە / جا / مم/ سا / قی/ یا/ فەر/ موو

مفاعلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

کە / بگ / رەو/ بەر/ دە/ جا/ ن و/ جا/ م و/ هەر/ خێ/ رە*/ بە/ کا/ رت/ بێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل مفاعیلن

5- ئە/ گەر/ چی / حوس / نی / تۆ / موس/ تەغ / نی / یە / ئەم / ما/ زە/ رەر / نا/ دا

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

هە/ زا / را/ نی / وە / کو / صا/ بر/ بول / بو / لی/ لا / لە / زا / رت / بێ

مفاعیلن مفاعیلن فاعلاتن مفاعیلن

ئەم شیعرە لە سەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە ، ئەم خاڵانەی خوارەوەشی تیادا بەدی دەکرێت :

1- پێی یەکەمی لەتی دووەمی دێڕی چوارەم قەبزی هاتۆتە سەر

2- پێی سێیەمی لەتی دووەمی دێڕی چوارەم کەفی هاتۆتە سەر .مەبەست لە کەف (( لە عەرووزدا مانای فڕێدانی حەفتەم تیپی وەستاوە لە سەبەبدا دەچێتە سەر ئەم پێیانە :(مفاعیلن مفاعیل ، فاعلاتن فاعلات ، فاعلاتن فاع لات ، مستفع لن مستفعل))[1].

3- لە لەتی یەکەمی دێڕی پێنجەم (یەئەم) بەیەکەوە دەخوێندرێتەوە ،( یەم ) و برگەیەکی درێژە.

4- لەتی دووەمی دێڕی پێنجەم لەنگییەکی تێدایە ،چونکە پێی سێیەمی (فاعلاتن)ە لەبری (مفاعیلن) .

5- لەتی دووەمی دێڕی دووەم (مەشورەتی بێ ) دەشێ هەڵەبێ وخۆی (مەشورەت بێ ) وبەم شێوەیە کێشکە لەنگ نابێ.

---

(1)عەزیز گەردی ، کێشی شیعری وبەراورد کردنی لە گەڵ عەرووزی عەرەبیدا وکێشی شیعری فارسیدا ،ل124.

**سێیەم : شیعری (ئەی بە شرینی لە مەحبوبان ئەسێنی ) ، ل73**

**1- ئەی / بە/ شی/ ری/ نی/ لە/ مەح/ بو/ بان / ئە/ سێ/ نی/ خەر/ ج و/ بام**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

**وەی/ غو/ می /تۆ / هە/ موو / سوڵ / تا/ نی/ خا/ وەن / تەخ/ ت و/ تاج**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

**2- ئەی/ بە/ غەم/ زەی/ چا/ وی/ بی/ ما/ رت/ هە/ موو/ عا/ لەم / نە/ خۆش**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

**وەی/ بە / ئەن/ فا/ ست / ش/ فا/ یا/ بن / گ/ رو/ هی/ نا/ می/ زاج**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

**3- ئەی/ بە/ نی/ گا/ هی/ چ/ وی/ بی/ ما/ رت/ هە/ موو/ عا/ لەم / نە/ خۆش**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

**وەی / هە/ موو/ عا/ لەم / بە / ئەن / فا/ سی / مە/ سی/ حت/ ئیح/ ت/ یاج .**

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان

کێشی ئەم شیعرە رەمەلی هەشتی مەقسوورە ،بەتێبینی ئەم خاڵەی خوارەوە:

1- لەتی یەکەمی دێری سێیەم لەنگە تێدایە ، چونکە شانزە بڕگەیە بە پێچەوانەی دێرەکانی دیکە کە (15) بڕگەن ، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە دەبێ (نیگاهی) بە (نیگای) بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە تێک نەچێ .

## 2- سەروا (القافيە) :

ڕەگەزێکی مۆسیقییە ، لەسەر دووبارە بوونەوەی دەنگ پەیدا دەبێت وبەشێکە لە مۆسیقای دەرەوە ، لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا بایەخی زۆری پێدراوە ، چونکە ئەرکی ڕێکخستنی دەنگ ومۆسیقای شیعری دەکەوێتە ئەستۆ، لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی جوانکاریشی هەیە .

سەروا بریتییە لە ( هەردوو دەنگی وشەی کۆتای دێڕ )(1) ئەم کۆمەڵە دەنگەش کەلە کۆتایی دێڕ دووبارە دەبنەوە (جۆرە ڕیتمێکی مۆسیقی گونجاو لە زەمەنێکی دیاریکراودا دەخاتەڕوو )(2) لەسەرچاوە عەرببییەکاندا سەبارەت بە سەروا گەلەک نووسراوە ، زۆربەیان سەروا بە دوا پیتی دێڕ دادەنێن ، ئەو تاکە پیتەش کە دووبارە دەبێتەوە پێی دەڵێن : (ڕەوی)، بەڵام "د.صفاو خلوصی" دەڵێت :( سەروا پێتی ڕەوی نییە ، وەک هەندیک باس لێدەکەن، بەڵکو کۆمەڵێک پیت و هێزە ،کە مۆسیقای بەیت – دێڕی شیعر لە خۆ دەگرێت )(3)،عەزیز گەردیش وای بۆ دەچێت: سەروا لە بناغەدا دەشێت فارسی بێت ویاخود کوردی بێت بریتیە :(( لەو دەنگە پاکۆمەڵە دەنگی کە هەندێ جار بەبڕگەو لای هەندێ بەتیپ ئاماژەی بۆکراوە ، لە کوتایی لەت یا شیعرو هەندێ جار لە ناوەوەش دێ ، هەر وەکو دەشێ لەپەخشانیشدا هەبێ بە تایبەتی لە کۆتایی فاسیلەکان))(4)،کەواتە مەرج نییە سەروا تاکە دەنگێک بێت ، بەڵکو دەشێت کۆمەڵە دەنگێک بێت ، تەنها پەیوەستیش نییە بە شیعرەوە ، بەڵکو لە پەخشانیشدا دەردەکەوێ ، بوونی سەروا لە دەقی شیعریدا وەکو مەرجێکی سەرەکی وایە ، چونکە مۆسیقا لە ڕێگای سەرواوە دێتە ئاراوە، لە هەمان کاتدا دەق لە پەرش و بڵاوی دەپارێزێت (( ترپە وئاوازی شیعر زیاد دەکات ولەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێڕە شیعر ڕادەگرێ ودەبێ بەزایەلەو دەنگدانەوەی دەنگە هاو جنسەکانی تری ، هەروەهاجۆرە ڕیتمێکی ئاوازەیی دروست دەکات ودەوری پردێکی ئاوازەیی وەهمی دەبینێ لە نێو هەر دوو جەمسەری کاری شیعریدا ))(5)،سەروا بۆ دەق وەک سەجەع وایە بۆ پەخشان ، هەڵگری مۆسیقاو ڕێتمی تایبەتە ئارامییەکی دەروونی بەخوێنەر دەبەخشێ چونکە بوونی سەروا لە هەر دێرێکدا خوێنەر تێکەڵ مۆسیقای شیعرەکە دەکات. بەمەش وەرگر چێژێکی تایبەت وەردەگرێت .

---

(1) ابراهيم بن عبد الرحمن الغنيم ،الصوره الفنية في الشعر العربى ، الطبعة الاولى ، الشركة العربية للنشر والتوزيع – 1996 ص241.

(2) شعبان صلاح ( د) ، موسيقى الشعر بين الاتباع والابتداع ، ص 11.

(3) صفاء خلوصى (د)، فن التقطيع الشعرى والقافية ، الطبعه الرابعه، مطبعه دار الكتب ،بيروت ،1974 ، ص213.

(4)عەزیز گەردی ، سەروا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ،1999،ل26.

(5)عەزیز گەردی ، سەروا ،ل39.

( د.صفاء  خلوصی ) پێی وایە : سەروا جۆرێکە لە ( خەواندنی موگناتیسی ) چونکە مۆسیقاو سیحری وشەکان خۆێنەر لەگەڵ خۆی پەڵکێش دەکات ،لە زمانی عەربیشدا ( القافیە )ی پێی دەوترێ ( چونکە دێرە شیعری لەسەر ڕادەوستێ)[1]بەکارهێنانی جۆری سەروا پەیوەستە بە ناخ و دەروونی شاعیرەوە وەک تیشکی ڕوون کەرەوە وایە ئەوەی لە ناخی نووسەردا بێت دەیخاتە ڕوو ، بۆیە دەبینین دەقی سەروا دار لە ناخی وەرگرەوە نزیکەو جۆرە چێژێکی تایبەتی هەیە ، لە هەمان کاتدا زوو لەبەر دەکرێت .سەروا تایبەت نییە تەنها بە شیعری کلاسیزم ، بەڵکو لە شیعری ئازادیشدا پەیڕەو دەکریت،  بەلأم شاعیران بە قورسی تماشای دەکەن وپێیان وایە لەنگەر لە بەردەم دەربڕێنی هەستی نووسەر دروست دەکا .

لە زۆربەی سەرچاوە عەرەبییەکاندا هاتووە سەروا دابەشی دووبەش دەبێت: (سەروای ئازادو سەروای بەند )[2]. سەروای ئازاد :( ئەو سەروایە یە کە ڕەویـیەکەی بزواوە،سەروای بەندیش: ئەو سەروایە یەکە ڕەوییەکەیوەستاوە )[3].

ڕەویش : ((وەک زاراوە بە مانای بیرکردنەوە ، چونکە شاعیر لە کاتی شیعردانانا زۆر بیری لێدەکاتەوەو ، بریتیە لە دوا دەنگی بنچینەی وشەی ڕەسەنی سەروا و هۆنراوەی لەسەر بنیات دەنرێ وهۆنراوەکە هەر بەناوی ئەوەوە دەکرێ بە تایبەتی ئەگەر قیتعەو غەزەل وقەسیدە بێ ، واتە لە چەند دێرێک پێک هاتبێ ویەکێتی سەروای تێدا پەیڕەوکرابێ))[4].

صابری یەکێکە لەو شاعیرانەی لە بەکارهێنانی سەروادا زیرەکییەکی باشی نواندووە،کۆمەڵێک دەنگی وەک سەروا بەکارهێناوە کە دەشێت هەندێک دەرکەوتنی قورس بێت ، وەک دەنگی ( ق ) کە دەنگێکی بە ئەسڵ عەربییە لە تورکیشدا زۆر بەکاردێ شاعیر وەک سەروای شیعرەکەی بەکاری هێناوە :

---

(1) صفاء خلوصی (د) ، فن التقطیع الشعری والقافیة ،ص39.
(2) امین علی السید ، في علمی العروض والقافیه ، الطبعه الخامسه ، دار المعارف ، القاهره –1999، ص220 .
(3)صفاء خلوصی (د) ، فن التقطیع الشعری والقافیة ، ص 217 .
(4)عەزیز گەردی ، سەروا ل112 .

## بووکی دونیا

بووکی دونیا شوو به مێردی جاهیل وئەحمەق ئەکا
حەقیەتی بێزوو به خوێتی جەرگی ئەهلی حەق ئەکا
وا جەهەنم پڕ لەجاهیل ( لهو لعب ) ی خۆی ئەکا
تێگەیشتوو بۆ چ له ژێر عەباوه لێی ئیرەق ئەکا
ئەی درێغ ئێستاکه ئەهلی حەق نەما ئەولادییان
غەیبەتی دین پەروەران وکردەوەی ناحەق ئەکا
عالم وجاهیل لەمەعناو سورەتا فەرقی نەما
چونکه هەردووکی به بۆیاغی سمێڵی دەق ئەکا
هەرموسڵمانێ ( قصه ) ی حەق گەر له جێگایه بکا
جێبەجێ لەو جێگه خۆی بێ حورمەت وجێ لەق ئەکا .(د.ص.ل57).

لەم دەقــدا ســـەروا بــريتييه له ( ق )، دەنگــی ( ق ) ڕەويــيه ودەنگــی ( ه ) پــێش ڕەوييه*،وشەی ( ئەکا ) پاشسەروايه .

له دەقی :( دەستێ بخەره سەردڵم ) شاعير هەوڵی داوه بۆ سەروا زياتر وشەکانی زمانی کوردی وچەند وشەيەکی عەرەبی بخاتەڕوو :

جانا وەره دەستێ بخەره سەر قەلبی حەزينم
دوا گيانمه ( تالو کەمه ) کۆتاکه گرينم
بنواڕيه ئاوێنه ئەزانی چيه دەردم
ئيحسانه کەچاکەيتەوه ئازارو برينم
هەرچەنەنده کەبێ ڕەنگ و له ڕوزه ردو نەخۆشم
هەر لەحزه بەيادت قەڵەو سوور و (سەمين) م
عومرێکه گلاراومه ئەی ياری شيرينم
رەحمێکی خودات بێته دڵ و بێره سەرينم ..(د.ص ، ل148) .

تاکۆتايی شيعرەکه شاعير هەمان سەروای پەيڕەوکردوو ، بەمەش مۆسيقايەکی بێ لەنگەری خستۆتەڕوو، سەروا لەم دەقەدا بريتييه له: ( م ) ، دەنگی ( ن ) ڕەويیه وجێناوی

---

*پێش ڕەوی :( ئەگەر ڕەوی بزوێنی درێژبێ پێويستی به پێش ڕەوی نابێ ، ئەگەر پێش ڕەوی دەنگێک يان چەند دەنگێک پەيڕەو بکرێن لەبەر پێويستی نييه بەڵکو بۆ قوول کردنەوەی ئاوازو بەهێزکردنی تر به (ايقاع)ی شيعرەکه ).بڕوانه: عەزيز گەردی ،سەروا ،ل128.

**پاش ڕەوی :( ئەو دەنگه زيادانەيه که وەکو مۆرفێمی ڕێزمانی به کۆتای وشەی سەرواوه دەلکێن ، بڕوانه :عەزيز گەردی ،سەروا،ل139.

لکاوی ( م) وەک پاش ڕەوی بەکارهاتووە ، وشەکان هەموویان سەر بە خۆن تەنیا وشەی ( شـرینم ) نەبێت کەلە بەیتـی حەوتەم دووبـارەە بـۆتەوە ، لە شـیعری ( دولـبەری عیشـوە فرۆش )دا دەڵێت :

یاری کەس نابێ بەیارم (( حبذا )) یاری (( لذیذ ))
((غیطة )) بەخشای حۆرییانە ڕەنگ وروخساری ((لذیذ ))
دولبەری عیشوە فرۆش ومیهرەبان ودڵ فریب
غەمزەو نازوئیشارە وچاوی بیماری (( لذیذ ))
گوڵ عوزارە قامەتی شمشادە ئەندامی بلوور
دەست وپەنجەی نازک وکردارو ڕەفتاری (( لذیذ ))
تەڵعەتی (( دار الشفا )) یە چاوی بیماری حەکیم
حەببی ئەمساڵیشی وەک مەجنونەکەی یاری (( لذیذ )) .(د.ص. ل85).

سەروای ئەم شیعرە بریتییە لە : دەنگەکانی ( اری ) کە پێش وشەی کۆتاییە دەنگی (ڕ) ڕەویـیە سـەروای دەقەیەکە، دەنگـی ( ی) کە جێنـاوی لکـاوی کەسـی سـێیەمە پـاش ڕەوویيەو وشەی (لذیذ ) ، کە لەسەرتاوە تاکۆتایی شیعرەکە دووبارە کراوەتـەوە ، پاش سـەروا یە ( رەدیـف ) کە مەبەسـت لێـی :(( وشـەیەکی سـەربەخۆیە جیایە لەسـەروا ، دوای تەواو بوونی سەروا دێ ،چونکە شیعرەکە لە بارەی کێش ومانـاوە پێویستی هەیە ))[1].

مەرجیش نییە پـاش سـەروا یەک وشـە بێت ، هەنـدێ جـار دوو وشـەیە وجـار بەجـارێش ئامرازو جێنـاوێکە ، شـاعیر لە بەکارهێنـانی سـەروادا سـەرکەوتوو بووە ، لە شـیعرە تـورکی وفارسییەکانیشـدا کـۆمەڵە دەنگێکـی بەکارهێنـاوە کە هەنـدێ قورسـە دەرکەوتنـی لە زمـانی کوردیدا، بەمەش مۆسیقای شیعرەکانی لە لەنگی وپەرش و بڵاوی پاراستووە.

(1)عەزیز گەردی ، سەروا ، ل162.

**ب : مۆسیقای ناوەوە ( ڕیتم ) :**

وشەی ( ڕێتم ) وەک زۆربەی وشەکانی جیهان لە بناغەدا وشەیەکی گریکییە ، ریتم تەنها پەیوەست نییە بە شیعرەوە بەڵکو لە پەخشانیشدا هەیە ، بەڵام لە شیعردا وەکو مەرجێکی سەرەکی ناو دەبرێت .

(( ڕیتم بریتییە لە جوڵانەوە یان هەستی جوڵانەوەیەک کە لە ریکخستنی برگەی هێزدار وبێ هێز ودرێژی برگەکانەوە پەیدا دەبێ ، ریتم لە شیعردا پشت بە دەستووری کێش دەبەستێ))[1]، چونکە ئەم جۆرە پەیوەستە بەڕێکخستنی دەنگەکان (( ڕێتم زیات لەسەر سیستەمی ڕێکخستنی دەنگ هاتووە جۆری دەنگەکان بزوێن ونەبزوێن وجۆرەکانیان کورت یان درێژن ، سیستەمی دابەش بوونی بزوێنەکان ، دووبارە بوونەوەی بزوێنێک یان چەند بزوێنیک، لەمەدایەکی زەمەنی دیاریکراودا،بە گوێرەی نەبزوێنیش دەنگە کپ وگڕەکان ،خشۆک وتەقاوەکان جا پەیوەندی ئەمانە هەمووی بە دەنگەکانی دەورووبەری خۆیانەوەیە))[2]. ریکخستنی دەنگ وچوونە پاڵ یەکتریان لە هەر زمانێکدا بێت ، پەیوەندی بە تواناو لێهاتووی شاعیر وسیستمی زمان وبڕگەی کورت و درێژەوە هەیە ، باری دەروونی شاعیرە ڕیتم دەخولقێنی ، بۆ نموونە دیوانی واهەیە هەموو ڕیتمی شیعرەکانی کپن وجۆرە خامۆشییەکیان پێوە دیارە ، شاعیری شڵژاوی واش هەیە ململانی دەروونی وایلێدەکات بەر دەوام ڕیتمی هەڵبەزو دابەز بخولقینێ ، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەو کات وسەردەمەی ،کە شاعیری تێدا دەژی هەر وەک عەزیز گەردی دەڵێت :(( مۆسیقا هونەرێکی زەمەنییە ))[3]، کەواتە موسیقای ناوەوە (( لە پەیوەندی نێوان وشە ودەربڕین ورستەکانی هەڵبەستەکەوە هەڵدەقوڵێ وشوێنەواری چۆنیەتی دەنگەکانی ئەم ڕەگەزە خۆرمیانەیە ))[4]، مۆسیقای ناوەوە لە شیعردا لەگەڵ زۆر لە هونەرەکان دەردەکەوێ لەوانە :

**1- دووبارەکردنەوە:**

لە زمانی شیعریدا چەندین پێناسەو چەمکی دووبارەکردنەوەمان خستەڕوو ، ئەم هونەرە لە تەواوی ئاستەکانی زماندا دەردەکەوێ ، لە عەرەبیدا ( التكرار )ی پێدەڵێن کە :((بریتییە لەوەی نووسەر وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک بێنی وچەند جارێک پاتی بکاتەوە ، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی ، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لە

---

(1) عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، ل 71.
(2)هەمان سەرچاوە ، ل72-73 .
(3)هەمان سەرچاوە ، ل75.
(4)كامل حسن عزيز البصير (د) ، ڕەخنەسازی ، ل193.

جـارێکەو بـۆ جـارێکی تـر واتایـان نەگۆڕێـت بەواتە : نابێـت وشـەکان نە لە ڕواڵەت ونە لەگوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت ))[1]، ئەم هونەرە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا، شـاعیران لە دەقدا بەکاریدێنن جونکە مۆسیقا وچێژ بەخشین وڕازانـدنەوەی دەقەکە دەگـرێتە ئەسـتۆ ، لە کـاتی ژمـاردنی دەنـگە دووبارەکراوەکـانیش دەنگەکانی یەک دێڕ وەردەگیرێت ، نەک لە ئاستی تێکستەکە :

**یەکەم : دووبـارە بـوونەوەی دەنـگ :** لە هەر شـیعرێکدا دەنگێـک یـان کـۆمەڵە دەنگێـک لە ئەنجامی دووبارە بـوونەوە ، ڕیتمـی هـۆنراوەکە دەگـرنە ئەسـتۆ و بەسـەر شـیعرەکەدا زاڵ دەبن :

1–هەر پووکە پووکتە گوێزی پووک ناشکێ بە پووک
ئەی پیری سەر سپی سووکە سووک مەکە لەدەوری بووک ...(د.ص.ل129).

لەم دێڕەدا دەنگەکانی (وو ) و (پ) دەنگی زاڵ وگرن لە نێو ئەم دێڕەدا ، دەنگی (وو) حەوت جار دووبارەکراوەتەوە ، ئەمەش بۆ خۆی ڕێژەیەکی زۆرە لە دێڕێکدا ، دەنگی (پ) یش بێنج جار دووبارە کراوەتەوە.

2–کە لەزاتی لە زاتی شێخی دی زاتی شکا بۆیە
کەساحیب زاتە "صابر" هەر وەکو تووتی سوخەن گۆیە .....( د.ص.ل230).

هەر کە ئەم دێـڕە دەخـوێنیتەوە هەسـت بە زاڵ بـوون وگڕبـوونی دەنگـی ( ز) دەکەی ، ئەم دەنـگە ( ز) چـوار جـار دووبـارە کـراوەتەوە ، مۆسـیقای نـاوەوە وجـوانی دێـڕەکەی گرتـۆتە ئەستۆ .

3–وجود ئەوجا عەزیزە تۆ عەزیزی لای عەزیزی بی
نە ئانکی باغچەی شار ودار وبێ خاوەن وچەرداخ ...(د.ص.ل78).

---

(1) عبد العزیز عتیق (د) ، علم العروض والقافیة ،ص 23.

لەم دێڕەدا دەنگەکانی ( ع ، ز، ی ) دەنگی زاڵی دێڕەکەن ، دەنگی (ع ) سێ جار ، دەنگی ( ز) شەش جار ، دەنگی (ی ) شەش جار دووبارە کراونەتەوە. ئەمانەش موسیقای ناوەوەیان دروست کردووە.

**دووەم : دووبارە بوونەوەی وشە :** ئەم هونەرەش هاوکارە لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی شیعر . هەمان ئەو نموونانەی سەرەوە ، کە لە دووبارەبوونەوەی دەنگ خستمانە ڕوو ، لە دووبارە بوونەوەی وشەش دەیخەینە ڕوو :

1–هەر پووکە پووکتە گوێزی پووک ناشکێ بە پووک
ئەی پیری سەر سپی سووکە سووک مەکە لەدەوری بووک ...(د.ص.ل129).

لەم دێڕەدا وشەی ( پووک ) چوار جار دووبارە کراوەتەوە ، وشەی زاڵی دێڕەکەیە .

2–کە لەزاتی لە زاتی شێخی دی زاتی شکا بۆیە
کەساحیب زاتە "صابر" هەر وەکو تووتی سوخەن گۆیە .....( د.ص.ل230).

وشەی ( زات ) چوار جار دووبارە کراوەتەوەو مۆسیقایەکی گڕیان بە دێڕەکە بەخشیوە.

3–وجود ئەوجا عەزیزە تۆ عەزیزی لای عەزیزی بی
نە ئانکی باغچەی شار ودار وبێ خاوەن وچەرداخ ...(د.ص.ل78).

لێرەشدا وشەی ( عەزیز) کە هەر جاری بۆ کەسێک بە کارهاتووە ، سێ جار دووبارە کراوەتەوە ، جوانیکی تایبەتی داوەتە دێڕەکە.

دەگەینە ئەوەی صابری لەم هونەرەدا سەرکەوتووانە کاری کردووەو پاراستنی مۆسیقاو ولە هەمان کاتدا جوانی دەقی خستۆتە ڕوو.

## 2- کەرتکردن :

هونەرێکی جوانکارییە، به مەبەستی ڕازاندنەوەی شیعر به کاردێت ،جگە له سەروای گشتی سەروا له نێو دەقەکانیشدا بەکارهاتووه ، ئەو سەروایانەی ناوەوه بەر کەرت کردن دەکەون ، له زمانی عەرەبیدا "التشطیر" ی پێدەوترێت، مەبەست لێی :( کەرت کردنه لەعەرووزدا واته کێشانی وشەکانی هەر بەیتێک بەپێی تەفعیلەکان، ئەم هونەرەش له کاتی کەرت کردندا یارمەتی توێژەر دەدات تاکو دەریا عەرووزیەکان بناسێت )[1] ، واته کەرت کردنی دێڕی شیعر به پێی دەریا عەرووزییەکانه ، له پێناسەیەکی تردا هاتووه،کە ئەمه زیاتر تایبەته به زمانی عەرەبی : ( کەرت کردنی دێری شیعر واته دانانی هێزەکان "حەرەکات "ه له سەروبنی پێتی گونجاو بۆ دەرخستنی پێیەکان "تەفعیلەکان " ، ئەمەش بەوه دێتەئاراوه کەپیتەکان بەو شێوەیە بنووسرێت که گۆدەکرێت ، نەک وەک ئەوەی بەڕێنووس دەنووسرێت )[2] ، ئەم هونەره ڕەوانبێژییە بەیت دابەشی چەند ڕستەیەکی کورت دەکات ، ئەمەش دەق به ڕوونی دەخاته ڕوو ، هەروەها ئەو ڕسته کورتانه سەرەڕای هاوتەریب بوونیان وێنەی جودا دەخولقێنن بەمەش ئیقاعێکی جوان له کاتی خوێندنەوه دا پیشان دەدەن کەواته وەک ( ابن هلال العسکری) دەڵێت : کەرتکردن واته :(هاوتەریبی وشەکانی هەردوو دێڕ وسەربەخۆی هەردێڕێکیش لەوی تر)[3]، واته هەر دێڕی یان نیوه دێڕی شێعرێک دابەشی چەند کەرتێکی سەروادار کراوه ، ئەو کەرتانەش سەرەڕای ئەوەی هاوسەروا دەبن ، له هەمان کاتدا هاوکێشیش دەبن ، صابری له کەرت کردندا هەندێ جیاوازی نواندووه له شاعیرانی پێش خۆی له سەرتاپای دیوانەکەیدا قەسیدەیەک بەدی ناکرێت له کاتی کەرتکردندا سەرواکانی ناوەندی هەمووی جووت بن ،یاخود وەک یەک بن ، بۆیە ئێمه تەنها شیعرێک هەڵنابژێرین ، بەڵکو له هەر دەقێک چەند پارچەیەک هەڵدەبژێرین ، بێگومان ئەمەش که صابری کردوویەتی تا ڕادەیەک زیانی به مۆسیقای شیعرەکه گەیاندووه ،بەڵام دیاره ویست وئارەزوی شاعیری لەسەر بووه، چونکه ئاستی خوێندەواری شاعیر کەم بووه له چاو ئەو هەموو هونەرانه.

---

(1)عبد العزيز عتيق (د) ، علم العروض والقافية ،ص 23.

(2)راجي الأسمر ، علم العروض والقافية ، دار الجيل ، بيروت ، ص12.

(3) ابراهيم بن عبدالرحمن الغنيم ، الصورة الفنية في الشعر العربي ،ص 273.

کەرت کردن ،کە خستنە ڕووی سەروا داری دێڕە شیعرە بە دوو شێوە دەبێت :

1-هاوسەروای  وشە بە وشە

2- هاوسەروای ڕستەو گرێ

**1-هاوسەروای وشە بە وشە :** مەبەست لەوەیە ئەو وشانەی لە دێڕێکدا دەردەکەون هاو سەروای یەکن ، کەرت کردنیش لە نێوان ئەو وشانە دەکرێت . صابری دەڵێت :

1-  دڵ رفێن و / سەف شکێن و/ خوێن رژێن / ئازا وەرە
جان ودڵ بڕفێنە / سەف بشکێنە / خوێن بڕژێنەوە ...(د.ص.ل188).

2- بەدەم سۆفی / بەدڵ عاسی / تەریقی عامیو خاسی
لە چوڵی غەفڵەتا کاسی / کەرو گا پەروەری تاکەی ....( د.ص.ل194).

لەم دێڕەدا"2" کەرت کردنە زیاتر لە دێڕی یەکەمدا سەرکەوتووە ، دێڕی دووەم لەنگی تێکەوتووە ومۆسیقای ناوەوەی دێڕەکەی تێکداوە.

**2- هاوسەروای گرێ وڕستە :** واتە پرۆسەی کەرتکردن لە نێوان گرێ یاخود ڕستەدا دەکرێت .وەک ئەم نموونانەی خوارەوە :

1-  نیگارا مەست وبیمارم / بەچاوی مەست وبیمارت
وەکو پەروانە سوتاوم  / بەنووری شەمعی روخسارت ....(د.ص.ل67).

2- نامیزاج وبێ دەوا خۆم / دڵ حەزین وناموراد
تابعی نەفس وهەوا خۆم / گەنجی عومرم دا بە باد
غافڵ وغەرقی گوناهم / عاسی ونامە سیاهم
ڕوو ڕەشی دیوانی شاهم / عاجزی (یوم التناد ) ...(د.ص.ل81).

3-مەستەکەی مەی نۆشەکەم / سەربەست و"مشرب" خۆشەکەم
جان وعەقڵ وهۆشەکەم    / مەستور وروو پۆشراوەکەم
گفتوگۆ شیرنەکەی     / مایەی حەیات وژینەکەم
جوێن وبوغز وقینەکەی / چای وجغارە وقاوەکەم ......(د.ص.ل139).

دەگەینە ئەوەی صابری لە هونەری کەرت کردندا زۆر سەرکەوتوو نەبووە ، لە چەند دێڕێک دا بە جوانی پێکاویەتی ، بەڵام لە هەندێ دێڕی تر بە تەواوەتی زیانی بە بنیاتی مۆسیقاکە گەیاندووە ، هەروەها هیچ هۆنراوەیەکی نییە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە کەرت کردندا هەمان شێوە بێت .

## 3- ڕەگەزدۆزی :

ڕەگەزدۆزی بەشێکە یاخود ڕەگەزیکە لە ڕەگەزوکانی جوانکاری ( البدیع ) لە زمانی عەربیدا جگە لەوشەی ( الجناس ) کەوا تایی ڕەگەز دۆزییە، وشەی دیکەشی بەکاردەهێنرێت وەکو :(( التجنس ، التجانس ،المجانسە ))لە نێو دەقی شیعریدا ڕەگەز دۆزی ئەرکی خستنە ڕووی جوانی و مۆسیقای ناوەوە دەگریتە ئەستۆ و مەبەست لێی : وێکچوونی دوو وشە ، لە واتادا جیاوازبن .، بەواتایەکی تر ( ڕەگەز دۆزی ئەوەیە : وشە دەربڕاوەکان یەکبن ، یان هاوشێوە ویەکچووبن ، واتا شیان جیاواز بێت )[1].کەواتە ڕەگەز دۆزی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی فۆرمەوە یەکن و واتای جودایان هەیە .

**ڕەگەز دۆزی دوو جۆری هەیە :**

یەکەم : ڕەگەز دۆزی تەواو : ( الجناس التام ) ( ئەو ڕەگەز دۆزییەیە کە وشەکان بە تەواوەتی لە یەک بچن ، وەک قەزوینی دەڵێت : دەبێت وشەکان لە ڕووی ژمارە وشێوەو جۆرو ڕیزبوونی پیتەکان وەک و یەکبن ، واتایان سەربەخۆ بێت، ئەم جۆرە ڕەگەز دۆزییەش زیاتر کاریگەری دەخاتە سەر بە هێز بوونی مۆسیقای شیعری بەراورد بە ڕەگەز دۆزی ناتەواو.)[2] صابری لەچەند دەقێکدا ئەم جۆرەی ڕەگەزدۆزی خستۆتە ڕوو ، ئەوەش کار دەکاتە سەر مۆسیقای ناوەوەی شیعر چونکە دووبارە کردنەوەی هەمان وشە کەواتایان جودابیت تاڕادەیەک ڕیتمێکی جوان وڕێک پێشان دەدات :

سبەینانێ وتم ئەی نازەنین وشاهی لێو ئاڵان
گوناهێکی نەبوو دڵ داوی زوڵفانت لە پێ ئاڵان .(د.ص. ل 151).

صابری لە بارەی عیشقی یارەوە دەدوێ لە کۆتایی دێڕی یەکەم و دووەمدا وشەی ( ئاڵان ) هاتووە بە دوو واتای جودا، لە دێڕی یەکەمدا ( ئاڵان واتە ئاڵ ) کە بۆ سووری لێوی یار

(1) طالب محمدالزوبعي وناصر حلاوی (د)،البيان والبديع ،الطبعة الأولى،دارالنهضة،بيروت،1996، ص169.
(2)نفس المصدر،ص169.

هاتووه ، ( ئالآن ) له دێڕی دووەمدا بۆ بەستنەوە یاخود ئالآندن هاتووه ، که زولّفانی له دڵی صابری ئالآندووه کەواته وشەی ( ئالآن ) ڕەگەز دۆزی تەواوه. ..... ، له ( شەوقی یار ) دا ڕەگەزدۆزییەکی تەواو دەخاته ڕوو:

شەوقی یاری واله شاری سینەما
هەردەمیَ ڕەنگی دیگەر وەک سینەما ... (د.ص.ل55).

شەوقی یاری صابری له نێو سینەی دایه ، له هەردوو دێردا وشەی ( سینەما ) هاتووه ، له دێڕی یەکەمدا( سینەما واته سینەی من ) له دێڕی دووەمیشدا شاعیر پێی وایه شەوقی یاری هەردەمیَ ڕەنگی پێشان ئەدات له سینەی دا وەک سینەما ...، ڕەگەزدۆزی تەواو سەرەڕای لایەنی جوانکاری و دەررخستنی ڕێتمی شیعر له هەمان کاتدا ئاست بەرزی و لێهاتوویی شاعیر دەردەخات .

دووەم : ڕەگەز دۆزی ناتەواو ( الجناس الناقص ) : ( ئەو ڕەگەز دۆزییەیه که دوو له وشەکانی به تەواوەتی وەک یەک نەبن ، دەشیت له شێوەی یان ڕیز بوون ویا ژمارەی وشەکان جیاوازبن وجیاوازییەکه لەوه زیاتر نابێت ، له ڕووی واتاشەوه دەبێت واتای سەر به خۆیان هەبێت )[(1)] ئەم جۆره زۆر به فراوانی لای صابری دەردەکەویَ :

گرفتارم به دوای زولّفی شیرینێکی قەد بەیداخ
به تەقدیری خودا نابیَ دڵی دێوانه قەت بیَ داخ ..(د.ص. ل79).

گرفتاری به دوای یارو ئاهو ناڵەی له هەردوو وشەی ( بەیداخ – بیَ داخ ) ڕەگەز دۆزییەکی ناتەواوی دروست کردووه ، دەتوانین ئەوەش بڵێن هەمیشه فۆنێمه قورسەکان له نێو دەقدا بۆحاڵەتی خەم وناخۆشی به کاردێن وەک لێرەدا ( ق ، خ ) که دوو فۆنێمی قورسن لەسەر زمان . دەشێت ڕەگەزدۆزی وەک ( بۆرەکی ) دەڵیت : تێکەڵ بکریت به فەلسەفەی خواناسی له مەشدا صابری وردەکارانه بۆی چووه :

(1)بسیونی عبد الفتاح فیود (د) ، علم البدیع ، الطبعه الاولی ،دار المختار ، القاهره ،2004،ص24.

( حەبیبا نووری روخسارەت لە باتی بەرگ ونیعمەتمە
طە بیبا چاوی بیمارت دوایی دەردو عیللەتمە )[1].

لە نموونەیەکی تردا دەتوانم بڵێم شاعیر جۆرێک لە فلاشباکی* دروست کردووە بە مەش ڕەگەز دۆزییەکی ناتەواوی پێکهێناوە :

لە دەشتی سینە هەڵگیری بڵێسەی ئاگری جاران
عیلاجێ ئاوێ تەدبیرێ لە ڕێی پێغەمبەرا یاران .. (د.ص.ل152).

لێرەدا هەردوو وشەی ( جاران –یاران ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی دروست کردووە .

کەواتە ڕەگەزدۆزی بەهەردوو جـــۆرەکەی لای شـــاعیر بە فراوانـــی دەردەکەوێ ئەمەش هۆشمەندی شاعیر وئاوازی ناوەوەی دەقمان بۆ دەخاتە ڕوو .

**4– دوابەسەر :** هونەرێکی جوانکارییە لە ڕێگای دووبارە بوونەی وشەکان لە هەمان دێردا، کار دەکاتە سەر مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە وجۆرە ڕیتمێکی تایبەت دەبەخشی ، مەبەست لیێ ((هێنانی وشەیێک لە سەرەتا ، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم ، یان سەرتاو ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم وهەمان ئەو وشەیە ، یان وشەییێکی هاو ڕەگەزی خۆی لە کۆتایی دێڕەکەش هێنرابێتەوە ))[2]. زانایانی عەرەب لە نێو خۆیاندا لەسەر وشەی

(دوابەســەر ) بیـروڕای جیاوازییـان خسـتۆتەڕوو :( یەکەم کەس کەباسـی ئەم هـونەرەی کردبێت ( عبدالله بن المعتز ) بوو لە کتێبەکەی دا بە یەکێک لە پێنج هونەرەکانی جوانکاری ئەژمارکردوو ، ودابەش سێ جۆری کردووە وپێی وایە ئەم هونەرە لە شیعرو پەخشانیشدا دەردەکەوێ جۆرێکیان لە کۆتای هەردوو دێڕی دێت وئەوەی تریان لەسەرەتای دێڕی یەکەم وسەرەتایی دێڕی دووەم ، جۆری سێیەمیان ، هەر وشەیەک لە شوێنێک دێت )[3] هەندی لە نووسەرە عەرەبەکان ناوی ئەم هونەرەیان ناوە :( رد الاعجاز علی الصدر ) ،بەڵام هەندێکی دیکەیان ( التصدیر ) پێدەڵێن ، لەکوردیشدا (هێنانەوە)شی بۆ بەکاردێت . (سەجادی) پێی وایە ئەم هـونەرە جـگە لە شـیعر، لە پەخشانیشـدا دەردەکەوێ ((لە هـۆنراوەدا ئەوەیە کە ئاخری هۆنراوەکە ،واتە وشەکە بگێڕرێتەوە بۆ سەرەتای بەیتەکە ، یەعنی ئەو وشەیە کە لە ئـاخری هـۆنراوەکەوەیە ، هەر چەشـنی وشـە لە سـەرەتای هـۆنراوەکەوە بـوترێ ، لە

---

(1)صدیق بۆرەکی ،مێژووی وێژەی کوردی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی چهر تبریز ، ایران ، ل671.
* فلاشباک : یەکێکەلەهونەرەکانزیاترلەرۆماندابەکاردێت،مەبەستلێیگەڕانەوەیڕووداوەکانیڕابردووە .
(2)ئیدریس عەبدوڵلا (د) ،لایەنەڕە وانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر،2011،ل 243.
(3)عبدالعزیز عتیق (د)، علم البدیع ، دار النهضه العربیة، بیروت – لبنان ص224–226.

پەخشانیشدا ئاخری وشەی ئاخر رستەکە بخەیتەوە سەرەتای ڕستەکە))[1] دوابەسەر ،کە لە هۆنراوەو پەخشاندا دەردەکەوێ دەشێت  هاوشێوە بێت واتە وشەکان وەکو خۆی دووبارە کرابێتەوە،  یاخود هاوڕگەزبێت، هەردوو جۆرەکەش جۆرە ڕیتمێکی جوان لەلای خوێنەری دەق دروست دەکەن ئەمەش بە چەندجۆرێک دەبێت :

**یەکەم : وشەکە لە ناوەڕاستی دێڕی یەکەم :**

تەسویەی رێی خاس وعام وتەرکی رێگەی دین ئەکەی
ئەی ( مهندس ) ئەی تەریقی خاس وعام وپێشەوا ..(د.ص.ل 53 ).

وشەی ( خاس وعام ) لە ناوەڕاستی دێڕی یەکەم ودووم دووبارە بۆتەوە ،لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :

دەستی من کۆتاە وخورما بەرز وباڵای ئەی خودا
تۆ سەبەب سازی بکەی ڕۆژی خورما بێتە دەست ..(د.ص.ل100).

وشەی ( خورما ) لە دێڕی یەکەم ودووەم دووبارەکراوەتەوە.

**دووەم : هێنانەوە لە دێڕی یەکەم دا :**

نیگارا مەست وبیمارم بە چاوی مەست وبیمارت
وەکو پەروانە سووتاوم بە نووری شەمعی روخسارت ..(د.ص. ل 67 ).

وشەی ( مەست وبیمار ) کە بۆ خۆی ڕیتمێکی جوانی لە کاتی خوێندنەوەدا هەیە لە هەمان دێڕی یەکەمدا دووبارە بۆتەوە ، بەڵام بە جێناوی لکاوی ( ت ) ئەمەش کاریگەری خستۆتە سەر مۆسیقای ناوەوە .

**سێیەم : لە دێڕی یەکەم وسەرەتای دێڕی دووەم :**

ئەمرو بە باڵ وپەڕی دەوڵەمەندی ئەفڕی وسبەی
باڵ وپەڕت لە دۆزەخا ئەبی هەڵەپرووک ..(د.ص. ل128).

لە هەردوو دێڕدا وشەی ( باڵ وپەڕ ) هێنراوەتەوە .

---

(1)علاءالدين سجادی ، خۆشخوانی ، چاپخانەی مەعاریف ،بەغدا ، 1978،ل137.

**چوارەم : هێنانەوە لە کۆتایی دێڕ :**

مەرحەبا ئارامی گیان ورۆشنایی چاوەکەم
شوخی کەو رەفتارەکەم عەییار وئاهوو چاوەکەم .(د.ص. ل 139).

وشەی ( چاوەکەم ) لە کۆتایی دێڕ دەرکەوتووە ئەم وشانە بۆ خۆی پاش سەروایە ، ئەمەش ڕیتمێک دروست دەکات کە دەقە سەرنجی وەرگر رابکێشی ئەم حاڵەتەش تەنها لە کاتی خوێندنەوەدا دەردەکەوێت :

هێنانەوەی ناپوختە گشتی بۆ تەماعی پوختەیە
رۆژ ژیانت خۆی حەیوان شەو بەخەوتن وەک جەماد .(د.ص. ل83).

لە دێڕی یەکەمدا وشەی ( ناپوختە + پوختە ) هاتووە کە هاوڕەگەزن تەنها وشەی یەکەم ئامرازی نەریَ بۆ زیادکراوە ،کەواتە ئەم هونەرە لە ڕێگای هێنانەوەی هەمان وشەوە کاردەکاتە سەر مۆسیقای ناوەوە .

**5- دژیەک :** چ لای ڕەوانبێژانی عەرەب یاخود ڕەوانبێژانی کورد پێناسەی زۆری بۆکراوە، ئەو پێناسانەش لە دەربڕین وشێوازی گەیاندن کەم تا زۆر لە یەک جودان ، بەڵام زۆربەیان هەڵگری یەک ناوەڕۆکن .

دژیەک : یەکیکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی وەکو لە ناوەکەیدا دەر ئەکەویَ وشەی دژیەک لە خۆ دەگرێت وەک(گەرما، سەرما )( تاڵ – شرین )( ڕووناکی – تاریکی)..هتد لای زۆربەی نووسەرە عەرەبەکان هاتووە دژیەک بەزۆر ناو هاتووە لەوانە ( الطباق ،التضاد ، المطابقە ،التکافؤ ، مەبەست لێیان : واتە کۆکردنەوەی وشەیەکی و دژەکەی لەیەک دێڕدا وەکو شەو ڕۆژ ، ڕەش وسپی ،تەنها ( قدامە بن الکاتب ) نەبیَ کە وای بۆ دەچیَ دژیەک هەمان وشەیە لە ڕووی شێوە و وتنەوە بەڵام واتایان جودایە )[(1)] ، ئەم هونەرە لە هەمووان زیاتر کاردەکاتە سەر شێواز ( چونکە تەنها لەسەر وشەکان ناوەستیَ ، بەڵکو دەچێتە نیو

(1)داود سلوم حمو الملاحویش ( د)، النظریة البلاغیة ، مطبعة الامة ، بغداد 1977 ،ص 205 .

واناشەوە ، ئەمەش ئامرازێکە بۆ ئەوەی شاعیر بتوانیت لە ڕێگەیەوە تەواوی شتە جوان و ناشرینەکان بخاتە ڕوو ، نهێنی ئەم هونەرەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە :

1- وێنەگرتنی دیمەنەکان بە شێوازێکی ئاسان ودڵگیر
2- خستنە ڕووی جوانی وپێچەوانەکەی ..)[1]

هەروەها عزیز گەردی دەڵێت :( دژیەک بریتییە لە هێنانی دوو وشەی دژیەک ، یا ڕوو بە ڕوو کردنی دوو واتای پێچەوانە ، با ئەم دژیەک و پێچەوانەیە دەشێت لە هۆنراوە دابێت یان لە پەخشان)[2] کەواتە دژیەک هەڵچوون وئارامی و تورە بوونەکانی نووسەر دەخاتە ڕوو، هەر دەقێکیش پەیوەستە بەو زەمەن وکات و وباری دەروونی نووسەرەکە،

بۆیە زۆر جار ئەو دەقەی دژیەک لە خۆ دەگرێت هەڵچوون وخەمباری و نا ئارامی تێدا بە دی دەکرێت ئەمەش بۆ خۆی ڕیتمێک دروست دەکات کە تەعبیر لەو حاڵەتانە بکات .

بەگشتی دوو جۆری دژیەکمان هەیە:

**یەکەم : دژیەکی فەرهەنگی ( طباق الایجاب ) :** (( بریتیە لە بوونی دوو وشەی هەر لە بنجدا دژو پێچەوانە بەواتای یەکتری ، هەر وەک ( باش وخراب )، ( پاک وپیس ) یان بەواتایەکی تر لەم جۆرە دژیەکەدا دوو وشەکانی دژیەک دوو سەرچاوەی لەیەکجیایان هەیەو پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی سروشتییە، نەک پەیوەندییەکی دروستکراو ))[3] دژیەکی فەرهەنگی بەچەند شێوەیەک دروست دەبێت لەوانە :

**1- لە دووناو دروست دەبێت :**

هەرکەس لە خوا غافل ومەغرورە لە دونیا
محرومە لە دونیا وقیامەت لە عەزابدایە . (د.ص.ل155) ،لێرەدا هەردوو ناوی ( دونیا ، قیامەت ) دژیەکی فەرهەنگین .

---

(1)ابراهیم بن عبدالرحمن الغنیم ، الصورة الفنیة في الشعر العربی ،ص268.
(2)عەزیز گەردی ، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شاروەانی هەولێر 1975 ، ل68 .
(3) ئیدریس عەبدوڵڵا (د) ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، ل79.

**2- له دوو ئاوه ڵناو :**

ئەو کەسە ئەحواڵی عاشق تێ دەگا شەو بێ خەوە
لێوی وشک ورەنگی زەردو دائیما چاوی تەڕە . (د.ص.ل193) ، لێرەدا هەر دوو ئاوەڵناوی (وشک، تەڕ) دژیەکی فەرهەنگین .

**3- دەشێت وشە دژیەکەکان دوو کاربن :**

تیری غەمزەی هەر وەکو تیری ئەجەل موستەعجەلە
بێ بەڵا بێ سەعاتێ تەقدیم وتەئخیری نییە .(د.ص. ل179). ، لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی ( تەقدیم وتەخیر) هاتوو دژو پێچەوانەی یەکن وهەردووکیان کردارن ودژیەکی فەرهەنگیان پێکهێناوە .

**دووەم : دژیەکی نافەر هەنگی ( طباق السلب )** :(( بریتییە لە جوونی دوو وشەی ( دژیەک )، پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی دروستکراوی لەسەر بنەمای ئەرێ ونەرێی دوو وشەکانە وەک ( پاک ونا پاک ) ، ( بخۆ ومەخۆ ) ، ( سەردار وبێسەر )....هتد))[1] لە دژیەکی نافەرهەنگی دا پێشگرو پاشگرەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە نەرێی کردنی وشە دژیەکەکاندا ، دژیەکی فەرهەنگیش بە چەندین شێوە دەردەکەوێ :

**1- پێکەوە هاتنی دووناو :**

ئەی درێغ ئێستاکە ئەهلی حەق نەما ئەو لادییان
غەیبەتی دین پەروەران وکردەوەی ناحەق ئەکا .(د.ص. ل 57) ،دژیەک لە نێوان وشەکانی (حەق ونا حەق ) دایە هەر دووکیان ناون ودژیەکی نافەر هەنگییان دروستکردووە ، چونکە هەردوو کیان خاوەنی یەک ڕەگی سەر بە خۆن ،،کە لە بنجدا هەردوکیان لەسەر بنەمای وشەی (حەق) دروستکراون .

(1) ئیدریس عەبدوڵلا (د)، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، ل81.

## 2- دەشێت وشە دژیەکەکان دوو ڕاناوبن :

گەر چی ئەمڕۆ مەرتەبەی ناکەس بڵند وکەس نەوی
( کذب – ی محضـە )گەر بڵێن عەلـلامە حەممـاڵی دەکـا .(د.ص. ل44 ). ، لە دێـڕی یەکەمـدا

(ناکەس وکەس ) جێناوی نادیارن ،دژیەکی نافەرهەنگییان دروست کردووە ، هەروەهـا (بڵند

ونەوی ) دژیەکی فەرهەنگین .

## 3- دژیەکی چاوک وکار :.

مودەتێکە ( صابری ) وەعدی بە هاتن داوەیار
خۆ نەهـات ئەوبێ وەفـای غەدارەکەی عەیـارەکەت .(د.ص.ل 69 ).، لێـردا ( هـاتن ) چـاوگەو

(نەهات ) کاری رابردووە ،کە دژیەکەکی نافەرهەنگین

تەواوی ئەم هـونەرانەی کە باسـمان کـرد رۆڵیـان لە مۆسـیقای نـاوەوەدا هەیە ، هەرچەنـدە

هونەری دیکەش هەیە ئەو ڕۆڵەی هەیە ، بەڵام صـابری تەنها شـیعری لەو نموونـانەدا هەیە،

بۆیە هەر ئەوەندەمان خستە ڕوو.

**تەوەری سێیەم/ وێنەی شیعری:**

وێنە: ڕەگەزێکی گرنگ و پڕبایەخی بنیاتی دەقی شیعرییە، ئەم ڕەگەزە لەمێژەوە لە نووسینی گریکەکاندا باسی لێوەکراوە، ئەفلاتون ئەگەرچی ناوی وێنەی شیعری نەهێناوە چونکە ئەو لە بناغەدا دژی شیعر بووە، بەڵام هەڵوێستی لە دژی ئەندێشە هەبووە، بێگومان ئەندێشەش بناغەی دروست بوونی وێنەیە. (سیمۆنیدس) دەڵێت: (شیعر وێنەیەکی دەنگدارە)، بۆیە خوێنەر کاتێک دەقێک دەخوێنێتەوە دەیان وێنەی جۆراوجۆر بەدی دەکات خۆ ئەگەر وێنەکێشێک ئەو دەقە بخوێنێتەوە، ئەوا تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەبێت.

(( زاراوەی وێنە (image) لە وشەی (imagination)ەوە وەرگیراوە ، کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێت. واتە هەردوو وشەکە یەک سەرچاوەیان هەیە، هەر بۆیە خەیاڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێکهاتنی وێنەدا))[1] ، لە پێناسەی وێنەی شیعریدا هاتووە ((هۆکاری جەوهەری هونەری لە هەردوو مانای لەتی و گشتی دا وێنەیە))[2]،(ڤان) یش پێی وایە: ((وێنە قسەیەکی بارگەکراوی بەهێزە، لە چەند ڕەگەزێکی هەست پێکراو پێکدێت))[3]، کەواتە وێنەی شیعری ئەو وشە کورتەیە، کە هەست و سۆز و خەیاڵێکی فراوانی لەخۆگرتووە ، لەهەمان کاتدا بنیاتی دەقە شیعرییەکەی لەڕووی ئیستاتیکاوە ڕاگرتووە ، ڕاستتر وێنەیەکە بە وشەی جوان دارێژراوە ، دارشتنی وێنەی شیعری بەپێی ئەزموون و توانای شاعیرەکەیە، چونکە شاعیر چەند دەسەڵاتی بەسەر زماندا بشکێت، ئەوەندە وێنەی دڵگیر لەنێو وشەکاندا دەنوێنێت. هەروەها مەرج نییە هەموو دەقێکی شیعری وێنەی تێدابێت، چونکە دروستبوونی وێنە لە لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکە دا خۆی دەبینێتەوە، هەندێ جاریش دەق دەیان وێنەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ((وێنەی شیعری گرنگی خۆی لەو بەها داهێنەرانە و چێژ و گوزارشتانەی کە لەگەڵ ئەزموونی شاعیردا یەکیان گرتووە و بەرجەستەکراون بە دەست دێنێ، کەواتە وێنە هۆکارێکی هونەرییە بۆ گواستنەوەی ئەزموون و دەبێتە بەشێکی چالاک

---

(1) سەعید محەمەد بەرزنجی، سەرچاوەی وێنەی شیعری لەلای شاعیران، گۆڤاری کەرکوکی ئەمڕۆ، ژمارە 1855،کەرکوک،2011، ل22.

(2)محمد غنیمی هلال(د)، النقد الادبی الحدیث، دارالثقافة، بیروت، 1973، ص442.

(3)محمد حسین علی ، نظریة النقد فیثلاث محاور متطورة، دار الشؤون الثقافه، بغداد، 1986، ص26.

له بنیاتی هونەری شیعردا، چونکە پشت بە خەیاڵ دەبەستێت))[1]،خەیاڵیش کە بنەمای گرنگی وێنەیە (( ڕێدەر و پاڵپشت و هەڵگری ناسکیەکی ئێجگار زۆری هەستەکانی دەروونە، خەیاڵ هەر شتێک نامۆ و بێگانە هەیە لە دەرووندا وەقسەی دەخا))[2].

وێنەی شیعری وەکو ڕەگەزێکی چالاکی شیعر دیوێکی هەڵگری باری دەروونی شاعیرە، بەتایبەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چونکە ئەو هەموو وێنە ڕەوانبێژییە سەرسوڕهێنەرە مەحاڵە تەنها خەیاڵێکی ڕووت بێت، بێگومان بارگاوییە بە هەست و دەروونی شاعیر چونکە ((شیعر توانایەکی زۆری هەیە بۆ گرتنەخۆی جووڵە و دەنگ و ڕەنگ و لە ڕێگەی ئەوەوە کارایی و چالاکی خۆی بەدەست دەهێنێت لەناو قەسیدەدا، بۆیە وێنەی شیعری لای شاعیر وەک ئامرازێکی گوزارشت کردنی ویژدانی یان دەروونی بەکار دێت))[3].

وێنەی شیعری بەشێکە لە ئیستاتیکای دەق، چونکە لە بۆشاییەوە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو ئەو واقیعە وادەکات هەر سەردەمێک کۆمەڵێک وێنەی تازە بێتە ئاراوە کە هەڵگری مانا و مەبەستێکی نوێ بێت ، ئەواتە (قودامەی کوڕی جەعفەر) جەخت لە (( یەکگرتوویی وشە و واتا دەکاتەوە، کە دیوی دەرەوە و ناوەوەی شیعر پێکدەهێنن و وێنەش بەشێکە لێیان))[4]. ،وێنەی شیعری بۆخۆی بەزاندنی سنوری یاساکانی زمانە، ئەو یاسا زمانەوانییانەش لە نێو ڕەوانبێژیدا بەدی دەکرێن.

وێنەی شیعری لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکدێت ، هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە تاکو وێنەیەک دروست بکەن، ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە:

---

(1) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی(د) ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (1970 ـ 1991)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، 2004، ل30.

(2) ڕۆلان بارت، خۆشی دەق، وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2011،ل68.

(3)هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس، 2009،ل27.

(4) فەرهاد قادر کەریم، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2012،ل31.

1. زمان

2. ئەندێشە

3. واقع

4. بیر

5. سۆز

6. نەست

هەریەکێک لەم ڕەگەزانە هەڵگری خاسیەتێکن کە وێنەیەکی شیعری جوان دروست دەکەن، بەڵام ئەمە باسی ئێمە نییە، بۆیە زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە نادوێین، وەک دەزانین ڕەوانبێژی لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت:

1. ڕوونبێژی

2. جوانکاری

3. واتاناسی

ئەوەی ئێمە لەم تەوەرەدا باسی دەکەین، وێنەی ڕوونبێژییە ،وێنەی شیعری لەڕووی شێوازەوە چەندین جۆرە، ئەوەی لێرەدا دەیخەینەڕوو ئەمانەی خوارەوەن:

**أ – وێنەی ڕوونبێژی:**

ڕوونبێژی :وەکو بەشێکی گرنگی ڕەوانبێژی زۆرترین وێنەی شیعری تێدایە، ئەمەش بۆ ئەو ڕەهەندە فراوانە دەگەڕێتەوە کە هەیەتی ،تەنانەت لە کۆندا بە هەرسێ بەشەکەی ڕەوانبێژی

وتراوە ڕوونبێژی ،(عەزیز گەردی) لە پێناسەی ڕوونبێژیدا دەڵێت: ((ڕوونبێژی مەیدانێکی پان و بەرینە قسەکەر و گوێگر، یا نووسەر و خوێنەری تیادا ئەسوڕێتەوە، کەواتە ڕاگەیاندنی بیروڕایە بەهۆی هەر شتێکەوە بێت))[1].هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتووە (( دەرخستنی مەبەستە بە پوختترین گوتن))[2]، کەواتە ڕوونبێژی ئەو زانستە فراوانەیە نێرەر و بۆنێردراو

(1) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (دارالجاحظ)، بەغدا، 1972، ل18.

(2)بسیونی عبدالفتاح فیود، علم البیان، الطبعه الثالثه، مؤسسه المختار للنشر ، القاهره، 2010، ص13.

تێیدا ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دەرخستنی وێنەی شیعریدا ئەمەش داهێنانی جوانی لێدەبێتەوە.

ڕوونبێژی لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر بە وشەی (البیان) دێت ، ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە (الرحمن علم القرأن خلق الانسان علمه البیان)"سوره الرحمن "1-3".

(البیان) لەم ئایەتە پیرۆزەدا، بە واتای قسە و گوتنی پڕ واتا دێت ، واتە ڕوونبێژی دەرخستن و ڕوونکردنەوەی دەروونە و وەکو زانستیش واتا (( دەرخستنی هەمان واتا بەشێوەی جۆراوجۆر))(1)، وێنەی ڕوونبێژی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**1. وێنەی لێکچواندن :**

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، لە زمانی ئاسایی و زمانی شیعریشدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە نێو شیعردا جوانتر و فراوانتر دەردەکەوێت. زۆربەی نووسەران جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم هونەرە یەکەمینی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە، چونکە مرۆڤی سەرەتاییش زۆرجار توانیویەتی لێکچواندنی نێوان کەرەستەکان و وشەکان و ... هتد بخاتەڕوو.

ڕەوانبێژی بەگشتی وەک هەر هونەرێکی دیکە پەیوەستە بە لایەنی هەست و دەروونی تاکەوە ، چونکە هەر مرۆڤێک خاوەنی زەوق وسەلیقەیەکە بۆ چواندنی شتەکان ، بۆیە ساناترین پێناسەی لێکچواندن: واتە چواندنی شتێک بە شتێکی تر بە هۆی پەیوەندی نێوان ئەو دوو شتە لەڕووی سیفەتێکەوە، بۆ نمونە کە دەڵێین: (لۆنا وەک گوڵە)، چواندنی لۆنا وەک گوڵ پەیوەندی بە لایەنی دەروونی تاکێکەوە هەیە، چونکە مەرج نییە هەموو کەس لۆنا وەک گوڵ ببینێت.

(1)السيد احمد الهاشمي،جواهر البلاغه ، ص184.

سـەبارەت بە لێکچوانـدن لەڕووی زاراوەیـیەوە، ئەبـو هیلالـی عەسـکەری دەڵێـت: ((لێکچوانـدن وەسـف دانە بەوەی یەکێکـی وەسـفکراوەکان جێـی ئەوی تـر دەگـرێتەوە بە ئەوزارێکی لێکچواندن))[1].

هەروەهـا "کۆرشـی سـەفەوی "دەڵێت: (( چواندن واتـا پێکەوەهێنـانی دوو وشـە کە لە هەندێ واتـا و تایبەتمەندیدا هـاوبەش بن، بەڵام هەریەکەیـان تایبەتمەندی خۆیانیـان هەبێت، بەڵام پێچوێنراوەکە ئەم سیفەتەی لا زۆرتر بێت))[2]، لێکچواندن لە چوار بنەڕەت پێکدێت:

أ. لێچوو

ب. لەوچوو

ج. ڕووی لێکچواندن

د. ئەوزار

ئەم بنەڕەتانە لە نێو دەقی شیعریدا دەردەکەون ،صابری دەڵێت:

بـە زسـتـانی فیراقت (صابری) وەک پایزی زەردە
بە ڕوخساری بەهارت ئاهی گەرمم شوبهی هاوینم .(د.ص.ل142).

زستانی فیراقی یار و ڕوخساری بەهار: لێچووە، کە ناوی نەهاتووە.

پایزی زەرد و گەرمی هاوین: لەوچووە.

وەک: ئەوزارە.

ڕەنگ زەردی و گڕ و تینی هاوین: ڕووی لێکچواندنە.

لێـرەدا صـابری دابـڕان لە یـارەکەی بە زسـتان دەشـوبهێنێ و حـاڵی خـۆی لەپـاش یـارەکەی بە زەردی پـایز نـاو دەبـات کە هێـز و جـوانی تێـدا نەمـاوە وزەرد هەڵـگەڕاوە ، کـاتێکیش ڕوخسـاری یـاری کە وەکو بەهـار جوانە دەردەکەوێ ، گڕ و تینـی صـابری وەک هاوین گەرم دەبێت . لە دێڕێکی تردا باسی حاڵی خۆی دەکات لە تەنیاییدا دەڵێت :

بـولـبـول و شـەمـع و پـەروانـە هـەموویان پێکەوەن

(1) ئیدریس عەبدوڵڵا(د) ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا ، ل117.
(2)هەژار فەقێ سلێمان حسێن، ڕوونبێژی لە شیعری مەحوی دا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2014، ل48.

من وەکو یوسف بە تەنها حەپسی زیندان ئەی دریغ .(د.ص.ل121).

من: لێچووە

یوسف: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

تەنهایی و حەپس و زیندان: ڕووی لێکچواندنە

واتە صابری کاتێک دەبینێت بولبول و شەمع و پەروانە هەموویان پێکەوە بە خۆشی ڕادەبوێرن، حەیفی بۆ ژیانی خۆی دێت کە وەکو حەزرەتی یوسف چۆن بە تەنها لە نێو زیندان بوو ، ئەویش تەنهایە لە نێو زیدانی ژیاندا.

لە شیعری (چاوت) دا دەڵێت:

باڵا گەردانی چاوت بم ئەڵێی (نجم)ی گەلاوێژە
دەمێ عیسا و لوقمانە! دەمێ سەفاک و خوێن ڕێژە.(د.ص.ل164) .

چاوت: لێچووە

(نجم)ی گەلاوێژ: لەوچووە

عیسا و لوقمان، سەفاک و خوێن ڕێژ: ڕووی لێکچواندنە

صابری لەم دێڕەدا وەسفی چاوی یار ەکات کە وەک ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشێتەوە، جارێک چاوی وەکو (عیسا و لوقمانە) کە ڕەمزی حەکیم و فریادڕەسن، چونکە چارەسەری دەردیان کردووە و جارێکیش وەک سەفاک و خوێنڕێژن کە بەغەمزەی ئازاری صابری دەدات. لەوێنەیەکی تردا چاوی یار وەک تیری ئەجەلە :

دڵی کردە نیشانەی تیری غەمزەت تێگەیی (صابر)
کە غەمزەت هەروەکو تیری ئەجەل چالاک و خوێنڕێژە .(د.ص.ل165).

غەمزەت: لێچووە

تیری ئەجەل: لەوچووە

هەروەکو: ئەوزارە

چالاک و خوێنڕێژە: ڕووی لێکچواندنە

یاری صابری لێرەدا بە غەمزەی چاوەکانی دڵی شاعیری کردۆتە نیشان ئەو تیرەش کە یار دەیهاوێژێ هەروەکو تیری ئەجەل وایە کە زۆر بە خێرایی دێت و دەیپێکێ و خوێنی مەرگی پێ دەڕێژێت.

## 2. وێنەی خوازەیی:

ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا پێدەوتریت (مجاز) ، واتە وشەیەک بۆ واتا و مەبەستی خۆی بەکارنایەت بەڵکو بۆ واتایەکی مەجازی بەکاردێت ، لای عەرەب (ئەبولفەتح کوڕی عوسمان) یەکەم کەس بووە ، کە پێناسەی بۆ خوازە کردووە، ئەو نووسەرە زاراوەی خوازەی لە بەرامبەر زاراوەی (دروست) دا بەکارهێناوە ،وتویەتی: (( دروست ـ حەقیقەت ـ ئەوەیە کە لە بەکارهێنانا بۆ ئەوە بەکارهێنرابێ ، کە لە بنچدا لە زماندا بۆی دانراوە، بەڵام خوازە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەوە بێت))[1]، واتە خوازە ئەوەیە ناوی شتێک بۆ شتێکی تر بەکاربێنی ، ئەمەش بە هۆی ئەو پەیوەندییەیی لە نێوانیاندا هەیە ،چونکە بەکارهێنانی وشەیەک لە بری ئەوی تر هەروا بە سانایی نابێت ، بەڵکو دەبێت پەیوەندیەکی هاوئەرکی یان هاوڕەگەزی پێکەوەیان ببەستێتەوە.

بوونی خوازە لە نێو دەقدا جوانی و چێژی خۆی هەیە ، لە هەمان کاتدا خۆی بە ئاسانی ناداتە دەستی خوێنەرەوە، بەڵکو دەبێت خوێنەر لێی وەرد بێتەوە تاکو لایەنە ڕوونبێژییەکانی ئەو دەقەی بۆ دەرکەوێت. لە (جواهر البلاغه) دا هاتووە: ( خوازە لە باشترین ڕەگەزەکانی ڕوونبێژییە، چونکە وشە کە لە واتای خۆی دەردەچێت سیفەتێکی هەستی هەڵدەگرێت ، ئەمەش وایکردووە کە عەرەب لە ڕادە بەدەر خوازە بەکار بێنێت)[2].

(1) ئیدریس عەبدوڵلا (د) ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، ل163.
(2) السید احمد الهاشمی، جواهر البلاغة، ص215.

قەرینە یاخود نیشانە تا ڕادەیەکی زۆر کاری وەرگر ئاسان دەکات بۆ تێگەیشتن لە مەغزاکانی دەق، مەرجێکە لە خوازەدا دەبێت هەبێت، قەرینە جاربەجار بە وشە دەخرێتەڕوو هەندێ جاریش دەبێت خوێنەر بیدۆزێتەوە. بۆ نمونە کە دەڵێن: (سەردەم پێشکەوتووە) لێرەدا قەرینەکە ئەقڵییە دەڵێت سەردەم هەستی نییە، ئەوە خەڵکی ئەو سەردەمەیە کە پێشدەکەوێ.

خوازە لای "سەجادی " :(( ئەو وشەیەیە لە کاتی خۆیا بۆ گوزارەیەکی تایبەتی دانراوە، ئەو گوزارەیە بووە بە گوزارەیەکی ڕاستەوڕاستی وشەکە، ئێستە کە هێنراوە گوێزراوەتەوە بۆ گوزارەیەکی تر))[1].کەواتە "سەجادی " وای بۆ دەچێت ئەو گوزارەیە لە بنەڕەتدا بۆ ئەو واتایە دانراوە،،بەلام گوێزراوەتەوە. گەر بە وردی بڕانینە دەقە عەرەبییەکان ،دەبینین خوازەیەکی زۆر بۆ وەسفی ئافرەت تەرخان کراوە ، بۆ نمونە کاتێک کە شاعیرێک دەڵێت: ( أنت النعیم لقلبی)[2]، لێرەدا چواندن بوونی هەیە، بەڵام وشەی ( قلبی ــ دڵم ) خوازەیەکی واتایی جوانی دروست کردووە.

خوازە وەکو ڕەگەزێکی ڕوونبێژی جۆر و شێوەی زۆرە ، زۆربەی ڕەوانبێژەکان (خوازە) دابەشی دوو جۆری دەکەن : (1- خوازەی زمانی 2- خوازەی ژیری)، خوازەی زمانیش دابەش دەبێتە سەر :(خواستن و خوازەی ڕەها)، کەچی تێڕوانینی نوێ خواستن وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ تەماشا دەکەن ، ئێمەش هەر بەو شێوەیە لێکی دەدەینەوە.

خوازە بە کۆمەڵێک پەیوەندی دێتە ئاراوە :((خوازە بە پەیوەندی شوێنی ، خوازە بە پەیوەندی کاتی ، خوازە بە پەیوەندی ژمارەیی ، خوازە بە پەیوەندی ئامێری ، خوازە بە پەیوەندی کەرتی و ... هتد))[3] ئێمەش ئەمانە بە نمونە دەخەینەڕوو.

صابری لە ڕێگەی وێنەیەکی خوازەیی بە پەیوەندی ئامێری دەڵێت:

بە تەییارەی (صیام) و تۆپی تەقوا
غەزای پاتەختی نەفسی ڕوسیا کە
بە مەترەلۆزی وێردی زیکر و فیکرت
بەرەنگاری ختورەی ماسوا کە .(د.ص.ل176).

---

(1)علاءالدین سەجادی ، خۆشخوانی، ل55.

(2)فایز القرعان، سلطه النص علی دالات الشکل البلاغی، الطبعه الاولی، عالم الکتب الحدیث، الاردن، 2010، ص28.

(3) ئیدریس عەبدوڵلا(د) ، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی ، ل175.

لێرەدا وشـەکانی :(تەییـارە، تـۆپ ، مەترەلـۆزی) سـێ جـۆری ئـامێری (چەک)ن ، لە شـوێنی خۆیـان بەکـار نەهـاتوون، بەڵکـو صـابری مەبەسـتێتی ڕووبەڕووی نەفسـی ببێتەوە، ناوهێنانی ئەو چەکانەش وەک ڕەمزی بەهیزی هێنراوە ، دەنا لە ڕاستیدا شـەڕی نەفس بە چەک ناکرێت ، هەر لە وێنەیەکی تردا کە باسی نەفس دەکات، دەڵێت:

گـورگی نـەفسم خستە ناو(اغنام)ی عومری خۆمەوە
ڕەنجەڕۆ خۆم وابەجارێ گەنجی عومرم دا بەباد .(د.ص.ل81).

لێرەدا وشەکانی : (گورگ و اغنام) کەدوو جۆری ئاژەڵن وێنەیەکی خوازەیان بە پەیوەندی ڕابردوویی دروست کردووە،، بوونی خوازە لە نێو دەقدا مەبەستێکی جوانکاری وگەمەیەکی زمانی دەخاتە ڕوو تەواو وەک بۆرخیس دەڵێت :((ڕەنگە بۆ ئەوەی ئێمە شیعرێک دروست بکەین خۆمان بدەینە دەست ئەو گەمەی وتنە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوانە بێجگە لە جوانکاری چیتر نین))[1].

بێگومـان صـابریش لەم دوو خـوازەیەدا کە خسـتوویەتەڕوو جوانکاریشـی مەبەسـتە، دەنا ئەوەی لە ڕابردوو ڕوویداوە گەڕانەوەی بۆ نییە ، لە دێڕێکی تردا وێنەیەکی خوازەیی بە پەیوەندی شوێنی دروستکردووە:

وڵات و شــار و دێهاتی دڵ ئەمساڵ
پەڵەی لێداوە بێ مانەند و (امثال) .(د.ص.ل133).

بێگومان (دڵ) نە وڵاتی هەیە و نە شار و نە پەڵەش دەدات ، بەڵکو ئەو وشانە هەموو (قەرینـە)ن و مەبەسـتی خـوازەیی دەگەیەنـن ، لە شـوێنی تـردا خەم و نـاڕەزایی خـۆی دەردەبڕێت و وێنەیەکی خوازەیی بە پەیوەندی ئامێری دروست دەکات:

قەڵەم ڕۆژی ئەزەل بۆ ئێمە هەر دەرد و غەمی نووسی
هەموو ڕۆژ گەر نەناڵێنم لە ناو خاک و قوڕا چی بکەم .(د.ص.ل145).

(1)دوا گفتوگۆکانی بۆرخیس و ئۆسڤالدۆفراری ، وەرگێڕانی: ڕەووف بێگەرد، دەزگای سـەردەم ، سلێمانی ، 2004 ، ل221.

لێرەدا قەرینەکە کە ئەقڵییە پێمان دەڵێت (قەڵەم) مەحاڵە لەخۆیەوە بنووسێت ، بەڵکو لەلایەن کەسێکەوە بەکار بهێنرێ ، بێگومان ئەوەی قەدەری مرۆڤیش دەنووسێت و هێزی ئەزەلی هەیە تەنها خودایە ، (قەڵەم) لێرەدا خوازەیەکە بە پەیوەندی ئامێری.

وێنەی خوازەییش بە پەیوەندی کاتی لەم نمونەیەدا دەخەینەڕوو:

هەتاکو تۆ نەیەی تەسکینی نایێ
بە ڕۆژ و بە شەو دەمێکە غەم ئەنۆشم (د.ص.ل144).

شاعیر باس لە هاتنی یارەکەی دەکات ، پێی وایە تاکو یار نەیەت ئەو ئارامی بۆ دڵی نایەت، بە ڕۆژ و شەو غەم دەنۆشێت ، لێرەدا قەرینەکە ئەقڵییە،چونکە مەحاڵە مرۆڤ ڕۆژ و شەو بەردەوام غەم بنۆشێت، غەمیش شتێکی مەعنەوییە ،مادی نییە تاکو بنۆشرێت ، بۆیە ئەمە خوازەیە....هەندێ جار خوازە بە پەیوەندی کاتی دروست دەبێت:

وا لە دووری تۆ پەرێشانم سەعاتی سەد کەڕەت
ڕوو ئەکەم بۆ ئاسمان چی بکەم خودا مەرگی نییە(د.ص. ل187).

لێرەدا (سەد کەڕەت) پەیوەندی خوازەیی دروست کردووە و قەرینەکەش ئەقڵییە.

### 3. وێنەی خواستن:

خواستن : هونەرێکی دیاری ڕوونبێژییە لە ئەدەبیاتی ئەوروپادا گرنگی خۆی پێدراوە ، لە زمانی ئینگلیزیدا لە بەرامبەر وشەی خواستن (metaphor) دێت ، ئەمەش وەسفکردنی کەسێک یان شتێک بەهۆی پەیوەندی نێوانیانەوە دەخاتەڕوو ، عەزیز گەردی پێی وایە

خواستن :(( بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بیجگە لە مانای دروستی وشەکە بە مەرجی پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچوون بێت ، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێت کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک مانا دروستەکە))[1].کەواتە خواستن و لێکچواندن چ لە ڕووی پێناسەوە چ لە ڕووی بنەڕەتەکانەوە زۆر لەیەک دەچن.

(1)عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لەشیعری کوردیدا ، ل69.

لەڕووی وشەییەوە ((خواستن بریتییە لە وەرگرتنی شتێک لە یەکێکەوە بۆ ئەوەی تر بۆ پێویستییەکی دیکە و لە شوێنێکی دیکە بەکاربهێنرێت))[1].

**لە خواستندا چوار بنەڕەت یاخود پایە هەیە:**

أ. لێخواستراو

ب. بۆخواستراو

ج. خواستراو

د. قەرینە

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە( گواستنەوەی وشەیە لەو واتایەیی کەبۆی دانراوە ،بۆ واتایەکی تر کە پێشتر بەوە نەناسراوە )[2].

(لێخواستراو و بۆخواستراو) ، کە دوو بنەڕەتی سەرەکی خواستنن مەرج نییە هەردووکیان پێکەوە دەرکەون ، هەروەها (( دەبێ لە نێوان واتای لێخواستراو و بۆخواستراو لێکچواندن هەبێت ، جا ئەو لێکچواندنە لە هەر لایەنێک بێت  شاعیر کە ئیلهامێکی بۆ دێت خەیاڵەکانی چڕ دەکاتەوە و هەست و سۆزی دەردەبڕێت، جا کە هەست و سۆزی دەربڕی شیعر خۆی جۆرەها وێنە دەردەبڕێت لە خواستن و لێکچواندن و ... هتد ))[3].

(د. محمد غنیمی هیلال) پێی وایە :(( مرۆڤەکان لە خواستندا زیادەڕۆییەکی زۆر دەکەن ، ئەمەش وایکردووە زۆر جار ئەو دەقە وەکو نامۆ بێت))[4]. لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا زۆربەیان بایەخیان بەم هونەرە داوە ،  کەم تا زۆر هەندێکیان زیادەڕۆییان تێدا کردووە

،ئەوانی تریش کەم وزۆر  بەکاریان هێناوە. خواستن لای صابری لەم دێڕانەدا دەخەینەڕوو:

هەر دێتەوە سۆ زامی دڵی (صابری) قوربان
ئارام و سەبووری نییە سوتاوە لە تاسەت (د.ص.ل67) .

خواستن لە (سوتاوە لە تاسەت) دایە کە شاعیر مەبەستی یارەکەیەتی و ناوی

نەهێناوە، بەڵکو جێناوی لکاوی (ت) ئاماژەیە بە یاری صابری.

---

(1)ئیدریس عەبدوڵلا(د) ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،ل184.
(2)فضل حسن عباس (د) ، البلاغه وفنونها وأفنانها ، الطبعة التاسعة ، دار الفرقان للنشر ،الاردن ،2004، ص163.
(3)هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، ل94.
(4)محمد غنیمی هلال (د) ، النقد الادبی الحدیث، 1973، ص12.

له شوێنێکی تردا صابری لەڕێگەی خواستنی بنجییەوە کە مەبەست لێی: (( وشەی خواستراوی ناوێک بێ نەچێتەوە سەر هیچ یەکە لە چاوگەکان وەک: شێر ، مانگ ، گوڵ ،بولبول ،پەپولە و ... هتد))[1] وێنەیەکی خواستنی جوانی خستۆتەڕوو:

بۆ خودا دەرخە سەعاتێ نەوگوڵی ڕوخسارەکەت
با بە کامی دڵ ببینێ بولبولی گوڵزارەکەت .(د.ص.ل68).

لێرەدا وشەی (گوڵ و بولبول) خواستنن چونکە هەردوکیان ناون و بنجین و لە چاوگێک وەرنەگیراون.

وەکو دەزانین خواستن لەسەر بنەمای لێکچواندن دامەزراوە ، صابری لە ڕیگەی خواستنێکی درکاوەوە وێنەیەکی جوانی پێشان داوە کە ڕووی یاری وەک (ماه) چواندووە:

کاشکی من نامونیشانی تۆم ئەزانی ماه ڕوو
تۆ کە شازادەی عەجەم یا کورد و ڕۆم و عارەبی (د.ص.ل209).

لێرەدا خواستن لە (ماه) دایە کە صابری ڕوخساری یار وەک مانگ پێشان ئەدات.

### 4- وێنەی درکەیی:

درکە: ئەو وشەیەیە یاخود ئەو ڕستەیەیە ،کە واتای ڕاستی خۆ ناگەیەنێت، بەڵکو واتایەکی درکاوی لە پشتەوەیە و پەیوەندییەکی لێکچوون لەنێوان ئەو دوو واتایەدا هەیە.

(الجرجانی) یش پێی وایە کە :(درکە ڕاستەوخۆ واتا ناداتە دەستەوە ، بەڵکو بەهۆی قەرینەیەکەوە یاخود وشەیەکەوە کە نزیکە لێیەوە لەڕووی واتاییەوە واتای خۆی دەخاتەڕوو، زۆر جاریش ئەو واتایە پەیوەندی بەواتای پێشووە نامێنێ کە لە زماندا بۆی دانراوە )[2]. واتە درکە ڕاستەوخۆ واتاکەی ناداتە دەستەوە ، بۆیە کاریگەری خۆی هەیە لە زمان و ئەدەب دا و ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە گەیاندنی مانا .(سەجادی) ش پێی وایە درکە سێ جۆرە :(( جۆرێکیان مەبەستی زاتی شتەکەیە ، جۆری تریان مەبەست سیفەتی شتەکەیە ، جۆری سێیەم درکەیە لە هاوگری "نیسبەت" ئەوەیان کە خودی شتەکەیە ))[3]. ،درکەش دوو بنەڕەتی هەیە:

(1) ئیدریس عەبدوڵلا(د) ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل194.
(2) ابی بکر عبدالقاهر الجرجانی ، دلائل الاعجاز ، الطبعة الثالثة ، مطبعة المدنی ،جده، 1992ص52، 66.
(3)علاءالدین سجادی ، خۆشخوانی ، ل61.

یەکەم: دەربڕینی درکاو: کە درکەی لێ دروست دەبێت.

دووەم: واتای درکاو: ئەو واتایەیە کە دەربڕینی درکاو دروستی دەکات. کەواتە درکە وەکو پێویستییەکە بۆ داهێنانی شیعری و بەهایەکی کاریگەری هەیە لە خستنەڕووی وێناکردنی ژیاندا.

وێنەی درکەیی لای صابری وەکو تەواوی وێنەکانی تر کەم تا زۆر لە نێو دەقە شیعرییەکانیدا بەدی دەکرێت ،دەڵێت :

لە کن حوکمی قەدەر ئەعجازی پێغەمبەر ئەبێ چی بێ
لە کن (شق القمر) سەد فەتحی وەک خەیبەر* ئەبێ چی بێ
لە کن (یـا نـار کـونی) ئـاگری نەمروود گوڵزارە
بەرامبەر (حیة تسعی) فەنی ساحیر ئەبێ چی بێ.(د.ص.ل203).

لێرەدا صابری ئاماژەی بە سێ وێنە کردووە ،ئەمەش ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە بەڵکو لەڕێگەی دەربڕینی درکاوەوە باسی دەکات ، (شق القمر) ئاماژەیە بەو ئایەتە(اقتربت الساعة و انشق القمر *"القمر: 1 ـ 2" ) لە ڕێگەی دەربڕینێکی درکاوەوە پێمان دەڵێت سەد خەندەقی تر لێبدرێت وەک ئەوەی شەڕی خەیبەر ناگاتە قەدەری خوای گەورە کە مانگی لەت کرد.

(یا نار کونی) ئاماژەیە بە (قلنا یا نار کونی برداً و سلاماً علی ابراهیم. "الانبیاء: 69" ) مەبەست لەو ئاگریە لەلایەن کەسانی نەمروودەوە حەزرەتی ئیبراهیمی تێ کرا ،بەڵام ئەو ئاگرە بەقودرەتی خودا زیانی پی نەگەیاند ، (حیة تسعی) (فالقاها فاذا هی حیة تسعی. "طه: 20" ) ، یەکێکە لە پەرجووەکانی حەزرەتی موسا "د.خ"، کە بۆ فیرعەون خستیەڕوو، کاتێک دارەکەی ڕاوەشاند و بوو بە مارێکی گەورە. صابری مەبەستێتی بڵێ لەبەرامبەر ئەم هێزەی خودا، سیحر و جادوو هیچ بەهایەکی نابێت.

---

*خەیبەر : مەبەست لە شەڕی خەیبەرە ،کە لە ساڵی 7کۆچی لەنێوان موسڵمان ویەهوودا ڕووی دا، پاش یەهوودییەکان لە بەڵێنەکانی "حدیبیە" پاشگەز بوونەوە، موسڵمانەکان لەم شەڕەدا خەندەقیان دروست کرد ، بەم شێوەیە سەرکەوتن .ویکیبیدیا.

صابری و شاعیرانی تر کاتێک درکە لە نێو دەقدا دەخەنەڕوو، بۆ ئەوەیە زیاتر کاریگەری و جوانی و چێژ لە نێو ئەو دەقەدا پێشان بدەن  وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:

جاهلی ئەبتەر (وصیت) بێ عەقیدەی پێ مەکەن
(صبر) ئەگەر بخەیتە ناو هەنگوینەوە تاڵی دەکا.(د.ص.ل44).

دەربڕینی درکاو: "صبر" ئەگەر بخەیتە ناو هەنگوینەوە تاڵی دەکات.

واتای درکاو: واتە ئارام گرتن و سەبر هێزێکی زۆری دەوێ، هێندە تاڵ و بە ئازارە گەر بیخەیتە ناو هەنگوینەوە تاڵی دەکات...، لە دەربڕینێکی تردا صابری دەڵێت:

شێری پیری دەست و پێی ئاسکی جوانی تێکشکاند
قووەتی سەر پەنجە و باسک و زرانیمان نەما(د.ص51).

دەربڕینی درکاو: شێری پیری و ئاسکی جوانی

واتای درکاو: مەبەست پیری وەک شێر هات و قووەت وجوانی گەنجی ، کەوەک گورجی وجوانی ئاسک دەیچوێنێ ، هەموو تێکشکاند و لەناوی برد.

**ب- وێنەی ڕەمزی:**

ڕەمز : ئامرازێکی گرنگی وێنەی شیعرییە، ڕەهەندێکی فراوان لەخۆ دەگرێت و شیعرییەت دەبەخشێتە زمانی دەق. ڕەمز لەلای شاعیران وەکو پێویستییەک بەکاردەهێنرێ ، چونکە واتای هەستی و ژیری لەخۆ دەگرێت. لە ڕێگای ڕەمزەوە ئاماژە بە کۆمەڵێک واتای نهێنی دەکرێت کە دەشێت وتنی تابۆ بێت. ڕەمزییەت بۆ خۆی ڕێبازێکی ئەدەبی فراوانە ، ئەم ڕێبازە ئازادی بەخشییە نووسەر تاکو ئەوەی لە دەروونیدایە بەشێوەی هێما بیخاتەڕوو. لەهەمان کاتدا وێنەی ڕەمزی بواری شیعری فراوان کرد بە شێوەیەک ، کە هەموو وێنەکانی ژیان دەست بدەن ببن بە وێنەی شیعری. وێنەی ڕەمزی ئەوە نییە دیاردەیەکی تازە بێت ، بەڵکو لە مێژەوە هەبووە. کاتێک دەڕوانینە ئەفسانەکان دەبینین ، پڕن لە ڕەمز و هێما ، تەنانەت ئەو ئەشکەوتانەی کە لانکەی شارستانیەت و مرۆڤایەتین پڕن لە هێمای جۆراوجۆر، هەریەک لەو هێمایانەش ئاماژەن بۆ واتایەکی تایبەت. (ئەم ڕێبازە لە میانی فەلسەفەی

میسالییەوە سەری هەڵداوە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا (بۆدلیر )* یەکەم شاعیر بووە ئەم ڕێبازەی بەکارهێنا ، ڕەمزییەت وەکو ڕێباز زیاتر لە پاش شۆڕشی فەرەنسی گەشەی سەند ،ڕەمزییەت جگە لە بایەخ دانی بە هێما زۆر گرنگی بە مۆسیقای دەقیش دا)[1]، دەقی شیعریش وەک دەزانین دوو ڕووی هەیە (( ڕووی دەرەوەی ئاشکرایە و زۆر کەس تێی دەگات، بەڵام ڕووی ناوەوە نادیارەچونکە ڕەمز لەڕوویەکی دەمامکدار لە ڕووەکانی گوزارشت کردن بە وێنە زیاتر هیچ نییە، ڕەخنەگری داناش ئەوەیە کە وێنەکەمان بۆ شی بکاتەوە و سەرنجمان ڕابکێشێت لە دەرەوە بۆ قوڵایی ناوەوە))[2].

ڕەمز پێش ئەوەی ڕەگەزێک بێت بۆ خستنەڕووی ئەندێشە، شیکردنەوەی واقیعە، زۆرجار ڕەمزەکان لایەنی دەروونی نووسەر دەردەخەن و خەونەکانیان دەخاتەڕوو، چونکە نووسەر هەیە ژینگە و سەردەم ڕێگەی پێنادات حەز و ئارەزووە خەفەکراوەکانی بخاتە دیوی واقیع، بۆیە لە ڕێگەی ڕەمزەوە دەستی بۆ تەواوی حەزەکانی دەبات ، وێنەی ڕەمزی جۆری زۆرە، بەڵام باسکردنیان لەم تەوەرەدا بەپێی ئەو وێنانە دەبێت کە لە شیعرەکانی صابری دا بوونیان هەیە:

## 1- وێنەی ڕەمزی کەسایەتی ئاینی:

لە کۆنەوە ئاین سەرچاوەیە بۆ تەواوی ئەو شتانەی کە لای مرۆڤ بە تەم و مژاوی دەردەکەوێت، لە نێو ئاینە کۆنەکاندا هێما بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە. بۆ نمونە لە ئاینی یەهودی دا (ئەستێرە بەخت) هەیە کە ئەوە ڕەمزە بۆ (داود) پاشا کە لە پێش هەزارەی یەکەمی پێش زایین ژیاوە، کە داود پاشا لەسەر (درعی) خۆی وێنەی ئەستێرەی بە ڕەنگی شین نەخشاندبوو گوایە ئەمە ئەستێرەی بەختە ، هەروەها ژمارە (18) کە لە زۆربەی ئاڵتونی یەهودییەکاندا ئەو ژمارەیە نەخشێنراوە ، لە ئاینی مەسیحی دا خاچ (صلیب)

---

*بۆدلێر :شارل بۆدلێر (1821- 1867) شاعر ورەخنە گری فەرەنسییە ، یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەم سیمبوڵی نوێگەرییە ، لەڕووی فەلسەفەوە زۆر کاریگەر بوو بە هیگڵ ومارکس لە شیعرە بە ناوبانگەکانی :أزهار الشر.

(1)w.w.w.morshed.fonon

(2) سەردار ئەحمەد گەردی(د) ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ل257.

دیارترین ڕەمزە کە تاکو ئەمڕۆ ماوەتەوە کە هێمای (گیان بەخشینە) هەروەها (کۆتر)یش هێمایەکی ترەو دەلالەتی خۆی هەیە.

لە نێو ئاینی ئیسلامیشدا هێما کەم تا زۆر بوونی هەیە ، دیارترینیان (مانگ)ە کە پێشتر و تا ئێستاش لە هەندێ مزگەوت دەخرێتە سەر مزگەوتەکان. هەروەها شمشێر و ئەستێرەش ڕەمزن و زۆر جار لەسەر ئالاکان دەرکەوتوون ، لەنێو شیعری صابریشدا چەندین وێنەی ڕەمزی ئاینی هەیە:

لەکن تیغی بـرۆی بەحسی (علی) یو ذوالفقاری چی
لەکن موژگانی ئەو بێ عەقڵی یە بەحسی ڕم و نێزە
... ....
لەکن ئارایشی حوسنی زولەیخا دەس بە ئاوێنە
کل و شانەی لەکن لەیلایە هەم شیرین پەروێزە .(د.ص.ل168).

لەم شیعرەدا کۆمەڵێک ڕەمزی ئاینی بەکارهاتووە، هەریەک لەوانەش دەلالەت لە شتێک دەکەن.شاعیر دەڵێت: تیغی برۆی یار لە شمشێری (ذوالفقار)ی ئیمامی عەلی تیژترە، باسی ڕم و نێزە هیچ سودێکی نییە. هەروەها باسی جوانی زولێخای ژنی عەزیزی میسر دەکات، کە چواردەوری ژوورەکەی ئاوێنە بوو، بەڵکو هەمیشە جوانی و بێ هاوتایی خۆی ببینێت.

کەواتە (عەلی، زولفیقار)، ئەمانە وێنەی ڕەمزی ئاینین. هەروەها صابری لە شوێنێکی تردا خۆی وەکو حەزرەتی یەعقوب پێشان دەدات و دەڵێت:

یوسفی (مصری) تەماشایە کە حاڵی (صابری)
پیرە دڵ سوتاوەکەی کەنعانم و بێ چاوەکەم .(د.ص.ل139).

صابری لێرەدا خۆی بە حەزرەتی یەعقوبی باوکی یوسف دەچوێنێت کە لەبەر دووری حەزرەتی یوسف هێندە گریا،چاوەکانی لەدەستدا. کەواتە (یوسف) ڕەمزی ئاینییە.

لە شوێنێکی تردا باسی (حەسەنی بەسڕی ) دەکات کە عیلمێکی بێ سنووری هەبووە ، لە سەردەمی ئیمامی عومەردا ژیاوە:

ڕاستــی کـــەس هــونـەر و عـەیبی تەماشا ناکا
ئەمە بو جەهلە وە یا شێخ حەسەنی بەسرەوییە .(د.ص.ل190).

لێـرەدا شــاعیر (حەســەنی بەســڕی ) وەکــو ڕەمزێکــی ئــاینی لە نێـو شــیعرەکەدا بەکارهێناوە، صابری لەبەر ئەوەی سەر بە تەریقەتی قادری بووە، بۆیە ئەو ڕەمزە ئاینیانەی کە لەنێو دیوانەکەیدایە ،زیاتر ناوی سۆفی و عاریفەکانە. شاعیر لەم دێڕەدا ناوی (بایەزیدی بۆستامی)* دێنێ و پێی وایە شێخی دێلێژە، کە ناوی نەهێناوە کەرامات و مەقاماتی هەروەک بایەزیدی بۆستامی یە:

زیارەت گاهی خاص و عامە نەزدی عالم و عامی
کەرامـات و مەقاماتی میسالی شێخی بۆستامی.(د.ص.ل230).

ڕەمـزی ئـاینی لای صـابری زۆرە نـاوی کۆمەڵێکی تـر دێنـێ، لەوانە: (عیسـا، موسـا، سـەعدی کـوڕی وەقـاص، لوقمـانی حەکیم، سـولالەی تـاهیری شـاهی نەجەف ،خەنـدەق و خەیبەر، پیری دێلێژە، زەید، عەمر ... هتد).

## 2- وێنەی ڕەمزی کەسایەتی ئەفسانەیی:

ئەفسانە تەواوی ئەو شتانە دەگرێتەوە ،کە خەیـاڵی مرۆڤی سـەرەتایی دایهێنـاوە. ئەو خەیاڵە پووچانەش بوون بە زادەی داهێنان و پێشکەوتن لە ڕۆژی ئەمرۆماندا. ئەفسـانە زۆر کۆنە، دەتوانین بڵێین لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە ئەفسانەش هەیە، چونکە بەشێکە لە چالاکی بیری مرۆڤایەتی (( ئەو هۆیەیە کە مرۆڤی کۆن ویستویەتی لە ڕێیەوە ڕێبازێکی فیکری بە تاقیکردنەوەکان بدات و بەپێی ئەم وێنە ئەفسانەویانە کە هەموویان پێکەوە جیهانێکی فیکری پێکدەهێنن، تاقیکردنەوە دەروونییەکە ئەشێوێ وەکو لە دیارە کەونییە دژوارەکاندا))[1].

ئەفسـانە (mythos) لە وشـەیەکی گـریکییەوە سـەرچاوەی گرتـووە :(بە مانـای چیـرۆک وحیکـایەت دێـت ، ئەفلاتـۆن یەکەم کەس بـوو کە (muthologia) ی بە کـار هێنـاوە بە

*بایەزیـدی بۆسـتامی : سـاڵی (188 - 261ک) وخەڵکی وڵاتـی خۆراسـانە ،ناسـراوە بە (شـای عاریفـان) ،پاپیری بایەزید مەجوسی دەبێت ودواتر موسڵمان دەبێت ، لە تەسـەوفدا دەسـتێکی باڵای لە هەمـوو جیهاندا هەبـووە ، پەیڕەوکەرانـی ڕێبـازەکەی پێیـان دەوترێـت (تەیفـوریە یـاخود بۆسـتامیە ) لە وتە بەناوبانگەکـانی (سبحانی، سبحانی ما أعظم شأني) ، بڕوانە ویکیبیدیا.
(1)نبیلە ابراهیم و محمد بەدری، ئەفسانە ، چاپخانەی علاء ، بەغدا، 1986، ل15.

مەبەستی هونەری گێڕانەوەی چیرۆک ، بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی ، کە ئەمڕۆ ئێمە پێدەڵێن ئەفسانە)[1].

مرۆڤی سەرەتایی هەمیشە بە یارمەتی ئەفسانە ژیانی لێکداوەتەوە. ڕاستە ئەفسانە زۆرجار خەیاڵێکی سادەیە، بەڵام گوزارشت لە بیرێکی فەلسەفی قووڵ دەکات (( هەندێ لە توێژەران دەڵێن ، کە کۆمەڵگا کۆنەکان توانیویانە لە چوارچێوەی ئەفسانەکاندا دەربڕین لە هەستە سەرەکییەکانیان وەک خۆشەویستی ورەق ولێبوونەوە وتۆڵەسەندنەوەبکەن ، کۆمەڵێکی تر ئەفسانە وەک لێکدانەوەی دیاردەکانی گەردوون دادەنێت ))[2]. بێگومان

بیرۆکەی ئەو ئەفسانانە بوونە سەرچاوەی داهێنان لە ئەمڕۆدا، بۆ نمونە :( گسکی پیرەژن یاخود بەرماڵ ) ئەمانە پاشان بوونە پاڵپشت بۆ داهێنانی فڕۆکە، تاکو مرۆڤ بتوانێت بە هەموو وڵاتانی جیهاندا بگەڕێت ،مرۆڤی سەرەتایی زۆر جار لە ڕێگای ئەفسانەوە حەزەکانی دەربڕیوە. ئێستاش جاربە جار مرۆڤ بەخەیاڵ جیهانێک دروست دەکات ، بەشێک لەوانەش دەبنە واقیع .

صابری شاعیر ناوی چەند کەسایەتییەکی لە شیعرەکانیدا هێناوە ،کە ئەوانە زۆرتر وەک کەسایەتی ئەفسانەیی لێک دەدرێنەو ، دەڵێت:

عومری خدر و موڵکی ئەسکەندەرم گەر دەبوو<br>
سەرفم دەکرد بەخودا هەمووی لە راهی تۆ .(د.ص.ل155).

لێرەدا صابری باس لە (خدری زیندە) دەکات گوایە ئەو کەسە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە و هەتاهەتایە زیندووە. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە (خدر) ئەو کەسەیە کە لە سورەتی (کهف) دا لەگەڵ حەزرەتی موسا دا ناوی هاتووە، بەڵام ئەمە زۆر دروست نییە! بە گشتی لە نێو کورددا (خدری زیندە) وەکو ڕەمزێکی ئەفسانەیی لێکدەدرێتەوە.

لە وێنەیەکی تردا صابری باس لە (ڕۆستەمی مازەندەران) دەکات ، بەپێی ئەفسانە ئەم پیاوە زۆر بەهێز بووە، وەک دەڵێن : لە کێوی مازەندەران گورزێکی ڕاکێشاوە سێ

---

(1) نضال صالح (د) ، النزوع الاسطورى في الرواية العربية المعاصرة ،اتحاد كتاب العرب ،دمشق،2001،ل14.

(2)رانیا سەمارە ،ئەفسانەو ئەدەب ، وەرگێڕانی : حسێن سابیر عەلی ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر 2008،ل8-9.

نیوەی دنیای لەسەر بووە، کاتێکیش کە ڕۆستەم بە زەحمەت گورزەکەی ڕاکێشاوە وتویەتی: ماڵت برمێ مازەندەران بۆ خۆت و کڵناشکت. ڕۆستەمیش داستانی زۆری لەبارەوە نووسراوە لەوانە: (ڕۆستەم و سوهراب یاخود زۆراب) گرنگترین سەرچاوەش کە باسی ڕۆستەم و زۆرابی تێدا هاتبێت (شەرفنامەیە)* یە. صابری دەڵێت:

سەد هەزار ئەسفەندیار و ڕۆستەمی مازەندەران
هاتە مەیدان و سەری بێ لەش کرا لەم جادەیە .(د.ص.ل189).

لێرەدا (ڕۆستەمی مازندەران ) ڕەمزێکی ئەفسانەییە، کەواتای هێزو بازوو دەگەیێنێ ، لە وێینەیەکی تردا باسی (کاوەی ئاسنگەر وزووحاک) دەکات ، ئەم ئەفسانەیە وەک لای هەمووان ئاشکرایە بنەمای سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆزە ،دەڵێت :

قەسد ئەکا مەغزی سەرم دەرکا وەکو ماری (ضحاک)
لامل وچەرمی بنا گوێمی هەموو بچڕی بە گاز .(د.ص.ل92) .

لەم دێڕەدا (زووحاک) وێنەیەکی ئەفسانەییە ، هەرچەندە بۆچوونیش هەیە ، کە زووحاکی پادشای ئەو سەردەمەی ئێران دوو ماری هەبووە تەنها مێشکی گەنجی خواردووە...هتد

## 3- وێنەی ڕەمزی مێژوویی:

ڕووداوی مێژوویی هەمیشە ڕەهەندێکی فراوان بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێت ، مێژووی مرۆڤایەتیش پڕە لە ڕووداوی سەیر :ململانێ، خێر و شەڕ، ئازادی و داگیرکردن ... هتد ،شاعیران ئەو ڕووداوانە دەکەنە وێنە و لە نێو شیعردا بەرجەستەی دەکەن ، واتە دەقی ئەدەبی زۆر جار ڕۆڵی پاراستنی ڕووداوە مێژووییەکانی هەیە، چونکە ڕووداوی وا هەیە مرۆڤ لەبیری کردووە، بەڵام کاتێک لە نێو دەقێکدا ئەو ڕووداوە مێژووییە بەدی دەکرێت ، بەدوایدا دەگەڕێ تاکو زۆرترین زانیاری لەسەر پەیدا بکەیت.

---

*شەرفنامە: بەرهەمێکی نایابی شەرەف خانی بەدلیسییە( حاکمی ئیمارەی بەدلیس) ، لە نێوان ساڵانی (1597- 1599) ئەم بەرهەمەی نووسیوە ، ئەم بەرهەمە بە پەخشان نووسراوەو سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مێژووی کورد وکوردستان .

مێژوو واتە ناسنامەی میللەت، شان بە شانی زمانە ، ئەوە مێژووە پێمان دەڵێت ئەم میللەتە چەندە جەور و ستەمی لێکراوە! ئەوە مێژووە پردی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستادا دروست دەکات! لە سەردەمی صابری دا ڕووداوی مێژوویی جۆراوجۆر ڕوویان داوە شاعیریش لە میانی دەقەکانەوە ئاماژەی بە هەندێک لەو ڕووداوانە کردووە:

(یـا الهـــی فتح بـــابی) نیمە تابی سێ عەدوو
ئەوەڵەن مەندوب و سانی جۆرج و سالس مێجەرە.(د.ص.ل181).

شاعیر باس لەو سەردەمە دەکات ، کە ئینگلیزەکان هاتنە کوردستانەوە و دەستیان کرد بە داگیرکردنی کوردستان و نانەوەی ئاژاوە و فیتنە ، لەم دێڕەدا صابری ناوی سێ کەسی هێناوە کە وێنەی ڕەمزی مێژوویین ، چونکە ئەو سێ کەسە دەستیان هەبووە لە زوڵم و ستەم کردن لە کورد بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەوانەش:

جۆرج: مەبەست (لویس جۆرج)ە کە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووە لەو سەردەمەدا.

مەندوب: مەندوبی سامی بەریتانی بووە، (پرسی کۆکس) سیاسەتمەداری بەریتانی لە وڵاتانی کەنداو کە پاش داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (1918 ز) پلەیەکی بەرزی لە عێراق وەرگرت.

مێجەرسۆن: غولام حوسێن شیرازی کە ئەمە ناوی مێجەرسۆنی سیخوڕ بوو لە کوردستان، کە ڕۆڵی خراپی هەبووە لە دژی کورد و دژی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر......کەواتە لێرەدا (جۆرج و مەندوب و مێجەر) وێنەی ڕەمزی مێژوویین.

ساڵی (سەفەربەلک) کە دەکاتە ساڵی (1337 ک) بە ساڵی گرانی ناسراوە، چونکە شەڕ تەواوی ناوچەکانی گرتبۆوە. لەبەر گرانی و نەداری صابری ڕوو لە دێلێژە دەکات، واتە بۆ لای پیری دێلێژە بەڵکو داڵدەیان بدات. ئەم ڕووداوە مێژووییەی بە شیعر بەیان کردووە:

بە تـەقدیری خـودا ساڵی سەفەربەرلک کە مەشهورە
بە جـــارێ عـــالـەمـی شێوا وەکو هەنگێ بدا پوورە
جیهـاد دەسپێکرا ئینگلیز و عوسمانلی بەشەڕ هاتن
بە گوللەی تۆپ و تەیارە تەلەف بوو شار و مەعمورە .(د.ص.ل231) .

وێنە و ڕەمزە مێژووییەکان لای صابری هەر ئەو وێنانە نییە کە تایبەت بن بە کورد و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، بەڵکو شاعیر زۆر لەوە لێهاتووترە و باسی (جالینۆس و سینا) دەکات:

بو عەلی سینا لە سۆز و ئاهی سینەم عـاجزە
لەم برینی بێ دەوا حەیرانە لوقمان ئەی درێغ
(طب)ی جـالینۆس و لوقمـان و ئـەرستۆ مـوشکلە
تێبگەن لەم عیللەتە یاخود لە دەرمان ئەی درێغ .(د.ص.ل122) .

(ئەبوعەلی سینا) کە ئیبن سینایە و (لوقمان) کە لە سەردەمی حەزرەتی داود پزیشکی سەردەمی خۆی بووە و (جالینۆس)ی یۆنانی بە هەمان شێوە زانا بووە لە بواری پزیشکی دا و لە سەدەی کۆندا ژیاوە و ناوبانگی زۆری هەبووە لای زانا عەرەبەکان. بەهەمان شێوە (ئەرستۆ)ش فەیلەسوف و زانای گەورەی یۆنانی بووە و لە تەواوی بوارەکاندا شارەزایی هەبووە. کەواتە (سینا، لوقمان، جالینۆس، ئەرستۆ) وێنەی ڕەمزی مێژوویین.

**4- وینەی رەمزی فۆلکلۆری:**

ئەفسانە کە ئێمە بە جودا باسمان کرد زۆرجار وەکو بەشێک لە فۆلکلۆر دادەنرێت ، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی نووسەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەفسانە بابەتێکە دەبێت بە تەنیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت نەک وەکو بەشێکی فۆلکلۆر.

فۆلکلۆر سەرچاوەی شارستانییەتی میللەتانە، میللەتی کوردیش لەو نەتەوانەیە کە سامانێکی فۆلکلۆری دەوڵەمەندی هەیە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە ، بۆیە بە موڵکی گشتی دادەنرێت.

(عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێت: (( بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر ـ واتە ـ لە ئەدەبی خەڵکیدایە فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران.

گەر بە باشی لە ڕابردوو بگەین ، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین ئەبێ و ئەوسا زۆر بە وردی لە گرنگی فۆلکلۆر ئەگەین))[1].

لە پێناسەی زاراوەی فۆلکلۆردا هاتووە :((ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار "ولیەم تۆمس" لە ساڵی 1846ز وەک زاراوەیەکی زانستی هێنایە ناو کۆڕی زاراوە زانستییەکانەوە ، ئەم زاراوەیە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە کە ئەمانەن ( فۆلک ) بە خەڵک دێت هەروەها ( لۆر) بە واتایی چیرۆک ، پەند دێت ، واتای گشتی بریتییە لە پەندی گەل یان زانینی گەل ))[2].

کەواتە فۆلکلۆر ئاوێنەی گەلە، مێژووی ئەدەبیاتی لەسەر بنیات دەنرێت ، فۆلکلۆر مەرج نییە تەنها پەیوەست بێت بە ئەدەبیاتەوە بەڵکو زۆر شت دەگرێتەوە لەوانە: ئەدەبیات بە گشتی و کەرەستە و قاپ و قاچاخ وخواردن و کەرەستەی ژنان و ... هتد، "باسیلی نیکیتین* " لەم بارەیەوە دەڵێت :(( ئەدەبی کوردی لە پلەی یەکەمدا فۆلکلۆری کوردییە ، لەو فۆلکلۆرەدا هەر تەنیا پاشماوەو میراتی نەوەو پێشەکانی پێشوو نابینرێ ، بەڵکو ئەمڕۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بەتوانایی لە ژیانداو بۆ ڕەنگینی هێزی برهەم هێنان))[3]ئەوەی لای صابری بەدیمان کردووە لە چەند دێڕە شیعرێکدا باسی کەرەستەی فۆلکلۆری دەکات:

ئازاری دڵی (صابری) بێ چارە ئەپرسی
بێ شوبهە ئەڵێی ماسییە شێواوە لە ماشا .(د.ص.ل58) .

لێرەدا صابری خۆی دەشوبهێنێ بەو ماسییەی لە ناو ماشدایە. (ماش) جۆرە خواردنێکی فۆلکلۆری کوردییە، کەواتە لێرەدا (ماش) وێنەی ڕەمزی فۆلکلۆرییە.

لە دێڕێکی تردا وێنەی کەرەستەیەکی ژنانە دێنێت:

ئەم سەرئێشەی (صابری) لوقمانی عاجز کردووە
پێم ئەڵێن تەوقی سەرت بگرە وەسمە و (خل) و سرێش .(د.ص.ل105)

---

(1) عیزەدین مستەفا ڕەسول(د) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1979، ل9.

(2)کامەران موکری ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، 1984،ل29.

*باسیلی نیگتین : نووسەرێکی رووسی بە ناوبانگە ، یەکێک بوو لەو نووسەرانی کتێبێکی بە ناوی "کورد :نووسی ، پەیوەندییەکی بە هێزی لەگەڵ کورد هەبووە چونکە ماوەیەکی زۆر لە ورمێ قونسڵی تایبەتی روسیا بووە ،ئەم بەرهەمەی لە 1943 بە زمانی فەرەنسی نووسیوە ،لە 1956چاپ کرا ،بۆیە بەسەرچاوەیەکی گرنگ لە مێژووی کوردا ئەژمار دەکرێت.بڕوانە الموسوعە الحره.
(3) کامەران موکری ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،ل37.

صابری له دەستی سەری دەناڵێنێت گوایە لوقمانیش ناتوانێت چارەسەری بکات. هاوڕێیان و دۆستانی پێی دەڵێن سەری لە وەسمە بگرێت! لێرەدا (وەسمە) کەرەستەیەکی فۆلکلۆرییە کە ژنان لەگەڵ خەنە لە سەری دەگرن، صابریش ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە (وەسمە) چارەسەری سەر ئێشەیە.

کەواتە وێنەی ڕەمزی بەشێکی فراوانی ئەدەبیاتە چونکە ئازادی زیاتری بەخشییە نووسەر تاکو باس لە ناخی خۆی بکات بێ کۆت وبەند.

# ئەنجام

1-صابری یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیزم ڕێچکەی ئەوانی پێش خۆی گرتووە،لە داهێنان وئیستاتیکا ،بەڵام بە زمانێکی سادەتر ،هەروەها پەیڕەوی کێشی عەرووزی کردووە، بەتایبەت هەردوو کێشی هەزەج وڕەمەل .

2-ململانێ لەگەڵ نەفس وزۆربەی کێشە دەروونییەکان لە ناو دەقەکاندا ئامادەییان هەیە،هەر لەو ڕێگەیەوە شاعیر هەوڵی داوە تێکشکانی مرۆڤ لە بەرامبەر حەزوو وئارەزووەکاندا دەربخات ودواجار ئامۆژگاری گەنجانی میللەتەکەی کردووە بۆ دوورکەوتنەوە لە حەزەکان .

3-زمان وەک ناسنامەی نەتەوە لای صابری بایەخێکی زۆری پێدراوە ،لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە ویستویەتی نەهامەتییەکانی میللەتەکەی بخاتە ڕوو ،ئازادی وسەربەخۆی وەک مافی نەتەوەی کورد بڵاو بکاتەوە، بەڵام زمانی صابری تاڕادەیەکی زۆر سادەیی پێوە دیارە چونکە ئاستی خوێندەواری شاعیر زۆر کەم بووە وهیچ رابەر ومامۆستایەکیشی نەبووە .

4-هەردوو جۆری عیشقی حەقیقی ومەجازی بوونی هەیە، لە ریگای ئەم دوو جۆرە عیشقەوە کۆمەڵێک داب ونەریتی پەیوەست بە خۆشەویستییەوە باس کراوە وەکو گەیشتن بە قۆناغەکانی عیشقی خوایی ،صابری مەلا وسۆفی لە میانی چاو وزوڵفی لەیلاوە عاشقی پەروەردگار دەبێت ولەو پێناوەشدا نازناوی (صابری)وەک سیمبوڵی ئارام گرتن هەڵدەبژێرێ.

5-پێگەی بەرزی ئافرەت بە ڕوونی لە نێو دەقەکاندا دیارە ، بەشێکی زۆری شیعرەکانی خۆشەویستی وجوانی ژن لە خۆ دەگرێت، بەهیچ جۆرێک لە پۆست وپایەی ژن کەم ناکاتەوە.

6–له ئاست مۆسیقای شیعریدا ،شاعیر دەقی مۆسیقی جوانی خستۆتە ڕوو ، بەڵام لە ئاست مۆسیقای ناوەوە زۆر سەرکەوتوو نەبووە ولەنگی لە هەندێ دەقدا بە ئاشکرا دیارە، بەتایبەت لە کەرت کردنی دەقەکاندا .

7- صابری لە هەڵبژرادنی بابەتی شیعریدا خۆی لە قەرەی هەموو بابەتێک نەداوە ،بۆ نموونە هیچ شیعرێکی بۆ منداڵان نییە ، هەروەها لە پەیڕەو کردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیشدا تاڕدەیەک هونەر هەن لە نێو دیوانەکەیدا بوونی نییە .

8- وێنەی شیعری لای صابری زۆر بە هێزە وبەجوانترین شێوە وێنەکان دەخاتە ڕوو ،خەم وئازارو نەهامەتی وکۆچکردن وگرانی وبرسێتی باس دەکات ، ئەو وێنانەش بەتایبەت ئەوانەی باس لە ناوچەی شوریجە وکەرکوک دەکات ، هیچ شاعیرێک پێش صابری بەو شێوە سادەیە وبە ئاشکرا نەیخستۆتە ڕوو.

9- پرسی ژیان ومردن وەک سەرەتاو دوا ویستگە،هەمیشە کۆمەڵێک نهێنی وپرسیارگەلێک هەڵدەگرێ ،ژیان لای صابری خەمێکی قووڵە ودەبێت بە خوا پەرستی ورووبەرووبوونەوەی نەفس کۆتایی پێ بێت ،مردنیش حەقیقەتێکی تاڵە دەبێت هەردەم چاوەڕوانی بین .

# سەرچاوەکان

- لەپاش قورئانی پیرۆز :


- **سەرچاوەی کوردی :**

**أ- کتێب :**

1- ابراهیم احمد شوان د.(2010)،مەحوینامە ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی منارە ، هەولێر.

2-ابراهیم احمد شوان د.(2012)، ئەدەبی کۆنی کوردی ،چاپی دووەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

3- ابراهیم احمد شوان د.(2014)، بەراوردی ئەدەبی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

4-ئازاد عبدالواحێد د.(2011)، ڕەنگاڵەکانی دەق ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوک .

5-ئاڤان عەلی میرزا(2012) ، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی کەماڵ ،سلێمانی .

6- ئەحمەد هەردی(2009) ،عەرووز لە شیعری کوردیدا ، وەرگێڕانی : ئاسۆس هەردی ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی .

7-ئەریک فرۆم(2005) ،چەمکی مرۆڤ لای مارکس ،وەرگێڕانی :ئارام جەمال سابیر ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی چوارچرا ،سلێمانی .

8-ئەریک فرۆم(2011) ،هونەری گوێگرتن ، وەرگێڕانی :بەهزاد حەوێزی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆشنبیری ،هەولێر .

9-ئەرخەوان محەمەد عوبێد(2008) ،رەمزو نووسینی سەر گۆڕەکان ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی خانی ،دهۆک .

10–ئەكرەمی میهرداد(2006) ،ناسیۆنالیزم ،بڵاوكراوەی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی .ن.ك) ،سلێمانی .

11–ئەمین شێخ علاءالدین نەقشەبەندی(1985) ،تەصەوف چییە، دار الحریە ،بەغدا .

12– ئیدریس عەبدوڵلاد.(2003) ،جوانكاری لە ئەدەبی كوردیدا ،چاپی یەكەم ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی.

13–ئیدریس عەبدوڵلا د.(2010)، شێواز وشێوازگەری ، چاپی یەكەم ،چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر .

14–ئیدریس عەبدوڵلا د.(2013) ، شێوازگەری لادان ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی .

15–ئیدریس عەبدوڵلا(د.)، لایەنە ڕەوانبێژییەكان لە شیعریی كلاسیكی كوردیدا ، چاپی یەكەم ،چاپخانەی حاجی هاشم

16– بسام قطوس(2011) ،دەروازەیەک بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ ، وەرگێڕانی : محمد تاتانی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی شڤان .

17–بورهان محمد امین(2004) ،تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان ، چاپی یەكەم ، بڵاوكراوەی مەكتەبی رۆشنبیری ، سلێمانی .

18–پەرێز سابیرد.(2006)، ڕەخنەی ئەدەبی كوردی ومەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر .

19–پیتەر كلۆس(2002) ،ئەنتروپۆلۆژی كلتووری ، وەرگێڕانی :خلیل محمد شلماشی ،چاپی یەكەم ، چاپخانەی بەدرخان ،سلێمانی .

20– پیتەر هالبێرک ودانەرانی تر(2010) ،تیۆری ئەدەب وشێوازناسی ،وەرگێڕانی :ئەنوەر قادر محمد ،مەڵبەندی كوردۆلۆجی ،سلێمانی .

21– حەمە ساڵەح فەرهادی(2013) ،ڤیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری كوردی ،چاپی یەكەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات ،هەولێر.

22–حەمەد فەریق حەسەن(2008) ، هێمن وبۆنی غەریبی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر .

23–حمدعلی العلابی د.(2012)،عەبدولقادری گەیلانی ،وەرگێڕانی :دارا ڕەشید محمد ،چاپی دووەم ،چاپخانەی سارا.

24–دانا عەسکەر(2009) ،ماناو دەلالەتە شاراوەکانی دەق ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی .

25–دوا گفتوگۆکانی بۆرخێس وئۆسڤالْدۆ فیراری ،وەرگێڕانی :رەووف بێگەرد،دەزگای سەردەم ،سلێمانی ،2004.

26–دیوانی صابری(2008) ،چاپی دووەم ،چاپخانەی ئاسیا ،کەرکوک .

27–دیوانی مەحوی(1984) ،مەلا عبدالکریمی مدرس ،چاپی دووەم ،چاپخانەی حسام ،بەغدا .

28–دیوانی نالی(1976) ، لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس ،چاپی سێهەم ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری ،بەغدا .

29– رانیا سەمارە(2008) ،ئەفسانەو ئەدەب ،وەرگێرانی :حسێن سابیرعەلی ،چاپخانەی شەهاب ،هەولێر .

30–ڕەفیق شوانی د.(2011) ، وشە سازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر.

31–رۆلان بارت(2011) ، خۆشی دەق ،وەرگێڕانی :محەمەد رەحیم ئەحمەدی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر .

32–ریبین رەسول ودیار عەزیز(2004) ،ئەنترۆپۆلۆژیا ،چاپی یەکەم ،دەزگای ریبین .

33–زمناکۆ برهان قانع(2007) ،سادقی هیدایەت لە ناو تۆڕی عەنکەبووتدا ،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی.

34-سامان فوزی ،خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی وفیکری ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی .

35-سامیول-پ – هەنتیگتۆن(2005) ، وەرگێڕانی :مامەند رۆژە ،بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ،سلێمانی .

36-سەبوور عەبدولکریم (شکار) (2009)،حەلاج ،چاپی یەکەم ،بەرێوبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی .

37- سەردار جاف(2012) ،شیرین تر لە دەق ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ ،کەرکوک .

38-سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی د.(2004)،بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعریی کوردیدا(1970-1991)،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس .

39-سەمەد ئەحمەد د.(2003)، لە ناو بازنەی دەقدا ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری ،سلێمانی .

40-سلێمان مزهر(2008) ، چیرۆکی ئایینەکان ، وەرگێرانی : لقمان حاجی قادر ، چاپی یەکەم، سەردەم ،سلێمانی.

41-سوهرابی سپهری(2006) ،عاشق هەمیشە تەنیایە ،وەرگێڕانی : ئازاد بەرزنجی ،سەردەم، سلێمانی .

42-شکری الماضی د.(2010)، تیۆری ئەدەب ،وەرگێڕانی :سەردار گەردی (.د)،چاپی یەکەم ،چاپخانەی بینایی ،ماردین ،هەولێر .

43-شوکریە ڕەسول د.(1984)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،بەشی دووەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

44-صدیق بۆرەکی ، مێژووی وێژەی کوردی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی چهر تبریز ،ایران .

45-عبد الرزاق بیمار(1992)،کێش ومۆسیقای هەڵبەستی کوردی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی دار الحریة ،بەغدا .

46-عبد القادر حمه امیند.(2008)، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشک ،سلێمانی .

47-عەبدولخالق یەعقوبی د.(2005)،دەنگی بلورینی دەق ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی راز ،سلێمانی .

48-عەبدوڵلا یاسین عەلی ئامێدی(2005) ،هۆنراوە بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی سەروودا ،بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری ،هەولێر .

49-عەبدوڵلا ئاگرین د.(1999) ،کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشە سەندنی چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق (1961- 1970)،چاپی یەکەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر .

50-عەتا قەرەداغی (2009) ،گەڕان بە دوای شیعرو شیعرییەتدا ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .

51- عەزیز گەردی(1972) ،رەوانبێژی ،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی دار الجاحظ ،بەغدا.

52-عەزیز گەردی(1975) ، ڕەوانبیژی لە ئەدەبی کوردیدا ،بەرگی دووەم ،چاپخانەی شارەوانی ،هەولێر.

53-عەزیز گەردی(1979) ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، واتاناسی ، بەرگی سێیەم ، چاپخانەی کاکەی فەلاح ، بەغدا.

54-عەزیز گەردی(1999) ،سەروا،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

55-عەزیز گەردی(1999) ،کێشی شیعریی کلاسیکی کوردی وبەراورد کردنی لە گەڵ عەرووزی عەرەبی وکێشی شیعری فارسیدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ،هەولێر.

56-علاء الدین سجادی(1978) ،خۆشخوانی ،چاپخانەی مەعاریف ،بەغدا .

57-عومەر عەلی شەریف(2010) ، نۆ باس لە مێژووی کورد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات ،هەولێر .

58-عیزەدین مستەفا رەسول د.(1979)،لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

59-عیزەدین مستەفا رەسولد.(1990)، چەند شتێک دەربارەی ژیانی مەلای جزیری وبەرهەمەکانی ،چاپخانەی دار الحکمە ،هەولێر .

60-فەرهاد قادر کەریم(2012) ،بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی دا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر.

61- فوئاد ڕەشیدد.(2007)، دەقی ئەدەبی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

62- فوئاد رەشید د.(2011)،ڕووبەرێکی ڕەخنەیی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ،کەرکوک.

63-کامەران موکری(1984) ،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

64- کامل حسن البصیرد.(1983)،رەخنەسازی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری ،بەغدا.

65-کەریم شەریف قەرەچەتانی د. ،نەخۆشی وگرفتە دەروونی وکۆمەڵایەتییەکان ،چاپی دووەم ،چاپخانەی پەیوەند ،سلێمانی .

66- کەمال مەعرووف د.(2003)، ئەدەبیاتی کلاسیک ونوێخوازی کوردی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ژین ،سلێمانی .

67-کەمال مەعروف د.(2008)، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی یاد ،سلێمانی .

68-کۆمەڵێک نووسەر(2009) ،کۆمەڵناسی ئەدەبیات ،وەرگێڕانی :هادی محەمەد ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی.

69-لەتیف فاتیح فەرەج(2009) ،صابری لە دووتوێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ،ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کوردستان ،کەرکوک .

70-لەتیف هەڵمەت(2009) ،سۆفی وسۆفیگەرێتی ،چاپی دووەم ،چاپخانەی سایە ،سلێمانی .

71- مارف خەزنەدارد.(2004)، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی چوارەم ،چاپخانەی ئاراس،هەولێر .

72- مارف خەزنەدار د.(2005)، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی سێیەم ،بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس ،هەولێر .

73-مارف خەزنەدارد.(2002)، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی پێنجەم ، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس ، هەولێر ،2005.

74-مەولود ئیبراهیم حەسەن د.،گەڕان بە دوای نەمریدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر .

75-محمد فتح الله گولەن (2013) ،بەرەو ژیانی دڵ وگیان ،وەرگێڕانی :حەسەن حەمە کەریم،چاپی یەکەم .

76-محمد معروف د.(1990)، زمانەوانی ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی ئاداب .

77-محمد وەسمان(2013) ، فەلسەفەی سۆفیگەری ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر .

78-محمد ئەحمەد سەعیدد.(2008)،چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆمان ،سلێمانی.

79-ناز ئەحمەد سەعید(2013)، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا،چاپی یەکەم،چاپخانەی بینایی ، سلێمانی .

80-نبیلە ابراهیم ومحمدبدری (1986)، ئەفسانە ،چاپخانەی علاء،بەغدا .

81-نەجم ئەڵوەنی د.(2011) ، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی شیکاری ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ، هەولێر .

82-نورە فرج المساعد(2006) ، فیمینیزم ، وەرگێڕانی : عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی .

83- هەژار(1991) ، چوارینەکانی خەیام ، چاپی دووەم ، چاپخانەی سروش ، تهران .

84-هاشمی کەریمی(2005) ،ئایین ودەسەڵات ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی قانع ،سلێمانی.

85-هانی سلێمان(2011) ،دەروونزانی گشتی ، وەرگێڕانی :ئامانج محمد ،چاپی سێیەم ،چاپخانەی کارۆ.

86-هاوژین صلیوە عیسا (2009) ،بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعریی شێرکۆ بێکەس دا،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،سلێمانی .

87-هاوژین صلیوە عیسا (2013) ،ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر .

88-هەژار فەقێ سلێمان(2014) ،ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا ،چاپی یەکەم ،چاپ وپەخشی سەردەم ،سلێمانی .

89-هیمداد حوسێن د.(2010)،ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

90-ویل دورانت(2011) ،مێژووی شارستانیەت ،وەرگێڕانی : عەبدوڵڵا ڕەسولی ،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی چوار چرا ،سلێمانی .

**ب- تێزی دکتۆرا ونامەی ماستەر :**

**1-تێزی دکتۆرا :**

91- ئەرخەوان محەمەد عوبێد(2014) ،دیاردە کەلتوورییەکان لە مەم وزینـدا ، نامەی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی .

92- فەهمی شوکر عەبدوڵڵا (2009) ،نەتەوەو دەوڵەت وئاین لە هزری ئەحمەدی خانیدا ،نامەی دکتۆرا ،زانکۆی سەلاحەدین .

**2-نامەی ماستەر :**

93- ئاوارە کەمال صالح(2010) ، گۆرانی وهەندێ ڕوانگەی ڕەخنەی سەبارەت بە کۆمەڵگا ،نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

94- حەسەن یوسف کەریم(2012) ،ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە رۆمانەکانی (عەتانەهایی )، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زمان ،زانکۆی سەڵاحەدین ،هەولێر.

95-شیرین سەعید(2011) ،نامۆیی لای شێرکۆ بێکەس ،نامەی ماستەر ،کۆلێژی زمان ،زانکۆی سلێمانی .

96-محمد صالح عبد الرحمن(2000) ،نامۆیی لە شیعرەکانی رۆستەم باجەڵان ،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان ،زانکۆی سەڵاحەدین ،هەولێر.

**ج- ئینسایکلۆپیدیا وفەرهەنگ:**

97- ئیحسان محمد ئەلحەسەن د.(2007)،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی ،وەرگێڕانی : دانا مەلا حەسەن ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی.

98-شێخ محمدی علی خاڵ (1974) ،فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کامەران ،سلێمانی .

99-عبدالستار تاهیر شریف (2013) ،قامووسی دەروونناسی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی علاء ،1985.

100-فەخرەدین ئامێدیان ،فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی شەمیمی سنە،سنە.

101-مایکل گەنتەر(2007) ،فەرهەنگی مێژووی کورد ،وەرگێڕانی :مامکاک ،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

102-هەژار ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ،انتشارات سروش ،تهران .

د- گۆڤارو ڕۆژنامەکان :

**1-گۆڤار :**

103-ابراهيم احمد شوان د.، نامۆیی لە شیعرەکانی مەحویدا ،گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ،ژمارە (30).

104-احسان سابیر سەعید(2011) ،گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (31)،هەولێر .

105-ئازاد ئەمین باخەوان د.(2011)،پەیوەندی زمانی وجۆرەکانی لە شیعری صابریدا ،گۆڤاری گزنگ ،ژمارە(87)،چاپخانەی کارۆ ،کەرکوک .

106-دڵشاد عەلی د.(2007)،گۆران ، داهێنان ونوێخوازی ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژمارە (20)،بەشی (B) ،سلێمانی .

107-دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس(1999) ،نەتەوەو نەتەوایەتی ،گۆڤاری زانکۆ ،هەولێر ،ساڵی سێیەم ،ژمارە (7).

108- سەعید محەمەد بەرزنجی(2011) ،سەرچاوەی وێنەی شیعری لای شاعیران ،گۆڤاری کەرکوکی ئەمرۆ،ژمارە(185)،کەرکوک .

109- شۆرش حەمە صالح (2011) ،گۆڤاری کەوانە ،ژمارە (4) ،چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی .

110- شیروان ئیبراهیم حەیدەری(2011) ،گۆڤاری رامان ،ژمارە (168)،هەولێر .

111-عبد الجبار شوريجە(2007) ،صابری وبەرهەمی بڵاونەکراوە ،گۆڤاری کەرکوک (33) ،ژمارە (1)،کەرکوک.

112- لاوین تەحسین رەشید(2009) ،فۆنۆلۆژی زمانی کوردی ،گۆڤاری زمانناسی ،ژمارە (4-5).

113-محمد جەمیل رۆژبەیانی(1992) ، گۆڤاری ڕەنگین ،ژمارە (220).

114-هـێمن عـومەر خۆشـناو(2008) ،نائاسـایی لادانـی واتـایی ،گۆڤـاری واتە ،ژمـارە (1) ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر .

115-یەحیا یەسربی د. (2012)،عیرفان وشـەریعەت ،وەرگێڕانی :حسـین ئەدهەم ،گۆڤاری هەژان ،ژمارە (25)،چاپەمەنی سیما ،سلێمانی.

**2- رۆژنامە :**

116- رەهـبەر سـەید ئیبـراهیم(2004) ،دەمەتەقێیەک لە گەڵ شـیعری صـابری ،رۆژنـامەی خاک،ژمارە (84)،ساڵی حەوتەم .

117- م .نووری(1926) ،ادبیات کوردی ،رۆژنامەی ژیان ،ژمارە (24).

118- محمد سەنگاوی(2005)، (تیشکێ لەسەر ژیانی خواناس صابری) ،رۆژنامەی کۆمەڵ ،ژمارە (168).

- **سەرچاوەی فارسی :**

**أ- کتێب :**

119- مولانا جلال الدین محمد بلخی ،مثنوی معنوی ،چاپی سوم ،انتشارات سایة نما،1386.

120- یحیی یثربی (.د)، فلسفة عرفان ،چاپ چهارم ،مرکز انتشارات ،1377.

- **سەرچاوەی ئینگلیزی :**

121- dictionary of literary terms and literary theory_ p284

- **سەرچاوەی عەرەبی :**

**أ- کتێب :**

122-ابراهیم بن عبدالرحمن الغنیم ، الصورة الفنیة في الشعر العربي ، الطبعة الأولى ، الشركة العربیة للنشر والتوزیع ،1996.

123-ابراهیم مدکور ،معجم العلوم الاجتماعیة ،اعده نخبة من الاساتذة الصربین والعرب ،الهیئة المصریة العامة ،مصر .

124-ابي الحسن محمد بن طباطبا العلوي ، عيار الشعر ، مطبعة اتحاد كتاب العرب ، دمشق ، 2005.

125-ابي بكر عبدالقاهر الجرجاني ، دلائل الأعجاز ، الطبعة الثالثة ، مطبعة المدني ، جدة ، 1992.

126-احمد مداس (د) ، لسانيات النص ، الطبعة الأولى ، مطبعة عالم الكتب الحديث ، الأردن ، 2007.

127-أدونيس ، الثابت والمتحول ، الأصول ، الجزء الأول ، الطبعة الاولى ، دار العودة ، بيروت، 1974.

128-أدونيس ، الصوفية والسريالية ، دار الساقي ، بيروت ، 2006.

129-أرسطؤ طاليس ، فن الشعر ، ترجمة عن اليونانية : عبدالرحمن بدوي ، الطبعة الثانية ، دار الثقافة ، بيروت ، 1973.

130- أمين علي السيد ، في علمي العروض والقافية ، الطبعة الخامسة ، دار المعارف ، القاهرة ، 1999.

131-انور عبدالحميد موسى ، علم الأجتماعي الأدبي ، الطبعة الأولى ، مطبعة دار النهضة العربية ، لبنان 2011.

132-بسيونى عبدالفتاح فيود (د) (2004)، علم البديع ،الطبعة الأولى ، دار المختار ، القاهرة.

133-بسيوني عبدالفتاح فيود (د)(2010) ، علم البيان ، الطبعة الثالثة ، مؤسسة المختار للنشر ، القاهرة .

134-ج.س.فريز(1980) ، الوزن والقافية والشعر الحر ، ترجمة : عبد الواحد لؤلؤة ، دار الرشيد للنشر ، الفراق .

135-جان كوهن(1986) ، بنية اللغة الشعرية ، ترجمة : محمد العلي ومحمد العمري ، الطبعة الأولى ، دار توبقال للنشر ، المغرب .

136- جلال الطالباني(1969) ،كردستان والحركة القومية ، بيروت .

137–حسن محمد حسن (د)(1995)،الأغتراب عند أريك فرؤم ، الطبعة الأولى ، المؤسسات الجامعية للنشر ، بيروت .

138–خليل الموسى (د)(2008) ، جماليات الشعرية ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق .

139–خليل علي مراد وعبد الفتاح علي البؤتاني (د)(2015)،صفحات من تاريخ الكرد وكردستان في الوثائق العثمانية ، مطبعة الحاج هاشم ، اربيل.

140–داود سلوم حمدالملاحويش (د)(1977) ، النظرية البلاغية ، مطبعة الأمة ، بغداد .

141– راجى الأسمر ،علم العروض والقافية ، دار الجيل ، بيروت .

142– زكريا ابراهيم(1968) ، دراسات في الفلسفة المعاصرة ، الجزء الأول ، مكتبة مصر.

143–سوزان كمال شمس الدين(2006) ، المرأة في شعر فوزي الأتروشى ، الطبعة الأولى ، مطبعة خاني ، دهوك .

144–سيجموند فرؤيد(2000) ، الموجز في التحليل النفسي ، ترجمة : سامي محمود وعبدالسلام القفاشى ، مكتبة الأسرة ، القاهرة.

145–السيد احمد الهاشمي(2009) ، جواهر البلاغة ، دار القدس ، القاهرة .

146–شرف خان البدليسي، شرفنامة ، ترجمة : محمد علي عوني ، الجزء الأول ، دار الزمان ، سوريا.

147–شعبان صلاح (د)(2007)، موسيقى الشعر بين الاتباع والأبتداع ، دار غريب للطباعة والنشر ، القاهرة .

148–صفاء الخلوصي (د)(1974)،فن التقطيع الشعري والقافية ، الطبعة الرابعة ، مطبعة دار الكتب ، بيروت.

149–صفاء الخلوصي (د) (1977)،فن التقطيع الشعري والقافية ، منشورات مكتب المتنبي ، بغداد .

150–طالب محمد الزوبعي وناصر حلاوي (د)(1996) ، البيان والبديع ، الطبعة الأولى ، دار النهضة ، بيروت .

151-طاهر بومريز(2007) ، التواصل اللساني والشعري ، الطبعة الأولى ، الدار العربية للعلوم الناشرون ، الجزائر .

152-طه وادي (د)(1973) ، صورة المرأة في الرواية المعاصرة ،مطبعة مخيمر ، القاهرة .

153-عبد الجبار شيخ عبدالرحمن البرزنجى(2014) ،سيرة مشايخ الشوريجة ، الطبعة الاولى ،مطبعة اسيا ، كركوك.

154-عبد العزيز عتيق (د) ، علم العروض والقافية ، دار النهضة العربية ، لبنان .

155-عبد الوهاب عبدلله الجروستاني(د)(2009) ، شعر التصوف بين الادب العربي والكوردي ، الطبعة الأولى ، مطبعة روناه ، سليمانية .

156-عبدالعزيز عتيق (د)، علم البديع ،دار النهضة ، العربية ، بيروت ، لبنان .

157-عبدالوهاب الكيالي(1974) ، وكامل زهيري ، الموسوعة السياسية ، الطبعة الأولى ، المؤسسة العربية للنشر ، بيروت .

158-عبده بدوي (د) (1986) ،قضايا حول الشعر ،الجزء الأول ، مطبعة ذات السلاسل ، الكويت .

159-عزيز الحاج (د) (1985)،القضية الكردية في العشرينات ،الطبعة الثانية ،مطبعة الأنتصار ،بغداد .

160-عزالدين اسماعيل ، التفسير النفسى للأدب ،الطبعة الأولى ، دار الغريب .

161-علي زيعور ،مذاهب علم النفس ، دار الأندلس ، بيروت .

162-فايز القرعان(2010) ، سلطة النص على دالات الشكل البلاغى ، الطبعة الأولى ، عالم الكتب الحديث ، الأردن .

163-الفرد ايتشتين(1973) ، الموسيقى في العصر الرومانتيكى ، ترجمة : احمد حمدي محمود ، دار التأليف ،القاهرة .

164- فضل حسن عباس(د) (2004)، البلاغة وفنونها وأفنانها ، الطبعة التاسعة ، دار الفرقان للنشر ، الاردن .

165-كامل صالةيى(2010) ،موجز عن تاريخ كركوك ،الطبعة الاولى ،مطبعة رؤزهلات ،اربيل .

166- لويس ماسينيؤس وكراوس بؤل(2006) ، اخبار الحلاج او مناجيات الحلاج ، التكوين للطباعة والنشر ، دمشق .

167-محمد حسين علي(1986) ، نظرية النقد في ثلاث محاور متطورة ، دار الشؤون الثقافة ، بغداد .

168-محمد علي الخولي(2001) ، علم الدلالة ، دار الفلاح للنشر والتوزيع ، الأردن .

169-محمد علي القرداغى(2007) ، هوية كركوك الثقافية ، الطبعة الثانية ، مطبعة اراس، اربيل.

170-محمد غنيمي هلال (د)(1973) ، النقد الأدبي الحديث ، دار الثقافة ، بيروت .

171-مصطفى سويف(1959) ، الأسس النفسى للأبداع الفني ، الطبعة الثانية ، دار المعارف ، مصر .

172-منذر عياش (د)(2009) ، الأسلوبية وتحليل الخطاب ، دار المحبة ، دمشق .

173-نازك الملائكة(1978) ، قضايا الشعر المعاصر ، الطبعة الخامسة ، دار العلم ،لبنان .

174-نضال صالح (د)(2001)، النزوع الأسطوري في الرواية العربية المعاصرة ، اتحاد كتاب العرب ، دمشق .

175-ياسين الأيوبي(1989) ،فصول في النقد الشعر العربي الحديث ، منشورات اتحاد كتاب العرب ، دمشق.

176-يوسف حسن نوفل (د)(1997)، نقاد النص الشعري ، الطبعة الأولى ، دار النوبار للطباعة، القاهرة .

**ب- رسائل الماجستير :**

177 -علي يوسف مفرح ،ذكر الحياة والموت في شعر طرفة بن العبد ، رسالة ماجستير ، جامعة ماليزيا ،كلية اللغات ،2012.

**ج – المجلات :**

178- زيدمحمد العقايلة ،حقوق المرأة العاملة ، مجلة الفكر ،العدد الثامن ، جامعة الامارات العربية المتحدةpdf .

**د- الأنترنيت :**

179.www.webted.com
180.www.kalema.net
181.www.alawan.com
182.www.almaany.com
183.www.el.jassed.pdf • اللغة الشعرية في رواية ذاكرة الجسد- احلام مستغانمى
184.www.morshed.fonon
185.جريدة المدى183www.2015.3266.

## Abstract

This message was tagged with (intellectual and artistic infrastructure in poems Saberi) an attempt to show the moral vision of the poet through religious, national, social attitudes and show produced by the most important creations of art through music and poetic weight and rhyme and poetic images.

The Saberi poets Kurds Alklashikin in the nineteenth century and his poems on behalf of (the Office of Sabri), which contains many Kurdish, Persian and Turkmen poems, and includes a notice mystical and other national notice Ghazlah and social .ottkon message after the introduction of three chapters and conclusion:

The first chapter contains three sections, deals with the first section and the second the poet's life in terms of cultural, family and the situation of Kurdistan and the region level, and came third section dedicated psychological conflicts with self and pessimism and alienation. As the second chapter has been highlighting the intellectual infrastructure in the notice Saberi and Atdzoaly three chapter:

The first chapter is dedicated to thought and social relations, social and show the role of women in these ideas, and the second looks at the impact of the poets of the Kurds in the national and national thought when the poet and the concept of independence and freedom of thought, while the third section deals with the religious thought, which has the status of a vast when poet and mysticism and its impact Ballaj and the concept of true love and figuratively, and the issues of life and death.

The third chapter took on the technical infrastructure study in the notice Saberi, is divided on the three first sections highlights the poetic language in the audio level and morphological and biases on the syntactic and semantic level, and the second includes the poetic weight and rhyme and internal music, arts music, and the third axis is dedicated to the most important poetic images and studying the science and arts statement of simile and metaphor and allegory ... with pause to the most important Avatars ... and then Conclusion andprovensources.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Structure of Ideological and Artistry in the Saberis Peom

**A Thesis**
Submitted to the Council of the College of Language Salahaddin University – Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish literature

**BY**
**Shno Ahmad Ghafour**
B.A. in Kurdish Language and Literature -2009

**Supervised by**
**Prof. Dr. Abdullah Agreen**

Erbil, KURDISTAN
October 2015